


# یادی یاران
# یادیان بەخێر

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# نێوەرۆک

مێژوویەکی پڕ لە سەروەری لە بزووتنەوەی کورد دا لە شاری سەردەشت ........... حەمە رەسووڵ کەریمی ...... ٧

* بنەماڵەی بەرێز حەدداد .......... لاپەڕە .... ١٤

## کۆچکردوو کاک کەریم حەدداد

* کورتەیەک لە ژیانی نەمر کەریم حەدداد ........................................................ ئا: رەحمان نەقشی
* پیاوە گەورە و دڵفراوونەکەی شۆڕشی کوردایەتی .................................................... حەمەرەسووڵ کەریمی
* یادی ئەو هاوڕێ خۆشەویستە پیرۆز بێ ............................................................ هاشم کەریمی
* بۆ کۆچی دوای کاک کەریم حەداد .......................................................... محەممەدی فەقێ عەلی
* کەریم حەدداد مرۆڤێک لە چەشنی راوەستان کوردێک لە جنسی وەفا ................................ بێهروز کوردە حمەدی
* ئاسنگەرێک لە ڕەگەزی کاوەی ئاسنگەر ماڵاوای لە نەتەوە و نیشتمان کرد ........................... ئەحمەد کاکەمەمی
* ڕاگەیاندراوی: ناوندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........................................ کوردستان و کورد
* بەڕێوە چوونی پرسەی نەمرانی بنەماڵەی حەداد لە یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی حدک ....... کوردستان و کورد
* تێکۆشەری دێرینی حیزب و گەل، کەریم حەداد کۆچی دوایی کرد ........................................ حدکا میدیا
* سوپاسنامەی بنەماڵەکانی ............................................................ حەدداد، حەسەنپوور، حەکیمزادە

## کۆچکردوو حاجی حوسێن حەدداد

* کۆچی دوایی تێکۆشەر سیاسی کورد حاجی حوسێن حەدداد ..................................................... گیارەنگ
* ڕاگەیاندراوی: کومیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ............................ گیارەنگ
* کتێبخانەکەی مامە حاجیم ................................................................... شاهۆ حەسەن پوور

❊ چەند بیرەوەرێک ........................................................................ کامران حەدداد


## شەهید نەسرین حەدداد


❊ کورتەیەک لە ژیانی شەهید نەسرین حەدداد: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ............................ ئا: ڕەحمان نەقشی

❊ چ بنووسم، لە سەر کێ بنووسم؟ چۆن و بۆچی بنووسم! ................................................ ژیوار حەسەن پوور

❊ بۆ مامۆستا نەسرین حەدداد .................................................................... محەممەدی فەقێ عەلی

❊ یادتان بەخێر مامۆستا نەسرین و کاکە محەمەی ئازیزم ................................................ ئازاد عەبباسیان

❊ سوپاس و پێزانین: بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپوور ...................................................... فەیس بووک


## فاتمە حەدداد شەهیدی شیمیاباران


❊ کورتەیەک لە ژیانی شەهیدی زامداری کیمیای سەردەشت خاتوو فاتمە حەدداد ........................ ئا: رەحمان نقشی

❊ روحت شاد ئەممە فاتم گیان ئەی نموونەی فیداکاری و لەخۆبردوویی .................................... سیروان حەدداد

❊ بیرەوەرییەکانی شەهید فاتمە حەدداد لە زمان خۆیەوە ............................... لە فارسییەوە: کەماڵ حەسەن پوور

❊ ژیانم پڕ لە ڕەنجەو نامرادی ------ بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی ........................ کەماڵ حەسەن پوور


## کۆچکردوو محەممەد حەدداد


❊ کورتەیەک لە ژیانی محەممەد حەدداد ............................................................. ئا: ڕەحمان نەقشی


## کۆچکردوو ڕەحمان حەدداد


❊ کۆچی دوایی کادری پێشووی دێموکرات و یەکێک لە زامدارانی شیمیایی شاری سەردەشت ........................ گیارەنگ

❊ سوپاس و پێزانینی بنەماڵەی حەدداد سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک ڕەحمان حەدداد ......................... گیارەنگ




سەرچاوە Serchawe

## بنەماڵەی سەربەرزی حەسەن پوور ........ لاپەرەی ...... ٩٠

### کۆچکردوو حاجی ئیبراهیم حەسەن پوور:


* ژیاننامە حاجی ئیبراهیم حەسەن پوور ............................................................. کەماڵ حەسەن پوور


### کۆچکردوو حاجی حەمەدەمین حەسەن پوور


* کورتەیەک لە ژیانی محەممەد ئەمین حەسەن پوور .................................................. ئاوات حەسەن پوور


### کۆچکردوو عەلی حەسەن پوور


* ژیاننامەی کاک عەلی حەسەن پوور ............................................................ کەماڵ حەسەن پوور
* چەند پەیڤەیێک لە سەر باوکم وەک یەکەم مامۆستای ژیانم ........................................... شلێر حەسەن پوور


### کۆچکردوو حەمە رەسووڵ حەسەن پوور


* چەند دڵۆپ فرمێسک بۆ یارە بە وەفاکەی شەهید مەلا ئاوارە ................................. حەمە رەسووڵ کەریمی
* ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ........................................ کوردستان و کورد
* بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە وڵاتی سوید ...................... حدک میدیا
* بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە نۆرویژ ............................ حدک میدیا
* بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە وڵاتی فینلاند ...................... حدک میدیا
* پەیامی سەرەخۆشی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کوڕی گەورەی شاهۆ نێردراون ................ شاهۆ حەسەن پوور
* ساڵێک تێپەڕی ..................................................................... شاهۆ حەسەن پوور




سەرچاوە Serchawe

## شەهید محەممەد حەسەن پوور

* ژیننامەی شەهید محەممەد حەسەن پوور ............................................ ئا: رەحمان نەقشی
* بۆ تێکۆشەر کاک مەحمەد حەسەن پوور ............................................ عەلی سوورەچومی
* چەند بیرم کردوون! ............................................ ئاسۆ خەبات
* ئەگەر گوڵ بان ............................................ بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپوور
* سپاس و پیزانین ............................................ ژیلوان و ژیوار حەسەن‌پوور

## شەهید حەمەساڵە حەسەن پوور

* کورتەیەک لە ژیانی شەهید حەمە ساڵە حەسەنپوور ............................................ ئاوات حەسەن پوور

## بنەماڵەی سەربەرزی حەکیم زادە ............ لاپەڕەی ............ ١٥٧

## کۆچکردوو مام حەسەن حەکیم زادە

* کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی مام حەسەن حەکیم زادە ............................................ حەمە رەسووڵ حەسەن پوور

## شەهید کاوە حەکیم زادە

* کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید کاوە حەکیم زادە ............................................

## کۆچکردوو مامۆستا عەبدوڵڵا حەکیم زادە


* کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەکیم زادە ........................................ فەرەیدون حەکیم زادە
* زۆربەی کاتان کە پێکەوە دادەنیشتین باسی رووداوی سەردەشتی قەدیمی بۆ دەگێڕامەوە ........... فەرەیدون حەکیم زادە
* کۆچی دوایی مامۆستای دێرینی قوتابخانەکانی شاری سەردەشت میرزا عەبدوڵڵا حەکیمزادە ..................... گیارەنگ
* ڕاگەیاندرواى: راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان .............................................. کوردستان و کورد


## ماڵئاوایی ناوەختە هاوڕێ مستەفا حەکیمزادە


* پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر و وەفادار و دڵسۆزی حیزب ماڵئاوایی لە ژیان کرد ....................... کۆمیسیۆنی پێشمەرگە
* لە بێدەسەڵاتیم ............................................................................ عەبدوڵڵا حەسەن زادە
* بۆ حەکیمی دەردان ........................................................................... حەمەرەسووڵ کەریمی
* تارمایی لەسەر پردی "بیر حەکیم"ی پاریس ................................................. ئاسۆ حەسەن زادە
* "حەکیم زادە" و "حەسەن زادە" ........................................................................ قادر وریا
* سوپاس بۆ هەمووان .......................................................................... عەبدوڵڵا حەسەن زادە
* سوپاس و پێزانین ................................................ بنەماڵەی حەکیمزادە و حەسەنپور و خزمان بە گشتی
* دایک و باوکێک کە باڵیان بۆ کچەکانیان خولقاند ............................................. سکالا حەکیم زادە


## بنەماڵەی سەربەرزی عەلی دوست ........... لاپەڕەی ......... ١٩٨


* کورتەیەک لە ژیانی بنەماڵەی تێکۆشەر عەلی دوست ................................................ نەبەز عەلی دوست
* چەند پەیڤەێک لەسەر دایک و باوکێک کە باڵیان بۆ کچەکانیان خۆڵقاند .............. سکالا حەکیم زادە ... ١٨٣
* چەند وتەو سپاس و پێزانین ............................................. رەحمان نەقشی ... ١٨٧

# مێژوویەکی پڕ لە سەروەری لە بزووتنەوەی کورد دا لە شاری سەردەشت



حەمە رەسووڵ کەریمی

## پێشەکی

مێژووی گەلی کورد پڕە لە کەسانی ناودار و ساحەب هیممەت و ئیرادە، زۆرن ئەوانەی کە بۆ ڕزگاری و بۆ بەرابەری و یەکسانی و بۆ دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە ژیانی ئاسایی خۆیان بوراون و هەموو تەمەن و ژیان و ماڵ و سەروەتیان خستۆتە خزمەت گەل و نیشتمان.

لە سەدەی ڕابردوو دا بە هۆی بوونی شەڕی ماڵوێرانکەری یەکەمی جیهانی و دواتر دووهەمی جیهانی، کاولکاری و دابەشکردنی وڵاتان بە سەر زلهێزەکان و درووست کردنی دەوڵەتی نوێ هاتۆتە ئاراوە، بەداخەوە کوردستان بوو بە قوربانی سات و سەودای زلهێزەکان و لە ئاکامدا کوردستان دابەش کرا و ڕاستەوخۆ بوو بە مەیدانی ڕمبازێنی چوار دەوڵەتی زاڵ بە سەر کوردستاندا.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا گەلی کورد بۆ ڕزگاری خۆی لە دەست دەوڵەتانی داگیرکەری ناوچە بەردەوام خەریکی خەبات

و تێکۆشان بووە و لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕاپەرین و بزووتنەوەی جۆراوجۆر لە ئارا دابوون. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان چەندین بزووتنەوەی وەک: میربەدرخان، شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، شێخ عەبدوسەلام بارزانی، شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزای دەرسیم، سمایل ئاغای سمکۆی، ژێنێرال ئێحسان نووری‌پاشاو شێخی کوردان شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەد بارزان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا بە گەرم و گوڕی بەرێوەچوون و لەو پەیوەندی‌یەدا بە هەزاران کەس چەکی مەردایەتی و بەرگریان بە شان دا کرد و تا دوا هەناسەی ژیانیان خەباتیان بۆ ڕزگاری کورد کردووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ دامەزرانی کۆمەڵەی ژکاف (ژیانەوەی کورد) پیاو ماقوڵان و کەسە دیار و ساحەب ئیرادەکان بە نهێنی پەیوەست بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بوون و تا کاتی مردن و وەفاتیان لە سەر بەڵێنی و سوێندی خۆیان سوور بوون و هیچ کات خەیانەتیان بە گەلەکەیان نەکرد. ئەوان تا سەریش وەفادار بە ژێکاف و دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان مانەوە.

لە شاری سەردەشت کۆمەڵێک مرۆڤی شۆڕشگێر ئاوێتەی ئەم بزووتنەوەیە دەبن و دواتر دەبنە ئاوێنەی بالانوێنی شۆڕش و کوردایەتی. سەردەشت بە سەر چەندین ناوچەی گەورەی وەک: گەورکایەتی، سوێسنایەتی، نەڵێن، باسکی کۆڵەسە، ئالان و ... دابەش بووە و لە هەر یەک لەو ناوچانە مرۆڤی دەروەست و خەمخۆر بە گەل و نیشتمانی تێدا ژیاون و کەم نەبوون ئەوانەی کە بوونە چرای ڕووناکی گەل و نیشتمان و بۆ ئازادی گەلەکەیان هەموو جۆرە زەحمەت و ئازارێکیان بە دڵ قەبووڵ کردوە، کەسەکان هێندە زۆرن کە ناژمێردرێن.

ئەم کورتە باسە زۆرتر بۆ ئەوەیە کە باس لە چەند بنەماڵەی دیار و شۆڕشگێری شاری سەردەشت بکەم کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە ڕاستەوخۆ دەبنە بەشێک لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و دەبنە بناغەی دامەزرانی شانە و ڕێکخستنەکانی ئەو کۆمەڵەیە. بێشک خەڵکانێکی زۆر تێکەڵ بەم بزووتنەوەیە بوون، بەڵام لێرەدا تەنیا لە سەر داوای کاک ڕەحمان نەقشی ئاوڕ لە چەند بنەماڵەیەک دەدەمەوە کە هەموو کات و لە هەموو قۆناخەکان دا پشت و پەنا و یار و یاریدەدەری شۆڕش و کوردایەتی بوون.

دوای ئەوە کە کۆمەڵەی ژێکاف جێگای خۆی دەدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەمجار ئەم حیزبە بە ئاشکرا ئەندام گیری دەکات و دەبێتە خاوەنی هێزێکی باشی خەڵکی. لەشاری سەردەشت بنەماڵەکانی حەدداد، حەسەن‌پوور و حەکیم‌زادە و زۆرێک لە بنەماڵەکانی دیکە ئاوێتەی ئەم حیزبە دەبن و بە گشتی دەبنە پاڵپشتی سەرەکی حیزبی دێموکرات و بنکە و بارەگا و مەقەر بۆ ئەم حیزبە لە شوێنە ئاستەمەکان دەکەنەوە.

لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان بنەماڵەکانی حەدداد و حەسەن‌پوور و حەکیم‌زادە و زۆرێک لە بنەماڵەکانی دیکەی نێو شار و دەرەوەی شار ئەرکیان قورستر دەبێ و ئەوجار راستەوخۆ دەبنە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامانی ئەو بنەماڵانە هەر لە هەڕەتی مێرمنداڵی‌یەوە ئاشنا بە کاری سیاسی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بن.

بنەماڵەکانی ئاماژە پێکراو لە قۆناخی یەکەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا و لە شەڕەکانی ئەو کات و هێرشەکانی ئارتەشی ئێراندا وەک پێشمەرگە بەرگری لە خاکی نیشتمان دەکەن و تا هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان لێبڕاوانە خزمەت بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان دەکەن.

بۆ ماوەیەک شۆڕش لاواز و زەعیف دەبێ و ترووسکەی چرای کوردایەتی لە کزی دەبێ، بەڵام بە هۆی وشیاری و وریایی پۆلێکی دیکە لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری جارێکی دیکە ڕووناکی چرای کوردایەتی ڕوو لە گەشە دەبێتەوە و بنەماڵەکانی حەدداد و حەسەن‌پوور و حەکیم‌زادەش لەگەڵ خەڵکانێکی شۆڕشگێری دیکە دەست بە کار و تێکۆشانی خۆیان دەکەنەوە و وێڕای کارو کاسبی و بەڕیوەبردنی ژیانی ئاسایی خۆیان، بە نەهێنی خەریکی خۆ ڕێکخستنەوە دەبن و ڕێکخراوەکانی حیزبی لەو ناوچەیە دەبووژێننەوە.

لە سەریەک ئەو بنەماڵانە وێڕای ئەوە کە خزمی پشتی یەکتر بوون لە هەمانکاتیش بە یەکەوە، خەڵکانێکی زۆریان لە ڕێکخراوەکانی حیزبی دا لە ژێر هێژموونی خۆیان (حاجی ئیبراهیمی حەسەن‌پوور، کەریم حەدداد، حاجی حەمەدەمین حەسەن‌پوور، مام حەسەن حەکیم‌زادە، عەلی حەسەن‌پوور ) دا کۆکردبۆوە. ئەوان جیا لە خۆیان کوڕ و کچ و ژن و ئاشنایانی بنەماڵەی خۆیان ئاشنا بە کاری حیزبی کرد بوو، لە سەریەک ببوونە کلیلی هەموو ئەو قفڵانەی کە دەبوو بکرێنەوە.

ئەوان لە کارو کاسبی دا پیشەی ئاسنگەری و بەرگدروویی و قاوەخانە و لەوح و تەنەکەچی و کورەیان هەڵبژارد بوو، لە کەسە دەست ڕەنگینەکانی شار بوون، ماڵ و حاڵیان بە رووی خەلکی هەژار و ڕێبوار و ئاشنا دا کراوە بووە و نان بدە و خەمخۆر و دەستگرەوە بوون و ناوێکی ئاشنا بۆ خەڵکی دوور و نزیک بوون و بە گشتی لە شایی و شین و خۆشی و ناخۆشی خەڵکدا بەشداریان کردووە و لە کاری هەرەوەزی و گرووپی دا پێشەنگ و پێشڕەو بوون، ژنەکان (خوالێخۆشبوان پوورە کافە، پوورە ئامینە، پوورە مریەم، پوورە فاتمە) و چەندین ژنی دیکەیان بەردەوام لە خەمی دەر و جیران و دەراوسێ و هەژاران دابوون و بە دەستی مێهرەبانی خۆیان دەستیان بە سەری هەموو لایەک داهێناوە و سفرە و کەوڵ و خوانیان ئی



سەرچاوە
Serchawe

هەموو کەس بوو، ژیانیان سادە و ساکار و پر لە هەستی دایکایەتی بوو، ئەوان شەرم بەخۆ و ئیماندار و پاک و ڕاستگۆ بوون و ژیانیان تەرخانی خزمەت بە خەڵک و دراوسێ و میوان و ڕێبواران کرد بوو و لە شۆڕش و پەروەردەکردنی منداڵاکانیان دا ڕۆڵی بەرچاویان گێراوە.

ئەوان دووکان و ماڵ و حوجرەی خۆیان کردبوو بە شوێنی یەکتر دیتن و بووژاندنەوەی شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەو بنەماڵانە بوونە هەوێن و بناغەی شۆڕشێک کە دواتر لە لایەن ساواکەوە لێیان گیرا و لە شار و زێدی خۆیان دوورخرانەوە و تەنانەت ئەحمەد سەردەشتی‌یان بە تاوانی کڕینی چەک ئێعدام کرد و هەروەها دواتر بەشێکیان ڕاستەوخۆ ڕوویان لە باشووری کوردستان کرد. ئەوان کوڕ و کچەکانیان فێری وانەی شۆڕشگێری کرد بوو لە تاریکستانی ئەو سەردەم دا ڕەوانشادان، حاجی حوسێن حەدداد، حەمەڕەسووڵ حەسەن‌پوور، محەممەد حەدداد، شەهید محەممەد حەسەن‌پوور، ئەحمەد حەدداد لە ژێر هێژمونی گەورەکانیان دا نەترسانە کاریان بۆ حیزبی دێموکرات دەکرد بە چەشنێک کە بەرپرسانی ئەو کاتی حیزب بۆ هاتووچۆیان بۆ شارەکانی ناوەندی کوردستان و بۆ چوون بۆ شارە گەورەکانی وەک تەورێز و تاران و ورمێ لە ئەندامانی بنەماڵەکانی حەدداد و حەسەن‌پوور و حەکیم‌زادە کەڵکیان وەر دەگرت و تا رووخانی حکوومەتی پەهلەوی هەروا ڕاستەوخۆ ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

دوای رووخانی حکوومەتی پەهلەوی ئەوە دیسان ئەوان لەگەڵ دەیان و سەدان و بگرە هەزاران لاوی دیکە بوونەوە پێشمەرگە و بە دڵ و بە گیان بەرگریان لە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان کرد، جارێکی دیکە هەر ئەو بنەماڵانە بە گشتی پیاو و کوڕ و کچەکانیان هەر هەموویان و دواتریش ژنەکانیان بوونەوە پێشمەرگە و شاخ و چیای کوردستانیان کردە مەنزڵگەی خۆیان، ئەوان سەروەت و سامانی خۆیان بەجێ‌هێشت و ماڵ بە کۆڵ و چەک لە شان سەوداسەری ئازادی بوون.

لە ماوەی نزیک بە ٧٥ ساڵی ڕابردوودا، لە هەر دوو حکوومەتی پەهلەوی و ئیسلامی دا، زیندانەکانی قەسر و قەزەڵ قەڵعە و زیندانی دەریای ورمێ و زیندانی خانەی موعەلیمانی سەردەشت و سەقز و تاران و تەورێز و زۆر شوێنی دیکەیان لە سەر تاقی کردنەوە، ئەوان بۆ شارە دوورەکانی ئێران دوورخرانەوە، بنەماڵەکانیان گیران و سەرەوت و سامان و مڵک و ماڵیان زەوت (مصادره) کرا، لە شیمیابارانی سەردەشت دا زامی قورسیان هەڵگرت و شەهیدیان دا (شەهید فاتمە حەدداد).

لە پێشمەرگایەتی دا لە ئەستێرۆکانی بناری قەندیل گەورەترین ژنی بنەماڵە و خۆشەویسترین کەسیان (پوورە کافە) بە خاکی نیشتمان دەسپێرن و هەر لە بناری قەندیل لە ئوتوبووس دا لەگەڵ پۆلێک لە هاورێیانی حیزبیان یەکەم بۆمبی ساعەتیان لە سەر تاقی دەکرێتەوە و زامی قورس هەڵدەگرن (ڕەوانشاد حاجی حوسێن حەدداد و کامران حەدداد). لە



سەرچاوە
Serchawe

پێشمەرگایەتی دا بوێرانە لە ناوچەی شنۆ کورە لاوە شۆڕشگێر و کادرە ڕەچەشکێن و وەرزشکارەکەیان (شەهید حەمەساڵح حەسەن پوور) دوای بەرگەرییەکی قارەمانانە لەگەڵ چەند کادری دیکە شەهید دەکرێ. لە بناری کیوەڕەشی ڕانیە گەنجترین ئەندامی بنەماڵەیان هونەرمەندی دەنگخۆش و لاو (شەهید کاوە حەکیم‌زادە) تیرۆر و تیزاب خواردوو دەکرێ. لە جەریانی ئەم شۆڕشەش دا گەورە مامۆستای قوتابخانەکان و پێشمەرگەی سەنگەری قوتابخانەی شۆڕش (ڕەوانشاد حەمەرەسووڵ حەسەن پوور) کادری دەورانی شەهید مەلا ئاوارە بە حەسرەتی ئازادی و ڕزگارییەوە گۆرستانی شەهیدانی کۆیە لە ئامیز دەگرێ، بە گشتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ئارامگایەکی ئەبەدیان بۆ ئازیزانیان درووست دەکەن و ئەوانی دیکەشیان بە ڕێگای کوردایەتی دا قائیم‌تر لە جاران هەنگاو دەنێن.

وره و باوەر و ئیمان بە کوردایەتی وای لێکردوون کە لە هەرەتی بەساڵاچوویی خۆشیان دا هەروا مەرگی بە دوور لە زێدی خۆیان قەبووڵ بکەن و بە ئاوارەیی خاک لە ئامێز بگرن، بەڵام بۆ ڕژێمێک سەر نەوی نەکەن کە لە سەدەی نوێ و لە سەردەمی ئازادی و دێموکراسی دا هەروا خەریکی ئێعدام و ڕاودوونان و گرتنی خەڵک و لاوەکانی کوردستان بێ.

لە ماوەی تەنیا ۲ مانگدا چوار کەس لە دیارترین کەسەکانی بنەماڵەیان لە ساڵی ۱۳۹۷ی هەتاوی دا کۆڕی بنەماڵەیان بەسەربەرزی بەجێ‌هێشت. لە گەورەترین و ڕەشترین هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات، قەڵای لەگیران نەهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لە نێو ١٦ شەهیدی ئەم حیزبە و جینایەتە سامناکەدا، دوو کادر و دوو ئەویندار ی ڕاستەقینەی کوردایەتی و دوو ڕێبواری شێلگیری ئامانجەکانی شەهیدان قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی (کاک محەممەد حەسەن پوور و خاتوو نەسرین حەدداد) وەک ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید دەبن و لە گۆرستانی شەهیدان لە تەنیشت یاری غاری مەلا ئاوارە (نەمر کاک حەمەرەسووڵ حەسەن پوور) مەنزڵ دەگرن.

چەند ڕۆژ دواتر کاک حاجی حوسێن حەدداد بە هەگبەی ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانەوە بە غەمی لە دەستدانی ئازیزانی‌یەوە خاکی ساردی فرێدریکستاد لە نۆرویژ بە ئامانەت لە ئامێز دەگرێ. قەدەر وایکرد لە ماوەیەکی چەند حەوتووی دوای شەهید بوونی ئەو دوو ئەویندارە و کۆچی دوایی کاک حاجی حوسێن دا، ئەوجار گەورە مەزنی بنەماڵەی حەدداد قاڵبووی خەباتی بە کردەوەی حیزبی دێموکرات، یاری تا سەر وەفادار بە ڕێبازی کۆماری کوردستان (کاک کەریم حەدداد) دوای غەمی لە دەستدانی کچی شیرینی و زاوای ئازیزی و برای خۆشەویستی و پاش حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان و سەرەوەری، ئەویش بە دڵێکی پڕ لە حەسرەت و بە چاوی کراوە بەرەو نیشتمانەوە، لە وەرزی ساردی زستانی سوئێد دا لە شاری ڤێستروس بە ئامانەت بە خاک دەسپێردرێ.



سەرچاوە
Serchawe

بنەماڵەیەک کە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە خەباتیان تێداکردووە و یا بۆ حەسانەوەی ڕۆژانی بەساڵاچووی خۆیان هەڵیان بژاردووە ئارامگای ژیانی ئەبەدیشیان بۆ ئازیزانیان ساز کردووە. لەسەریەک بنەماڵەکانی حەدداد و حەسەنپوور و حەکیمزادە بە گشتی گەورەترین نرخیان بۆ ئازادی گەلەکەیان داوە. ئەوان وەک مۆمێک بۆ گەل و نیشتمان سووتان و بێشک گەرمی و ڕووناکی ئەوان چرای ڕووناککەرەوی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی بنەماڵەکانیان و هەموو ئەویندارانی ڕێگای ئازادی کوردستانە.

بە دڵنیایەوە ئەرکە لە سەر شانمان لە کاتی ئازادی کوردستان دا، شەقام و کۆڵان و قوتابخانە بە ناوی بەرزیانەوە ساز بکرێ و نەوەی نوێی گەلەکەمان ئاشنا بە ژیان پڕ لە سەروەری و خۆڕاگری ئەو بنەماڵانە و هەموو ئەو بنەماڵانەی کە وەک ئەوان خەباتیان کردووە ئاشنا بکەین.

لە کۆتایی دا لە کەموکوڕی ئەم نووسینە داوای لێبووردنم هەیە و زۆر لایەنی دیکەی شاراوە هەن کە نەمهەویستووە ئاماژەیان پێ بکەم، تەنیا ئەوە دووپات دەکەمەوە لە هەموو گوند و باژارەکانی کوردستان بنەماڵەی شۆڕشگێر ئەوەندە زۆرن کە پێویستە ئەوانەی شارەزایان هەیە بتوانن ئاوڕیان لێ بدەنەوە ئەگەر بە کورتیش بێ ناساندنیان ئەرکە لە سەر شانمان، بە تایبەت لە ناوچەی سەردەشت بە دەیان بنەماڵەی گەورە بە ژن و منداڵ و کوڕ و کچ و برا و خوشکەوە لە سەر شۆڕش و ئازادی خەبات دەکەن و هەنووکەش لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان دان و ئەگەر ناویان لەم نووسراوەیەدا نەهاتووە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە کاک ڕەحمان نەقشی داوای نووسینی لە سەر ئەو سێ بنەماڵەیەی لێکردووم.

**سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان و کۆچکردووانی بنەماڵەکانی حەدداد و حەسەنپوور و حەکیمزادە و عەلیدووست و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستان.**

**٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩ی زایینی**


کۆچکردوو کەریم حەدداد
۱۹۳۰ - ۲۰۱۸


کۆچکردوو حاجی حوسێن حەدداد
۱۹۳۸ - ۲۰۱۸


شەهید فاتمە حەدداد
۱۹۵۰ - ۲۰۰٤


شەهید نەسرین حەدداد
۱۹٦۰ - ۲۰۱۸


کۆچکردوو کاک محەممەد حەدداد
۱۹٤٤ - ۱۹۷٦


کۆچکردوو رەحمان حەدداد
۱۹٤۱ - ۲۰۱۳


کۆچکردوو حاجی ئیبراهیم حەسەن پوور
۱۹۱٦ - ۲۰۰۱


کۆچکردوو حاجی حەمەدەمین حەسەن پوور
۱۹۲۱ - ۲۰۰٤


کۆچکردوو کاک عەلی حەسەن پوور
۱۹۲۸ - ۲۰۰۹


کۆچکردوو حەمە رەسوول حەسەن پوور
۱۹٤۲ - ۲۰۱٦


شەهید
محەممەد حەسەپوور
۱۹۵۱ - ۲۰۱۸


شەهید حەمەساڵە حەسەن پوور
۱۹۵٦ - ۱۹۸۹


کۆچکردوو عەلی علی دوست


کۆچکردوو
مامۆستا عەبدوڵڵا حەکیم زادە
۱۹۳٦ - ۲۰۱۷


شەهید کاوە حەکیم زادە
۱۹۷۷ - ۱۹۹۵


کۆچکردوو مام حەسەن حەکیم زادە
۱۹۲۱ - ۲۰۰۲


Dr ABDUL RAHMAN
GHASSEMLOU
DIRIGEANT KURDE
NÉ LE 22 DÉCEMBRE 1930

## بنەماڵەی سەربەرزی حەددادەکان

### کورتەیەک لە ژیانی نەمر کەریم حەدداد:




کاک کەریم حەدداد کوڕە گەورەی حاجی حەمەدمین حەدداد(ناسراو بە حاجی مینەی کۆری) لە ڕۆژی چواری گەلاوێژی ساڵی ١٣٠٩ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر ٢٦ی جووڵای ١٩٣٠ی زایینی لە شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و خۆشناو لە دایک بووە.

کاک کەریم حەدداد هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بە هۆی ئەوە کە باوک و خاڵەکانی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بوون لە گەڵ سیاسەت و نیشتمانپەروەری ئاشنا بووە هەر لەو کاتانەدا کە تەمەنی تەنیا پازدە ساڵ بووە لە گەڵ کۆمەڵێک لە هاو تەمەنەکانی لە شاری سەردەشت یەکییەتی لاوانی دێمۆکراتیان دامەزراندوە و خۆشی بوو بە یەکێک لە ئەندامانی چالاکی یەکیەتییەکە.

پاش تێپەڕینی چەند ساڵ بە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان و بووژانەوەی حیزبی دێمۆکرات بوو بە ئەندامی حیزب و وەک ئەندامێکی کارا و چالاک دەستی بە تێکۆشانی نهێنی کرد، هەر بەو هۆیەوە وەک نوێنەر بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی دووهەمی

حیزب کە لە گوندی "سونێ"ی باشووری کوردستان پێک هات، هەڵبژێردرا.

دوای کۆنگرەی دووهەم و گیرانی بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە ساڵەکانی ٣٧ و ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٨ - ١٩٥٩ی زایینی) کاک کەریم وەک بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەی سەردەشت دیاری کرا و، لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانی لە ژێر زەبر و زەنگی ڕێژیمی پاشایەتیدا دەستیان بە تێکۆشان کرد.

کاک کەریم یەکێک لەو کەسانە بوو کە جیا لە ئەرکی خزمەت لە ناو حیزبەکەی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بە جووڵانەوەی باشووری کوردستان کرد، ئەو بە ناوی تیجارەتی جلوبەرگ و پێڵاو و پێداویستییەکانی بەشێکی پێشمەرگەکانی باشووری دابین دەکرد.

لە جەریانی جووڵانەوەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨ی زایینی) دا یەکێک لە هاوکارانی نیزیکی شەهیدان مەلا ئاوارە و سولەیمان موعینی بوو، هەر بەو هۆیەشەوە لە پاش دەستگیرکرانی مەلا ئاوارە بە ناچاری لە بەر ئەوەی نەکەوێتە مەترسیی دەستگیرکرانی لە لایەن ڕێژیمی شاوە، ئاوارەی باشووری کوردستان بووە.

لە باشوور لە گەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە پاش تێک شکانی جووڵانەوەی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨ی زایینی) گەڕابوونەوە باشووری کوردستان یەک دەگرنەوە و تێکۆشانی حیزبی دەست پێدەکەنەوە.

هەر لەو سەردەمانەدا کە ماڵی لە قەلادزێ بووە دەکەوێتە بەر هێرشی پیاوەکانی ڕێژیمی شا و نارنجۆکی دە ماڵەکەی دەهاوێن کە بە خۆشییەوە زیانی گیانی لێ ناکەوێتەوە.

لە دوای نسکۆی جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٧ی هەتاوی(١٩٦٨ی زایینی) کە ئەندامانی حیزب بە هۆی ناکۆکی لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیدا لێک هەڵبڕابوون بە هیممەتی بەشێک لە کادرە سەرەکییەکانی حیزب یەک دەگرنەوە و کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی ٣١ی جۆزەردانی ١٣٥٠ی هەتاوی(٢١ی جوونی ١٩٧١ی زایینی) لە شاری کۆیە باشووری کوردستان دەگرن، لەو کۆنفرانسەدا کاک کەریم وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردری و ئەو ئەرکەی تا گیرانی کۆنگری سێهەم بە ئەستۆوە بوو.

لە کۆنگرەی سێهەمیشدا کە لە ١ی ڕەزبەری ١٣٥٢ی هەتاوی (٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ی زایینی) لە شاری بەغدا لە عێراق

بەسترا کاک کەریم بۆ جارێکی دیکە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێتەوە، لەو کۆنگرەیەدا کاک کەریم بە هۆی لێهاتوویی و خۆشەویستییەوە زۆرترین ژمارەی دەنگی بەشدارانی کۆنگرە وەدەست دێنێ.

لە پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی و گەڕانەوەی کادر و رێبەرایەتیی حیزب بۆ ناوخۆی وڵات کاک کەریم وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سەردەشت دیاری دەکرێ و رێکخراوی شارستانی سەردەشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکاتەوە.

لە دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزب، کاک کەریم وەک ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

لە پاش دامەزراندنی ستادی پێشمەرگە (شووورای نیزامی) کاک کەریم وەک ئەندامی ئەو ستادە دیاری دەکرێ، دوای گیرانەوەی شاری مەهاباد لە لایەن رێژیمەوە کاک کەریم ئەرکی فەرماندەیی هێزی شەهید موعینی پێ دەسپێردرێ و هاورێ لە گەڵ بەشێکی بەرچاو لە فەرماندەکانی ناوچەی سەردەشت وەک کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی دەستبەکار دەبن و بۆ چەند ساڵ ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە.

کاک کەریم پاش کۆنگرەی پێنجەمی حیزب وەک بەرپرسی بەشی تەداروکاتی نیزامیی حیزب دیاری کرا و هەتا دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب و تەمەنی ٦٥ ساڵی ئەو ئەرکەی بەرێوە برد.

کاک کەریم لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی خانەنشین دەبێ و وەک ئەندامێکی بەوەفا و باوەڕپێکراوی حیزب لەگەڵ خەت و رێبازی حیزبەکەی مایەوە.

لە کونگرەی حەوتەم و نۆهەمی حیزبدا بە هۆی باوەڕپێکراوی و خۆشەویستییەوە وەک میوان بەشداری کۆنگرە بووە.

لە کۆتاییەکانی هاوینی ساڵی ١٩٩٢ی زایینی(١٣٧١ی هەتاوی) وەک پەنابەر کوردستانی بەرەو هەندەران بەجێ هێشتووە و لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینی رووی لە وڵاتی سوئێد کرد و هەتا دواماڵاوایی هەر لەو وڵاتە مایەوە.

نەمر کاک کەریم لە ماوەی ساڵانی نیشتەجێ بوونی لە وڵاتی سوئێد وەک ئەندامێکی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و رێبواری رێگای شەهیدان پێشەوا قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی درێژەی بە خەبات، دا و هەر بەو هۆیەوە خۆشەویست و باوەڕپێکراوی دۆستان و هاورێیانی بوو و رێز و حورمەتێکی زۆری لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە لێدەگیرا.

شیاوی باسە کاک کەریم حەداد باوکی شەهید نەسرین حەداد ناسراو بە مامۆستا "نەسرین"ە و خاڵۆزای شەهید محەممەد حەسەن‌پوورە، کە لە ئاکامی مووشەکبارانی سپای پاسداران لە قەڵای دێموکرات لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی(٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی) شەهید کران. هەروەها برای حاجی حوسین حەدداد کەسایەتی خۆشناو و سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کرد.

**کاک کەریم حەداد تێکۆشەری دێرین و ناوێکی ئاشنا بۆ سەرجەم خەباتکارانی دێموکرات ڕۆژی ١ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی بەرانبەر بە ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨ی زایینی لە تەمەنی ٨٨ ساڵەی‌دا لە وڵاتی سوید دڵە پڕ لە هیواو ئاواتەکەی لە لێدان کەوت ماڵاوایی لە ژیان کرد.**

**رووحی شاد و ڕێگای خەباتی و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.**

**سەرچاوە: کوردستان و کورد و کوردستان میدیا**

---

**تێبینی: ئامادە کار:**

**- کۆچکردوو کاک کەریم حەدداد:** دووجار هاوسەرگیری کردووە، یەکەم لە گەڵ خاتوو کافیە عەبباسی بەرهەمی ژیانیان ٧ منداڵە:

**سێ کچ بەناوەکانی:** مامۆستا پەروین و ئێستا لە شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، خاتوو نەسرین حەدداد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە بەداخەوە لە سێپتەمبەری ٢٠١٨ لە مۆشکبارانی قەڵای دێموکڕات لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان شەهید بوو. سیوەیلە لە وڵاتی فینلەند لە دەرەوەی وڵات نێشتەجی یە،

**چوار کوڕ بە ناوەکان:** کاک ئەحمەد، یوسف، تاهیر، رزگار حەدداد بەماڵ و منداڵەوە لە دەرەوەی وڵات لە وڵاتی سوئید دەژین.

**خاتوو کافیە؛** هاوسەری یەکەمی کاک کەریم هەموو تەمەنی خۆی لەسەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی بەبێ هاوسەرەکەی بە تەنیا ئەرکی پەروەردە و بارهێنانی حەوت منداڵی لە دژوارترین سەردەمدا بەباشی و ڕووسوورانە و بەجوانی ئەرکی دایک و باوکایەتی خۆی بەجێ گەیاند، لەسەردەمی دەستەڵاتداری کۆماری ئیسلامیش شان بەشانی کچ و کوڕەکانی تا کۆچی دوایی یارو یارمەتیدەر بنەماڵە تێکۆشەرەکەی بوو و هەرچێ لەدەستی هات کردی هەر بۆیە جێگای شانازی گشت دۆست و خزم ئاشنایانە رووحی شاد جیگای بەهەشتی بەرین بوو.

**هاوسەری دووهەم:** **خاتوو خەجیج حوسێن بەرهەمی ژیانیان ٤ منداڵە،**

**دوو کچ بە ناوەکان:** خاتوو ژۆان، شەوین، لە سوئید دەژین.
**دوو کوڕ بە ناوەکانی:** کاک جوانڕۆ، شارۆ حەددادە، ئەوانیش لە دەرەوەی وڵات لە سوئید دەژین.

**خاتوو خەجیجە** هاوسەر دووهەمی ئەمر کاک کەریم لە ماوەی نێشتەجی بوونی کاک کەریم لە باشووری کوردستان ماڵی کاک کەریم بە هۆی بەرپرسایەتی حیزبی مێواندراری لە کەسایەتی سیاسی و پێشمەرگە دەکرد و ئەرکی میونداری لەسەر شانی خاتوو خەجیجە بوو بەراستی ئەرکی سەرشانی خۆی بە زیادەوە بۆ شۆڕشگێرانی حیزب و هاوڕێیانی هاوسەرەکەی بەجێ گەیاند. لەسەردەمی خەباتی ئاشکراش دا ئەم خاتوو لە هەموو بوارەکان دا یار و یارمەتیدەری هاوسەرە تێکۆشەرەکەی بوو. دەستی خۆش و هەر ساخ و تەمەن درێژ بێت.

٭ بنەماڵە حەددادیش هەموویان بەکۆ چ وەک پێشمەرگە و کادر و مامۆستا لە بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب دا بەرپرسانە ئەرکی نیشتمانی و حیزبی خۆیان بە جوانی و ڕووسوورانە بەجێ گەیاند و ئەوەی لە دەستیان هات بۆ حیزب و گەلەکەیان دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کردیان و کەم تەرخەمیان نەکرد هەربۆیە جێی شانازی و سپاس پێزانینن. هیوادارین هەر ساخ، تەمەن درێژو سەرکەوتوو بن.

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## پیاوە گەورە و دڵفراوەنەکەی شۆڕشی کوردایەتی کاک کەریم حەدداد کۆچی دوایی کرد.



**حەمەرەسووڵ کەریمی**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمرۆ بەیانی ٢٢ - ١١ - ٢٠١٨ کاک کەریم حەدداد دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی شاری ڤێستروس لە وڵاتی سوئێد لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە بنەماڵە و کەس و کاری و گەلەکەی کرد.

کاک کەریم حەدداد لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٠ی زائینی بوو، ئەو لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەری شاری سەردەشت لە ئامێزی دایک و باوکێکی کوردپەروەردا لە دایکبووە. هەر لە هەرەتی لاوەتییەوە بە هۆی نیشتمانپەروەی باوکی و خاڵەکانی ئاشنا بە ئازاری گەلەکەی دەبێ و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بە چاوی خۆی دەبینێ و ئۆگری شۆڕش و ئازادی گەلەکەی دەبێ.

گەورەی بنەماڵەی حەدداد و باوکی شەهیدان نەسرین حەدداد و خاڵۆزای تازە شەهیدی محەممەد حەسەنپوور و برای تێکۆشەری کۆچکردوو حاجی حوسێن حەدداد و خۆشەویستی گشتمان، بە جەستە بەجێێ هێشتین.

فەرماندە و ڕێبەرە تێکۆشەرە دیارەکەی ریزەکانی دێموکرات کاک کەریم حەدداد، مرۆڤە نەسرەوتووەکەی ساڵانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، یار و یاوەر و پێشمەرگە ئازا و چاونەترسەکەی ساڵانی ١٣٤٧ و ١٣٤٦ی هەتاوی، ڕێبەرە خاکی

و سادەکەی دێموکرات ، فەرماندە بە جەرگ و دڵسۆزەکەی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی، کادرە دڵسۆزەکەی دێموکرات و پیاوە سەربەرزەکەی شاری سەردەشت، بە دونیایەک ئاوات و ئارەزووەوە بە سەربەرزیەوە سەری نایەوە.

## گەورەم!

مرۆڤە تێکۆشەرەکەی دێموکرات، شەونشینی شاعیرانی نەمر هێمن موکریانی، هێدی و هەژار، هاوڕێی هاوسەنگەرانی شەهید مەلا ئاوارە، ساڵح لاجانی، شەریفزادە و موعینیەکان و مینەشەم و وێردیەکان، پشتیوانی سەرەکی هەموو حەدداد و حەسەنپوور و حەکیمزادە و عەلیدووستەکان، سەرەورو گەورەی شەهید نەسرین و پشت و پەنای هەموو شەهیدانی گەل و نیشتمان، خۆشەویستی سەدان و هەزاران کەسی دوو دێموکراتەکان، مرۆڤە دیار و خۆشناوەکەی گەرمێن و کوێستان کۆچەکەت گەلێک بە ئازارە، ئەم پاییزە، بە بێ تۆ و نەسرین و حەسەنپوور و کاکە حاجی گەلێک زەرد هەڵگراو و سارد و خەمناکە.

بەداخەوە لە ماوەی دوو مانگی رابردوو دا بنەماڵەی گەورەی حەدداد و حەسەنپوور و حەکیمزادە و عەلیدووستەکان زامی گەورە و کۆچی گەورەیان بە دڵەوە قەبووڵ کرد، لەوە دڵنیام کە ئەمجارەش ئەگەرچی کۆچی کاک کەریم گەلێک گەورە و بە ژانە، هەموویان شان لە بەر قورسایی ئەم کۆستە گەورەش ڕاست دەکەنەوە.

کۆچی کاک کەریم بۆ هەموو لایەکمان گەلێک ناخۆش و گەورەیە، نەوەی دوای کاک کەریم بە ڕێچکە و ڕیبازی کاک کەریم دا هەنگاومان ناوە و نەوەی دوای ئێمەش ڕێچکە و ڕێبازی ئەو گەورە پیاوە وون ناکەن و شانازی بە گەورەیی و خەبات و تێکۆشانی ئەو ڕێبەر و فەرماندە گەورەیی گەلەکەمانەوە دەکەن.

رووحت شاد ڕێبەر و فەرماندە خاکیەکەی کوردستان، ئارام بنوو، چوونکە خەبات و تێکۆشانت و هەڵویستی مەردانە و بوێرانەت مایەی شانازی کوڕ و کچ و نەوە و هەموو خزم و ئاشنایانتە، هەمووومان سەربەرزین کە پێشرەو و پێشەنگمان تۆی دلۆڤان و چاونەترس و بوێر بووی، ئەگەر دوای ڕووخانی پەهلەوی بە هاتنەوەت بۆ سەردەشت شارت خروشاند و هێزت بۆ دێموکرات درووست کرد و بویە فەرماندە و پێشەنگمان، بە دڵنیایەوە جارێکی دیکە لەگەڵ بردنەوەی ڕوفاتی بە خاکسپێردراوی تۆی هەرگیز نەمر و حاجی حوسێنی برات و نەسرینی ڕەچەشکێن و محەممەدی خۆشەویستی ڕێبەرانمان و هەموو شەهیدە بێنازەکانی دیکە، شار دەخرۆشێنینەوە و پەیکەری خاکی بوون و بوێریتان لە سەرچاوی شار لێ ساز دەکەینەوە.

سەرەخۆشی لە گشت لایەک و بنەماڵەکانی حەدداد و حەسەنپوور و حەکیمزادە عەلیدووست و دوو دێموکراتەکان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## یادی ئەو هاوڕێ خۆشەویستە پیرۆز بێ



**هاشم کەریمی**

ناسینی من لە گەڵ کاک کەریم حەداد دەگەڕێتەوە بۆ نەورۆزی ١٣٥٢ی هەتاوی( ١٩٧٣ی زایینی) کە من بە ناچاری بانەم بە جێ هێشت و گەیشتمە کوردستانی باشوور. لەو کاتەدا بوو کە تەشکیلاتی حیزب لە بانە بە هۆی جاسووسێکی خۆفرۆش بە ناوی سەلیمی خا شەرافەت کەوتە بەر هێرشی ساواک و مەلا قادر وێردی ئەندامی کومیتە ناوندی حیزب شەهید بوو، و شەهیدان محەمەد سدیق(ساڵحی) و عەزیز مستەفا زادە لە گەڵ چەندین کەسی دیکە گیران. محەمەد و عەزیز دوای چەند مانگ لە سنە ئیعدام کران. من و مەلا عوسمان میراوەیی (جەلال) (دواتر عوسمان دوای شەڕی داسەپاوی رژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستاندا لە جادەی سەردەشت پیرانشار شەهید بوو} دەربازبووین.

کاتی دەرباز بوونم و گەیشتنم بۆ سلێمانی یەکەمین کەسانێ لە حیزبیەکانی ئەو سەردەمە کە چاوم پێیان کەوت زیندوو یادان کاک کەریم حیسامی و کاک کەریم حەداد بوون. دیارە لە ماڵی مامۆستا مەلامحەمەد شەڵماشی برا گەورەی مەلا ئاوارە و کاک مستەفا شەڵماشی کە دیارە لەو دانیشتنەدا کاک مستەفا وەک ئەندامی حیزب ئامادە بوو. دوایی لە قەڵادزێ بەکرێگیراوانی رژیمی شا نارنجۆکیان فرێ دایە حەوشکەی ماڵی کاک کەریم کە ناچار بوو ماڵی هاتە سلێمانی و لە دوو ژووری خانووی کاک کەریم زەند دەژیان، کە خوشکە خەجیج هاوسەری کاک کەریم برازای ئامە خانی هاوسەری کاکە ریم زەند بوو. منیش دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بە تەواوەتی لە سلێمانی جێگیر بووم، و لە بەر ئەوەی زینەب و بەیانم لە بانە بەجێ هێشتبوون، لە ماڵی مەلا حەمەمینی ئامۆزام و دادە خاوەری هاوسەری دەژیام و

مەنزڵەکانمان لە گەڵ کاک کەریم لێک نزیک بوو و کەم ڕۆژ بوو یەکتر نەبینین. کاک کەریم و خوشکە خەجیج زۆر میواندۆست و دڵفراوان بوون و بەدایم میوانیان هەبوو، بە تایبەت کاتێ مامۆستا هێمن لە بەغداوە سەردانی سلێمانی دەکرد، شاعیران و نووسەرانی سلێمانی لە ماڵی کاک کەریم سەردانیان دەکرد و بە باشی میوانداریان لێدەکرا.

کاک کەریم لە بنەماڵەیەکی شۆرشگێڕ هاتبووە دنیا کە بریتی بوو لە حەدادەکان، و حەسەنپوورەکان، و حەکیمزادەکان، و خوێشی هەر لە مێرمنداڵیەروە چووبووە نێو تێکۆشانی سیاسیەوە و لە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ دا هاوکاری پێشمەرگەی کردبوو و ئاشکرا ببوو وبە ناچاری ڕووی کردبووە کوردستانی باشوور و لە کونفرانسی سێ دا ببووە ئەندامی کومیتە ناوەندی. هەرچەند زیندوو یاد کاک کەریم بە تەمەن بوو، بەڵام شەهید بوونی کاک محەمەد حەسەنپوور و خوشکە نەسرینی کچی کاک کەریم و حاجی حسەینی برای، بۆ کۆچی دوایی زیندوویاد کاک کەریم کاریگەریی خۆی هەبوو.

**یادی ئەو هاوڕێ خۆشەویستە پیرۆز بێ**

## بۆ کۆچی دوای کاک کەریم حەداد.



**محەممەدی فەقێ عەلی**

**وێڕای سەرخۆشیم لە ئەندامانی بنەماڵەی ئەو تێکۆشەرە و هەروەها بنەماڵەکانی حەسەنپوور و حەکیمزادە و هەمو خەڵکی تێکۆشەری شاری سەردەشت و دەورو بەری خۆم بە شەریکی غەمیان دەزانم و هیوادارم لەناڕەحەتی ژیان بە دوور بن.**

**لالۆ**، هەنگاوی یەکەمت کە نا، بۆ سەرکەوتنی نیشتیمان بوو، ئەی بۆ ئێستا لە دەرماڵی دەغوربەتان دا، بە تەنیای بەجێم دێڵی!

قافڵەی کاروانەکەی شۆڕەسواران بەڕێوەیە، ئەوەتا لە بەستێنی غوربەت دا، تۆ خەریکە بە جەستە گۆشەیەکی تەنیای ئاوەدان دەکەیتەوە.

**ئەی فەرماندە!** ئەی ڕێبەرە ڕێنیشاندەرەکەی سالانی هەژانی، دورگە ئارامە درۆینەکەی ڕەزاو حەمەی کوڕی!

دارودەوەنی نیشتیمانی شاخاوی، قەراربو بۆ گەڕانەوەت، مەلاسی زەوی بن، بۆ ئەوەی تۆزێک لە خۆڵی شانازی بەرپێتیان

پێ ببڕێ. دوێنێ نەسرین و حەسەنپوور، هەگبەی ئێش و ئازارێکی بەهێزیان نایە سەر شان و ملی گەورە و بچوکی نیشتیمان و دوای ئەوان مام حاجی حوسێن و ئەمڕۆ تۆ! بۆ وا بە هەڵەداوان بەجێمان دێڵن؟

بۆ گەڕانەوەیەکی ناوشار دەبێ هەبن، شار ئێستا ئەژدیهایەکی مرۆڤخۆر بەدەوریدا ئاڵقەی بەستوە و مێزەرو حەمامەی گڵاوی بەری ئاوەڕۆی ژینی گرتوە، وا خەریکە بۆگەن دەکا. لەم سەردەمە ئاستەمەدا، ئێوە قارەمانی داستانەکانی سەردەم زۆر پێویستن و هەروا مەڕۆن و ئارام بگرن، هەر ئێوەن دەتوانن بە شیر و ڕمبی بەرخۆدان و پشودرێژی و خەبات و خوێندن وڵاتی ئاوساوی دەستی و زوڵم و زۆرداریم نەجات بدەن، هەروا مەڕۆن، بە پۆل مەڕۆن... توخودا مەڕۆن.

**لالۆ**، هەر حەدادێکی دەڤەری تۆ، داستانەکەی کاوە و کوتکی ئاسنی و کوشتنی زوحاک و بەرپاکردنی شۆڕشەکەشی وەدوای خۆی داوە، هەروا مەڕۆ.من! تۆم بینی بە چاوی خۆم بینیم باوەڕم کرد، بەڵام ئەو هەر ئەفسانەیەکە و بۆ دڵخۆشی و خەوبردنەوەی نەوەکانی ئێستامان بوو. تۆ حەدادەکانی ئەم دەڤەرە هاتن و ئەو خەوەتان تاراند، دەی هەروا بێ دەنگ مەڕۆ....

**لالۆ**، دەوەرە لە سەر لوتکەکان وەک ئەو زەمان بە هاوڕێتی ئاوارە.... و موعێنیەکان بانگ بدە، بانگی ئازادی، بانگی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان، وەرەوە دوبارە، ببەوە بە چریکەی شەهێن و باز، ببەوە بە تووڕەی شمشاڵی شوان با تاشەبەردی قەدپاڵی چیاش بێتە جمین و بەرپێت ڕاموسێ. بە هەڵەداوان مەڕۆ.... هەر چی حەداد و حەسەنپوور و حەکیمزادە هەیە، چاو لە ڕێی گەڕانەوەتە، وەرە مەڕۆ، هێشتا سفرەو خوانی گریانێکی غەریبانی کۆچی ئەوان دوێکەم کۆنەکراوەتەوە، هەروا مەڕۆ....!

**گەورەم!** ئەگەر هەر ئۆغر ئەکەی، وەرە با لە داوێنی بڵفەت و گیارەنگ دا چەند دەسکە گوڵە جوتێرەی پایزیت بۆ بچنمەوە، ئاخر نەک هەر تۆ، لەم ساڵانەی دوایی دا هەتا ئەمڕۆ چی حەسەنپوو و حەداد و حەکیمزادیەک ڕۆیشت، گشتی زیزە لێم، چۆن من نەمتوانی لە کاتی ماڵاوای دا، لە بەرابەر جەستەی درێژکراویان سەر خاکی پاکی نیشتیمان، کرنۆش بەرم و بڵێم ماڵاوا ئەی ڕێبەر و مامۆستام، ئەی پێشەنگ و ڕێنوێن ماڵاوا ئەی خۆنەویستی نیشتیمان دۆست.....

**لالۆ**، نیشتیمانم قەرزداری وەفاداریتانە، ئەم گوڵە جوتێرە سپییانە دەسکەنە دەکەم بۆ سەر ڕێگای پڕ لە وەفا و وەفاداریتان بە نیشتیمان بە کوردستان بە...

**لالۆ، ماڵاوا، ماڵاوا باش دەزانم نەسرین و حەسەنپوور مام حاجیش لە بستوی ئەودیوی ژیان چاوەروانی هاتنی تۆن.**

**ماڵاو ڕابەر و فەرماندەکەم مالاوا.....**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨**

# کەریم حەدداد مرۆڤێک لە چەشنی راوەستان کوردێک لە جنسی وەفا



**بێهروز کوردە حمەدی**

رۆژی ٧ی دێسامبری ٢٠١٨ ڕێ و رەسمی بە خاکسپاردنی کۆنە پێشمەرگەی دڵسۆزی کوردستان، خەباتگێڕی تا سەر وەفادار بە ڕێبازی ئازادیی، کەریم حەدداد‌ی خاوەن حورمەت بەڕێوە چوو.

خەڵکێکی زۆر بە ژن و پیاوەوە لە هەموو شوێنێکی سوێد و وڵاتانی تر لە گەڵ گشت ئەندامانی زۆر و زەبەندی بنەماڵەی حەدداد، تەرمی لە ئاڵای کوردستان پێچراوی نەمریان لە نەخۆشخانەی شاری ڤێستڕۆسەوە بەرەو گۆڕستانی گەورە و بە شکۆی شار برد.

رۆژێکی خۆش و نەساردی سەرەتای زستان ئەویش لەباکووری ئورووپا تەنیا دەیتوانی ئەو مانایەی هەبێ کە تەنانەت سروشتیش لەخەمی لە دەسچوونی مرۆڤێکی ئاوا پاک و تاک، هەموو هەوڵی خۆی دەدا هەتا دۆستان و خەمخۆرانی کەریم حەدداد تووشی کەمترین کزە بای زستان و کرێوە و تۆفان بن.

هەنگاوەکان رێک و نیگاکان خەماویی و هەناسەکان بە حەسرەت بوون. شەپۆلی خەڵک جوان و لە بار بەرەو پێش دەچوو، ئەوانەش وا بەرە بەرە دەگەیشتنە جێ، لە کەنار رێگادا رادەوەستان و بە گەیشتنی ئاپۆرەی بەشداران تێکەڵیان دەبوون و لە هەناوی قەتارەدا دەتوانەوە.

بە نزیکبوونەوە لە مەزاری ئامادەکراو، وردە وردە ورتەی خەماویی و چاوی فرمێسکاویی روونتر دەبیستران و دەبینران.

بە گەیشتنی تەرمی حەدداد بۆ مەنزڵی دوایی، تابووتی هەڵگری تەرمەکە بەرەو قووڵایی مەزار بەڕێ کرا. یەکێک لە کوڕەکان دەسپێکی بە خاکسپاردنی راگەیاند و ئەحمەدی کوڕی گەورە بە دەم هەڵگرتنی یەکەم پێمەڕە خاکەوە پڕمەی گریانی هەستا و شەپۆلێک هاوار و گریانی پڕ هەناسەی بە دوای خۆی دا ڕاکێشا.

پاشان هەر کام لەئەندامانی بنەماڵە بە گەورە و چووکەوە، بە گریان و ڕۆ ڕۆ، مشتە خاکیان بەسەر تەرمی بابە گەورەدا کرد. دیاردەیەکی جوان و لە بەردڵان بوو. بەڕێکردنێکی بە نرخ و ماڵاواییکردنێکی لەبیر نەکراو بوو. هەر فرمێسک بوو بەسەر گۆنادا رەوان بوو، هەر خەم بوو لە هەوادا شەپۆلی دەدا. خەم بۆ مرۆڤێک، پیاوێک، شۆڕشگێڕێک کە هەرگیز بیری نەکردبووەوە نرخی دڵسۆزیی و فەداکاریی و دەست ئاوەڵایی خۆی هەڵسەنگێنێ و لە بەرامبەری دا چاوەڕوانی پاداشێک بێ.

پشتی کاتژمێرێک ئەو جار لافاوی ترۆمبیل بوو کە گۆڕستانی بەجێ دەهێشت و بەرەو شوێنی دیاریکراو دەڕۆیشت.

لەشوێنی ڕێزلێنانیش دا گەرمترین سەرەخۆشییەکان پێشکەش کران، شێعری جوان خوێنرانەوە، هەر وەک بە بڵاوکردنەوەی دوو گۆرانیی شازو شاکاری حەزرەتی ماملێ، کە خواستی دڵ و ویست و ئارەزووی کەریم حەدداد بوو، کۆڕی ماتەمین هێندەی تر جوان و تژیی لە هەست و تاسە و خۆشەویستیی و فرمێسک و حاڵ و هەوایەکی تایبەتیی کرا.

**یاد و یادگاری دڵە پاک و کوردانەکەی کەریم حەدداد هەر لە دڵان دا شاد و پایەدار بێ.**

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی جانێویری ٢٠١٩

## ئاسنگەرێک لە ڕەگەزی کاوەی ئاسنگەر ماڵاوای لە نەتەوە و نیشتمان کرد..



**ئەحمەد کاکەمەمی**

ئەمرۆ کاتژمێر ٥ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٢ی نوامبر نەمر کاک کەریم حەداد ماڵاوی یەکجارەکی لە گەڵ و نیشتمان کرد.

ئەم پاییزە چ پاییزێکی زیزە، چ وەرزیکی خەمبار و ناتەمیزە، بۆچی ژیان لە بنەماڵەی حەدادەکان وا بە گوریزە. سەر قافڵە کۆچی ئەم پایزە کیژە نازەنینە خەباتکارەکە نەسرین حەداد و هاوسەر و خالۆزای تێکۆشەر محەمەد حەسەنپوور و نێوان قافڵە، خەباتکار حاجی حوسێن حەدادی مامی و دوا قافڵە و قافلەوانی کاروانی کۆچمان نەسرەوتوو وبە رابووردوو نەمر کاک کەریم حەدادە. باوکە و دوا ڕەوی قافڵەی کیژ و برا و خاڵۆزایە....

کەریم حەداد(ئاسنگەر) دوای دەیان ساڵ خەباتی بێ وچان و... ساڵ تەمەن وەک هەموو پێشەوا و ڕیبەر و خەباتکارانی ڕاستەقینەی ڕێبازی رزگاری بە ئاوات و ئارەزووی دەستەبەرکردنی ئازادی و رزگاری نیشتمان و نەتەوە سەری نایەوە و دەفتەری پڕ لە شانازی و ئەزموونی بیرەوەریەکانی بۆ نەوەکانی دوایی خۆی جێ هێشت.

کەریم حەداد لەو دەگمەن خەباتکار و سەرۆک و سەرکردانەوە بوو کە هەموو تاکەکانی بنەماڵەی خۆی وەک خۆشک و برا، کوڕ و کچ، ئامۆزا و خوارزا و خاڵۆزا و زاوا و تەنانەتی خزمانی دووریشی بە ویژدان و شەرافەت و کەرامەتی ئینسانی

نیشتانپەرسی و نەتەوەدۆستی دەرس دادابوو و بارهینابوو و پەروەردەی کردبوو. بەشداری لەشکرێک لە حەدادەکان و حەکیمزادەکان و حەشەنپوورەکان لە خەباتی رزگاری دا بەرهەمی پەروەردەی دەستی پاک و بیری ڕووناکی کەریم حەدادن.

کەریم حەداد سەردەمانێک ڕێبەرە و سەردەمانیک فەرماندە و پێشمەگەی نیو سەنگەر... لە شەڕدا لە ئاگر سوورترە و لە هێور کردنەوەی دڵانی زامداردا لە ئاو ڕەوانتر. کەریم حەداد ئەو پێشمەرگە چەک لە شانە بوو کە بۆنی هەموو گوڵەکانی کوردستانی بۆ کردبوو، لە ژێر سایە هەموو داربەرو و دارە گویز و دار و دەوەنەکانی کوردستان سابۆوە، لە سەر هەموو دوندنی کوێستانەکانی کوردستان سەنگەری گرتبوو، لە هەموو ئەوشکەوت و زەندۆڵەکانی کوردستان شەوارە و حاشارگەی تەنی بوو، لە هەموو کانیاوەکانی کوردستان ئاوی خواردبۆوە و دەستنوێژی نیەت پاکی خەباتی هەڵگرت بوو، خۆرەی رووبار و کانیاوەکانی کوردستان و گرڤەی تافگەی شەڵماش و سوێری ئاوی دەریای ورمێ ی جێشت بوو. بە جاران لە زێی گەورە و چووک پەڕیبۆوە و لە ئاوی سیروان و گۆلی دووکان و چەمی ئاراس و بادینان بە مەلەباسکە پڕی بۆوە. لە هەموو سەردوند و لاپاڵ و گەوەی کوێستانەکانی برایم جەلال، بڵفەت، گیارەنگ، هەوارەبا و دالانپەڕ ئەوەباسکەوباسک کردبوو. ڕێباز و کوێرەڕییێەکانی کوردستان خشپەی پێ و گوڵ و دار و دەونی کوردستان بۆنی ئارەقەی ئەم ڕێبوارەیان دەناسیەوە و هەست پی دەکرد. مار لە ترسی دەخزی و درندە لە سامی دەتەزی... کەریم حەداد ئەو ڕێبوارەی ڕێگای ئازادی بوو کە نەک حەوت، هەفتاکاڵەی ئاسنی لەم ڕێبازەدا دڕی، هەزاران مەترسی بە گیان و ژیان کڕی.

ئەو ڕێبوارێک بوو نە قەت لە سام ترسا و نە قەت لە راست دژمن حەبسا. ئەم ڕێگایەی تا سەر بە شانازی پێوا. کەریم حەداد ناو و ناسنامەیەکی ئاشنا و تەبا بۆ گەڵ، بۆ خاک، بۆ ئاو، بۆ هەراو، بۆ دیار و نەیار... کەریم حەداد

**ئەو هەڵۆیە بوو کە باڵەکانی بە باڵای باڵی باڵا، ئالای رزگاری کوردستانیان دەشەکاندوە.**

ئەگەر کاوەی ئاسنگەر جارێک لە دژی زوحاکی ماردۆش ڕاپەڕی، ئەم ئاسنگەرە هەموو تەمەنی ژیانی... ساڵەی لە دژی زوحاکانی تاج بەسەر و تەپلەپۆش و عەمامە لەسەر و حەبا بە دۆش دەڕاپەڕین دابوو.

کەریم حەداد ئەو کەسەبوو گا لە زیندانان و گا لە بەندەنان، گا لە نەویان و گا لە بڵندان، گا لە گەرمین و گا لە کوێستان، نە بەهاری دەناسی و نە زستان... هەر دەم گیان لەسەر دەستان بوو.

کەریم حەداد پێشمەرگەیەکی بێ مەرگە، دەگەڵ خەبات هاودەنگە، هەرگیز لێک نابڕین و هەردەم پێک دەبڕێن. حەداد

هاوزادی خەبات و ئاودێری داری نەباتی خەبات و ڕێبوارێکی هەنگاوتوندی ڕێگای نەجاتە. خۆسکەم دەخواست لە دوای ماڵاوای حەداد هەر بە کوتکەکەی ئاسنگەری دەست خۆی کێلی بان سەری دەکوترا و پارچەمەکی بەرسینگی ئاسنگەری دەبۆ باڵاوپۆشی و تفەنگەکەی دەبۆ دەستەملانی جەنازەی بێ ناز سەربازی ون. ئەو سەربازە ونەی کە بە دوور لەو نیشتمان و گەلەی بۆی ژیا و بۆی مرد، لە بێدەنگیەکی مات و کڕ و لە سەرمایەکی سەخت و سڕ دا چۆ باوەشی خاکی وڵاتێکی دووره وڵات. بنوو ڕاحەت بنوو سەربازی گومناو، خەباتکاری ناکاو، پێشمەرگەی هەر دەم لە سەنگەر، پیری زورهانی دەربەدەر، بنوو، ڕاحەت بنوو...

**تۆ نامری و ناوت وەک ڕەمزی ناوی خەباتکارێکی مەزن هەر دەمێنێت و ڕێگات هەر درێژەیدەبێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## تێکۆشەری دێرین و باوکی شەهید "نەسرین حەدا"د" ماڵاوایی لە ژیان کرد



بەپێی هەواڵێک کە بەدستمان گەیشتووە، کاک کەریم حەداد تێکۆشەری دێرین و ناوێکی ئاشنا بۆسەرجەم خەباتکارانی دێموکرات رۆژی ١ی سەرماوەز بەرانبەر بە ٢٢ی نوامبری ٢٠١٨ لە وڵاتی سوید ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کاک کەریم حەداد هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بە هۆی ئەوە کە باوک و خاڵەکانی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بوون لە گەڵ سیاسەت و نیشتمانپەروەری ئاشنا بووە هەر لەو کاتانەدا کە تەمەنی تەنیا پازدە ساڵ بووە لە گەڵ کۆمەڵێک لە هاو تەمەنەکانی لە شاری سەردەشت یەکییەتی لاوانی دێمۆکراتیان دامەزراندوە و خۆشی بوو بە یەکێک لە ئەندامانی چالاکی یەکیەتییەکە.

پاش تێپەڕینی چەند ساڵ بە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان و بووژانەوەی حیزبی دێمۆکڕات بوو بە ئەندامی حیزب و وەک ئەندامێکی کارا و چالاک دەستی بە تێکۆشانی نهێنی کرد، هەر بەو هۆیەوە وەک نوێنەر بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی دووهەمی حیزب کە لە گوندی "سونێ"ی باشووری کوردستان پێک هات، هەڵبژێردرا.

دوای کۆنگرەی دووهەم و گیرانی بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە ساڵەکانی ٣٧ و ٣٨ کاک کەریم وەک بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەی سەردەشت دیاری کرا و، لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانی لە ژێر زەبر و زەنگی رێژیمی پاشایەتیدا دەستیان بە تێکۆشان کرد.

کاک کەریم یەکێک لەو کەسانە بوو کە جیا لە ئەرکی خزمەت لە ناو حیزبەکەی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بە جووڵانەوەی باشووری کوردستان کرد، ئەو بە ناوی تیجارەتی جلوبەرگ و پێڵاو و پێداویستییەکانی بەشێکی پێشمەرگەکانی باشووری دابین دەکرد.

لە جەریانی جووڵانەوەکانی ٤٦ و ١٣٤٧ دا یەکێک لە هاوکارانی نیزیکی شەهیدان مەلا ئاوارە و سولەیمان موعینی بوو، هەر بەو هۆیەشەوە لە پاش دەستگیرکرانی مەلا ئاوارە بە ناچاری لە بەر ئەوەی نەکەوێتە مەترسیی دەستگیرکرانی لە لایەن رێژیمی شاوە، ئاوارەی باشووری کوردستان بووە.

لە باشوور لە گەڵ ئەو هاورێیانەی کە پاش تێک شکانی جووڵانەوەی٤٦ و ١٣٤٧ گەڕابوونەوە باشووری کوردستان یەک دەگرنەوە و تێکۆشانی حیزبی دەست پێدەکەنەوە.

هەر لەو سەردەمانەدا کە ماڵی لە قەلادزێ بووە دەکەوێتە بەر هێرشی پیاوەکانی رێژیمی شا و نارنجۆکی دە ماڵەکەی دەهاوێن کە بە خۆشییەوە زیانی گیانی لێ ناکەوێتەوە.

پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی و گەڕانەوەی کادر و رێبەرایەتیی حیزب بۆ ناو خۆی وڵات کاک کەریم وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت دیاری دەکرێ و رێکخراوی شارستانی سەردەشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دەکاتەوە.

کاک کەریم لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی خانەنشین دەبێ و وەکوو ئەدامێکی بەوەفا تا دوا هەناسەی لەخەمی گەل و نیشتمانەکەیدا بوو.

شیاوی باسە کاک کەریم حەداد باوکی شەهید نەسرین حەداد ناسراو بە مامۆستا "نەسرین"ە و خاڵۆزای شەهید محەممەد حەسەنپوورە، کە لە ئاکامی مووشەکبارانی سپای پاسداران لە قەڵای دێموکرات شەهید کران.

ئەو تێکۆشەرە خۆشناوە دوای تەمەنێک ژیان بە سەرفەرازی ئەمڕۆ ڕێکەوتی ای سەرماوەز لە وڵاتی سوید لە تەمەنی ٨٨ ساڵەیدا دڵە پڕ لە هیواو ئاواتەکەی لە لێدان کەوت.

ناوندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای ئەمەگناسی لەهەمبەر تێکۆشانی بێوچانی کاک کەریم حەداد،

پرسەو سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی حەداد، حەسنپوور و حەکیمزادە و، سەرجەم خەڵکی دێموکراتدۆستی ناوچەی سەردەشت دەکا و، خۆی بە شەریک وبەشدار لە خەمیان دەزانێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوە چوونی پرسەی نەمرانی بنەماڵەی حەداد لە یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی



**کوردستان و کورد**؛ ڕۆژی شەممە ٢٤ی نوامبری ٢٠١٨ی زایینی، لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆڕی پرسەی تێکۆشەری بەڕابردووی دێموکڕات نەمر کەریم حەداد باوکی شەهید نەسرین حەداد بەڕێوە چوو.

لەو پرسەیەدا کە بە بەشداریی هەر سێ بنەماڵەی تێکۆشەری دێموکڕات، حەداد و حەسەنپور و حەکیمزادە بەڕێوە چوو، دەیان کەس لە ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای دەربڕینی هاوخەمی سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک کەریم حەداد، یاد و بیرەوەریی نەمرانی دیکەی ئەم بنەماڵەیەش واتە شەهیدان نەسرین حەداد و محەممەد حەسەنپور و حاجی حوسێن حەداد-یان زیندوو ڕاگرت.

لە بەشێکی ئەم کۆڕی پرسە و هاوخەمییەدا، هاوڕێی بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی نەمر کاک کەریم حەداد و بەگشتی دڵسۆزی و فیداکاریی ئەم بنەماڵەیەی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاروانی خەباتی حیزبی دێموکڕاتدا وەبیر هێنایەوە و بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە لێی ڕوانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# تێکۆشەری دێرینی حیزب و گەل، کەریم حەداد کۆچی دوایی کرد



**کوردستان میدیا:** کەسایەتی دیار و بەبڕشتی دێموکرات، تێکۆشەری دێرین و فەرماندەی چاونەترسی حیزب و گەل، کاک کەریم حەداد ماڵئاوایی لە ژیان و هاوسەنگەرانی کرد.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، کاتژمێر پێنج وبیست خولەکی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١ - ٩ - ١٣٩٧ هەتاوی بەرامبەر ٢٢ - ١١ - ٢٠١٨ی زایینی، کاک کەریم حەداد لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

کاک کەریم حەدداد ڕۆژی چواری گەلاوێژی ساڵی ١٣٠٩ی کۆچی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لە دایک بوو.

هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بە هۆی ئەوەیکە باوک و خاڵەکانی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بوون لە گەڵ سیاسەت و نیشتمانپەروەری ئاشنا بوو و هەر لەو کاتانەدا کە تەمەنی تەنیا پازدە ساڵ بووە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوتەمەنانی لە شاری سەردەشت یەکییەتی لاوانی دێموکراتیان دامەزراندووە و خۆشی بوو بە یەکێک لە ئەندامانی چالاکی یەکیەتییەکە.

پاش تێپەڕینی چەند ساڵ بە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان و بووژانەوەی حیزبی دێموکرات بوو بە ئەندامی حیزب و وەک ئەندامێکی کارا و چالاکی حیزب دەستی بە تێکۆشانی نهێنی کرد، هەر بەو هۆیەوە وەک نوێنەر بۆ بەشداری لە کۆنگرەی دووهەمی حیزب کە لە گوندی سونێی باشووری کوردستان پێک هات، هەڵبژێردرا.

دوای کۆنگرەی دووهەمی حیزب و گیرانی بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە ساڵەکانی ۳۷ و ۳۸ کاک کەریم وەک بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەی سەردەشت دیاری کرا و لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانی لەژێر زەبروزەنگی ڕێژیمی پاشایەتیدا دەستیان بە تێکۆشان کرد.

کاک کەریم یەکێک لەو کەسانە بوو کە جیا لە ئەرکی خزمەت لە ناو حیزبەکەی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بە جووڵانەوەی باشووری کوردستانیش کرد، ئەو بە ناوی بازرگانییەوە جلوبەرگ و پێڵاو و پێداویستییەکانی بەشێک لە پێشمەرگەکانی باشووری دابین دەکرد.

لە جەریانی جووڵانەوەی ٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی دا یەکێک لە هاوکارانی نزیکی شەهیدان مەلا ئاوارە و سولەیمان موعینی بوو، هەر بەو هۆیەشەوە لە پاش دەستگیرکرانی مەلا ئاوارە بە ناچاری لە بەر ئەوەی نەکەوێتە مەترسیی دەستگیرکرانی لە لایەن ڕێژیمی شاوە، پەڕیوەی باشووری کوردستان بووە.

لە باشووردا لە گەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە پاش تێکشکانی جووڵانەوەی ٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی گەڕابوونەوە باشووری کوردستان، یەک دەگرنەوە و تێکۆشانی حیزبی دەست پێدەکەنەوە.

هەر لەو سەردەمانەدا کە ماڵی لە قەڵادزێ بووە دەکەوێتە بەر هێرشی پیاوەکانی ڕێژیمی شا و نارنجۆکی دە ماڵەکەی دەهاوێن کە بە خۆشییەوە زیانی گیانی لێ ناکەوێتەوە.

لە دوای نسکۆی ٤٧ کە ئەندامانی حیزب بە هۆی ناکۆکی لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیدا لێک هەڵبڕابوون بە هیممەتی بەشێک لە کادرە سەرەکییەکانی حیزب یەک دەگرنەوە و کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دەگرن، لەو کۆنفرانسەدا کاک کەریم وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا و ئەو ئەرکەی تا گیرانی کۆنگری سێهەم بە ئەستۆوە بوو.

لە کۆنگرەی سێهەمیشدا کاک کەریم بۆ جارێکی دیکە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێتەوە، لەو کۆنگرەیەدا کاک کەریم بە هۆی لێهاتوویی و خۆشەویستییەوە زۆرترین ژمارەی دەنگی بەشدارانی کۆنگرە وەدەست دێنێ.

لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و گەڕانەوەی کادر و ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ ناوخۆی وڵات کاک کەریم وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سەردەشت دیاری دەکرێ و ڕێکخراوی شارستانی سەردەشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزب، کاک کەریم وەک ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

لە پاش دامەزراندنی ستادی پێشمەرگە (شوورای نیزامی) کاک کەریم وەک ئەندامی ئەو ستادە دیاری دەکرێ، دوای گیرانەوەی شاری مەهاباد لە لایەن رێژیمەوە کاک کەریم ئەرکی فەرماندەیی هێزی شەهید موعینیی پێ دەسپێردرێ و هاورێ لە گەڵ بەشێکی بەرچاو لە فەرماندەکانی ناوچەی سەردەشت وەک کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی دەستبەکار دەبن و بۆ چەند ساڵ ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە.

کاک کەریم پاش کۆنگرەی پێنجەمی حیزب وەک بەرپرسی بەشی تەداروکاتی نیزامیی حیزب دیاری کرا و هەتا دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب و تەمەنی ٦٥ ساڵی ئەو ئەرکەی بەرێوە برد.

کاک کەریم لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی خانەنشین دەبێ و وەک ئەندامێکی بەوەفا و باوەڕپێکراوی حیزب لەگەڵ خەت و رێبازی حیزبەکەی مایەوە.

لە کونگرەی حەوتەم و نۆهەمی حیزبدا بە هۆی باوەڕپێکراوی و خۆشەویستییەوە وەک میوان بەشداری کۆنگرە بووە.

لە کۆتاییەکانی هاوینی ساڵی ١٩٩٢ی زایینی(١٣٧١ کۆچی هەتاوی) وەک پەنابەر کوردستانی بەرەو هەندەران بەجێ هێشتووە و لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینی ڕووی لە وڵاتی سوئێد کرد و هەتا دواماڵاوایی هەر لەو وڵاتە مایەوە.

لە ماوەی ساڵانی نیشتەجێ بوونی لە سوئێد وەک ئەندامێکی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و رێبواری رێگای شەهیدان پێشەوا قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی درێژەی بە خەبات، دا و هەر بەو هۆیەوە خۆشەویست و باوەڕپێکراوی دۆستان و هاورێیانی بوو و رێز و حورمەتێکی زۆری لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە لێدەگیرا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی و ماڵئاوایی هاورێ و هاوسەنگەری بەوەفا کاک کەریم حەداد پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی خزم و کەسوکاری ناوبراو، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و خەڵکی کوردستان بەتایبەت شاری سەردەشت دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.**

١ی سەرماوەزی ٢٧١٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## سوپاسنامەی بنەماڵەکانی: حەدداد، حەسەنپوور، حەکیمزادە



پاییزی ئەم ساڵ لە ناخۆشترین پاییزەکان بوون کە لە ژیانت دا تووشی هاتی، پاییزێک کە بەدەم دانیشتن لە سەر کورسییەکەی ژوورەکەت چاوت لە خەزانی ئەمساڵ دەکرد.

و بە بێ دەنگی فرمێسک بە سەر روومەتتدا دەخلیسکان، ئاخر ئەم پاییزە جگەر گۆشەکانت و هاوسەنگەرەکانت بە دەستی کۆنەپەرستانی سەردەم لە پیلانێکی شووم دا لە دەست دا.

دیارە ئەوە یەکەمین پاییز نەبوو کە بەدەم بێدەنگییەوە فرمێسک هەڵوەرێنی. ئاخر ئەو کەسانەی کە تۆ لە دەستت دابوون تەنیا کەس و کار کچ و برا و خاڵۆز و پوورزای خۆت نەبوون. زۆر لە ساتەکانی ژیانت سەرەرای ئەوەی کە قایم و خۆراگرانە لە بەرابەر ناخۆشی و کۆستەکاندا راوەستابووی لە گەڵ ئەوەشدا خەمباری لە دەستدانی ئینسانە فیداکارەکان بووی. خەمەکانی تۆ تەنیا خەمی کورەکانی رۆژهەڵات نەبوون و بە دەیان هاورێ و هاوسەنگەرت لە باشوور هەبوون کە ساڵانێکی زۆر هاوکار و پشت و پەنای یەکتر بوون و بە شادییەکانیان شاد بووی و خەمەکانت دەگەڵ بەش دەکردن.

کاکە گیان (کەریم حەدداد): ئەتۆ هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوییەوە ناچار بووی دوور لە ئازیزەکانت بژی. دووری لە دایک و باوکت، دووری لە خووشک و براکانت، دووری لە خێزانت و جگەرگۆشەکانت دووری لە شادی و شینەکانیان هەوێنی ژیان و خەباتی تۆ بوون. هەر ئەو ساڵانە کاکە مەحەممەدی حەدداد برای ئازیزت لە رووداوێکی تەسادووفدا گیانی لە



سەرچاوە
Serchawe

دەستدا ئەتۆ لەو دیو سنوورەکان خەمباری ئەم کۆستە بووی. لە دوای شۆرشی ٥٧ بە دایک و باوکت شاد بوویەوە بەڵام زۆری نەخایاند کە جاریکی دیکە لێیان دوور بوویەوە و ئەوانیش کۆچیان کرد و ئیدی نەتانتوانی پڕ بە دڵ کەڵک لە خۆشییەکانی ژیان وەرگرن. رووداوی تراژیدی شیمایا بارانەکەی سەردەشتیش خەمێکی دیکەی نێو خەمە لە بڕان نەهاتووەکان بوون کە بە دەیان لە ئازیز و خۆشەویستانت تێدا بوون و بە داخەوە داوتر بە هۆی کاریگەرییەکانی شیمیایی گیانی پاکیان لە دەستدا، لەوانە دادە فاتمی خووشکت رووحی شاد.

سەرەرای هەموو ئەمانە ئەتۆ لەو بریارانەی لە ژیانتدا داتبوون پەشیمان نەبووی، ئەوەت ئاخرین ساتەکانی ژیان بۆ کچ و کورەکانت دووبارە کردبۆوە: " کەریم حەدداد: لە هیچ یەک لەو بڕیارانەی دامن پەشیمان نیم و زۆریش لە ژیانم رازی بووم". بەڵێ بریارت دابوو کە زووڵم قبووڵ نەکەی، بڕیارت دا بە هەر نرخێک بێ خەبات بکەی لە پێناو ئەو ئامانجانەی باوەڕت پێ بوون. هەڵوێستێکی سەخت، بەڵام بوێرانە بوو. شانتان وەبەر سەختییەکاندا و بە کەمترین ئیمکانات دەگەڵ کۆمەڵێک مرۆڤی حەقخوازی دیکە دەستتان پێکرد. ئەوە باسی دەیەیی چلە کە حکوومەتی ئەو کات ( رێژیمی سەڵتەنەتی ئێران) بە پارە و پووڵی نەوت باشترین چەکەکانی دەکرین بۆ سەرکووتی جودابیرەکانی و زیندانەکانی پڕ کردبوون لە مرۆڤە ئازادی خوازەکان و ئێوەش بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە وورە و بە ئیمان بە مافەکانتان بوونە هەڵسوڕێنەری جووڵانەوە و چالاکییەکانی ئەو ساڵانە.

دیارە ئێمە کە لە نزیکەوە دەتناسین و دەگەڵت بووین لەبیرمانە چۆن سەختییەکانی ژیانت ئاسان دەکردن. پاییزی ١٩٨٣ کە لە سنوور پەڕینەوە لە دۆخێکی زۆر سەختدا بووین بەڵام دیمان چۆن لە ماوەیەکی کورتدا لە چۆلەوانی شاخەکانی ئاسۆس پێویستییەکانی ژیانێکی سادە بەڵام سەربەرزانەت بۆ رەخساندین، دیارە هەموو ئەوانەت لە سەر حیسابی زیرەکی خۆت و کەسانی دەورووبەرت و هەروەها ئەو تۆرە کۆمەڵایەتییە بەرینە بوو کە هەت بوو کردن. باسی دۆڵی ئەشکەوتان دەکەم. ئەو شوینەی کە زۆربەی ئێواران زیندە یاد قاسملوو بەرەو ماڵەکان و بنکەی پێشمەرگەکان هەڵدەکشا و هەر جارەی کە دەهات بە چاوی خۆی دەیدی کە چۆن شوێنی ژیانمان رۆژ بە رۆژ خۆشتر دەکرد و ئەویش دەیگووت بەراستی ئەوەی ئێوە دەیکەن بۆ لێ فێربوون دەبێت. با ئەوش بڵێم لە پشتی هەموو ئەو سەرکەوتنانە هەمیشە کۆمەڵە کەسێکی دیکە هەن کە نابێ لە بیریان بکەین. ئەو کەسانە کێن جیا لە ژن و منداڵی پێشمەرگە؟! پوورە کافەی رەحمەتی و دادە خەجیجی تەواوە لە ژیاندا و کوڕ و کچەکانی کاک کەریم،

ئەو ئینسانانەن کە لە پشتی ناو و ناوبانگی کەریم حەددادن وەک هەر خێزانێکی دیکەی پێشمەرگە.

کاکە گیان بیرەوەرییەکان، قسە و نەقڵە خۆشەکان، ئەزموونەکانی ژیانی ئەو ساڵانەی کە پێکەوە بووین وئێوە پڕتان کردن لە گەرمی و خۆشەویستی نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە دەورووبەرت دەژیان، وەبیر هێنەرەوەی ساتە خۆشەکانی ژیانن. یادی هەموو ئەو رۆژانە بە خێر و سپاس بۆ هەموو زەحمەتەکانت. سپاس بۆ ئەوەی هەبووی. بێ تۆیی و راهاتن بە بێ تۆیی سەختە بەڵام ئەوە رەوتی ژیانە و دەبێ ئەم راستییە قبووڵ بکەین کە رۆژێک هاتین و رۆژێک دەڕۆین. تۆش ئارام بنوو و یاد و ناوت لە نێو دڵماندا زیندوو دەمێنێت.

## بەرێزان

بە بۆنەی کۆچی یەکجاری خۆشەویست و ئەزیزمان کاک کەریم بە سەدان کەس لە رێگای جۆراوجۆرە پێوەندییان پێوە کردووین و پەژارە و خەمی خۆیان لە مەر ئەم کۆستە گەورەیە دەربڕیوە و خۆیان بە شەریک و هاوخەممان زانیوە.

لەم ماوەیەدا بە سەدان کەس لە رێگای تەلەفوونەوە پێوەندییان بە ئێمەوە کردووە. بەشێک لەم پێوەندییانە لە ناوخۆی وەڵات لە شارەکانی کوردستان لە رۆژهەڵات بووە. ئێمە بەو پەڕی پێزانینەوە سپاسی دانە دانەی ئەو کەسانە دەکەین کە هەم تەلەفوونیان کردووە هەم راستەوخۆ لەوێ سەردانی کەس و کاری ئێمەیان کردووە و لە پرسە و سەرەخۆشیماندا بەشدار بوون.

لە باشووری کوردستانیش لە شارەکانی قەڵادزێ زێدی دووهەمی کاک کەریم، هەولێر، سلێمانی، کۆیە و زۆر جێگای دیکە لە لایەن حیزبەکانی رۆژهەڵات و باشوور، کەسایەتییە سیاسییەکان لە هەر دووبەری رۆژهەڵات و باشوور پێوەندیمان پێوەکراوە و ئەوان هاودەردی خۆیان بۆ ئەم کۆستە دەربڕیوە. هەر بەم بۆنەیەوە لە کۆیە پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات سەردانی کەس و کاریان کردوین و لە پەرسەیاندا بەشدار بوون کە بە پێویستی دەزانین سپاس و ئەمەگی خۆمانیان بۆ دوبارە بکەینەوە.

لە هەندەران بە گشتی و هەم لێرە لە شاری ڤێستروس خەڵکێکی زۆر لە رێگای دوور و نزیکەوە سەردانیان کردووین و هاوخەممان بوون. هەروەها لە شاری تورکووی فینلەند و لە نۆرویژ تێکۆشەرانی کورد و رۆژهەڵاتی سەردانی کەسو کاریان کردووین و هاوسۆزی و هاوخەمیان دەربڕیوە کە ئێمە لە دڵەوە سپاسیان دەکەین.

دۆستان و نیشتیمان پەروەرانمان، زۆر بابەتی بە نرخیان بە شێوەی بیرەوەری، رێزلینان و وتار و پەیام لە



سەرچاوە Serchawe

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و لە ماڵپەڕەکانی ئینترنێت بڵاو کردۆتەوە و بە دەربڕینەکانیان وێنەیەکی جوانیان لە کەسایەتی بەرزی کۆچکردوومان کاک کەریم نەخشاندووە. ئێمە بەو پەڕی پێزانینەوە دەستخۆشی لە هەموو لایەک دەکەین و خۆمان بە سەر بەرز دەزانین و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە کاک کەریم و بنەماڵەکەی ئەوەی لە رێ نیشتیماندا کردوویانە بەرز نرخێندراوە و بەهای پێدراوە کە ئێمەی پێ سەر بەرز بووە و هەروەها رووحی کاک کەریمیش شاد دەکات.

داوای لیبووردن دەکەین کە ئەگەر نەمانتوانیبێ وەڵامی ئەو کەسانە بدەینەوە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیامیان ناردووە و ئێمە هەموو ئەو پەیامانەمان بە دەست گەیشتووە و خۆمان بە سەر بەرز دەزانین کە هاودەرد و هاو خەممان بوون. سپاس بۆ هەموو ئەو کەسانە کە لێرە لە نزیکەوە سەردانیان کردووین و سپاس بۆ ئێوەش کە لە رێگای دوور و نزیکەوە زەحمەتتان کێشاوە و هاتوون و لە بەخاک سپاردن و پرسەماندا بەشدارن.

بنەماڵەکانی: حەدداد، حەسەنپوور، حەکیم زادە

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# کۆچی دوایی تێکۆشەر سیاسی کورد حاجی حوسێن حەدداد




کۆچی دوایی کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ریزەکانی حدک بەڕێز حاجی حوسێن حەدداد لە وڵاتی نۆرویژ بەداخ و پەژارەیەکی زۆرە بەڕێز کاک حاجی حوسێن حەدداد کەسایەتی خۆشناو و سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیە بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی و ناسازی ئەمرۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠ - ٩ - ٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کرد.

حاجی حوسێن حەدداد لە ٥ - ٣ - ١٣١٧ هەتاوی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی گەورە و کوردپەروەر و ناسیاوی شاری سەردەشت لە دایک بوو. ژیانی منداڵی خۆی وەک منداڵانی ئەو سەردەم تێپەر کردووە، لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەنێردرێتە قوتابخانە، چوونی بۆ قوتابخانە هاوکات دەبێ لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرانی کۆماری کوردستان. وەک بۆ خۆی باسی دەکرد هاتووچۆی ئەندامانی بنەماڵەکەی و مالی خاڵەکانی (بنەماڵەی حەسەنپوور) بۆ شاری مەهاباد و هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری سەردەشت و هەروەها دیتنی چەکداری پێشمەرگە لەو تەمەنەدا ، کاریگەری لە سەر هەست و دەروونی هەبووە و جموجۆڵی پێشمەرگانە و باس و خواستەکان لە سەر دامەزرانی کۆمار بوونە هۆی خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە و بۆ شۆڕش و بۆ کوردایەتی.



حاجی حوسێن حەدداد تا پۆلی شەشی قەدیمی دەرس خوێندوە. ئەو خوێندنە بۆ ئەو کات و لە شارێکی بچووکی وەکی سەردەشت کە شارێکی دوورەدەست بووە، لەو سەردەمە دا وەک خوێندنی باڵا سەیری دەکرا. ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی خۆی لە ئامێزی بنەماڵەدا تێپەر کردووە و هەر لە منداڵی‌یەوە ئۆگری کار و هاوکاری کردن بە بنەماڵەکەی بووە، بە هۆی ئەوە کە بنەماڵەکەیان ئاسەنگەر بوون، هەر بە لاوەتی شانی وەبەر کاری قورسی ئاسنگەری داوە و وێرای براکانی لەو پیشەیە دا ساڵانێکی زۆر وەک ئاسنگەرێکی بەتوانا وەک وەستای ئاسنگەری کاری کردووە و خەڵکی ناوچەش بۆ پێداویستی‌یەکانی ژیان ڕوویان لە دووکانەکەی کردووە و لە سۆنگەی ئەو کارەوە خەڵکێکی زۆری لە گوندنشینەکان و خەڵکی دیکەی ئەو ناوچەیە ناسیوە.


بە هۆی ئەوە کە شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری شوێنی بوژانەوە و هەستانەوەی هەموو شۆڕشەکانی نێوخۆی کوردستانی ئێران و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها شۆڕشی باشووری کوردستان بووە، هاتووچۆی شۆڕشگێران بۆ ئەو ناوچەیە زۆر ئاسایی بووە. لەو پەیوەندی‌یەدا بە هۆی بەربڵاوی کاری ڕێکخستن و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری دا، بە هۆی ئەوە کە خاڵەکانی و برا گەورەکەی و هەندێک لە خزمانی تێکەڵ بە ڕیزەکانی نەهێنی و ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، ئەو بیرە زیاتر لە میشکی حاجی حوسێن دا چەقرە دەکا و دواتر بە هۆی وریایی خۆی چەند ساڵ پێش خەباتی چەکداری ٤٧ و ١٣٤٦ی هەتاوی پەیوەندی بە کادرەکانی ئەو کاتەی حدکەوە دەکات و لە ڕێگەی خزمەکانیەوە زۆر زوو لە لایەن بەرپرسانی حیزبی‌یەوە



سەرچاوە Serchawe

متمانەی پێدەکرێ و لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ئەو کات دا سازمانی دەدەن و بەرێزیشیان بە حەق لە گەیاندنی نامە و هەواڵ و پێداویستییەکانی شۆڕش و پێشمەرگەکان دا دریغی نەکردووە.حاجی حوسێن لە شۆڕشە چەکدارییەکەی ساڵانی ٤٧ و ١٣٤٦ی هەتاوی دا زیاتر دەردەکەوێ و بە ڕادەیەکی بەرچاو هاوکاری بە کادرەکانی وەکوو شەهید مەلا ئاوارە و موعینییەکان و کەسە دیارەکانی ئەو کات دا دەکا و بە وردی و بە وریاییەوە هەنگاوی خەمخۆرانەی هەڵێناوەتەوە.

دوای سەرکوتی شۆڕشی ساڵەکانی ٤٧ و ١٣٤٦ی هەتاوی، حاجی حوسێن نائومێد نابێ و هەروا لەگەڵ ئەو بەشە لە کادرەکانی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان و گەرمێن لە پەیوەندی دا دەبێ و وێرای کەسابەت و کاری ئاسنگەری بە نهێنی لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیەکانی ئەرکە حیزبییەکانیش بەجێدەگەیێن.



تێکۆشەری سیاسی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان حاجی حوسێن حەداد

لەگەڵ یەکەم چەخماخەی بزووتنەوەی سەرتاسەری گەلانی ئێران بۆ تێکرووخانی حکوومەتی پەهلەوی، حاجی حوسێن وێرای هاورێ و دۆستەکانی جموجۆڵەکانی خۆیان زیاتر دەکەن و لەگەڵ هاتنەوەی کادرەکان بۆ نێوخۆی کوردستان، ئەرکی سەرشانی قورستر دەبێ، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران حاجی حوسێن لەگەڵ گەرانەوەی یەکجاری کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەکەم کەسەکان دەبێ کە چەکی شەرەف و پێشمەرگایەتی لە شان دەکا و دەبێتە پێشمەرگە. لە دوای ئەوە کە دەبێتە پێشمەرگە زۆر زوو بە هۆی خۆشناوی و لێزانی و شارەزایی و هەروەها بە هۆی ئەزموونی دەبێتە کادری کۆمیتە شارستان و بە هۆی دەست پاکی و بەنێوبانگی لە لایەن کۆمیتە شارستانی سەردەشتەوە دەکرێتە بەرپرسی هەموو گومرگەکانی ناوچەی سەردەشت، لەیەکەم کۆنفرانسی کۆمیتە شارستانی سەردەشت دا وەک ئەندامی

کۆمیتە شارستانی سەردەشت هەڵدەبژێردرێ و دەبێتە بەرپرسی کۆمیتەی شارەدێی میراوێ و دواتریش لە کۆمیتە شارستانی سەردەشت دەبێتە هەئیەتی ئیجرایی و ماوەیەکیش وەک بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی مەزرا کار دەکا.

حاجی حوسێن لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە وەک بەشی دارایی دەنێردرێتە نەخۆشخانەی شۆڕش و دواتر کە نەخۆشخانەکان حیزب دەبنەوە بە یەک وەک بەرپرسی دارایی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ و دواتریش نەخۆشخانەی ئازادی دیاری دەکرێ. حاجی حوسێن بەرپرسایەتی جۆراوجۆری لە سەر شان بوون لە کۆمیسۆنەکانی ماڵی و تداروکات دا کاری کردووە، لە کۆمیسیۆنی ماڵی دا وەک بەشی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و بازرەسی حیزب کاری کردووە و تا کاتی دانانی چەکی پێشمەرگایەتی بەردەوام لە بەشی تداروکاتی گشتی حیزبدا خزمەتی کردووە.

حاجی حوسێن لە چەندین کۆنگرەی حیزبی دا بەشداری کردووە، چەندین دەورە ئەندامی کۆمیتە شارستانی سەردەشت بووە، لە بەشی جۆراوجۆری حیزبدا کاری کردووە، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەکان دا ساحەب قسە و بە هەڵوێست بووە، کادرێکی لێوەشاوە و تێگەیشتوو و پێگەیشتووی حیزب بووە و بە گشتی کاری بۆ چاکسازی و بۆ کەم کردنەوەی کەم و کوڕیەکان کردووە. بە حەق لە کاری حیزبی دا سادق و پاک و ماندووییەناس بوو. شۆرشگێرێک بە مانای وشەی شۆڕشگێری بوو، لە نێو خەڵکدا خۆشەویست و لە نێو بنەماڵەی دێموکرات دا کەسێکی جێگای باوەر و متمانەی هەموو لایەک و بە تایبەت ڕێبەری حیزب و ڕێبەرانی شەهیدمان بوو.

کاک حاجی حوسێن حەدداد مرۆڤێکی سیاسی و تێکۆشەرێکی خۆشناوی گەلەکەمان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بوو، لە جەریانی تەقاندنەوەی مینیبووسی حیزب لە ٢٩ - ١٠ - ١٩٩١ دا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە بناری قەندیل ئەنجامی دا حاجی حوسێن و کامرانی کوڕی لەگەڵ پۆلێک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزب بە توندی بریندار بوون و سێ کادری بەوەجی حیزبیش شەهید بوون. حاجی حوسێن مرۆڤێکی بە بیروباوەر، بەهەست و شۆڕشگێر، ماندووییەناس، هەڵسوور و خەمخۆری گەلەکەمان بوو، ئەو کەسێکی باوەرمەند بەئیسلام، دەستگەرەوە و یارمەتیدەری هەژار و بێدەرەتانان بوو، لەخەم و شادی و لە نەهامەتییەکانی گەلەکەمان دا مرۆڤێکی دەرەوەست و بە هەست بوو. حاجی حوسێن وێرای ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە نووسین شێعر و هۆنراوە و بابەتگەلی جۆراجۆرکەم تەرخەمی نەکرد و لە دەرەوەی وڵاتیش دوو کتێبی و چەندین نووسراوەی بە پێزی لە دوای خۆی بەجێهێشتوون و بەم کارەی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر کردووە.

حاجی حوسێن لە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی کوڕ و کچ و نەوەکانی دا دریغی نەکرد و وێرای ئەوە کە لە نێو شۆڕش دا

بوو، بەڵام بەوپەری هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە دەستی باوکانەی بە سەر سەری هەموو منداڵەکانی و بگرە پێشمەرگە سەڵتەکان و جیرانەکانیشی دا دێنا. لەو پەیوەندی‌یەدا حاجی خورشیدی هاوسەری پشتیوانی سەرەکی حاجی حوسێن بووە و بە یەکەوە لەو پەروەردەیە دا هاوکار بوون

کاک حاجی حوسێن لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا لە هەموو ناوچەکانی سوێسنایەتی، گەورەکایەتی، نەڵێن و باسکی کۆڵەسە و ئالان کاری کردووە، لە سەریەک نزیک بە شەش دەیە وەک ئەندامی هەڵسوور و چالاکی حیزب خزمەتی بە گەل و نیشتمان کردووە و ۲۱ ساڵ لە تەمەنی خۆی چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە شان دابووە و لە هەموو ئەوا ساڵانەدا دڵی تەنیا بۆ ئاشتی و بۆ ئازادی گەلەکەی لێداوە. ساڵی ۱۳۷۸ی هەتاوی دوای ساڵانێک خزمەت لە ریزەکانی حدک دا بە هۆی بە ساڵاچوویی و وێرای منداڵەکانی ڕوو لە هەندەران دەکا و لە وڵاتی نۆروێژ درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆی دەدا، لە هەموو ئەو ساڵانەدا وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب لە خزمەت حیزب و کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و نۆروێژ دابووە و خزمەتێکی دیار و بەرچاوی بە گشت لایەک کردووە.

حاجی حوسێن تا دوایین هەناسەکانی ژیانی هەروا چاوەروانی گەرانەوەی بوو بۆ زێدی لە دایکبوونی خۆی و هیچ کات ئامادە نەبوو کە سەر بۆ دوژمن نەوی بکا و بە دڵەوە ژیانی تاراوگەیی و هەندەران هەڵبژارد بۆ ئەوەی تەسلیمی ویستی دوژمن نەبێ.

بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی حوسێن حەدداد لە ناخی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی و خزمان و دۆست و ئاشنایان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاورێ و هاوسەنگەرانی دەکەین و خۆمان بە خەمباری لە دەست دانی ئەو مرۆڤە گەورەیە دەزانین.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

لە لایەن بنەماڵەی حاجی حوسێن حەدداد و بەشێک لە هاورێ و دۆستانی نەمر حاجی حوسێن حەدداد

لەگەڵ ڕێز و حورمەرت

## نامەی پرسە و سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر حاجی حوسێن حەددادەوە




بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر حاجی حوسێن حەددادمان لە وڵاتی نۆروێژ پێگەیشت. کاک حاجی حوسێن حەدداد کەسایەتیەکی خۆشناو و سیاسی و تێکۆشەرێکی دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پاش ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی و ناسازی ئەمرۆ پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠ - ٩ - ٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٠ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری فرێدتیکستاد لە وڵاتی نۆروێژ کۆچی دوایی کرد.

حاجی حوسێن حەدداد لە ٥ - ٣ - ١٣١٧ هەتاوی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی گەورە و کوردپەروەر و ناسیاوی شاری سەردەشت لە دایک بوو. ژیانی منداڵی خۆی وەک منداڵانی ئەو سەردەم تێپەر کردووە، لە تەمەنی ٧ ساڵیدا نێردراوەتە قوتابخانە. هەر لەو سەردەمەش دا حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان دامەزراون و هاتووچۆی ئەندامانی بنەماڵەکەی و مالی خاڵەکانی (بنەماڵەی حەسەنپوور) بۆ شاری مەهاباد و هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری سەردەشت و هەروەها دیتنی چەکداری پێشمەرگە لەو تەمەنەدا، کاریگەری لە سەر هەست و دەروونی هەبووە و گەرای خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە و بۆ شۆڕش و بۆ کوردایەتی لە دڵی دا جێگیر بووە.

لە ساڵەکانی ٤٧ و ٤٦ ی هەتاوی پەیوەندی بە کادرەکانی ئەو کاتەی حدکەوەکردوە و متمانەی بەرپرسان وکادرەکانی بەدەست هێناوە و لە ڕێکخستنە نەهێنیەکانی ئەو کات دا سازمان دراوە. حاجی حوسێن لە جوڵانەوە چەکداریەکەی ساڵانی ٤٧ و ٤٦ ی هەتاوی دا بە ڕادەیەکی بەرچاو هاوکاری کادرەکانی وەکوو شەهید مەلا ئاوارە و موعینییەکان و کەسە

دیارەکانی دیکەی ئەو کاتی کردوە. کاتێک جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ و ٤٦ی هەتاوی سەرکوت کراوە، حاجی حوسێن نائومێد نەبوە و هەروا لەگەڵ ئەو بەشە لە کادرەکانی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان لە پەیوەندی دا بوە و بە نەهێنی ئەرکی حیزبی بەڕێوە بردوە.

کاک حاجی حوسێن لە دوای شۆڕشی گەلانی ئیران و لە خەباتی ئاشکرای حیزب دا ٢١ ساڵ لە تەمەنی خۆی چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە شان دابووە و لە سەریەک نزیک بە شەش دەیە وەک ئەندامی هەڵسوور و چالاکی حیزب خزمەتی بە گەل و نیشتمان کردووە. ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی دوای ساڵانێک خزمەت لە ریزەکانی حدک دا بە هۆی بە ساڵاچوویی، وێرای منداڵەکانی ڕوو ی لە هەندەران کردوە و لە وڵاتی نۆرویژگیرساوەتەوە. لە هەموو ئەو ساڵانەش دا وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب لە خزمەت حیزب دابووە و ئەرکی حیزبی خۆی بە شێوەیەکی باش بەڕێوە بردوە.

حاجی حوسێن تا دوایین هەناسەکانی ژیانی هەروا چاوەروانی گەرانەوەی بوو بۆ زێدی لە دایکبوونی خۆی و هیچ کات ئامادە نەبوو کە سەر بۆ دوژمن نەوی بکا و بە دڵەوە ژیانی تاراوگەیی و هەندەرانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی تەسلیمی ویستی دوژمن نەبێ.


بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی حوسێن حەددادەوە لە ناخی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی و خزمان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاورێ و هاوسەنگەرانی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمی لە دەست دانی ئەو مرۆڤە گەورەیە دەزانین.

**ڕووحی شاد و ڕێگای پڕ بێ لە ڕێبوار.**

**لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

# کتێبخانەکەی مامە حاجیم



**شاهۆ حەسەن پوور**

کۆمەڵێک بڵاو کراوەی سەرەتای شۆڕش کە پێشتر زۆریانم نەمدیبوون، رۆژنامەی کوردستان، سەرماوەز و تێکۆشەر، گۆڤار و بڵاوکراوەکانی سروە، کاروان و کۆمەڵێکی زۆر لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک و نوێ ئەو دیارییە بوون پێش بەجێ هێشتنی کۆیە بەرەو هەندەران هێناتن بۆ کتێبخانەی گشتی. ئەو کتێب و رۆژنامانە دەست بە دەست دەگەڕان و دەبوونە هاودەمی عاشقانی خوێندنەوە و شەوانی بێدەنگی و تەنیایان دەشکاند. بە روانینێکی خێرا بەم کتێبخانەیەدا ئینسان دەیزانی خولیای چ جۆرە خوێندەوەیەکی. شێعرەکانی نالی و مەحوی، مەلای جەزیری، قانع، زیوەر، هێمن، حافز و سەعدی و زۆری دیکە، ناوئاخنی کتێبخانەکەت بوون، هاورێی ئاوارەییەکان و ماڵ بەکۆڵی بوون. دەزانم چەند جار ناچار ببون ماڵتان هەروا لە شەڕەکانی ئەو ساڵانەدا بەجێ بێڵن بەڵام هەموو جارێ سەر لە نوێ ئەم کتێبانەت پەیدا کردبوونەوە، ئاخر ژیان بێ وان لار بوو. لەوانەیە ئاگادار نەبووبی ئەو ماوەیە کتێبخانەکەت و دەیان کتێبی دیکە لە بڵێسەی ئاور دا سوتتان و کەوتنە ژێر بەرد و بلووکی داررووخاوی بۆمباران. وشەکان پەرش و بڵاو بوونەوە، لاپەڕەکان دڕان. دوێنێش ئەتۆ رۆیشتی و کۆچی یەکجاریت کرد. ئەوەی کە لێی دڵنیانم ئەوەیە لاپەر دڕاوەکان، وشە هەڵڕژاوەکان کۆدەبنەوە و جارێکی دیکە یەکدەگرنەوە و دەبنەوە بە نووسین، دەبنەوە بە پەیام، پەیامی ئاشتیخوازی جاڕ دەدەن، ئاخر مەحبووبەکەی نالی تازە بۆتە میراتی کلتووری و مردنی بۆ نیە. رووحت شاد مامە حاجی. دوێنێ حاجی حوسێن حەداد لە وڵاتی نۆروێژ دوای ماوەیەک کەوتن لە سەر تەختی نەخۆشخانە لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێ کردین.

# چەند بیرەوەرێک لە کامران حەدداد کوڕی بچوکی هاوری حاجی حوسین حەدداد




**کامران حەدداد**

بابم (حاجی حوسێن حەدداد) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و دەسترۆیشتووی شاری سەردەشت دا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە دەستی بە کاری تاقەت پرووکێنی ئاسنگەری کردووە. دیارە بابم ئەلاقەیەکی زۆری بە خوێندن هەبووە و تا کلاسی شەشەمی ئەو کاتی خوێندووە و لە خوێندن و قوتابخانە دا زۆر زیرەک بووە هەموو ساڵێ بە قوتابیی نموونە پلەکانی ١ تا ٦ی بڕیوە بەڵام بە داخەوە لەبەر کاری ئاسنگەری و کارکردن بۆ بژێوی ژیان وەک زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەمە مەجبوور کراوە کە واز لە قوتابخانە و خوێندن بهێنێ. دیارە ئەوەی کە باسی زیرەکی بابم لە قوتابخانە دەکەم هیچ زێدەڕەوی تێدا نیە و ئەو لەکاتی خوێندندا یەکێک لە باشترین و زیرەکترین قوتابییەکانی شاری سەردەشت بووە.

**مامە لەتیفم کە دەبێتە برا چووکەی بابم، داستانێک لەسەر زیرەکی بابم دەگێڕتەوە و دەڵێ:**

کاتێک کە لە سەربازی بووم سەرگوربانێکی عەجەم کە زانی حەددادم و خەڵکی سەردەشتم لێی پرسیم تۆ چی حوسێن حەددادی؟

مامە لەتیف وەڵام دەداتەوە کە براچووکەی حوسێن حەددادە. سەرگوربان دەپرسێ حوسێن ئێستا چ کارەیە. مامم وەڵام دەداتەوە ئەو ئێستا خەریکی ئاسنگەرییە. کابرای سەرگوربان بەسەری خۆی دا دەدا و دڵێ چۆن شتی وا دەبێ. من وام دانابوو



سەرچاوە
Serchawe

کە حوسێن ئێستا دوکتورێک، موهەندیسێک، شتێکی لەوبابەتە بێت. مامم پرسیاری لێ دەکا کە بۆ پێی وابوو. سەرگوربان دەڵێ کاکە کاتێک کە منداڵ بووم ماڵمان لە سەردەشت بوو چوونکە بابم لە ئەرتەشدا کاری دەکرد. لە قوتابخانەش هاوکلاسی حوسێن حەدداد بووم کە زۆر زیرەک بوو و هەمیشە ئەو دەرسەکانی بۆ ئێمە شەرح دەکردەوە. جا بۆیە پێم وابوو کە ئێستا ئەو دەبێ یا دوکتور یا موهەندیس بێ، بەراستی حەیفە کە وازی لە خوێندن هێناوە. مامیشم دەڵێ وازیان پێ هێنا ئەگینا بەدڵخوازی خۆی وازی نەهێنا.

دواتریش کە بابم دەبێتە ئاسنگەر لە دوکانی باوکی، بە شاهیدی هەموو خەڵکی ناوچەی سەردەشت وێڕای براکانی دیکەی بوو بە یەکیک لە باشترین ئاسنگەرەکانی شار و ناوچەکە. دواترکە مامە کەریمم واتە برا گەورەی بابم بە هۆی حیزبایەتییەوە ئاوارەی دیوی گەرمێن دەبێ هەر لەو سەردەمەدا بابیشم بە نەهێنی دەبێتە ئەندامی حیزبی دیموکرات سەرەڕای کاری تاقەت پرووکێنی ئاسنگەری بە رۆژ، شەوانەش دەست دەکات بە کاری کۆڵبەریی و وێڕای خاڵی (عەلی حەسەنپوور) دەبنە پەیوەندیی ئەندامانی حیزب لە گەرمێن و نێوخۆی وڵات. واتە بەکاری کۆڵبەری بە بەردێک دوو کێل دەشکێنن هەم بۆ بژێوی ژیان و لە هەمان کات دا ئەرکە حیزبییەکانیشیان بەجێ دەگەینن.

دوای شۆرشی گەلانی ئێران و لە کاتی شەری سێ مانگەدا لە گەڵ خاڵی (حاجی حەمەدەمین حەسەنپوور) کەوتنە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوە لەو کاتە دا بوو کە ئاخوند خەلخاڵی بەسەر شارەکانی کوردستان دا دەگەرا و زۆر مرۆڤی بێگوناحی کوردی بە بێ مەحاکەمە بە تاوانی کورد بوون لە دار دەدا. بەڵام بەخۆشیەوە هەر لەو کاتەدا خەڵکی قارەمان و کوردپەروەری شاری سەردشت دەستیان بە مانگرتن کرد و بە نیشانەی نارەزایەتی دوکانەکانیان داخست و رێژیم وادار کرا کە ئەو چەند زیندانیانە ئازاد بکات.

دواتر کە پێشمەرگە لە شارەکان پاشەکشەی پێکرا بابیشم شاری بەرەو شاخ بەجێهێشت و بە تەواو وەخت دەستی کرد بە کاری حیزبی و پێشمەرگایەتی ویەکەم بەپرسایەتیی کە وەئەستۆی گرت، بوو بە بەرپرسی هەموو گومرگەکانی ناوچەی سەردەشت.

**بابم جگە لەوەی ئینسانێکی زەحمەتکێش بوو شۆرشگێرێکی بە ئەمەگ و خۆڕاگر و سادقیش بوو.**

**بۆ ئێمەش هەمیشە نموونەی سەداقەت و راستگۆیی بووە و ئێمەی بۆ کاری باش و رەوشتی بەرز هانداوە.**

لەناو کۆمەڵ دا ئینسانێک بووە کە هەمیشە کۆمەگی هەژار و لێقەوماوانی کردووە. تەنانەت لە تاراوگە کە بە مەعاشی بەساڵداچوواندا ژیاوە، دریغی لە ئەرکە ئینسانیەکان نەکردووە و یارمەتیی هەژاران و کەم دەرئامەدانی هەر کردووە.

یەکێک لە سفەتە باشەکانی دیکەی بابم ئەوە بوو کە دژی گەندەڵی و گەندەڵکاری بووە چ لە گۆمەڵگا دا و چ لە ناو حیزب دا. ئەو ماوەیەش کە لە حیزب دا کاری کردووە، کەسانی گەندەڵکاری لەقاو داوە و بە گژیاندا چۆتەوە. لە حیزبایەتی دا ئەندامێکی دڵسۆز بوو. بەڵام حیزب بۆ ئەو وەسیلە بوو نەک ئامانج. ئامانجی هەرە بەرزی ئەو ئازادیی و مافی یەکسانی و سەربەخۆیی کوردستان بوو کە بەداخەوە ئەو ئاواتانەی لە تاراوگەدا لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵ.

شتێکی دیکە کە پێم خۆشە باسی بکەم، هەروەک دەزانن بابم باوەڕمەند بە ئایینی ئیسلام بوو و حەجیشی کردبوو. بەڵام لە گەڵ ئەوەی ئیمانێکی قووڵی بە ئایینی ئیسلام هەبوو، موسوڵمانێکی ویشک و توندرەو نەبوو. بڕوای بە مافی یەکسان لە نێوان ژن و پیاو دا هەبوو و قەت فەرق و جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچەکانی دا نەکردووە و هەموومانی وەک یەک سەیر کردووە و ناردوویەنیە قوتابخانە. تەنانەت بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام داوای کردووە کە هەر شتێک کە لە دوای ئەو بەجێ دەمێنێ دەبێ بە یەکسانیی لە نێوان کوڕ و کچەکانی دا دابەش بکرێت.

بابم بە کردەوە نموونەی ئینسانێکی دێمۆکڕات بوو، زۆر جار من بۆخۆم مناقەشەم لەسەر ئایینی ئیسلام لەگەڵ کردووە،

لەگەڵ ئەوەی ئەو باوەڕێکی قووڵی بە ئایینەکەی هەبوو، منیش ئایینەکەیم دەخستە ژێر پرسیار، بەڵام هیچ کات لە سەر ئەوە لە من زیز و تۆرە نەبووە سەرەڕای ئەوەی کە زۆری پێ ناخۆش بوو.
ئەگەر بچینە سەر کاری ئەدەبیش دەبێ بڵێم بابم لەو بوارەش دا کەمی نەهێناوە. ئینسانێک بووە کە هەمیشە ئەلاقەی زۆری بە خوێندنەوە هەبووە. لە بواری نووسینیش دا وەدوا نەکەوتووە و دوو کتێبی نووسیووە و چاپیشی کردوون. خاوەنی زۆر شێعری جوان و پڕ نێوەرۆکیشە، کە بە هیواین لە داهاتوو دا دیوانە شێعرەکەی چاپ و بڵاو بکەینەوە.

لە کۆتایی دا دەبێ بڵێم حاجی حوسێن خاوەنی زۆر ڕەوشتی جوان و بەرزی ئینسانیی بوو و بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆی بۆ خەباتی کوردایەتی و سەربەخۆیی نیشتمانەکی تەرخان کرد و ئاواتی هەرە بەرزی ئەو مرۆڤە کۆتایی هاتن بە بەندەیی و یەخسیریی تاکی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بوو.

**ڕووحی حاجی حوسین شاد کە مایەی شانازیە بۆ ئێمە و بە هیوای وەدیهاتنی ئاواتەکانی.**

## بیرەوەری لە گەڵ بابم:




### ١

من هەر لە تەمەنی منداڵییەوە زۆر ئۆگری بابم بووم و بۆ هەر سەفەرێک چووبا خۆم لەگەڵ دەخست و ئەویش قەت بێ دڵی نەدەکردم و لەگەڵ خۆی دەیبردم. جا بۆیە بیرەوەریم لەگەڵ بابم زۆرە. بەهۆی خەبات و تێکۆشانی بنەماڵەی ئێمە لە شۆرش دا، هەموو بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی من لە گەڵ بابم پێوەندەییان بە ژیانی نێو شۆرشەوە هەیە. دوو بیرەوەریی زۆر تاڵ و لە هەمان کاتیش دا شیرینی من لە گەڵ بابم دەگەڕیتەوە بۆ شەڕی سێ مانگە و ساڵی ١٩٩١ی زایینی. هەر وەک باسم کرد لە کاتی شەڕی سێ مانگە دا بابم و خاڵە حاجی حەمەدەمین لە لایان ڕژیمەوە دەستبەسەر کرابوون.ئەوە لەکاتێکدا بوو کە ئاخوند خاڵخالی جەلاد، دوای فتوای جیهادی خومەینی بە دژی گەلی کورد، بە کوردستان دا دەگەڕا و خەڵکی کوردی بە بێ لێپرسینەوە و دادگایی لە سێدارە دەدا. ئەو کاتیش لەسەردەشت دەنگۆی ئەوە هەبوو کە بابم و خاڵە حاجی بۆیە گیراوان کە خاڵخاڵی دیت و بۆ چاو ترساندی خەڵک ئەوان لەسێدارە دەدرێن. ئێمەش هەموو بە تێکڕا ئاراممان لێ هەڵگیرا بوولە دڵەخورپە دابووین و هەر چرکەیەک چاوەڕیی خەبەری لەسێدارەدانی بابم و خاڵە حاجی مان دەکرد. چەند شەوێک بەسەر گیرانی وان دا تێپەڕیبوو و ئیمەش شەوانە خەومان لێهەڵگێرابوو. لە پڕ لە نیوەشەو دا، دوای سەعات دوازدەی شەو دەنگی دەروازەی ماڵمان بەرز بۆوە و هەموومان لە جێگای خۆمان سڵ بووین و نەماندەوێرا دەرگا بکەینە، لە ترسی ئەوەی کە خەبەری ئێعدامی بابم و خاڵە حاجیمان بۆ دێت. ترس و دڵەراوکە رووح و جەستەی هەمووومانی داگرتبوو و لەجێگای خۆمان قفڵمان کردبوو و دەنگی لێدانی دەرگاش هەر دەهات و بەرزتر دەبۆوە. بەهەرحاڵ مەجبوور بووین کە بچێن و دەرگای ماڵ بکەینەوە. من کە لە خۆشک براکانی دیکەم چووکتر بووم نەچووبوومە دەر و لە ژووریَ بێ ئۆقرە و بە ترس و لەرزەوە چاوەڕوانی خەبەرە ناخۆشەکەم دەکرد کە لە پڕرا دەنگی گریان و پێکەنن تێکەڵ

بەیەک بوون هاوار بڵێند بوو کە بابم هاتەوە. منیش خێرا هەڵاتم و باوەشم بە بابم داگرت وتێر تێر ماچم کرد و دەستم کرد بە گریان. ئەوە یەکێک لە خۆشترین ئامێزەکان بوو کە بە بابم داگرتووە.

ئەو چرەکەیە خۆشترین بیرەوریی من و تێکڕای بنەماڵەی ئێمە بوو لەوکاتەدا. تۆ بیهێنە بەر چاوی خۆت منداڵێکی ۹ ساڵان بیت و چاوەڕێی لە سێدارەدان و تەرمی باوکت بکەیت بەڵام بۆخۆی بە ساغی بێتەوە لات.

**٢**

بیرەوەریە تاڵەکان و لە هەمان کاتدا شیرین لێرە کۆتایی پێ نایەت و ئەو سێناریۆیانە بەشێوەی دیکە لە ویستگەکانی دیکەی ژیانی پێشمەرگایەتیمان لە شاخ دووبارە و چەند بارە بوونەوە وچەند جارێک لە تۆپ و بۆمبارانەوە دا لە مەرگ رزگارمان بووە.

ساڵی ١٩٩١ی زایینی ئەو کات کە لە بناری قەندیل بووین جارێکی دیکە ئەو سیناریۆیە بە جۆرێکی دیکە دووبارە بۆوە.

سەرلەبەیانییەک کە لە ئینەزێ را بەرەو بۆڵێ (بنکەکانی دەفتەری سیاسی حیزب) لە بناری قەندیل لە مینیبووسێک دا دابووین. لەو مینیبووسە دا من و بابم و ٢١ هاورێی دیکەی حیزبیشی تێدا بوو کە بەرەوشوێنی کاربەڕێوە بووین. لە نیوەی رێگا دا لە پڕڕا سەرم هەڵێنا و چاوم بە ماشێنێکی شۆفلێتی پشت بەتاڵ کەوت کە لە قەراخی جادەکە لەسەر جەک بوو و تگەرێکی دەرهاتبوو بە نیشانەی پەنچەر بوون. زۆری نەخایاند کە مینیبووسەکەی ئێمە گەیشە راست شۆفلیتەکە و دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز گوێچکی پڕ کردین و ئاگرێکی بەهێز دەورەی گرتین وەک ئەوی بکەویە ناو تەندورێکی پڕ لە ئاوری تازە داگیرساوە. هەستم کرد کە شتێک بە چاوم کەوت. کە خۆمانم لە ناو ئەو هەموو ئاگرەدا دیت، یەکەم شت کە بە خەیاڵم دا هات ئەوە بوو کە بە خۆمم گووت تازە هەموومان تەواو بووین. چەند چرکەیەکی نەخایاند کە مینیبووسەکە راوەستا، من لە پشتەوە یەک ریز پێش کورسییەکانی ئاخر لە لای پەنجەرەی دەستی چەپ دانیشتبووم. کە سەرم هەڵێنا دیتم کە لە لای پێشەوەی مینیبووسەکە ئاور هەڵدەستێت. کە زانیم زیندووم، دووهەم شت کە بە خەیاڵم دا هات ئەوە بوو کە ئێستا ماشێنەکە ئاور دەگرێ و باکی بێنزینەکەی دەتەقێتەوە وەک ئەوەی لە فیلمە سینەماییەکاندا دەیبینی. بۆیە هەردەست بەجێ هەستامە سەر پێ بە پەنجەرەی تەنیشتم دا خۆم لە مینیبووسەکە ڕا هەڵدا خوار و بە توونەدی هەڵاتم و لە مینیبووسەکە دوور کەوتمەوە کەسەرم هەڵێنا چاوم بە گەڵای دارەکانی دەوروبەر کەوت کە هێدی هێدی دەکەوتنە سەرئەرز وەک ئەوەی بڵێی گەڵاکانیش خەمباری ئەو کارەساتە بن. ماشێنێکی لاندکرۆزەری خۆمان کە تەنیا چەند

چرکەیەک بەر لە تەقینەوەکە سبقەتی لە مینیبووسەکەی ئێمە گرتبوو رایگرتوو ئەو هاوڕێیانەی لەوێدا بوون بە هانی بریندارەکانی نێو مینیبووسەکە هاتن و زۆری نەخایاند کە دانیشتوانی گووندی سلێش بە هانامانەوە هاتن.

دیارە هەر لەدوای ئەوەی هاوڕێیانی نێو لاندکرۆزێرەکە دابەزین و من ٥٠ میترێک لە مینی بووسەکە دوور ببوومەو، چاوم بە چەکدارێک کەوت کە لە بەرزایی دەستی چەپمان ڕا هاتە خوار و لە منی پرسی کە ئەوە چ روویدا. دواتر دەرکەوت کە ئەو چەکدارە هەمان ئەو بەکرێگیراەوی دانیشتووی گوندی خۆبیان بوو کە بۆمبەکەی بە کۆنترۆلی بێسیم لە دوور را تەقاندبۆوە. هاوڕێیانی حیزبی و دانیشووانی گوندی سلێ خێرا دەستیان کرد بە نەجاتدانی بریندارەکەنی نێو مینیبووسەکە و خێرا خێرا برێندارەکان لە شوێنی رووداوەکە دوور دەخرانەوە چوونکە ئاوری نێو مینیبووسەکە هەر دەهاتوو تەشەنەی دەکرد. منیش هێشتا لەو حاڵەتە شۆکە نەهاتبوومە دەرو ئازارێکی زۆر چاوی چەپمی داگرتبوو و خوێنێشی لێ دەچۆڕاوە بەڵام خوێنرێژییەکە زۆر بە تەوژم نەبوو، ئازارێکی زۆریش هەموو جەستەی داگرتبووم، وەک ئەوەی هەموو جەستەم کووترابێ. لەپڕ را وەخۆم هاتمەوە و بیرم کەوتەوە کە بابیشم لە ناو مینیبووسەکە دا بوو بەڵام دیار نەبوو. هەر بریندارم دەدیت کە لە مینیبووسەکە دور دەخرانەوە، بەڵام بابم دیار نەبوو. ئەوجار چی دیکە هەستم بە ئازاری چاوم و جەستەم نەدەکرد بەڵکۆ ئازارێکی زۆر دڵ و دەروونی داگرتم، چوونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لە مینیبووسەکە دابوون بە بەرچاومدا داتێپەر بوون و لە شوێنی رووداوەکە دور خرابوونەوە. کە بابمم وەبەرچاو نەدەهات دڵم هێندەی دیکە تەنگ بوو و وامزانی کەبابم لە نێو مینیبووسەکە دا ماوەتەوە. هەربۆیە زوو هانگاوم بۆ لای مینیبووسەکە هەڵێنا و لە ئاپۆرای حەشیمەتی دەوەوبەری رووداوەکە نزیک بوومەوە و کەسێکم دی کە هەموو سەر و چاوی لە خوێن دا شەڵال ببوو، لە هاوڕێیانی دیکەی دەپرسی ئەرێ کامرانتان نەدیوە، یەکێک لە هاوڕێیان بە بابمی گووت لەوانەیە بەرێکرابێ بۆ نەخۆشخانە، ئەگەر واش نەبێ بە داخەوە تازە ناتوانین لە بەر ئاگری زۆر لە مینیبووسەکە نزیک بینەوە. منیش کە گوێم لە دەنگی بابم بوو بە دەنگەکەی را ناسیمەوە و هاوارم کرد، ئەمن لێرەم بابە گیان و بە لەشی خوێناوەییەو باوەشمان لەیەک دا و خێرا لە مینیبووسە ئاگراوییەکە دوور خراینەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراین. دیارە لەوە کاتە دا ئێمە نەمانزانیبوو کە بە داخەوە سێ هاوسەنگەرمان (مامۆستا مەلا رەسووڵ، کاک حەسۆ و کاک جەلیل) لە ناو مینیبووسەکەدا ماونەوە و شەهید بوون. باقی هاوڕێیانیش بە شێوەی جۆراوجۆر بریندار ببوون.

ئەم بابەتە لەسەر داوای من نووسراوە.

**تێبینی ئامادە کار:**

***** **هاوڕێ بەڕێز حاجی حوسێن حەدداد کەسایەتی خۆشناو و سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیە بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی و ناسازی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویی بەرامبەر ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کرد.**

**– حاجی حوسێن حەدداد: لە گەڵ خاتوو خورشید کەریم بەهرام هاوسەرگیری کردوە و بەرهەمی ژیانیان ٦ منداڵە.**

**سێ کچ بە ناوەکانی: خاتوو چیمەن، گوڵاڵە و لەیلا(شەپۆل) حەدداد نیشتەجی وڵاتی نۆرویژن.**

**سێ کوڕ بە ناوەکان: کاک مەنسوور، لە نۆرویژ دەژێ. کاک کاوە و کامران حەدداد لەگەڵ ماڵ و منداڵەکان لە وڵاتی سوئید دەژین.**

**– خاتوو خورشید هاوژینی نەمر حاجی حوسێن هەموو تەمەنی ژیانی شان بەشان و لە خۆشی ناخۆشی یار و یارمەتیدەری هاوژینەکەی بوو، و هەرچی لە توانا و لەدەستی هات باری گرانی خەبات بەرخۆدانی سەرشانی هاوژینەکەی کەم کردەوە. جیگای شانازی و سپاس و پێزانیننە، هیواداریین هەر ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت.**

***** **ئەم بنەماڵەیەش هەموویان چ وەک پێشمەرگە و کادر و مامۆستا لە بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب دا بەرپرسانە ئەرکی نیشتمانی و حیزبی خۆیان بە جوانی و ڕووسوورانە بەجێ گەیاند و ئەوەی لە دەستیان هات بۆ حیزب و گەلەکەیان دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کردیان و کەم تەرخەمیان نەکرد هەربۆیە جێی شانازی و سپاس و پێزانینن. هیواداریین هەر ساخ، تەمەن درێژو سەرکەوتوو بن.**

## شەهید نەسرین حەدداد: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە




**شەهید نەسرین حەدداد ناسراو بە مامۆستا نەسرین کچی کاک کەریم. ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی (١٩٦٠ز) لە بنەماڵەیەکی نیشتمانخۆشەویست و پێشمەرگەپەروەری شاری سەردەشت چاوی بۆ ژیان کردەوە. بە نازی دایک و بابی تەمەنی هەڵکشا و گەشەی کرد و خڕەکە بوو. بە پێچەوانەی نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا، بواری خوێندنی بۆ ڕەخسا و، لە یەکێک لە خوێندنگەکانی ئەو شارەدا لەگەڵ دنیای فێربوونی زانست ئاشنا بوو. وەک قوتابییەکی ژیر و بە بیر دەرسی خوێند و، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیشی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە گەیاندنە کۆتایی.**

**کاک کەریم حەدداد باوکی نەسرین کە ساڵانێکی دوور و درێژ لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەرکی خزمەت بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەی وە ئەستۆ گرت و، لە ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی تێکۆشەرانی دێموکراتدا یەکێک لەو کادر و فەرماندانە بوو کە دوڕگەی ئارامی حەمەڕەزاشای شڵەقاند و، لە بڕینی پلە تەشکیلاتییەکاندا گەیشتە ئەندامی ڕێبەرایەتی، سەلمێنەری ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەو بنەماڵە کورد پەروەرەیە.**

**نەسرین کە لە قوتابخانەی پێشکەوتنخوازانەی ئەو بنەماڵەدا تێگەیشت و پێگەیشت و باوخۆش بوو، زۆر زوو گەرای بیری ئازادیخوازی لە ناخیدا وە گروگاڵ کەوت و، لە مانگرتن و ڕێپێوانی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتیدا تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕازییان بوو. وەک کیژێکی دڵ پڕ لە ئاوات کە هەستی بە چەوسانەوەی ڕەگەزی و نەتەوایەتی کردبوو، لە هاندانی دەستەخوشکانی و قوتابیە هاوپۆلەکانی بە دژی ئەو ڕێژیمە بێزراوە نەخشی سەرەکی و بەرچاوی وە**

ئەستۆ گرت.

بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش هەڵوێستی لێ بڕاوانەی گرت و، لە ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتدا تێکۆشانی دەست پێ کرد. ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی) کە بنەماڵەکەی بە گشتی لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتدا بوون، دوای وەدەست هێنانی بڕوانامەی دیپلۆمەکەی، تەواو وەخت و بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو. بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی پۆشی و ئامادەیی خۆی بۆ وە ئەستۆ گرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی بۆی دیاری کرابایە دەربڕی. خاتو نەسرین کە ئۆگرییەکی لە ڕادەبەدەری بە زانست و پێشکەوتن هەبوو، لە کۆڕی پەروەردەی حیزبدا ئەرکی مامۆستای شۆڕشی وە ئەستۆ گرت. بوو بە هاوڕێی دڵسۆزی منداڵە چاوگەش و لە خۆشی بێبەشەکانی گەلەکەی و، بۆ پێگەیاندنیان لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەر گرت و، نازناوی مامۆستا نەسرینی بۆ دیاری کرا. دواتر هەر لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیدا بە ئەندامی کۆڕی پەروەردە دیاری کرا و، لەو پۆستەشدا وەک کادرێکی لێزان و تێگەیشتوو درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی دا. بە ماوەیەکی دوور و درێژ لەو پۆستەیدا مایەوە و ئەوەی لە دەستی هات ئەنجامی دا. ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٦ی زایینی) لەگەڵ کادری لە مێژینە و پێگەیشتووی حیزب کاک محەممەدی حەسەنپوور کە بە داخەوە ئەویش لە مووشەکبارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا دەستی تاوان لە گەلی کوردی ستاند، ژیانی هاوسەریی پێک هێنا و، بەرهەمی ئەو ژیانە سەربەرزانەیە کیژ و لاوێک بە ناوەکانی ژیلوان و ژیوارە کە ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە بە پەنابەری دەژین.

مامۆستا نەسرین کە لە سەرەتای دەست بە کاربوونەوەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتدا تێکۆشانی بەردەوامی لەو ڕێکخراوەیە دا هەبوو،

لە سێیەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەیاندا کە لە ڕێکەوتی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٠ی هەتاوی (٤ی ئووتی ٢٠١١ی زایینی لە شاری کۆیە، لە باشووری کوردستان پێکهات دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە سکرتێری گشتیی هەڵبژێرا.
بەو پەڕی لێهاتووییەوە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی و، بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی تەشکیلاتەکەی لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت و، ماندوویی نەناسانە تێکۆشا. مامۆستا نەسرین ئەو کادرە توانا و باوەڕ بە خۆبووە بوو کە بۆ ئەنجام دانی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی لە لایەن حیزبەکەیەوە بۆی دیاری کرابایە ئامادە و دەست لە سەر سنگ بوو. یەکێک لەو ئەرکە قورسانە وە ئەستۆ گرتنی بەرپرسی بونیادی ڕێکخراوە دێموکڕاتییەکانی حیزب بوو، لە ماوەی ئەو بەرپرسایەتییەی دا بۆ گەیاندنی دەنگی مەزڵوومانەی نەتەوە سەرکوتکراوەکەی بە دنیای مرۆڤایەتی و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ بەو پەڕی توانایەوە هەوڵی داو لە تێکۆشان ماندوو نەبوو.

مامۆستا نەسرین ساڵی ١٣٨٠ی (٢٠٠١ی زایینی) دوای کۆنگرەی ١٢ی حیزب لەگەڵ کاک محەممەدی هاوسەری بۆ بنکەی پێوەندییەکانی دەرەوە لە شاری بەغدایە نەقڵ کرا و، بەو پەڕی دڵگەرمییەوە لە خزمەت بەڕێوەبردنی ئەرکی پێسپێراویدا بوو. ساڵی ١٣٨٦ بۆ کۆمیسیۆنی ماڵی نەقڵ کرا و، بە هۆی زیرەکی و سەردەرچوویی لە بەشی حیسابداریدا ئەرکی بۆ دیاری کرا. بەو پەڕی وردبینی و لێزانییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوی دا و سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا وەدەست هێنا.

مامۆستا نەسرین بە هۆی ڕابردووی تێکۆشانی سەربەرزانە و بێ وچانی و، ئەو کەسایەتییە بەرزەی لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا وەدەستی هێنا بوو.

لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبدا کە لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٨٠ی هەتاوی (٢٣ی مای ٢٠١١ی زایینی) لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا. دیارە لەو گۆڕەپانەشدا بە کردەوە سەلماندی کە هاوڕێیانی لەو هەڵبژاردنەدا بە هەڵە نەچوون و کاریان بە کارزان سپاردوە. دواتر بۆ کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی نەقڵ کرا و، بە هۆی ئەوە کە شارەزایی باشی لە بەشی ئیداریدا هەبوو، بەرپرسایەتیی بەشی ئیداری ئەو کۆمیسیۆنەی پێسپێرا و، بۆ ڕێکخستنی کارە ئیدارییەکانی ئەو کۆمیسیۆنە لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت.

مامۆستا نەسرین لە کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی (٦ی فێبریوێری ٢٠١٦ی زایینی) لە شاری کویە بەڕێوە چوو بۆ جاری دووهەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

دوایین بەرپرسایەتیی مامۆستا نەسرین کە هەر لە پلەی ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیدا بوو لە کۆمیسیۆنی ئامووزش بوو. لەو کۆمیسیۆنەشدا ماندوویی نەناسانە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوی دا و، بە هەموو وجوودیەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و نەتەوە مافخوازەکەیدا بوو.

مامۆستا نەسرین لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆیدا بۆ کەمترین ماوە لە ئەنجامدانی ئەرکی حیزبی کەمتەرخەمیی نەکرد و لە کارکردن ماندوو نەبوو. ئەو حیزبەکەی و گەلەکەی تا ڕادەی پەرەستن خۆش دەویستن. پێداگر لە سەر ئەنجامدانی ئەرک و بڕیارەکانی حیزب و، لایەنگری تەبایی و یەکریزی و یەکدەنگی لە نێو کۆڕی هاوڕێیانیدا بوو. مەزنترین ئاواتی سەرکەوتنی حیزبەکەی و بە ئاوات گەیشتنی گەلەکەی بوو. بەڵام بە داخەوە ئەویش وەک هەزاران شەهیدی گەلەکەمان بە ئاوات نەگەیشت و، لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی (٨ی

**سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی) گیانی فیدای ئامانجی کرد.**

**رووحی شاد و رێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ رێبوار بێت.**

**تێبینی ئامادە کار:**

**٭ هاوڕێ نەسرین حەدداد: لە گەڵ هاوڕێ محەمەد حەسەن پوور هاوسەرگیری کردوە و بەرهەمی ژیانیانی هاوبەشیان ٢ منداڵە؛ کچێک بەناوی خاتوو ژیوار و کوڕێک: بە ناوی بەرێز ژیلوان، هەر دووکیان خەریکی خوێندنن لە وڵاتی نۆرویژ.**

**بەداخەوە ئەو دوو خۆشەویستە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی. دا گیانیان فیدای گەل و نیشتمانەکەیان کرد.**

## چ بنووسم، لە سەر کێ بنووسم؟ چۆن و بۆچی بنووسم!



**ژیوار حەسەن پوور**

چ بنووسم، لە سەر کێ بنووسم؟ چۆن و بۆچی بنووسم! ئاخر من تا ئێستاش بڕوا بەو کۆچە ناوادەیە ناکەم! هەرچی تێیدەفکرم زیاتر لە خەونێک دەچێ، لە یاری سەردەمی منداڵیمان کە دایکم و بابم خۆیان دەشاردەوە......

من هەر دەڵێم یارییە، خەونە، شتێکە وەک ئەوەی ڕاست نیە و ئەوان دێنەوە و من وەخەبەر دێم و جارێکیتریش بە تام و تاسەی حەوت ساڵەوە سەر بە سینگی بابمەوە دەنێم و بە دەم هەڵمژینی بۆنی سینگیەوە ماچێکی لاشانی دەکەم و ئاسوودە و ئەرخەیان وەک پشت و پەنا، سەری وێدەکەمەوە! ئەمن هەر دەڵێم بەیانییەک نەسەی دایکم تەلەفوونم بۆ دەکا و دەڵێ: "دایکەکەم چۆنی، ئەوشۆ خەونم پێوە دیوی، نیگەرانت بووم"! هەستێک پێم دەڵێ من دەچمەوە کۆیە و دایکم دەرگام لێ دەکاتەوە و منیش شەکەت وماندوو بە حەسرەتێکی چەندین ساڵەوە خۆی لە ئامێزێ داوێم...

هەموو شتێک باوەڕ دەکەم هەر مردن و نەمان و نەدیتنەوە و نەهاتنەوە نا....ئاخر چۆن دەتوانن ئاوا بە بێدەنگی، بێ خەبەر و بێ ماڵئاوایی بڕۆن! بۆ مەگەر نازانن من و کاکم چەندە هۆگریان بووین! ئەوان ژین و ژیانی ئێمە بوون و تاقە پشت و پەنا و ڕووناکی ئەو دنیا پان و بەرینەمان بوون! نا، ئەوان دەزانن ئێمە چەندەمان خۆشدەوێن، بۆیە دڵنیام کە ناڕۆن و جێمان ناهێڵن! تۆ بڵێی چ هەستێکیان بووبێت کە نەیانتوانی ماڵئاوایی لە جگەرگۆشەکانیان بکەن! نا، ڕەنگە سەفەرێکی کورت بێت و بێنەوە! ڕەنگە لە چیاکان بن و موبایلەکانیان کوژاندبنەوە، ڕەنگە ئەرکی حیزبیان پێ سپێردرابێت و

جارێ دەنگیان وێمان هەڵنەگات! ئەمن هەموو رۆژێک و رۆژێ چەندین جاریان زەنگ بۆ لێدەدەم، دڵنیام، دڵنیام رۆژێ وەڵامم دەدەنەوە و منیش پێیان دەڵێم کە ئێمە چەندەمان خەم بوون و چەندیان بۆ گریاوین و چەندەمان خۆشدەوێن، پێیان دەڵێم جارێکیتر بەرگەی رۆیشتنیان ناگرینەوە و پێیان دەڵێم کە ئیتر جێمان نەهێڵنەوە!

ئەوان دێنەوە، رەنگە ئێمە نەیانناسینەوە! رەنگە ببنە پەپوولە و کۆتر و هەموو رۆژێ بێنە ناو گوڵەکانی حەوشە و بێنە سەر سووانەیماڵی غەریبیمان و سەیرمان کەن و ئاگایان لێمان بێت! کێ دەزانێ! رەنگیشە بووبنە خوێن و لە شادەمارەکانی شۆڕش مردبن! من دڵنیام ئەوان ماون و ئێستاش لە سەنگەردان! رەنگە هەر ئێستا یەکیان لە هەڵگوورد، لە گیارەنگ و قەندیل و داڵاهۆ و یەکیان لە کانی مێو و گەورە دێ و دەشتی کۆیە بێ و خەریکی خەبات و تێکۆشان بن، رەنگیشە هەر ئەوان بن لە بیست و یەکی خەرمانانەدا مانیان گرتبێت و رەنگیشە ئەوانەی لێرە باوەشیان بۆمان دەکردەوە و گەرم گەرم بە خۆیانەوە دەکووشین، هەر ئەوان بووبن!

نازانم چۆن، بەڵام هەستێ دەڵێ: لە حەڤدەی خەرمانانەوە هەموو شۆڕشگێرە پیاوەکان لە بابم و هەموو ژنانی کوردستان لە دایکم دەچن و ئەوان کە ژیانێ پێشمەرگانە ژیان، بۆنیان لە سەر و رۆخساری چی پێشمەرگە و سەنگەری ئەم خاکەیە ئاڵاوە و من بە ئەوینی بۆنی ئەوانەوە بۆ هەمیشە دەبمە "سەنگەرڤانی" شۆڕشی نیشتیمان و قورس و قایمتر لە هەمیشە بزەی باوەڕەکانی حەسەنپووری باوکم و قەڵافەتی قاقای نەسرینی دایکم هەڵدەگرم و دەیانکەمە چەک و تێشووی رێگای سەرکەوتن و رۆژێ لە گەڵ دەنگی سروودی ئەی رەقیب دەیانکەمە بەنکێ مرووی سوور و لە گەردنی بەرزترین ئاڵای ئەم نیشتیمانەیان دەکەم و پێیان دەڵێم: مزگێنی بێ، هەستن، ئێوە گەیشتن و ئامانجتان وەدیهات و ئێوە سەرکەوتن....

### ئیتر لەوێوە دەزانم رەنگە برۆن و نەیانبینمەوە!

من تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی دایکم و باوکم، بڕوا بە هیچ کۆچێک ناکەم و دەزانم و دڵنیام ئەوان لە دڵی سەنگەر بە سەنگەری ئەم کوردستانە دان و قاقا و بزەکانیان چریکە و سروودی "نەسرەوتن تا سەرکەوتن"ن و شۆڕشگێرانی رێگای رزگاری یاد و ئەوینی شەهیدان دەکەنە چرای رووناکی رێگای خەبات و تێکۆشانی ئازادی گەلی بەش مەینەتی کوردستان و هەموومان پێکەوە تا سەرکەوتن، هەر لە سەر پێین و لە سەر پێ دەمێنینەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

رێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# بۆ مامۆستا نەسرین حەدداد



محەممەدی فەقێ عەلی

زۆر ئاشقی خوێندن نەبوم، زۆریش تەنبەڵ نەبوم. دەتوانم بڵێم قوتابییەکی مام ناوەندی بووم. لەو هەلومەرجەی، کە من تێیدا گەورە بووم و ئەو بەسەرهاتە تاڵانەی، کە بۆ منداڵێک زۆر سەخت و تا ئەبەد لە سەر ڕووپەڕەی پاکی روحی منداڵیان نەخش دەبەستن و بە داخەوە گەورەکانیش نەک وەبەرچاوی ناگرن، کە تۆزێک قەبوڵیان کەن و هەوڵی ئاسایکردنەوەی ژیانیان بدەن، بەڵکو زۆر جار کارەکە چەند بەرابەر خراپتر دەکەن و بەم شێوەیە، منداڵی لە منداڵێک داگیر دەکەن. ئەوە زۆر جار دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی منداڵ لە کاری ڕۆژانەی دا و لە قوتابخانەدا هیچ باوەڕێکی بە خۆی نەبێ و ئەگەر توانایەکیش هەبێ نەتوانێ بەیانی بکات یان نیشانی بدات.

منیش لە دەربەندی منداڵیم دا گیرم خواردبوو، پێش دەستپێکی شۆڕش مامۆستایەکم هەبوو، کە بە داخەوە گوندەکەی ئێمەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆکان، ئەویش مامۆستا سەید کەریمی هونەرپژوو بو. دوای ڕۆیشتنی مامۆستا سەید کەریم لە هەست و سۆزی مرۆڤێک بێبەش بووم، کە لانیکەم هەستی بە ئازارەکانی دەرونی من دەکرد و لێم حاڵی دەبوو. بە پەیدابوونی مامۆستا نەسرین، کەوابزانم دوساڵی زیاتر خایاند تا مامۆستای شۆڕش هات، کە یەکێکیان مامۆستا نەسرین بوو، هەر لە یەکەم کاتەکانی دەست پێکردن و خۆناساندن، من هەستێکی جوانی منداڵانەم لە دەروندا دروست بوو، ئەویش هەست و سۆزی خۆشەویستی منداڵێک بۆ کەسێکی لە خۆی گەورەتر، کە هەمو هیواکانی پێ دەبەستێ وەک نمونە بۆ ژیانی خۆی سەیری دەکات و هەمو هەوڵی ئەوەیە کە، بتوانێ وەک ئەو بێتەوە. مامۆستا نەسرین بۆمن بوو بە ئۆلگۆی خوێندن و



سەرچاوە
Serchawe

فێر بوون، بە دڵ پێم خۆشبوو هەمیشە گوێ لە دەنگە ئارام بەخشەکەی بگرم. ئەو بە پێچەوانەی مامۆستاکانی دیکەبوو، لێدان و موجازاتی نەبوو. بەڵام هەموو هەوڵی منیش ئەوەبوو، کە دڵی لێم نەڕەنجێ. بمزانیبایە ئەو چی بەلاوە باشە تەنیا هەوڵم ئەوە بوو، ئەو کارە بکەم.

با نەچمە ناو نوسینێک کە مەبەستی ئەم نوسراوەیە نیە، با پێشتر خۆم بناسێنم باشترە. من قوتابی شەهیدی ڕیبەرم مامۆستا نەسرین حەدادم، زۆریش منداڵ نەبووم ، ئاوا ١٠ تا ١١ ساڵانە دەبووم، کە ئەوەڵین ئەلف و بێی کوردیم لە لایەن ئەو کیژە کوردەوە پێگوترا، ئەو، ئەوکات کچێکی جوانی ژێکەڵانەی شایی بە خۆی تێگەیشتووی خوێن شیرن و ڕوح سوک بوو، ڕۆژانە دەرسی بە منداڵە وردیلەکانی ڕەش و ڕووتی دێ دەگوتەوە و شەوانەش ئێمە بووین، کە کاتی بەنرخی ئەم کیژە کوردە شۆڕشگێڕەمان دەگرت، ئێمە تێکەڵاوێک بووین لە گەنج و لاو و پیر و منداڵ. بە تایبەتی منداڵەکان، ئەو بەشە بوون، کە ڕۆژانە دەبوو لە مەزراو شاخ و بەندەن، هاوکاری دایک و باوکیان کردبا و تۆزێک لە زەحمەتەکانی ژیانی نەمر نەژیان کەم کردابانەوە. شوان، گاوان، وەرزێڕ و کۆڵکێش و ئاودێر و جوتێر وهتد لەم کلاسە لە تەمەنی جۆراوجۆردا هەبوو، چەندە لە تەمەن و باڵاو ڕەنگ و ڕوخساردا جیاوازیان هەبوو، بەو ئەندازەیەش لە پیشەو کاریان دا جیاواز بوون. بەڵام هەمووی ئەو خەڵکە لە دەوری کچێکی وابزانم ٢٠ ساڵان دەبوو کۆ دەبوینەوە بۆ ئەوەی زمانی شیرینی دایکمان بتوانین بنوسین و بخوێنینەوە.

من یەکێک لەو کەسانە بووم، کە ئەو شانازیەم پێبڕا، ئەو لەو کاتەوە بۆ من بوو بە شانازیەکی گەورەی ژیانم، بوو بە مامۆستا و هاندەرم. من ئارام و بێ دەنگ بووم، کەمتر لە ناو دەستەی قوتابیان دا خۆم نیشان دەدا، هەر بەو ئەندازەیەش علاقەم بە دەرسەکانی مامۆستا نەسرین هەبوو. هەوڵم دەدا هەرچی زووتر کوردیەکەم فێربم، نوسین و خوێندنەوەم زۆر بەلاوە گرینگ بوو.

مامۆستا نەسرین هەستی بەوەکردبوو، کە من کەمتر خۆم نیشان دەدەم، ئێوارەیەکیان پێش ئەوەی دەرسی دەست پێبکات، بانگی کردمە لای تەختەڕەش و گوتی چی فێربووی لەو ماوەیەدا؟ منیش گوتم مامۆستا هەموی ئەو شتانەی کە تۆ دەرست گوتوە فێری بووم و کتێبی تاریک و ڕونیشم پەیدا کردوە لە بەری دەکەم. بە سەرسوڕمانەوە پرسی، چی؟ لە بەری دەکەی؟ گوتم بەڵێ لە بەری دەکەم پێم خۆشە هەموو شێعرەکانم لە بەر بێ. ئافەرینێکم وەرگرت و داوای کرد، کە یەکێک لە شێعرەکان بخوێنمەوە. دوای خوێندنەوەی شێعرەکەم، گوتی بەمزوانە جێژنی ٢ی ڕێبەندانە و دەبێ لەوێ شێعرێک بخوێنیەوە. مامۆستا نەسرین بە تەمەن گەنج بەڵام لە هەڵس و کەوتی دا لە گەڵ تاک بە تاکی قوتابیان دا زۆر زوو خۆی دەگونجاند و دەیتوانی زۆر بە ئاسانی سرنجی هەمو قوتابیەک بۆلای خۆی ڕاکێشێ و بەم شێوەیە توانایەکی باشی هەبوو بۆ دەرک



سەرچاوە Serchawe

کردنی قوتابییەکانی. یەک لەو قوتابیانە کە زۆری دەرک کردو هاوکاری کرد من بووم، بۆیە لەو کاتەوە بە شانازیەوە خۆم وەک قوتابییەکی ئەو ناساندوە دەناسێنم، شانازیەک، کە بە هەموکەس نابڕێ لە خزمەت وەها گەورە ژنێکی کۆمەڵگای کوردی دا و لەو سەردەم ئاستەمەی گەرمەی خەبات و بەرخۆدان دا، وانە بخوێنێ.

مامۆستا نەسرین، لەو تەمەنەی ئەوکاتی دا، نەک هەر جێگای ڕێزی ئێمە قوتابییەکان بوو، بەڵکو لە گوندی بنوخەڵیف دا، لە لای گەنج و پیر ڕێزێکی تایبەتی لیدەگیرا. لەو سەروبەندەدا کەمتر ژنێکت دەبینی بە سەری ڕووت بە ناو دێ دا بتوانێ بگەڕێ و لە لایەن هێندێک پیری بیر کلاسیکی دواکەوتووەوە نەکەوێتە بەر قسەی ناشیرین، بەڵام ئەوەندی من ئاگادار بووم، ئەوکەسانەش ڕێزی تایبەتیان لە مامۆستا نەسرین دەگرت و من نەمبیست کە جارێ، کەسێک قسەیەکی بە جۆرێک پێ گوتبێ. شوڕای ئاوەدانی کە لە چەند پیر و ڕیش سپی دێ پێکهاتبو، بۆ زۆر کار پرسیان بە مامۆستا نەسرینی گەنج و تێگەیشتو دەکرد و داوای هاوکاریان لێ دەکرد.

فەرمەندەکانی نیزامی ئەوکاتی گوندەکەمان، کە لە ریزی پێشمەرگەکانی حدک و هیزی بەرگری دابوون، کەم هەبوو لە کۆڕ و کۆبونەوەکانیان دا بەشداری بە مامۆستا نەسرین نەکەن.

من وەک قوتابییەکی مامۆستا نەسرین، بە لە دەست دانی ئەم شێرەژنەی سەنگەری خەبات و تێکۆشان، بێجگە لە ئازادیخوازێکی نیشتیمانەکەم، لە تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕی بواری مافی یەکسانی کۆمەڵایەتی، لە کادرێکی بە وەجی ڕێبەرایەتی حیزبەکەم مامۆستایەکم لە دەست دا، کە یەکەم ئەلف و بێی کوردی فێر کردم. مامۆستا نەسرین و هاوڕێیانی دیکەی شەهیدم رووحیان شاد و ڕێگای ئامانجەکانیان پڕ ڕێبوار بێ.

با دوژمنان باش بزانن کە مامۆستا نەسرین و سوهەیلاو هاوڕییانی دیکەیان بەر لە مەرگیان ئەوەندەیان قوتابی پێگەیاندوە ، کە ئاگری خەباتی ئازادیخوازانە و نیشتیمانپەروەرانەی ئەوان هیچ کات دانامرکێ و ڕۆژێ دێ تاج و تەختی بەختی ئەم نەگبەتانەی مێژوو بسوتێنێ.

**سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دیمۆکرات**

**مردن و ڕووڕەشی بۆ خۆفرۆش و خاینان بە گەل و نیشتیمان و هەروەها بۆ کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران.**

**ئوتریش - ڤییەن - ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

## یادتان بەخێر مامۆستا نەسرین و کاکە محەمەی ئازیزم.



**ئازاد عەبباسیان**

زۆرم لە دەرگاکەتان دا چاوەڕێ بووم وەک جاری جاران یەکتان بیگوتایە وەرە ژوور کاکە گیان بەخێر بێیت. دەمویست پێش هاتنە ژوورم سەردانێکی گوڵەکان و چیمەنەکەم بکردایە. گوتم گەر دەرگایان کردەوە و چوومە ژورێ، من وەپێش ناکەوم و وەک کوڕی ئەو ماڵە لە ئامێزیان دەگرم و غەریبیی دوور لە دایک و باوکم بەوان قەرەبوو دەکەمەوە. لەو ماڵەدا شاد ببومەوە بەئامێزی دایکم لە یەکەم هاتنی بۆلام. لە پەنجەرەکەشتانم دا،چاوەڕێ بووم یەکێکتان وەک جاری جاران کلیلە خنجیلانەکەی دەرگای پشتەوەم بداتێ و بڵێ ها بابە گیان وەیکە و وەرە ژووری.

زۆر بەو خەیاڵەوە وێستام. بەڵام نە کەسێک دەرگای کردەوە و نە کەسێک لە پشت پەنجێرەکەوە بە هانام هات. بەڵام بە باوەش بۆنی ڕێحانەکانی حەسار بەخێر هاتنیان کردم و بە دڵ لە ئامێزم گرتن.

هیچم بۆ نەمابوو، هاتم و دەسکی دەرگاکەم ماچ کرد و گوتم بەڵکوو لە گۆشەیەک دا جێ پەنجەتان بەر لێوم کەوێ.

**یادتان بەخێر مامۆستا نەسرین و کاکە محەمەی ئازیزم.**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨**



سەرچاوە
Serchawe

## سوپاس و پێزانین: بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپوور



ئەورۆ مانگێک بە سەر کارەساتی موشەکبارانی قەڵای دیمۆکرات و لە سێدارەدرانی بەندکراوانی سیاسی تێپەر بوو.

ئێمە بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپور بە هۆی ئەو روداوە جەرگبڕە و بۆ لەدەستدانی ئەو پۆلە تێکۆشەرە زۆر داخدار و خەمبار بووین.

گەورەیی روداوەکە و کارەساتەکە زۆر لەوە زیاتر بوو کە ئێمە بتوانین بە تەنیایی تەحەمولی بکەین.هاودەری و هاوسۆزی ئێوەی خۆشەویست کە تا ئێستاس پاش یەک مانگ هەر بەردەوامە، قورسایی ئەو زەبرەی لە سەر شانی ئێمە سووکتر کرد.

بۆیە لەگەڵ کرنۆش بردن بۆ سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، جارێکی دیکە لە لایەن خۆمان سەرەخۆشی لەبنەماڵەی سەرجەم شەهیدانی قەڵای دیموکرات و شەهیدانی لە سێدارەدراو دەکەین و داوای چاک بوونەوەی زامدارەکان دەکەین.

هەروەها جارێکی دیکە سوپاس و ئەمەگناسی خۆمان پێشکەش بە خەڵکی کورد لە سەرتاسەری جیهان وناوخۆ دەکەین کە تا ئێستاش هاودەرد و خەمخۆرمان بوون.

**بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپوور**

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

# کورتەیەک لە ژیانی شەهیدی زامداری کیمیای سەردەشت خاتوو فاتمە حەدداد




**ئامادەکردنی: ڕەحمان نقشی**

خاتوو فاتمە حەدداد کچی حاجی حەمەدمین حەدداد لە رۆژی ٨ی خەرمانانی ١٣٢٩ (٣٠ی ئاگۆستی ١٩٥٠) لە بنەماڵەی خۆشناو و کوردپەروەر و نیشتماندۆست لە شاری سەردەشت رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.

بنەماڵەکەی بەگشتی تێکەوڵاوی چالاکی سیاسی و خەمخوری گەل و نیشتمان و دڵسۆزانە لە یارمەتی ماددی و کردەوەیی بۆ وەدیهێنانی مافەرەوامانی گەلی بەشخوراوی کورد کەم تەرخەمیان نەکردووە.

فاتمە حەدداد یەکێک لە سەدان شارۆمەندی مەدنیی شیمیایی سەردەشتە کە رۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر ٢٨ی جوونی ١٩٨٧ی زایینی بەهۆی بۆمبارانی فرۆکە شەڕکەران ڕێژیمی فاشیست و داگیرکەری سەددام حوسێن زامدار بوو و چاکترین رۆژانی ژیانی خۆی لەسەر تەختەکانی نەخۆشخانەکان بەردەسەر،

ئەم خاتوونە هەشتا لە سەد سەلامەتی خۆی لەم رووداوە لە دەست دابوو و بۆ ماوەی شازدە ساڵ بە دژوارترین شێوە لەگەڵ دەرد و ئازاری بەربەرکانی کرد، بەڵام بەهۆی ورەی بەرزی دانی بەم ئازارە داگرت و هەوڵی دەدا خۆراگر و بەهێزەوە ئەم ئازارە کەم کاتەوە. و هیچ کات هەستی بە شکان و ناهومێدی نەدەکرد، و ئەم رووداوە قبووڵ کرد کە بەسەری هاتبوو، تێدەکۆشا بەسەر ئەم ئازارە دا زاڵ بێت، و کەس و کاری و دەوروبەری خۆی ئامۆژگاری دەکرد تا بە هێز و ورەوە لەگەڵ کەندو کۆسپەکانی ژیان هەڵسوکەوت بکەن و هەوڵ بدەن بەسەر رووداو دڵتەزێنەکانی دوژمنانی کورد زاڵ بن؛ ئەم خاتوو



سەرچاوە
Serchawe

بەهێزە و دڵسۆزە لە هەموو ژیانی خۆی دا بۆ چرکە ساتێکیش دڵی کەسێکی لە خۆ نەهێشاند، و دەرحەق بە هیچ مرۆڤێک نامێهرەبانی نەکرد، بەڕادەیەک خۆش مەشرەف و قسە خۆش و هەست و کەوتی لەگەڵ کەس و کارو دۆست و ئاشنایان باش بوو هەر بۆیە خەڵک خۆشیان دەویست و ڕێزیان بۆی هەبوو. و دوعا ساخ و چاک بوونەوە زۆۆتریان بۆ بە ئاوات دەخواست.


کۆچکردوو خاتوو فاتمە بۆ چارەسەر زامەکانی هەموو نەخۆشخانەکانی ئێران و دواتر رەوانە کردنی بۆ دەرەوەی وڵات و مانەوەی لە نەخۆشخانەی وڵاتی ئۆتریش سەرڕایی هەوڵی بێوچانی دوکتورانی ئەم وڵاتە بەڵام بەداخەوە نەیاتوانی چارەسەری ئەم زامە بکەن.

بەداخەوە داد فاتم لە ماوەیە شازدە ساڵ بەربەرکانی لەگەڵ زامەکانی ئەم گازە ژەهراویە سەختی دەردو ئازار لەشی و رووحی لەسەر تەختەکانی نەخۆشخانەکانی تاران، ئازەربایجانی رۆژئاوا و سەردەشت دوا نێوەرۆی رۆژی شەممە ۹ی ڕەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی بەرامبەری ٢٨ی فێبریوێری ٢٠٠٤ی زایینی لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی ئازەربایجان رۆژئاوا لە شاری ورمێ لە دژوارترین هەڵومەرجدا بەهۆی هەناسە سواری (تەنگە نەفەسی) گیانی لەدەست داو چوو ناو کاروانی شەهیدانی شیمیابارانی شاری سەردەشت.

**رووحی شەهیدانی شیمیایی بارانی سەردەشت بە تایبەتی شەهید خاتوو فاتمە حەدداد شاد بێت.**

**سەرچاوە؛ لە فارسییەوە**

# روحت شاد ئەممە فاتم گیان ئەی نموونەی فیداکاری و لەخۆبردوویی



**سیروان حەدداد**

نووسین و گێڕانەوەی یادەوەریەکانی ژیان هەمیشە ئاسان و خۆش نین. ئەگەرچی خۆشی و ناخۆشی یادەوەریەکان گرێدراوە بەو شتانەی کە لە لاپەڕەی دەفتەری ژیاندا هەڵدەدرێنەوە و بۆ جارێکی دیکە دێنەوە بیر، وە فکر و خەیاڵی ئینسان دەبەنەوە ئەو ڕۆژانەی کە دوور و نزیک رابردوون.

هەرچەند دەکەم و هەوڵ دەدەم داواکاری کاک رەحمان نەقشی بە شێوەیەکی شیاو بێنمەجێ بەڵام بەداخەوە نە بیر و هۆش هاوکاریم دەکات و نەویست و خواست مەجالم دەدەن کورتەیەک لە سەر کەسێک بنووسم کە هەموو ژیانم لەگەڵ ئەو بردۆتەسەر و لەو کاتەی کە چاوم کراوەتەوە ئەوم لە گەڵ خۆم دیوە، تا لە خەو هەستام ئەو لە سەر سەرم بووە و بە بزە و هەستی دایکانەی لە خەو راستی کردومەوە، تا پێویستیم بە پەنایەک هەبوو یا کەسێکم ویست کە یارمەتیم بدات و رێنماییم بکات هەر ئەو بوو کە وەک باوکێک لە پشتم راوەستا و دڵسۆزانە و قارەمانانە ساردی و گەرمی ژیانی لە پێش هەڵگرتم و نەیهێشت ناخۆشیەکان هەست پێ بکەم. قەڵەم شکاوە لە حاست گەورەیی و لەخۆبردوویی ئەممە فاتم و هەرچی دەکەم ناتوانم و نازانم چۆن دەست پێ بکەم و لە کوێرا بگێڕمەوە.

لە بنەماڵەی خۆماندا و هەموو ئەوانەی لێی نزیک بوون بە ئەممە فاتم بانگیان دەکرد و ئەمنیش هەر بەو ناوە بانگم دەکرد. بۆ هەمووان بێ جیاوازی پوورێکی دڵسۆز بوو. دڵنیام لەوەی کە هەمووانی وەک یەک خۆش دەویست و دڵی لە لای

هەمووان بوو. بە خۆشی هەمووان دڵخۆش و بە ناخۆشیەکانیان دڵگران و چاو بە فرمێسک بوو. لە خۆشیەکانیاندا پڕ بە دڵ لەگەڵیان بوو و ناخۆشیەکانی لەگەڵ بەش دەکردن و ئەگەر بڵێم بەشە زۆرەکەشی هەر بۆخۆی دەویست ناڕاستم نەگووتوە. لە ژیانمدا لێم نەبیست کە بڵێ فلانە کەسم ناخۆش دەوێ بەڵکوو هەمیشە خۆشەویستی بۆ باس دەکردم و هانی دەدام کە بێجیاوازی دۆست و غەریبەم خۆش بوێ.

ئەممە فاتم لەگەڵ ئەوەی کەسێکی دڵنەرم و دڵسۆز و ئارام و لەسەرەخۆ بوو بەڵام چاونەترس و ڕووڕاست و بەجەرگ و دلێر بوو. جگە لەوەی کە برا و برازایەکانی جگەرگۆشەکانی بوون و دڵی بۆ وان لێ دەدا بەڵام شانازی گەورەی بەوەی دەکرد کە پێشمەرگەن و لە پێناو ئازادی کوردستاندا خەبات دەکەن. کاتێک کە ماڵەکەمان لە لایەن سپای پاسدارانەوە داگیر دەکرا ڕۆژێک جاش و پاسدارێکی زۆر ڕژانە سەرمان و دەرکەی ماڵێیان شکاند و هاتنە نێو حەساری ماڵێ. ئەو کات ئەمن منداڵێی حەوت هەشت ساڵانە بووم. جاشەکان بە قۆنداغە تفەنگەکانیان شیشەکانیان دەشکاند و هەوڵیان دەدا بێنە ژورێ بەڵام ئەوە ئەممە فاتم و شەهید نەسرین و باقی ژن و منداڵەکانی دیکە بوون کە شێرانە لە پێشیان ڕاوەستابوون و شەڕیان لەگەڵ دەکردن. دوای چەند کاتژمێرێک لشکری جاش و پاسدارەکان دەرکە و پەنجەرەکانیان شکاند و هاتنە ژوورێ. ماڵەکەمان داگیرکرا و جاش و پاسدارەکان دەستیان کرد بە تاڵان و خرکردنەوە هەرچی لە ماڵێدابوو. ئەگەر هەڵەم نەکردبێ نەجمەی جاش (جاشێکی سەردەشتی بوو کە ناوی نەجمە بوو) خەریک بوو فەڕشەکانی خڕ دەکردەوە و دەیبردن. کاتێک کە ئەممە فاتم چاوی پێ کەوت بۆی چوو و شەق بارانی کرد، نەجمە ویستی لە ڕووی ئەممە فاتم هەڵگەڕێتەوە بەڵام بەرپرسی سپایپاسداران کە پێیان دەگووت "آقای رنجبر" پێشی پێ گرت و نەیهێشت دەست لە سەر ئەممە فاتم بەرز بکاتەوە. بەڵام ڕووی کردە ئەممە فاتم و لێ پرسی : خواهر حالا همە چیز مصادرە شدە چرا نمیزاری جمعش کنند؟ ئەممە فاتم بە دەنگێکی شیرانە ڕوو کردە ئاغای ڕەنجبەر و بە کوردی پێی گووت: ئەو جاشە هاو زمانی منە، هاو دینی منە، هاوشاری منە نامهەوێ ئەو تاڵانی ماڵی من بکات با پاسدارێک بێ کە دووژمنی زمانەکەمە، دووژمنی دینەکەمە، دووژمنی شار و خاکەکەمە، با ئەوان بێن تاڵانی بکەن و لەگەڵ خۆیان ببن پێم ناخۆش نیە. ڕەنجبەر لە وەڵام دا بە ئەممە فاتمی گووت خوشکی من نێوی تۆ لە تاریخدا دەنووسرێتەوە بەڵام ئەو [جاشە] ئەگەر وەفای بۆ تۆ نەبێ وەفای بۆ ئێمەش نابێ.

ژیان وا هاتە پێش کە دوای ئاوارە بوون لە زێد و مەڵبەندی خۆمان و دێ بە دێ ڕۆیشتن تا کوردستانی باشور، لەگەڵ ئەممە فاتم گەڕاینەوە بۆ سەردەشت و ژیانێکی نوێمان بەیەکەوە دەست پێکردەوە. ئەو بە خەیاتی و درونی لیباس و دابین کردنی بژیوی ژیان و من بە دەرس خوێندن ڕۆژگارمان بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە تێپەڕ دەکرد. ئەممە فاتم هەرگیز چاوی لە دەستی هیچ کەسێک نەبوو بگرە نزیکترین کەسەکانی خۆشی. ئەو هەمیشە دەیویست لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و کەس



سەرچاوە
Serchawe

بە خۆیەوە ماندوو نەکات و تا ئەو جێیەی کە بۆشی بکرابایە یارمەتی کەس و خزم و نزیکەکانی خۆشی دەدا. ژنێکی دەست ودڵئاوەڵە بوو و لە بەخشین نەدەترسا. ئەو خەیاتێکی لێزان و شارەزا بوو دروومانێکی زۆر باشی دەکرد و دڵخۆش بوو بەوەی کە نانی ماندوبوونی خۆی دەخوارد و بێنیاز لە هەموو کەس بوو. عادەتی وابوو بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا و رادیۆیەکەی لە تەنیشت خۆی دادەنا. تا ئەو کاتەی رادیۆ کوردستان تەواو دەبوو خەیاتی نەدەکرد لەبەر ئەوەی چەرخەکەی پاڕازیتی دەخستە سەر دەنگی ئەحمەد شێربەگی، هەر بوویە ئەممە فاتمیش ئەوەی پێ خۆش نەبوو. دوای تەواو بوونی دەنگی کوردستان و لەگەڵ سووڕاندنی چەرخی خەیاتیەکەی مەوجی رادیۆیەکەشی بەرەو هەواڵ و رادیۆ فارسیەکانی ئەو دەم دەگۆڕی. کەم سەواد بوو بەڵام زیرەک و بەهۆش و تێگەیشتوو بوو. پێی خۆش بوو ئاگاداری رووداوەکانی کوردستان و ئێران و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ. کەم وابوو رۆژێک رادیۆ ئیسرائیلی لەدەست بدات. دەنگی مێنەشە ئەمیر هەموو رۆژێ لە رادیۆی ماڵی ئێمە دەبیسترا.

ئەممە فاتم داستان و نەقڵی خۆشی لەلا بوون و هەمیشە دادەنیشت و بۆی دەگێڕامەوە. لە پەندی پێشینیانڕا بگرە تا قسە و نوکتە بەنرخەکانی لوقمانی حەکیم و شیعرەکانی حافظ. ئەو کەسێکی قسە خۆش بوو و لەهەر مەجلیسێک بایە بە قسە خۆش و جوانەکانی مەجلیسی دەڕازاندەوە. خزمدۆستێکی راستەقینە بوو هەمیشە تا بۆی بکرابایە سەردانی هەموو خزمانی دەکرد. بۆ سەردان و دیتنی برا و برازایەکانی هیچ سنور و مەرزێکی نەدەناسی. نەخۆشی و برینداری، سەرما و گەرما، بەفر و باران و رێبەندان، شەڕ و تۆپباران ئەممە فاتمی لە دیدار و سەردانی برا و برازایەکانی نەدەگێڕایەوە. هیچ ساڵێک نەبوو سەردانی کوردستانی باشور نەکات و نەچێتە لای برا پێشمەرگەکانی. چەند جارێک لە گەڕانەوەدا لەسەر مەرز گیراین و بردیانینە زیندان و لێپرسینەوەیان لەگەڵ ئەممە فاتم دەکرد بەڵام ئەو هەمیشە دەیگووت ئەمن خوشکم و سەردانی برایەکانم دەکەم ئەگەر لەسێدارەشم بدەن هەر دەچم. ئەممە فاتم زۆر نزیک بوو لە خاڵی گەورەی خوا لێخۆش بوو حاجی حەمەدەمین حەسەنپوور. هەمیشە پرس و راوێژی لەگەڵ دەکرد و بە دایم ئاگاداری یەکتر بوون. هەرکات رووداوێکی ناخۆش بۆ پێشمەرگەکان و حیزبی دێموکرات رووی‌دەدا ئەممە فاتم بە گورج دەڕۆیشتە لای خاڵی و بەیەکەوە بە دوور لە چاوی دوژمنان هاوخەمیان لەگەڵ یەک دەکرد. ئەو هەر بۆ زیندووەکان بە روحم نەبوو بەڵکوو دایک و باوک و برا و خزمەکانی دیکەشی کە لە دونیادا نەمابوون لەبیر نەدەکردن و هەمیشە سەردانی سەر گڵکۆکانیانی دەکرد و بە فاتیحایەک یادی دەکردن. لە خوارێی قەبرستانڕا پێدادەهات تا سەرێ و سەردانی هەموو گۆڕەکانی دەکرد و دوایی لە سەر گۆڕی بابم دەمێک بە بێدەنگی دادەنیشت و دوایی دەهاتەوە ماڵێ.

لە کارەساتی شیمیابارانی سەردەشت لە ساڵی ١٣٦٦ هەتاویدا ئەممە فاتم زۆر بە سەختی بریندار بوو. لەو کاتڕا ژیانی ئەممە فاتم بەتەواوی گۆڕدرا. ئازار و برینەکانی زۆر قووڵ بوون. ژیانی ئاسایی تەواو تێکچوو بوو هیچ شەوێک خەوی

راحەتی نەبوو. باری تەندروستی زۆر لاواز ببوو بەڵام هەرگیز وەرەی خۆی بەرنەدا. هەرگیز لێم نەبیست گلەیی لە حاڵ و وەزعی خۆی بکات، ئازاری دەچێشت، بێخەوی دەدی بەڵام هەرگیزا چۆکی بۆ نەخۆشیەکەی دانەدا. کەمتر لە ماڵێ دەمایەوە برینەکانی بەشێوەیەک بوون کە زۆرتر لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران دەکەوت و ژیانی لە نەخۆشخانەدا دەبردە سەر بە شێوەیەک کە نەخۆشخانەی تاران ماڵی یەکەمی بوو و سەردەشت ببو بە ماڵی دووهەمی.

ئەممە فاتم عاشقی خاک و وڵاتەکەی خۆی بوو، سەردەشت و ماڵی خۆمانی زیاتر لە هەموو شوێنێک پێ خۆشتر بوو. دەیگووت کە دێمەوە و لە زمزیران ڕا چاوم بە سەردەشتێ دەکەوێ دڵم دەگەشێتەوە کە دووبارە گەڕاومەوە ماڵێ خۆم و نەفەسێکی راحەت هەڵدەکێشم.

شەوی شەممە ٨ ڕەشەممەی ١٣٨٢ هەتاوی بوو، ئەممە فاتم تازە لە تاران گەڕابۆوە و لە بیمارستانێکی شاری ورمێ خەوتبوو، زۆر بێحاڵ و بێهوش بوو، دەرد و ئازارێکی زۆری هەبوو. لە سەر سەندەڵیەک ڕووبەڕووی دانشتبووم و کتێبم دەخوێندەوە. جار جار چاوەکانی هەڵدینان و چاوێکی لێ دەکردم و دەیگووت هەر نەنستووی؟ ئەمنیش دەمگووت ئەگەر ئەتۆ نووستی ئەمنیش دەنووم! نە هۆشم لە کتێبەکەی بوو نە لە خۆم، بیرم لەو بیست و نۆ ساڵەی دەکردەوە کە ئەممە فاتم شەو و ڕۆژ لەگەڵم بووە و بۆ کورتە ساتێکش چاوی لە من غافڵ نەبووە. نەفەسی لەگەڵ نەفەسی من و دڵی لەگەڵ دڵی من لێداوە. هەتا ئەمن نەنوستووم ئەو خەوی لێنەکەوتوە، ئاگادارم بووە کە لە خەودا سەرمام نەبێ، نەترسم و رانەچڵەکێم. بەڵام ئێستاش لەو حاڵە سەختەدا هەر بە فکری منە کە ناتوانم بنووم و چاوەدێری ئەو دەکەم.

بەرەبەیانی خۆر تازە دەهاتە دەر، تیشک لە لای پەنجەرەی دیوەکەیڕا لە چاوە ماندووەکانی ئەممە فاتمی دابوو. هێشتا هەر وەخەبەر بوو و جار جار چاوەکانی هەڵ دێنا و لە سیلەی چاوەکانی ڕا دەیڕوانیە من و دووبارە چاوەکانی لەسەر یەک دادەنایەوە. ئارەقەیێکی نەرم لە سەر ڕوومەتە سوورەکانی نیشتبوو. نەفەسەکانی لە ژێر دەزگای ئۆکسیژێنەکە ئارام ببوونەوە. دەستم خستە ناو دەستی و بە سپایی لێم پرسی ئەممە گیان هەتاوەکە ئازارت نادات؟ پەردەکەی دادەمەوە هەتاو نەیاتە ژووری؟ چاوەکانی هەڵ بڕی و کەمێکی ڕوانیە تیشکە تیژەکانی خۆر و گووتی نا ئەزیەتم ناکات. ساتەکانی ئاخری ژیانی بوو، ژیانێکی پڕ مەینەت و دەرد و ئازار، دەردی دوری و دەربەدەری، تەنیایی و ماندویی، شەڕ و ئاوارەیی، شیمیایی بوون و نەخۆشی، بەڵام پیاوانە و مەردانە ڕووبەڕووی هەموو نەهامەتیەکان راوەستا و بەچۆکیداهێنان و بگرە هەتاویش نەیبەزاند. تا ئەو کاتەی پەپوولەئاسا بەرەو ئاسمان ڕۆیشتەوە و سەربڵندانە ئەو ئەمانەتیەی پێی بەخشرابوو بە سەلامەت گەیاندیە مەقسەد.

## ڕوحت شاد ئەممە فاتم گیان ئەی نموونەی فیداکاری و لەخۆبردوویی

سیروان حەدداد ۲۷ی بەفرانباری ۱۳۹۷ هەتاوی  ۱۷ی ژانویەی ۲۰۱۹ زایینی

ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە و ڕەوانە کراوە.



سەرچاوە
Serchawe

# بیرەوەرییەکانی شەهید فاتمە حەدداد لە زمان خۆیەوە



**لە فارسییەوە: کەماڵ حەسەن پوور**

ئێوارەیەکی هاوینی یەکێک لە ڕۆژەکانی پووشپەڕی شەست و شەش لە پشت چەرخی خەیاتییەکەم دانیشتبووم و لە کاتێکدا کە دەسکی چەرخەکەم هەڵدەسووڕاند هەندێک جار لە بارەی ڕابردووی تاڵی خۆمدا بیرم دەکردەوە کە ١٢ ساڵ بوو بە تەنیا دەژیام و خۆم لە ڕێگای بەرگدروون، بنەماڵەم بەخێو دەکرد و تەنیا هاودەمی هەمیشەییم برازا بێ باوکەکەم بوو کە بۆخۆم گەورەم کردبوو و بەرپرسیاریی بەخێوکردنیم گرتبوو ئەستۆ. ڕابردووی ژیان وەک فیلمێک بە بەرچاوەکانم دا تێپەڕ دەبوو و پرسیارە منداڵانەکانی برازاکەم سیروان هەندێک جار داوی خەیاڵمی دەپساند. هەندێکجار شنەبایەکی فێنک شووشەکانی پەنجەرە دارەکەی ماڵە بچووکەکەم کە دیو و داڵانێکی بچووک بوو دەهەنگاوت، ئەوکات لە ماڵی پیاوێکی خێرخواز و بەناوبانگی سەردەشتدا دەژیام. دەنگی پێکەنینی منداڵان و دەنگی ئەوان لە کاتی کایەکردندا بێدەنگیی کۆڵانەکەی دەشکاند و منیان لە فکر و خەیاڵی ڕابردوو ڕادەپەڕاند و دووبارە وەبیرم دەهاتەوە کە ئێوارێ دەبێ جلوبەرگی خەڵکی تەحویل بدەم بۆیە دەسکی چەرخەکەم بە هیوای داهاتوویەکی گەشتر تووندتر هەڵدەسووڕاند.

کاتژمێر نزیکی چوار و نیوی دوای نیوەڕۆ بوو و من هەروا خەریکی کاری بەرگدروون بووم کە لەناکاو دەنگێکی ترسناک شووشەکانی هەژاند و دەنگی تەقینەوە لە شوێنێکی کە زۆر دوور نەبوو هاتە بەرگوێم و هێشتا ئەو دەنگانە کۆتاییان نەهاتبوو کە بە چاوی خۆم دیتم کە بۆمبێک کەوتە ناو حەوشەی ماڵی خۆمان و دوابەدوای ئەو ڕووداوە دەنگی بۆمبێکی دیکە کە بە هەمان شێوە بەرز بوو لە کۆڵانی خۆمان هاتە بەرگوێم و پاشان سەرجەم شووشەکان شکان و دەرگا و

پەنجەرەکان تێکشکان. دووکەڵێکی ڕەش هەموو شوێنێکی داپۆشی و ئیتر نەمتوانی هیچ ببینم، بۆنێکی ناخۆشم هەست پێدەکرد کە ئەوکات نەمدەزانی چییە بەڵام دوایە بۆم ئاشکرا بوو کە گازی شیمیایی بووە. ئەو کاتی من شۆک گرتبوومی و نەمدەزانی چ بکەم، دووکەڵ و تەپوتۆز هەموو شوێنێکی داگرتبوو و من هیچ شوێنێکم نەدەدیت، تاوێکی پێچوو تا توانیم چاوەکانم بکەمەوە و شوکری خودام کرد کە هەموومان سەلامەت بووین. من هاتمە حەوشە و دەستی سیروانی برازامم گرتبوو کە مێردی خوشکم هات و ئێمەی لەو کارەساتە بردە دەر بەڵام بەداخەوە ئەویش بەو گازە شیمیاییە بریندار بوو.

کاتێک کە گەیشتمە ماڵی خوشکم هەستم کرد کە ناتوانم بە باشی هەناسە هەڵکێشم و تووشی هەناسەسواریی بووم کە هەر دەهاتوو خراپتر دەبوو، لەو کاتەدا سیروانی برازام حاڵی تێکچوو و بە هۆی کوێریی کاتیی بردم بۆ سەردانگەی شار کە بۆ پێڕاگیشتن بە بریندارانی شیمیایی کرابۆوە تا بەڵکو دەرمانی بکەن. لەو کاتەدا هۆشم لە ژانی خۆم نەما سەرەڕای ئەوەی کە من خراپتر تووش ببووم بەڵام لەبەر خۆشەویستیی دایکانە خۆم لەبیر چووبۆوە. سیروانیان لەوێ خەواند و منیش وردە وردە بێهۆش دەبووم، چاوەکانم سۆمایان نەمابوو و شتم بە باشی نەدەدیت، هەموو پێستی بەدەنم دەکرووزاوە و وێڵنجم دەهاتن و ڕشانەوە ئازاری دەدام، هەستم کرد کە پەرستارەکان و کارمەندانی پرسگەکە منیان لەسەر تەختێک خەواند، پاشان منیان لەگەڵ بریندارەکانی دیکە بەڕێکرد بۆ تەورێز و نازانم چەندە لە نەخۆشخانەی ١٥ی خوردادی تەورێز مامەوە. لەو نەخۆشخانەڕا منیان بردە فڕۆکەخانە و بەڕێیان کردم بۆ تاران. لە تاران پێشدا ئێمەیان بردە نەخۆشخانەی ئیمام حوسێن و لەوێڕا ناردیانمە نەخۆشخانەی لوقمان و پاش ئەو ڕاگواستنە من لە سیروان کە هۆی هێور بوونەوەم بوو جیا بوومەوە. گشت لەشم بە توندی هەستی بەسووتان دەکرد و هەستی خۆم بەرامبەر بە کات و شوێن لەکیس دابوو. بە گوتەی دەوروبەرییانم، من ماوەی ٩ ڕۆژ لە بەشی چاودێریی تایبەتی لە ژێر چاودێریی دابووم، لەو سەردەمەدا تەنیا شتێکی کە لەبیرمە ئەوەیە کە هەرکات وەهۆش دەهاتمەوە دەستم لە دەوروبەرم دەدا تا بزانم ئاخۆ مردووم یا زیندوو ...

کاتێک دوکتۆرەکان منیان بەو شێوە دیت بڕیاری بەڕێکردنی منیان بۆ دەرەوەی وڵات دەرکرد و من بەڕێکرام بۆ ئوتریش، سێ ڕۆژی یەکەم بێهۆش بووم، کاتێک وەهۆش هاتمەوە نێوی خۆم لەبیر کردبوو، نەمدەزانی لە کوێم و چی دەکەم. تەنیا تایەکی زۆر توندم هەبوو کە جەستەمی دەسووتاند. شەوانە تووشی مۆتەکە دەبووم و هاوارم دەکرد، ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە غەریبایەتی مامەوە و هەر کات جگەرگۆشە تەنیاکەم کە لە ئێران جێ مابوو دەهاتەوە بیرم ژانم دوو هێندە دەبوو. دوای ٤٠ ڕۆژ گەڕامەوە تاران و سەرەڕای ژانی لە ڕاددەبەدەر، کەیفخۆش بووم و هەستم بە بۆنی نیشتمانی خۆشەویستم ئێران دەکرد و هەستم دەکرد کە لانیکەم لەو ئاواتە بێبەش نەبووم کە لە ناو هاونیشتمانەکانمدا بمرم. ئەگەرچی کادرەکانی نەخۆشخانە لە ئوتریش زۆر میهرەبانتر لەوەبوون کە بیرم لێدەکردەوە و بەڕاستی خزمەتی زۆریان پێکردم و بوونە هۆی نەجاتی من لە مردن، بەڵام نیشتمانی من ئێران حاڵ و هەوایەکی دیکەی هەبوو. نزیک کاتژمێر چواری بەیانی گەیشتینە فڕۆکەخانەی

میهراباد و من چاوەڕوانی دیتنی کەس نەبووم، ئاخر غەریبێکی بێکەس کێی هەیە کە لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانی بێ؟

لە فڕۆکەخانەڕا بەرێیان کردمە نەخۆشخانەی لەبیبافینژاد و سێ مانگ لەوێ مامەوە و دوایە گەڕامەوە سەردەشت و دوای پازدە ڕۆژ لەبەر هەناسەسواریی و چڵک و خوێن هاتن لە سیەکانم بەرێیان کردمەوە تەوریز و نۆزدە ڕۆژ لە نەخۆشخانەی ئیمام لە تەوریز خستیانم. هەڵبەت دەبێ باسی ئەوەش بکەم کە دوکتور تەنیا شەش ڕۆژی ماوەی ژیان بۆ دانابووم و بە قسەی ئەو دەبوو من تا شەش ڕۆژی دیکە لەبەر ئاسەوارەکانی برینەکانم بمرم. منیش کە ئاگام لەو مەسەلە نەبوو بە پێداگریی خۆم نەخۆشخانەم جێهێشت و گەڕامەوە تاران، لە تاران بەرپرسی نەخۆشخانەی لەبیبافینژاد جەنابی دوکتور حەمید سوهرابپوور کاتێک وەزعی منی چاو پێکەوت دەستبەجێ بڕیاری دا کە لە نەخۆشخانە بمخەن و لەو کاتەوە لەژێر تیمار و چاودێری ئەو دوکتورەم کە بە ڕاستی جەنابیان ژیانێکی دیکەی پێ بەخشیوم، دوای خستنی دووبارەم ماوەی سێ مانگ لە نەخۆشخانەی لەبیبافینژاد مامەوە.

ژانی دووری لە کوڕەکەم (سیروان) و ماڵەکەم کە دوای بۆمباران دز بەتاڵانیان بردبوو ناچاریان کردم بگەڕێمەوە سەردەشت و ماوەی مانگێک لە سەردەشت مامەوە و دوایە بە حاڵێکی زۆر خراپ و تەبێکی زۆر تووندەوە دووبارە گەڕامەوە بۆ تاران و ٩ شەو و ڕۆژان لە تەبی ٤٠ پلەییدا دەسووتام، لەو ماوەیەدا یەکێک لە نێرسەکانی نەخۆشخانە، خانم ئەقدەس کەرەمی وەک خوشکێکی میهرەبان ئاگاداریی لێم کرد کە هەرگیز میهرەبانی و لوتفی لە ڕاددەبەدەری ناوبراو لەبیر ناکەم. بە کورتی لەبەر موشکیلەی گەدە، گورچیلە و سیەکانم ماوەی چوار مانگی دیکەش لە نەخۆشخانە خستیانم و دوای هاتنەدەر دوو مانگ لە سەردەشت مامەوە کە لەو ماوەیەدا چەند جار لە نەخۆشخانەی سەردەشت خستیانم، لەسەر یەک نزیکەی سی مانگی تەواو لە نەخۆشخانەی لەبیبافینژاد بە چەند نۆبە تا ساڵی ١٣٧٣ خستوویانم. لەو کاتی بەولاوە نزیکەی دە جار لە نەخۆشخانەی ساسانی تاران بۆ ماوەی مانگێک، دوو مانگان خستوویانم و لەبەر سیەکانم، چاوەکانم، دەمار و ڕیخۆڵەکانم لە ژێر چاودێریی دوکتورم و لەبەر خوێن ڕۆیشتن لە گەدەم نەشتەرگەریی گەدەیان بۆ کردووم.

سێزدە ساڵ لەو ڕۆژ تێپەڕ بووە و تەختێکی نەخۆشخانە بۆتە شوێنی من و جەژن و کاتی پشوو، ڕۆژی شادی و خۆشی هیچ مانایەکیان نییە بۆم و غوربەت، تەنیایی و ژانی نەخۆشی بوونە هاودەمم و لە ڕۆژە درێژەکانی مانەوە لە نەخۆشخانەدا هەر ڕۆژ خولەکەکانی کاتژمێر دەبژێرم تا کەسێک دەرگای داخراوی ژوورەکەم بکاتەوە، وەک نەریتێکی مرۆڤانە لەپەنام دانیشێ و لەو تەنیاییە بەژانە ڕزگارم بکا و تاوێک ببێتە هاودەمم.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حاڵم خراپتر دەبێ بەڵام خودا شاهیدی کارەکانمە و تەنیا شوکری خودا دەکەم و ناڕەزایەتی دەرنابڕم و



سەرچاوە Serchawe

سکاڵا ناکەم. لەو ماوەی سێزدە ساڵەدا قەت دەستەکانم بۆ چاکبوونەوە بەرەو دەرگای یەزدانی مەزن بەرز نەکردۆتەوە.

بەڵێ چارەنووسی منیش بەو شێوە بوو و دەزانم باشترین چارەنووسە چونکە خودا خێر و مەسڵەحەتی عەبدی خۆی دەوێ.

دەستی هەموو ئەو کەسانە ماچ دەکەم و نزایان بۆ دەکەم کە بە شێوەیەک لە ماوەی برینداریيم کە لە ژێر تاقیکردنەوەی یەزدان‌دا بووم، لە پەنام بوون و یارمەتیدەرم بوون تا باشتر و زۆرتر لە بەرامبەر گیروگرفتەکاندا خۆ ڕاگرم.

لە فارسییەوە: سیروان حەدداد

## ژیانم پڕ لە ڕەنجەو نامرادی ------ بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی



**کەماڵ حەسەن پوور**

ئەوڕۆ ساڵرۆژی کۆچی دوایی خاتوو فاتم حەدداده. ناوبراو کە بریندارى بۆمبارانى شیمیایی سەردەشت بوو لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. وەک یاد کردنەوە لێرە بیرەوەرییەکی ناوبراو دەگێڕمەوە کە ڕەنگبێ زۆر کەس نەیبیستبێ.

ماڵی حاجی مینەی حەدداد کە نزیک سەرچاوەی سەردەشتییە لە سەرەتای ساڵەکانی شەستی کۆچیی هەتاوی تەنیا فاتم و دوو یادگارەکەی خوالێخۆشبوو کاکە محەممەدی حەدداد واتە سیروان و نیروان تێیدا دەژیان چونکە ئەوانی دیکە هەموویان ببوونە پێشمەرگە و لەدەرەوە بوون.

خاتوو فاتم گێڕایەوە کە ڕۆژێک لە دەرگای ماڵەکەی دەدەن. کاتێک دەرگا دەکاتەوە دەبینێ کە جاش و پاسدار لە پشت دەرگا ڕاوەستاوەن. لێیان دەپرسێ چییان دەوێ؟ پاسداری فەرماندە دەڵێ دەوڵەت بڕیاری داوە کە ماڵەکەتان دەستی بەسەر دا گیرێ و دەبێ هەر ئێستا ئەو ماڵە چۆل بکەن.

خاتوو فاتم هەوڵ دەدا پێش بە هاتنە ژووریان بگرێ بەڵام ئەوان بە زۆر دێنە ناو حەوشە و هەوڵ دەدەن شتومەکی ماڵەکەی فڕێدەن بۆ سەر خیابان. هاتوهاوار درووست دەبێ و لەو بێنە و بگرەدا خوالێخۆشبوو فاتم هێرش دەکاتە سەر

جاشێک و بە جنێودان شەقێک لە جاشەکە دەدا.

**کابرای پاسدار فاتم جیا دەکاتەوە و لێی دەپرسێ:** خوشکێ فەرماندەی ئەو دەستەیە منم، بۆ جنێو بەو برادەرە پێشمەرگە موسڵمانە دەدەی و لێی دەدەی؟

**ئەویش لە جوابدا دەڵێ:** تۆ دوژمنی منی. هەرچی دەرحەقی ئێمە بیکەی پێم سەیر نییە. بەڵام ئەو بێ شەرەفە هاوزمان و هاوشاری منە، ئەگەر ئەو وەپێش تۆ نەکەوێ و نەبێتە چاوساغت تۆ کە لە کرمان و ئیسفەهان ڕا هاتووی چووزانی من کێم؟

**کابرای پاسدار لە جوابدا دەڵێ:** خوشکێ نیگەران مەبە، ڕۆژێک دادێ ئێمە بۆخۆمان ئەوانە لە پەنا دیوارەکان ڕیز دەکەین و گوللەبارانیان دەکەین.

**ماوەیەک دواتر دەردەکەوێ کە کابرای پاسدار خۆی ئەندامی موجاهیدینی خەلق بووە**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## کورتەیەک لە ژیانی محەممەد حەدداد




کاک محەممەد حەدداد کوڕی چوارەمی حاجی مینە حەدداد ناسراو بە وەستا مینەی ئاسنگەر ڕۆژی ٢٦ی بەفرانباری ١٣٢٣ی هەتاوی ( ١٥ی ژانویەی ١٩٤٤ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی پێشمەرگە پەروەر و حیزب خۆشەویستی شاری سەردەشت لە دایک بووە.

بنەماڵەکەی، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شار ناو نووسیان کرد هەتا هەم لەگەڵ دنیایی عیلم و زانست ئاشنا بێ و هەم بتوانێ دوارۆژی ژیانی دەستەبەر بکات. کاک محەممەد سەرەڕای خوێندن شان بە شانی باوک و براکانی کە دوکانی ئاسنگەریان هەبوو بۆ بژیوی ژیانی بنەماڵەکەیان دەستی دایە کاری تاقەت پروکێنی ئاسنگەری و بێ کەمتەرخەمی و ماندووی نەناسانە تێکۆشا. پاش تەواو بوونی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و تەواو کردنی سەربازی و چەند ساڵ کار کردن لە دووکانی ئاسنگەری، کاک محەممەد لە ئیدارە پۆستە (مخابرات) دامەزرا و لەخزمەت بە هاونیشتمانانی زۆر دڵسۆزانە ئەرکی پێ ئەسپێدراوی بە جوانی و ڕێک و پێکی بەجێ دەگەیاند.

### مەرگی ناوەخت

لەم کاتەوە مرۆڤ هەیە مەرگ بۆسەی بۆ هەمووومان داناوە و ڕۆژێک ئێمەش دەبێ ماڵئاوایی لە ژیان بکەین، بەڵام زۆرجار ڕووداوی وا کتۆپڕ و دڵتەزین ڕوو دەدەن کە هیچ کەس چاوەڕوانیان ناکات یان لەوانیە هەر بیریشیان لێ نەکاتەوە. بەڵێ

مەرگی ناوەخت بەرۆکی کاک محەممەدی گرت. مەرگێکی ناوەخت باوەڕکردنی هەروا ئاسان نیە. هەواڵی مەرگی بە شاردا بڵاو بۆووە و شار هەژا. دۆست و ئاشنا و کەس و کار بە شین و گریان لە حەسار و کۆڵانی دەوری ماڵەکەیان ئاپۆرەیان بەست و لاوان و خەمخۆران بە هەڵەداوان ڕێگای تەنیا نەخۆشخانە کە لە باشووری شار هەڵکەوتبوو گرتە بەر. شار شڵەژابوو، لاوان و گەورە و چووکی شار تەمی خەمیان لە سەر نیشت بوو. ئەو ساڵانە مەرگی کەسانی لاو، ئەوانەی بە مەرگی ناوەخت بەجێیان دەهێشتین بە ساڵ خەڵکی تازیە بار دەکرد. ئەو ساڵانە مەرگ کە دەهات هەمووان لێک کۆ دەبوونەوە شانیان وەبەر خەمەکان دەنا. مەرگی کاک محەممەدی لاو کۆستێکی گەورە بوو بۆ خێزانی و کورە تاقانەکەی سیروان کە ئەو کات نەیدەزانی مەرگ چیە. بەڵێ کۆستێکی گەورە بوو بۆ دایک و باوک و براکان و خوشکەکان و بە گشتی بۆ تایفەکەیان.

## ڕووداوەکە بەم جۆرە بوو

کاک محەممەد دەگەڵ شەهید حوسێن شەمامی بۆ گەشت بە سواری ماتۆر دەچنە گوندی بێواران و لە گەڕانەوە بۆ سەردەشت کە لە پشت نەمر حوسێن سوار ببوو دەکەویتە خوارەوە و بە بێهوشی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەردەشت دەکرێ و ١٨ ڕۆژ لە کۆمادا بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ دەکا و هەوڵ و تەقەلای دوکتورەکان بۆ چارەسەر بێ ئاکام دەبێ و بەداخەوە ڕۆژی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٥٥ی (٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٦ی زایینی) ماڵئاوایی یەکجاری لە کەس و کار، دۆست و ئاشنایان دەکا. ئەم مەرگە بە ڕادەیەک سەخت و دڵتەزین بوو کە نە خەڵکی سەردەشت و نە بنەماڵەکەی بۆیان قبووڵ نەدەکرا بەڵام ئەوە ڕاستییەکی تاڵ بوو دەبوو هەموو لایەک قەبوولی بکەن.

ناشتنی تەرمی کاک محەممەد لە نێو خەم و پەژارەی بنەماڵە و بە بەشداری کۆمەڵانی خەڵکی سەردەشت لە ڕێوڕەسمێکی گەورە لە گۆرستانی ئەم شارە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. لە ماوەی سێ شەو و ڕۆژ بە ڕەسمی سەرەخۆشی لە مزگەوت و لە ماڵێ، خەڵک دەستە دەستە بۆ پرسە و هاوخەمی و هاودڵی بەشداریان دەکرد. بێگۆمان لەدەست دانی ئەم ئازێزە بۆ بنەماڵەکەی ئەوەندە دژوار بوو کە بە هیچ شتێک قەرەبوو نەدەکرایەوە بەڵام سەردان و هاوخەمی خەڵک تاڕادەیەک شوێنی لەسەر کەم کردنەوەی ئەم خەم و کۆستە کردەوە. لە دەست دانی کاک محەممەد لە کاتێکدا بوو زیندە یاد کاک کەریم کە لە دوای ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی هەڵوەدای ئەو دیو ببوو بۆ بنەماڵە کۆستێکی گەورە بوو. کاکە محەممەد لە دوای قاچاخ بوونی کاک کەریم سەرەڕای ئەوەی دەبوو خۆی پێبگەیێنێ شانی وەبەر سەختییەکانی دوای ڕۆشتنی کاک کەریم دا. ئاخر ئەوان هەم بنەماڵەیەکی بە حەشیمەت بوون هەم زۆربەیان منداڵ و لە تەمەنی لاویدا بوون و پێویستیان بە چاوەدێری هەبوو. بوونی براکان و بوونی کاک محەممەد و بوونی ژنە فیداکارەکانی بنەماڵەکە هەتا ڕادەیەک دژوارییەکانی ژیانی ئاسانتر کردبوو و بە لە دەستدانی کاک محەممەد ئەوان دەبوو تەحەمولی سەختییەکانی ژیان

بکەینەوە.

## کەسایەتی و چالاکی سیاسی

کاک محەممەد کەسێکی خۆشناو و نیشتمان دۆست و خەمخۆری خەڵک و خوازیاری کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە بۆ گەلەکەی بوو. بە هۆی تێکەڵاوی بنەماڵەکەی بەتایبەت برا گەورەکان و خاڵەکانی خۆی لە بیرو باوەر و سیاستەکانی حیزبی دێموکرات دا دەبینێتەوە و دەبێتە ئەندامی حیزب و چالاکانە هەڵدەسووڕا و کار و ئەرکی حیزبیان رادەپەڕاند. کاک محەممەد بەوەشەوە نەوەستاو هاوکارییەکی زۆری بە جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی باشووری کوردستان کرد. لە ڕێی داواکردن لە کەسایەتیە کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و خۆشناوەکانی سەردەشت بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی و جل و بەرگ و ناردنی بۆ شۆڕشی ئەو کاتی باشووری کوردستان، بەو شێوە ئەرکی نیشتمانی خۆی بەجێ دەگەیاند.

کاک محەممەد لە بنەماڵەدا خۆشەویست و بڕواپێکراو بوو. ئەو کەسێکی خاوەن نەزەر و خاوەن هەڵویست بوو، هەروەها هەڵسوکەوتێکی باش و هاوڕێیانە لەگەڵ هەموو ئەندامانی بنەماڵە و خزم و دۆست و ئاشنایان هەبوو. هەر بۆیە جێی ڕێز و خۆشەویستی و متمانەی گشت لایەک بوو. لە دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوەکان گەرم و گوڕ، قسە خۆش و دەم بە پێکەنین بوو. ئەو کەسێکی لەخۆبایی و رووح زڵ نەبوو و دۆست و لایەنگری خەڵکی فەقیر و هەژار بوو. هەر بۆیە لە لایەن خەڵکی سەردەشت و بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە نێزیکەوە دەیانناسی جێگای ڕێز حورمەت و خۆشەویستی هەموان بوو.


شایانی باسە کاک محەممەد خاوەنی چوار برا بەناوەکانی بەرێزان کاک کەریم، کاک حەسەن، حاجی حوسێن و کاک لەتیف و دوو خوشک بە ناوەکانی خاتوو نوقڵێ و خاتوو فاتمە بوو. دادە فاتمە بەداخەوە بەهۆی شیمیابارانی سەردەشت لەلایەن رێژیمی فاشیستی سەددام حوسێن بە گازی شیمیای زامادار و ماوەیەکی درێژ لەگەڵ درد و ئازاری ئەم رووداوە بەربەرکانی کرد، رۆژی ٩ی بەفرانباری ١٣٨٢ بەرامبەر بە ٢٨ی فێبریوێری ٢٠٠٤ ماڵئاوایی یەکجاری لێ کردین و بەجێ هێشتین. رووحی شاد.

بەداخەوە ئەم ساڵ دوو برای کاک محەممەد، کاک کەریم و حاجی حوسێن حەدداد دوو تێکۆشەر و ناسراوی دێموکرات دوای تەمەنێکی پڕ لەشانازی و خەبات و بەرخۆدان بەهۆی نەخۆشی لە هەندەران ئاوات و ئارزووەکانیان بردە ژێرگڵ. رووحیان شادبێت.

ئێستا تەنیا کاک لەتیف و نوقلێ خوشکیان لە ژیان دا داماون.

برای بچوکی ئەم بنەماڵە ئازیزە کاک لەتیف حەدداد ئەویش وەک هەموو بنەماڵەکەی هەرچێ لە تواناو لەدەستی هات دەرحەق بە گەل و نیشتمانەکەی کردی و ئەرکی سەرشانی خۆی رووسوورانە و ئەمەگ ناسانە بەرێوە برد. ئەویش وەک زۆربەی تێکۆشەرانی دێموکڕات داسەپاوانە پەراوێزی هەندەران بوو و ئێستا لەگەڵ بنەماڵەکەی لە وڵاتی سوئید نیشتەجین. هەر ساخ و تەمەن درێژ بێت.

کاک محەممەد لەگەڵ رابی شێخی هاوسەرگیری کردبوو و خاوەن کوڕێکە بەناوی کاک سیروان و هیوادارین لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا سەرکەوتوو بن.



**تێبینی:** شەهید حوسێن شەمامی ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی بەرامبەر ٦ی ئەپریلی ١٩٨٤ی زایینی لە نێوان چوالان و دۆڵەتوو لە خاڵەباد لەگەڵ فەقێ عەولا و شەش پێشمەرگەی تردا شەهید بوو.

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەیارمەتی لەتیف حەدداد و پێداچوونەوەی: شاهۆ حەسەن پوور

# کۆچی دوایی کادری پێشووی دێموکرات و یەکێک لە زامدارانی شیمیایی شاری سەردەشت
# کاک ڕەحمان حەدداد



کاک ڕەحمان حەدداد حاجی عەبدوڵڵا حەدداد لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی(١٩٤١ی زایینی) لە شاری سەردەشت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی دیار و خۆشناو لە دایک بووە، لە ئامێزی گەرمی بنەماڵەدا تەمەنی منداڵی بریوە و وەک زۆربەی منداڵانی هاوتەمەنی خۆی لە ئیمکاناتی کەمی شار کەڵکی وەرگرتووە و لە لایەن بنەماڵەوە بۆ خوێندن نێردراوەتە قوتابخانە و توانیویەتی چەند پۆل درێژە بە خوێندن بدات و دواتر لەگەڵ گەورە بوونی شانی وەبەر کارو کاسبی داوە و ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و خەریکی ژیانی ئاسایی خۆی بووە. کاک ڕەحمان مرۆڤێکی دەستگر و دڵفراوان بوو و هەموو کات یارمەتی بە کەسانی هەژار کردووە و تا توانیویەتی دەستی نەدارانی گرتووە. کەسێکی مشوورخۆر و قسەخۆش و جێ باوەری خەڵکی شار و ناوچە بوو.

لەگەڵ ڕاپەڕینی شۆڕشی گەلانی ئێران وێرای ئەندامانی بنەماڵەکەی دێتە سەر شەقام و بەگژ دام و دەزگا و هێزی شاهەنشاهی دا دەچێتەوە و لە هەموو خۆپێشاندان و مانگرتنەکان دا بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە بەشداری دەکات.

دوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی و خۆسەپاندنی کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکی ئێران دا و ئاشکرابوونی حیزبی دێموکرات ناوبراو دەبێتە ئەندام و دواتر دەبێتە یەکێک لە هەڵسووڕاوانی دیاری حیزب. دوابەدوای گیرانەوەی شاری



سەرچاوە Serchawe

سەردەشت کاک ڕەحمان بە بنەماڵەوە ڕێگای شاخ دەگرێتەبەر و چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە هێزی موعینی پێشوو دەکاتە شان و وەک پێشمەرگە و کادری کۆمیتە شارستانی سەردەشت کاری پێشمەرگایەتی خۆی دەباتە سەر و تا ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاوی وەک پێشمەرگە دەمێنێتەوە و دواتر لە تەنیشت بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە تاراوگەیی دا ژیان دەباتە سەر و ژیانێکی سەخت و دژوار تەحەموول دەکات. ڕژێم هەموو خانوو و دوکان و ملکی کاک ڕەحمان زەوت دەکا و دەستیان بەسەر دا دەگرێ و خانووەکەی دەکەن بە پایەگای خۆیان. کاک ڕەحمان بە بێ گوێدان بەو زەوت کردنە لەگەڵ بنەماڵەکەی تا ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی لە تاراوگەدا ژیان دەبەنە سەر و وەک شۆڕشگێر و تێکۆشەر سەختی‌یەکانی ژیان بە دڵ و بە گیان تەحەموول دەکەن و دواتر بە هۆی ئەوە منداڵەکانی بچووک دەبن بە ناچار دەگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و لە شاری سەردەشت نیشتەجێ دەبێ. ناوبراو لە ٧ ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ ی هەتاوی وەک زۆربەی خەڵکی شاری سەردەشت زامداری شیمیایی دەبێ و ئەو زامەش تا کاتی کۆچی دوایی هەروا لەگەڵی بوو و زۆرجار تووشی تەنگە نەفەسی و ناراحەتی سیپلەک دەبوو.

دوای ئەو کارەساتە بنەماڵەی کاک ڕەحمان ماڵیان بار دەکەن و لە شاری ورمێ نیشتەجێ دەبن و خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیان دەبن. کاک ڕەحمان لەو ماوەیەش دا هەمیشە خەمخۆری گەلەکەی بووە و ماڵەکەی جێگای میوان و ڕێبوارانی شاری سەردەشت بووە و بەردەوام ئەو کەسانەی نەخۆش دەبوون و یا ڕێگایان دەکەوتە شاری ورمێ کاک ڕەحمان خزمەتی پێدەکردن و یارمەتی دەدان و لە خۆشی و ناخۆشی‌یەکانی خەڵکی دا بە دڵەوە بەشداری دەکرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ - ١٢ - ٢٠١٣ کاک ڕەحمان حەدداد خەڵکی شاری سەردەشت لە شاری ورمێ لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

بنەماڵەی بەڕێزی فایەق حەدداد کوڕی خوالێخۆشبوو کاک ڕەحمان حەدداد لە شاری فردریکستاد کۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشی بۆ ئازیزی لە دەستچووی لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ - ١٢ - ٢٠١٣ پێک دەهێنێ.

بنەماڵەی بەڕێزی کاک کەریم حەدداد و شەیدا، ماریا، ئەدیب و ئاریا منداڵەکانی خوالێخۆشبوو کاک ڕەحمان حەدداد لە شاری ڤێستروس کۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشی بۆ ئازیزی لە دەستچوویان لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ ـ ١٢ ـ ٢٠١٣ لە ئادرەسی خوارەوە پێک دەهێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە Serchawe

## سوپاس و پێزانینی بنەماڵەی حەدداد سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک ڕەحمان حەدداد

هەروەک ئاگادار بوون کاک ڕەحمان حەدداد وەک کەسێکی خۆشەویستی بنەماڵەکەمان بەداخەوە بە هۆی ڕاوەستانی دڵ لە حەوتووی ڕابردوو دا کۆچی دوایی کرد و ئەو کۆچەش بوو بە هۆی ئەوە کە هەموو

**ئەندامانی بنەماڵەکەمان خەمبار و بەپەرۆش بین بۆ لەدەستدانی کاکە ڕەحمان.**

دوای بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە، دۆستان و ئاشنایان و خزمان و ئەندامانی بنەماڵەکەمان و بە تایبەت خەڵکی شاری سەردەشت و دەوربەری بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕێگای ئیمیل، فەیسبووک، تەلەفوون و هەروەها بە سەردان لە کۆری پرسە و سەرەخۆشی و بە خاکسپاردنی کاکە ڕەحمان دا لە کوردستان و سوئێد و نۆرویژ بە گەرمی بەشداریان کرد. شەپۆلی هاوخەمی و هاودەردی بە ڕادەیەک زۆر بوو کە باری قورسی لە دەستدانی کاکە ڕەحمانیان لەگەڵ بەش کردین و نەیان هێشت ئەم کۆستە گەورە بە تەنیا لە سەر شانی ئێمە بێ.

ئێمە وەک بنەماڵەی حەدداد بە گشتی ڕێز و سوپاسی خۆمان بۆ هەموو ئەو کەسانە دەر دەبڕین کە هەر لەیەکەم چرکەکانەوە تا کۆتایی لەگەڵمان بوون، هەر بۆیە لە ناخی دڵمانەوە ڕێز و قەدرزانی خۆمان بۆ گشت لایەک دەردەبڕین و ئاواتەخوازین کە ئێمە لە شادی و خۆشی ئێوە ئازیزان دا بەشداری بکەین و ئێوەی ئازیز تەمەن درێژ بن.

لەگەڵ ڕێز و وەفا و خۆشەویستی

بنەماڵەی حەدداد

گیارەنگ



سەرچاوە Serchawe

**تێبینی، ئامادە کار:**

**﹡ کاک ڕەحمان حەدداد:** دوو جار هاوسەرگیری کردبوو یەکەمیان لە گەڵ خاتوو فاتم مەعرووف زادە. بەرهەمی ژیانیان ٢ منداڵە: کچێک بە ناوی خاتوو کوبرا، کوڕێک بەناوی بەرێز فایەق حەددادە، کاک فایق بە ماڵەوە لە وڵاتی نۆرویژ دەژی.

**﹡ هاوسەری دووهەم:** کچە مامی خۆی خاتوو نۆقلی حەدداد، لەم خاتوونەش خاوەنی ٦ منداڵە:
**چوار کچ بە ناوەکانی:** خاتوو موژدە، شەیدا، شادی، ماریا،
**دوو کوڕ بە ناوەکانی:** بەرێز ئەدیب و ئاریا حەدداد.

**﹡ کاک ڕەحمان حەددا خاوەن:** چوار برا بە ناوەکانی: کاک سالح، مستەفا، ئەحمەد، و محەممەد حەددادە. کوڕی حاجی عەبدوڵڵا حەدداد براگەورەی حاجی حەمەدەمین(مینەی کوری)حەددادە.

**﹡ کاک ڕەحمان حەدداد ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣ی زایینی بەهۆی نەخۆشی لەتەمەنی ٧٢ ساڵێدا لەشاری ورمێ لەرۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.**



سەرچاوە Serchawe

# بنەماڵەی سەربەرزی حەسەن پوور

## ژیاننامەی حاجی برایم حەسەن پوور




**کەماڵ حەسەن پوور**

ئیبراهیم حەسەنپوور ناسراو بە حاجی برایمی مام ئۆمەری لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچیی هەتاوی(١٩١٦ی زایینی) لە دایک بووە. ئەو یەکەم منداڵی مام ئۆمەر و نەنە ئایشێ بوو. بە هۆی ئەوەی کە تا کلاسی شەشی سەرەتایی ئەوکات خوێندبووی، دایکی پێی دەگوت میرزا برایم. مام حاجی برایمم ماوەیەکی زۆر کاری بەننایی دەکرد بەڵام چونکە لە کن وەستا چراغ (کابرایەکی ئازەری خەڵکی تەورێز کە پەڕیوەی سەردەشت ببوو) فێری تەنەکەسازی ببوو هەر بۆیە لە کۆتاییەکانی چلەکانەوە دووکانی تەنەکەسازی هەبوو. مامم جگە لە زمانی تورکی ئازەری، زمانی تورکی ئیستامبوڵیشی باش دەزانی. مرۆڤێکی بێدەنگ و ئایینداربوو. لە سەردەمی لاوەتی ببوە پێشمەرگەی دێموکرات بەڵام پێش ڕاگەیاندنی کۆمار چەک دادەنێ و دچێتە قەڵادزێ. حاجی برایم لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی (٢٠٠١ی زایینی) کۆچی دوایی کرد.

### وەستا قادرکوڕە گەوەرەی ئاوا باسی چوونیان بۆ قەڵادزێ دەکا:

بابم پێشمەرگەی دێموکڕات بوو، پێش ڕاگەیاندنی کۆمار دەچێ بۆ سابڵاغ تا یارمەتی خۆی و ۳ پێشمەرگەی دیکە وەرگرێ. کاتێک کە دەچێتە شوێنی دیاریکراو، پێشمەرگەیەکی سابڵاغی لە پێش بابم یارمەتی خۆی و کەسێکی دیکە وەردەگرێ. کاتێک بابم یارمەتییەکە وەردەگرێ دەبینێ کە ئەو یارمەتییەی دراوە بەو (کە هی چوار کەس دەبێ) هەر بەقەد ئی ئەو کابرایەیە کە تاوێک پێش ئەو یارمەتی دوو کەسانی وەرگرت. بابم بەو کەسەی کە پووڵەکەی داوەتێ دەڵێ: ئەو کابرایەی پێش من گوتی هاتووم بۆ وەرگرتنی یارمەتی دوو کەس، گەرچی بەقەد منت پووڵ دایە.

**کابرا لە جوابدا دەڵێ: جا ئەنگۆ ئەگەر ناڕازین بچنەوە کن عەجەمەکانی خۆتان.**

بابم بەو قسە دڵی هێشابوو و قەڵس بوو، ئەوکات ئێمەماڵمان لە مارەغانی بوو. کاتێک بابم هاتەوە بۆ ماوەیەک زۆرتر لە ماڵێ بوو و کەم دەچوو دەرەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا ئەحمەدی سۆفی کەریم کە ئەویش پێشمەرگە بوو لە بابی ڕا وەڵامی پێ گەیشتبوو کە: "ئێمە ئەوە لە برسان دەمرین. عەلی برات ڕۆیشتووە بۆ بێژۆێ و لەوێ پینەچییەتی دەکا و هیچ بۆ ئێمە نانێرێتەوە، تۆش کە پێشمەرگەی. ئەگەر شتێکمان بۆ پەیدا نەکەی بە خۆم و بە سێ کچانەوە لە ژوورێدا لە برسان دەمرین."

ئەحمەد دەچێتە بێژۆێ بۆ ماڵی حاجی حوسێن کە خاڵی بوو، تفەنگەکەی لەوێ دادەنێ و دەڵێ دەچمە قەڵادزێ و لەوێ مانگێک کار دەکەم. ئەو کات هێشتا فێری بەننایی نەببوو و وەک بەردەست کاری دەکرد. لەوێ ماوەیەک گەڕابوو بەڵام کاری دەست نەکەوتبوو. دوای ماوەیەک پێی دەڵێن کە باپیری بابەکر ئاغای لە بەغدا نەخشەی خانووبەرەی هێناوە و لە کەسێک دەگەڕێ کە خانووەکەی بۆ درووست بکا. ئەحمەد دەچێ بۆ لای باپیری بابەکر ئاغا و ئەویش نەخشەکەی پێ نیشاندابوو بەڵام ئەو هیچی لێ حاڵی نەببوو و گوتبووی کە من ڕەفیقێکم هەیە لە سەردەشت. شتێکم وەک بەعی بدەیە، منیش دەچمەوە ئێران و قسەی لەگەڵ دەکەم. ئەگەر لەگەڵم هات، پێکەوە دێینەوە و خانوەکەت بۆ درووست دەکەین دەنا کەسێکی دیکە دەبینمەوە و ئەگەر کەسیشم بۆ نەدیتراوە، پووڵەکەت دەدەمەوە.

باپیر ئاغا ۱۵ دینار دەدا بە ئەحمەدی سۆفی کەریمی و ئەویش ملی ڕێگایە دەگرێ بەرەو سەردەشت. کاتێک هاتەوە سەروبەندی ئەوە بوو کە حکومەت پێکبێنن بۆیە داوایان لە پێشمەرگەکان کردبوو کە جلوبەرگی فەرمیی لەبەر بکەن. کاتێک ئەحمەدی سۆفی کەریمی باسی داوای باپیرئاغای بۆ بابم کرد، بابم ڕازی بوو و گوتی دەچم تفەنگەکەم تەحویل دەدەمەوە و لەگەڵت دێم بۆ قەڵادزێ.

مام سەعیدم لە ماڵی ئێمە بوو و کاتێک کە ئەوەی بیست گوتی: کاکە چۆن تفەنگی تەحویل دەدەیەوە، من بۆخۆم تفەنگەکە هەڵدەگرم و دەچمە سابڵاغ. فەتاحی حاجی غولام و حاجی سەید رەسوڵ لەناو هێزی پێشمەرگەدا بەرپرس بوون. ئەوان ئاگاداری ئەو مەسەلە بوون، بۆیە مام سەعیدیان لە جێی بابم دانا.

باپیری بابەکر ئاغا ١٥ دیناری وەک پێشەکی دابوو بە ئەحمەدی سۆفی کەریمی، ئەویش ٥ دیناری بۆخۆی هەڵگرتبوو و ١٠ دیناریشی دابوو بە بابم. ئێمە ماڵمان کۆ کردەوە و شتومەکی ماڵێ و ئی دووکانێ بوونە باری دوو وڵاغان، دایکم و حەمەڕەسوڵ سواری یەکێک لە بارەکان بوون و منیشیان لە نێو بارێکی هاویشتبوو لە سەر پشتی وڵاغەکەی دیکە.

ئێمە بەرەو قەڵادزێ وەڕێ کەوتین، لە کێلێ تووشی پیاوێک بووین کە مەحموودە ڕەشیان پێ دەگوت کە بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵمان هەبوو. ئەو زۆر لە بابم پاڕاوە و گوتی: کاکە ئەو ژن و منداڵانە مەبە بۆ گەرمێنێ، بەرگەی ئەوێ ناگرن. لێرەیان بەجێ بێڵە با لە ماڵی ئێمە بن. پاییزێ کە گەڕایەوە لێرە لادە و لەگەڵ خۆت بیانبەوە سەردەشتێ.

بابم پرسی بە دایکم کرد بەڵام دایکم گوتی وەڵڵا ئەگەر جەهەندەمیش بێ میرزا برایمی بەجێ ناهێڵم. سەفەرەکامان درێژە پێدا تا گەیشتینە گردە سپییان، لەوێ لە پەنای ماڵی باپیر ئاغا ماڵێکی لێبوو. داوای لێکردن تا ژوورێکمان بۆ چۆڵ بکەن. کە ژوورەکەیان بۆ چۆڵ کردین، چووین دەوێوە. ئێمە نزیکەی ٧-٦ مانگ لەوێ بووین تا بابم ماڵەکەی درووست کرد، گەچخاکی کرد، دیوار و سەربانی سواغ کردن و دەرکە و پەنجەرەی تێخستن. دوایە ماڵمان چوو بۆ قەڵادزێ، کە چووینە قەڵادزێ زستان بەسەر داهات. پێموابێ هاوین بوو کە دایکم منداڵێکی بوو و نەخۆش کەوت. وەبیرم دێ نزیکەی مانگێک نەخۆش بوو. لەو سەروبەندەدا کۆمار تێکچوو.

کاتێک کە کۆمار تێکچوو ساڵە جوجکە بە بنەماڵەوە هاتە قەڵادزێ و هاتنە ئەو ماڵەی کە ئێمە کرێگرتەیان بووین. ماڵی ئێمە و ماڵی مام ساڵەی بوونە جیران. ژنی مام ساڵە کچێکی بوو و ڕۆژێک مام ساڵە لە سەر شتێکی لە ژنەکەی تووڕە بوو، ئەویش ڕۆیشت و منداڵەکەی بەسەر دایکم دا بەجێ هێشت، دوای دوو ڕۆژان دایکم بە مام ساڵەی گوت: "بابم بچۆ ئەو ژنەت بێنەوە، خوا هەڵناگرێ من بەو نەخۆشییەوە دوو منداڵی خۆم و منداڵێکی تۆم پێ بەخێو نابێ."

زۆری پێ نەچوو دایکم کۆچی دوایی کرد. پازدە بیست ڕۆژ دوای کۆچی دوایی دایکم، مام عەلی هات و بە بابمی گوت: دایکم ناردوومی تا حەمەڕەسوڵی ببەمەوە سەردەشتێ. گوتوویەتی ئەگەر بۆخۆشیان نایەنەوە حەمەڕەسوڵم بۆ بنێرنەوە. بابیشم حەمەڕەسوڵی بە مامم دا ناردەوە سەردەشتێ.



سەرچاوە
Serchawe

دوای کۆچی دوایی دایکم تا پێنج شەش مانگی دیکەش لەو ماڵەدا ماینەوە. پاشان سێ چوار ساڵ بەو شێوەیە ژیانمان بردە سەر. ئێمە چەند جار ماڵمان گواستەوە. لەو ماوەیەدا هەر من و بابم پێکەوە بووین. تا ژنی دووهەمی هێنا. دوای ویش چوار پێنج ساڵان لە قەڵادزێ ماینەوە. بە گشتی نزیکەی دە ساڵ لە قەڵادزێ ماینەوە. لەو ماوەیەدا دایکم دوو منداڵی بوون، کوڕێک و کچێک. کوڕەکە ناوی خالید بوو و کچەکەش ناوی مەلیحە بوو بەڵام هەردووکیان مردن. دوایە بابم چوو بۆ کۆنسولگەریی ئێران لە سلێمانی و گوتی دەیهەوێ بگەڕێتەوە ئێران. هەڵبەت پێشدا قسەی لەگەڵ دایکم کردبوو و ئەویش ڕازی ببوو کە بگەڕێینەوە ئێران. لە سلێمانی سجیلی ئێرانی بۆ وەرگرت و پاشان من و دایکمی ناردەوە سەردەشت. ئێمە کە هاتینەوە سەردەشت، بابم تا پاییزێ لە قەڵادزێ کاری کرد و پاشان هاتەوە.

ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە و ڕەوانە کراوە.

**تێبینی؛ ئامادە کار:**

⁕ **جاجی برایم حەسەن پوور:** دوو جار هاوسەرگیری کردوە هاوسەری یەکەم بەناوی **ئایشێ مام ڕەحمانی حاجی برایمی** و بەرهەمی ژیانیان دوو کوڕ بەناوەکانی بەڕێز قادر حەسەن پوور کە لە ژیاندا ماوە و لەشاری سەردشت نێشتەجێ یە. کاک حەمەرەسووڵ حەسەن پوور کەسایەتی خۆشناو و ناسراوی ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەداخەوە ساڵی ۲۰۱۷ی زایینی لە باشووری کوردستان ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان کرد.

**هاوسەری دووهەم خاتوو فاتم ی وەستا عەزیزی نانەوا سلێمانی** یە خاوەن کچێک بە ناوی: خاتوو مەلیحە، و سێ کوڕ: بە ناوەکانی کاک دڵشاد، یوسف، و کۆچکردوو مستەفا حەسەن پوورە.

## کورتەیەک لە ژیانی محەممەد ئەمین حەسەنپوور




ئاوات حەسەن پوور

محەممەد ئەمین حەسەنپوور ناسراو بە حەمەدەمینی مام ئۆمەری ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی(١٩٢١ی زایینی) لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیکی مام ناوەندی لە دایک بووە. باوکی ناوی مام ئۆمەر و دایکی ناوی ئایشێ بووە. مام ئۆمەر لە بەر ئەوەی کاری بازرگانی کردوە زۆر سەفەری دەرەوەی وەک عێراق و شام(سوریە)کردوە. زۆر جاران بۆ کاری بازرگانی چۆتە خورەم شار کە بە عەرەبی ناوی موعەمەرە بووە و ئەو ناوە لە ناو کوردانیش باو بووە. حەمەدەمینی مام ئۆمەری بە پێی هەل و مەرجی ئەو کات کە قوتابخانە کەم بوون یا خود هەر نەبوون مەجالی خوێندنی بۆ نەرەخساوە و وەک زۆربەی منداڵانی ئەو کات هەر لە مێرمنداڵی دەستی بە کار کردووە و بە کرێکاری و شاگرد خەیاتی درێژەی بە تێکۆشان بۆ بژیوی بنەماڵە کردوە هەتا بۆ خۆی دەبێتە وەستای خەیات. بەمەبەستی بژیوی ژیان لە زۆربەی گوندەکانی ناوچەی سەردەشت کاری خەیاتی و لێفەدرونی کردووە وزۆر لەو گوندانەدا گەراوە. هەر لەو کاتانەدا کە هەلی بۆ رەخساوە شەوانە بە پێی ئیمکانی ئەو کاتی خوێندن لە مەدرەسەی گەورە ساڵان (مەدرسەی ئەکابیر) فێری نووسین و خوێندن بووە. ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی(١٩٤١ی زایینی) کە حوکومەتی رەزاشا تێک دەچی و بۆشاییک پەیدا دەبێ، خەڵکی شار و عەشایر هێرش دەکەنە سەر پادگان و سەربازگەکان و چەک و چۆڵی پادگان دەکەوێتە دەستی خەڵک و عەشایرەکان، کە بنەماڵەی ناوبراویش بە هۆی شارەزایی وەستا برایمی، برای لە چەک و چۆڵ کە ئەو کات سەربازی کردبوو چەک و تەقەمەنێکی باش دەکەوێتە دەستیان کە لە

دوایی دا بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵکی شارو تاڵان نەکردن بەکاریان هێناوە و پارێزگاریان لە شارەکەیان کردوە.

خوالێخۆشبوو کە ئەو کات گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بووە، یەکێک لەو کەسانە بووە کە هاوڕێ لەگەڵ کەسانی دیکە شەوانە بە چەکەوە بۆ پاراستن و دەست درێژی خەلکی ناحەز و عەشایر بە گەڕەکەکاندا گەڕاون و شەونوخونیان کردۆتە پیشە. هەر ئەو ڕوداوانە بوونە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٩٤٥ی زایینی) هاوڕێ لەگەڵ دوو برای بە ناوەکانی برایم حەسەنپوور و سەعید حەسەنپوور و هەروەها ئامۆزاییێکی بە ناوی حەسەن حەکیمزادە چوونە مەهاباد و بە چەکی خۆیان پاریزگاریان لە کۆمار کردوە و شەرەفی پێشمەرگایەتیان پێ دراوە.

خوالێخۆشبوو هەتا کاتی ڕوخانی کۆمار پێشمەرگە بووە و لە ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت لە ژێر فەرماندەیی زێرۆ دا خزمەتی کردوە. دوای ڕوخانی کۆمار گەڕاوەتەوە سەردەشت و لە ترسی گرتن ماوەی دوو ساڵ لە باشوری کوردستان و گوندەکانی ناوچەی سەردەشت دوور لە چاوی حکوومەت کار و کاسبی کردووە و ژیانی بەسەر بردووە. لە هەمان کاتیش دا پەیوەندی بە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گرتۆتەوە و کاری حیزبی بە نهێنی دەست پێ کردۆتەوە. بۆ نمونە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی(١٩٥١ی زایینی) بۆ مائموریەتێکی حیزبی دەچێتە باشوری کوردستان و شاری کەرکوک و لە بەر جاسوسەکانی ئێران و بۆ شوێنە ونکە دەچێتە سلێمانی و لە وێشرا دەچێتە بیارە بۆ ماڵی شێخ عوسمان کە گۆیا بۆ زیارەت چووم. ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی(١٩٥١ی زایینی) ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ئێران پێکدێ کە بەم هۆیەوە لە ڕێفراندۆمی بە سەرۆک وەزیر بوونی دوکتۆر مەسەدیق دا چالاکی باشیان کردووە و هاوڕێ لەگەڵ هاورێکانی وەک حەمەی حاجی سەعید، غەفوری حاجی سەعید، سمایلی ئاغا تەها(ئەسماعیل زادە)،یۆسف سنەیی و کەریم حەدادی خوارزای و چەندین خەڵکی دیکە خەڵکیان هانداوە کە لە دژی حەمە ڕەزا شا ڕاوەستن و پشتیوانی لە دوکتور مەسەدیق بکەن. دوای ڕوخانی کابینەی دوکتور موسەدیق کار و چالاکیەکانی جارێکی دیکە بە نهێنی دەست پێکردۆتەوە و لەگەڵ شەهید ئەحمەد تۆفیق ڕاستەوخۆ کاری کردووە و ماڵەکەی بۆتە مەکۆی کۆبونەوەکانی هاورێیان و کادرە کۆنەکانی حیزب. کار و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات ئەوکات زۆرتر لەگەڵ حیزبی تودە بووە و بە یەکەوە هاوکارییان دەکرد هەر بۆیە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٦٠ی زایینی) کە ئەندامانی حیزبی تودە کەوتنە بەر پەلاماری ساواک و ژاندارمەکانی حەمە ڕەزاشا، ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دیموکراتیش بێ بەش نەبوون و لە سەردەشت و گوندەکانی ناوچەی سەردەشت وێرای ناوچە و شارەکانی دیکەی کوردستان سەدان کەس گیران و خرانە سیاچاڵەکانی ڕژێمی شا. خوالێخۆشبوو یەکێک بوو لەو کەسانە کە هاوڕێ لەگەڵ غەفور حاجی سەعید، یوسف سنەیی، ئیسماعیل ئیسماعیلزادە، حوسێن شافەعی کە ئەو کات لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو، مەلا خدر سارتکەیی، مام ڕۆستەمی بێوران و کورەکەی میرزا خدر، ئەمەر پاشا و چەندین کەسی دیکەی ناوچە دەگیرێن و ڕەوانەی تەورێز و تاران دەکرێن. خوالێخۆشبوو ماوەی پازدە ساڵی زیندانی بۆ دەبرنەوە کە پاش تێپەرکردنی ٣٠ مانگ واتە ٢ ساڵ

و نیو لە بەندیخانەکانی تەورێز و قزڵقەڵعە و قەسری قاجار لە تاران عەفووی بۆ دەردەچێ و ئازاد دەکرێ. بە هۆی متمانەی زۆری شەهید ئەحمەد تۆفیق بە ناوبراو دوای ئازاد بوونی لە بەندیخانە هەر زوو پەیوەندی پێوە دەگرێتەوە و جارێکی دیکە تێکۆشانی خۆی بە نهێنی دەست پێ دەکاتەوە. هەر بەردەوامی ئەو تێکۆشانە دەبێتە هۆی ئەوەی وەک نوێنەری نێوخۆی وڵات راستەوخۆ بەشداری کۆنگەرەی دووی حیزب بکات کە لە گوندی سونێ دەگیرێ. بە دوای ئەوەدا ئەرکی قورستر دەبێ و دەبێتە بەرپرسی حیزب لە شاری سەردەشت و دەست بە دروست کردنی شانە و شانەبەندی دەکات. دوای دروست بوونی ناکۆکی کادر و پێشمەرگەکانی دورە وڵات و پچرانی پەیوەندی بەشێک لەوان لەگەڵ حیزب ناوبراو پەیوەندی خۆی نەپچراندوە و هەتا ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی(١٩٦٧ی زایینی) راستەوخۆ لەگەڵ شەهیدان مەلا ئاوارە و کاک سولیمان موعینی هەر لە پەیوەندی دا بووە. بە دوای شەهید بوونی ئەو شەهیدانە بۆ پاراستنی گیانی ئەندامانی ناو شار بۆ ماوەیێەک پەیوەندی پچراندوە. بە دوای جوڵانەوەی ٤٦ و ١٣٤٧ و شەهید بوونی پۆلێک لە باشترین رۆڵەکانی گەلی کورد، خەڵکێکی بەرچاو دەربەدەری باشوری کوردستان بوون و یا کەوتنە چاڵە رەشەکانی رژێم. دورە پەرێزی خوالێخۆشبوو و هەروەها کاری زۆر بە نهێنی ناوبراو بوونە هۆی ئەوەی ئەندامان و کادرەکانی حیزب لە ناوچەی سەردەشت ناویان نەیەتە سەر زمانان و کەمتر کەوتنە دەستی رژێم. خزمەتەکانی خوالێخۆشبوو هەر تایبەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو بەڵکوو لە زۆر بوار و کات دا خەمخۆری گەل و حیزبەکانی باشوری کوردستانیش بووە بۆیە لە ناسکترین کاتەکانیش دا ماڵی ببوو بە جێگای حاوانەوە و حەسانەوە و تیمار کردنی بریندار و نەخۆشەکانی پێشمەرگەکانی حیزبە باشوریەکان، دیارە بە هاوکاری هاورێیانی و بە تایبەت کورە گەورەکەی. لە کاتی نسکۆی ساڵی ١٩٧٤ی زائینی و ئاوارە بوونی خەڵکی باشوری کوردستان بە خۆی و تەواوی بنەماڵەکەی بە پێی توانای خۆیان یارمەتیان دان و لە حاوانەوە دەستبەسەر داگرتنیان دا بەو پەری دڵسۆزی هاوکاریان کردن، ئەوە بوو بە هەوێنی پەیوەندییەکی قوڵ و هۆی ئەوەی کاتێک ناوبراو بە بنەماڵەوە ئاوارەی باشوور بوون، باشووریەکان ئەو پەری هاوکاریان بکەن. هەر لە پەیوەندی لەگەڵ یارمەتی کۆکردنەوە و کرینی کەل و پەل بۆ پێشمەرگە باشوریەکان چەندین جار بانگهێشتنی ساواک کراوە و ئەگەر ئازایەتی و زیرەکی و حازر جوابی خۆی نەبوایە لەوانەیە سزای قورسی بەسەردا سەپێندرابا. ناوبراو بە هۆی ئەو تایبەتمەنیانەوە بوو کە سەرەتای دەستپێکردنی شۆرشی گەلانی ئێران دژی حەمە رەزا شا ماڵ و دوکانی ببوو بە ناوەندی پرس و هاوکاری کردنی جوڵانەوەی حیزبەکانی باشووری کوردستان و هاوکات جوڵانەوەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە رۆژ بە رۆژ بەرەو پێش دەچوو. وردە وردە و بە پەرەگرتنی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان دژی رژێم و لەقبوونی دەسەلاتی حوکومەت، خەڵکی کوردستان لە هەموو شارەکاندا شورای شارەکانیان لە هەموو چین و توێژێک هەڵبژارد. لە شاری سەردەشتیش ناوبراو یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە لایەن کاسەبکارانەوە متمانەی پێ درا و بوو بە ئەندامی شورا و تا ئەو کاتەی هێندێک بەرژەوەند خواز و فورسەت تەڵەب لەشورا پەیدا بوون بەو پەری دڵسۆزی خزمەتی کرد، بەڵام دوایە کە دیتی ئامانجی شورا لەباتی خزمەتکردن بە خەڵک بە هۆی ئەو بەرژەوەندخوازانەدا بە لارێ دا دەروا لەسەر داوای خۆی لە شورای شار هاتەدەر. پاش روخانی رژێمی حەمەرەزا و

هاتنە سەرکاری رژێمی ئیسلامی ئێران و دەستپێکردنی شەری داسەپاوی رژێم بەسەر گەلی کورد و گرتنەوەی یەک لە دوای یەکی شارەکان و هەروەها شاری سەردەشتیش بە دەست ئەرتەش و سوپای پاسداران، خوالێخۆشبوو بۆ پاراستنی گیانی لە شار چوبوو دەرێ هەر بە فیتی ئەو بەرژەوەند خوازانە و بە راو تەدبیری ئەوان لە زستانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی(١٩٨١ی زایینی) لە کاتێک دا بەفر و سەرماییکی زۆر بوو لەگەڵ ماڵ و حاڵی چەندین بنەماڵەی دیکەی خزمی هەرچی ماڵ و حاڵی دەبێ بە دەست چەکدارانی رژێم بە تالان دەچێ و ملک و دارایەکانی دەستی بەسەردا دەگیرێ و بنەماڵەکەی بە ورد و درشت هاورێ لەگەڵ بنەماڵەی خزمانی کە هەموو خاوەنی پێشمەرگە دەبن بە سەرمای زستان لە شار دەردەکرن. ئەو زوڵمە دەبێتە هۆی ئەوەی بە بنەماڵەوە بێتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و هاوکات لەگەڵ بنکە و مقەرەکانی حیزب گوند بە گوند و شاخ بە شاخ لەگەڵ مقەر و بنکەکانی حیزب ماڵ و منداڵی بگوازێتەوە تا دەگاتە شاری قەڵادزێ و دواتر کارێزە و دیسان گەرانەوە بۆ قەڵادزێ. خوالێخۆشبوو بە بنەماڵەوە لە خزمەت حیزبی دیموکرات دا بووە و ماڵی لە هەر شوێنێک بووە وەک بنکەی دووهەمی حیزب کەڵکی لێ وەرگیراوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی بۆ خۆی لە خزمەت کردن بە حیزب درێغی نەکردوە توانیویەتی بنەماڵەکەشی بە هەستی کوردایەتی پەروەردە بکا بۆیە هەرسێک کورەکەی وەک پێشمەرگە و ئەندامی حیزب لە ریزی شۆرش دا بوون و لەو رێگایە دا دوو شەهیدی سەربەرزی بە ناوەکانی حەمە سالە حەسەنپوور کە لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی(١٩٨٩) دا و موحەمەد حەسەنپور لە کارەساتی قەڵای دیموکرات ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی(٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی) پێشکەش بە بارەگای ئازادی گەل و نیشتمان بکا. خوالێخۆشبوو دوای ١٠ ساڵ زەحمەت و دەربەدەری و بەدوای خاپور کردنی شارەکانی کوردستانی باشور لە لایەن حوکومەتی بەعس و تەسک بونەوەی شوێنی ژیانی بنەماڵەکانی پێشمەرگە و هەروەها پیری و پەککەوتویی بە پێشنیاری حیزب و بە هیوای ئەوەی لە ئاخرین کاتەکانی ژیانی دا بتوانێ هێندێک بە ئاسودەیی بژی گەرایەوە زێدەکەی خۆی واتە شاری سەردەشت. بەڵام هەر زوو هەستی پێکرد کە تا رژێمی ئاخوندان بێ ناتوانێ بە ئاسایی بژی. ناوبراو سەرەرای توند و تیژی رژێم و چاوەدێری تووند لەسەری هەروا قورس و قایم لە بەرامبەر ئەو زەخت و زۆرەی کە لەسەری بوو، بوێرانە رادەوەستا هەر بۆیە چەند جارێک هاوکات لەگەڵ هاوسەرەکەی کە ئەویش هەر بەتەمەن بوو بە زۆری و بە هەرەشە دەناردرانە لای کورەکەی کە لە خەبات پەشیمانی بکەنەوە و بیهێننەوە. ناوبراو ئەو بەزۆر ناردنەی دەکردە بەهانە بۆ دیدار تازە کردنەوە لەگەڵ کورەکەی و هاورێیانی و هەروەها دانی وەرەی زیاتر بە کورە پێشمەرگەکەی و پەیمانی لەگەڵ نوێ دەکردەوە کە تاسەر پشت و پەنای و یارمەتیدری دەبێ. جێگای خۆیەتی لێرە یادێکیش لە هاوسەری بەوەفای ئامینەی ئیبنعەباسی بکەین کە لە دوو قۆناخ دا پشت و پەنای بووە یەکەم لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی کە ناوبراو لە بەندیخانە بووە بەڵام نەیهێشتوە منداڵەکانی بێ باوکیان پێوە دیار بێ و لەو سەردەمی دا قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و بە کارکردن بە سەر بەرزی منداڵەکانی تا ئازاد بوونی هاوسەرەکەی لە بەندیخانە پێ گەیاندووە، دووهەم لەسەردەمی رژێمی ئاخوندان دا و بەدوای ئاوارە بوونی بنەماڵەکەیان، شان بە شانی مێردەکەی توانیویەتی سەختی و نەبوونی و هەوراز و نشێوی و لەدەست دانی رۆڵەکەی تەحەموڵ بکا و تا سەر و تا

کۆتایی ژیانی پشت و پەنا و هاودەمی بێ.

**خوالێخۆشبوو حەمەدەمین حەسەنپوور لە شەوی ١٥ لە سەر ١٦ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی = ٥ لەسەر ٦ی مانگی مارچی ٢٠٠٤ی زایینی. کاتژمێر ٣٠،١٢ دوای نیوەشەو لە نەخۆشخانەی سەردەشت دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ و سەدان ئاواتی وەدی نەهاتووی بۆ نەوەکانی داهاتوو بە جێ دێڵێ.**

---

**تێبینی؛ ئامادە کار:**

**کۆچکردوو حاجی حەمەدمین حەسەن پوور:** لە گەڵ خاتوو ئامینەی ئیبن عەباسی هاوسەرگیری کردوە و بەرهەمی ژیانیان ٨ منداڵە:

**پێنج کچ بە ناوەکانی:** خاتوو زارا، هۆما، نیشتەجی شاری سەردەشت، و گەلاوێژ لە وڵاتی سوئید. و کەژاڵ و کوێستان لە وڵاتی فینلاند دەژین.

**سێ کوڕ بەناوەکان: کاک محەممەد حەسەن پوور** کە بەداخەوە لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٨ لە مۆشکبارانی قەڵای دیموکرات لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان شەهید بوو.

پێشمەرگەی شەهید حەمە ساڵە حەسەن پوور لە ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی(١٧ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی) لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بووە. کاک ئاوات حەسەن پوور کوڕ بچوکی ئەم بنەماڵەیە کە ئێستا لە هەرهەندەران لە وڵاتی فێنلاند لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی نیشتەجی یە.



دایکە ئامین هاوسەری نەمر حاجی حەمەدەمین ئەویش هەموو تەمەنی لە هەر دوو رژێیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی لە لایەک خەمی زێندانی و دوور خستنەوی و ئەشکەنجەی هاوسەرەکە بچیژی و لایەکتر بە تەنیا ئەرکی بێ باوکی منداڵەکانی پڕ بکاتەوە، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیش شان بە شانی هاوسەرکە و کورەکانی لە خەباتی سەخت و دژوار یار و یارمەتی دەری بنەماڵەکەی بوو. ئەم خاتوونە ئاواتەکەی کە سەرفرازی و ئازادی میللەتەکە بوو و لە پێناوی دا شەهیدشی دابوو برد ژێر گل، براستی ئەم شێرە ژن جێگای شانازی و رێزلینانە.

**رووحی دایە ئامین شادو جێگای بەهەشتی بەرین بێت.**

---

# ژیاننامەی کاک عەلی حەسەن پوور




**کەماڵ حەسەن پوور**

عەلی حەسەن‌پوور ناسراو بە عەلی مام ئۆمەری لە بەرواری ٢ی پووشپەڕی ١٣٠٧ی کۆچیی هەتاوی(٢٢ی مای ١٩٢٨ی زایینی) لەدایک بوو. ئەو دوایین منداڵی بنەماڵە بوو، مام ئۆنەر و نەنە ئایشێ ٤ کوڕ و کچێکیان بوو.

بابم بۆی گێڕاومەوە کە مێر منداڵ بووە کە ناچار بووە دەست بکا بە کاسبی. هەرچەند پێی خۆش بووە کە بخوێنێ بەڵام باوکی نەیهێشتووە، جارێک بۆی گێڕامەوە کە ژاندارمی سەردەمی ڕەزا شا بە زۆر بردوویانەتە قوتابخانە تا بخوێنێ بەڵام باوکی پاش ماوەیەکی کورت پێشی پێ گرتووە کە بخوێنێ.

لە ماوەی تەمەنی دا زۆر شوغڵی هەبوون. لە کرێکاری، کۆکەرەوەی کەتیرە، بەردهەڵکەن، هێنانی شتومەک بە قاچاغی لە گەرمێنەوە بۆ سەردەشت، کار لە کورەخانەی خشتان کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو مام ڕەشیدی عەلی سەردەمێکی دوورودرێژ ئەو شوغڵەی هەبوو، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بوو بە دووکاندار.

ئەگەرچی لە سەردەمی مێرمناڵیدا نەچووبوو بۆ مەکتەب(قوتابخانە) بەڵام بە گەورەساڵی خۆی فێری خوێندن و نووسین کردبوو.



سەرچاوە
Serchawe

لەو کاتەوە کە وەبیرم دێ هەمیشە هەوڵی ئەوە بوو کە ئێمە وا بار بێنێ کە ڕێز بۆ داب و نەریتی کوردەواری و زمانی کوردی دانێین. خۆشەویستی نیشتمان شتێک بوو کە زۆر لەسەری پێداگر بوو. کاتێک کە مێر منداڵ بووم بۆم پرسیار بوو کە بابم بۆ هێندەی ڕق لە پاسەبان، دیژبان و هەرچی سەمبولی ڕێژیمی پاشایەتییە. هیچ کات بۆ هیچ جەژنێکی دوڵەتی نەدەچوو. ئێستاش کە لە سایەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەی قەدیمی سەردەشت لە ماڵپەڕی وەک سەردەشتی جاران بڵاو بوونەوە بەشێکی بەرچاوی وێنەکان لە بۆنەکانی سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی گیراون (چونکە ئەوکات ڕێژەی ئەو کەسانەی کە کامێرای تاکەکەسییان هەبوو لە قامکی دەستان تێپەڕ نەدەبوو)، لە هێچ کام لەو وێنانە بابمی تێدا نییە، چونکە هەمیشە خۆی لەو جۆرە بۆنانە دەبوارد. سەردەمی مێرمنداڵیم لە قوتابخانەکان ئێمەیان هان دەدا ببینە پیشاهەنگ و سازمانی جەوانان، ئەگەرچی زۆر زۆرم پێخۆش بوو بەڵام قەت ئیجازەی پێ نەدەدام. ئەوە هەمیشە بۆ من پرسیار بوو کە بۆ هەموو خەڵکی دیکە بۆیان هەیە ببنە پیشاهەنگ و سازمانی جەوانان بەڵام من بۆم نییە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران جارێکیان لە بابم پرسیار کرد کە بۆ ئیجازەی پێ نەدەدام ببمە پیشاهەنگ یا سازمانی جەوانان؟ وەڵامی دامەوە: "بۆ ئەوەی کە ڕێژیمی شا مێشکت نەشواتەوە."

لەبەر ئەوەی کە بابم لە سەردەمی مێرمنداڵی مندا لەگەڵ مام ڕەشیدی عەلی کوورەی خشتانی هەبوو، لە دووهەم مانگی پاییز ڕا کاری کورە تەعتیل دەبوو و بابم زۆربەی کاتی ڕۆژانەی خۆی لە دووکانی مام حاجی حەمەدەمینم دەبردە سەر. لەبەر ئەوەی کە مامم کەسێکی سیاسی بوو و ئێستا ئاشکرا بووە کە ماوەیەکی زۆر بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکرات لە شاری سەردەشت بووە و هەر وەها چونکە چەند ساڵیش زیندانی سیاسی بوو لە سەردەمی حەمەڕەزا شا، دووکانەکەی هەمیشە شوێنی هاتووچۆی خەڵکی سیاسی و نەیارانی ڕێژیمی پاشایەتی بوو. ئەوە وای کردبوو کە دووکانی مامم شوێنی باس و خواسی سیاسی و بیرۆڕا گۆڕینەوەی کەسانی نەیاری ڕێژیمی شا بوو. بابم کە زۆر بە دیققەت بوو لەو باس و خواسانە فێری زۆر شت ببوو و زۆر جار کە دەهاتەوە ماڵ شتی بۆ باس دەکردین. جارێکیان گوتی: خۆ توودەییەکان دەڵێن هیوادارین شۆڕشی مەلا مستەفای سەرنەکەوێ چونکە ئەو بورژوایە. ئەگەر سەریش بکەوێ ئێمە دەبێ شۆڕشی لێ بکەین.

جارێک بابم گێڕایەوە کە لە سەردەمی ڕێبەریی خوا لێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیق کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی حیزب لە سەردەشت لە شوێنێکی دەرەوەی شاری سەردەشت بە بەشداریی ئەحمەد تۆفیق پێکدێ. لە کۆبوونەوەکەدا یەکێک لە ئەندامان کە ببووە ئەندامی حیزبی توودە دەڵێ ئێمە نابێ تەنیا بۆ کورد خەبات بکەین بەڵکو دەبێ ئامانجی ئێمە ئازادی کرێکاری ئافریقایی و ئامریکایی و شوێنی دیکەی جیهان بێ. ئەحمەد تۆفیق بە بیستنی ئەو قسەیە چاپۆکێک بەخۆی دادەدا و دەڵێ ئەی هاوار ئەو پڕینچکە گووە بە کوێدا گەیشتە ئێرە (مەبەستی بیری کۆمۆنیستیی بووە). ئێمە دەبێ لەپێشدا خۆمان ڕزگار



سەرچاوە Serchawe

بکەین.

بابم دەیگێڕاوە کە سەردەمێک هەموو کەس حیزبی بوو تا هەندێک لاو بوونە تودەیی و دەستیان کرد بە بێڕێزیکردن بە ئایین و میزیان بە دیواری مزگەوتەکان دادەکرد. ئەو کارەی ئەوان بووە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس ڕووی لە حیزبایەتی وەرگێڕا.

لە کاتی جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ من تەمەنم لەوە کەمتر بوو کە شتێکم وەبیر مابێ بەڵام وەبیرم دێ کە لەسەردەمی شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانیدا شەوانە بە دزی گوێی لە ڕادیۆی شۆڕش ڕادەگرت.

کاک محەممەدی حەکیم زادە دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی مەلا ئاوارە جارێکی مام عەلی و ڕەحمانی مان ڕەشیدی عەلی دەوا و دەرمانێکی زۆریان لە عەبەی مەولانی وەرگرتبوو. من، مام عەلی، ڕەحمان و مام حەمەددەمین چووین بۆ وشترمل. لەوێ بەمن و ڕەحمانیان گوت کە ئێوە لێرە بن ئێمە دەڕۆین کارمان هەیە. مام عەلی و مام حەمەددەمین چوونە مەیدانچۆغە بۆ ئەوەی کە چاویان بە مەلا ئاوارە بکەوێ و دەرمانەکەشیان لەگەڵ خۆیان برد.

بابم لە باشوورەوە کتێبێکی کوردی قوتابخانەی ئەوێی هێنابوو و زۆری خۆش دەویست و پاریزگاری لێ دەکرد.
چەند جارێک شەوانی درێژی پاییز دەیهێنا و بۆی دەخوێندینەوە. وانەیەک ناوی "چاوشینی یەمامە" بوو کە باسی کچێک بوو کە چاوەکانی زۆر تیژبین بوون، بابم چەند جار ئەو وانەیەی بۆ خوێندووینەوە.

کاک محەممەدی حەکیم زادەی زاوام دەگێڕێتەوە کە کاتێک کە من و مستەفای برام خوازبێنی نازدار و عیسمەتمان کرد و مام ڕەزامەندی نیشان دا، ڕۆژێک من و مستەفای بانگ کرد ماڵێ. لە وێ قورئانی لە پێش داناین و پێی گوتین دەبێ بەو قورئانە سوێند بخۆن کە ساواکی نین. گوتی ئێمەش سوێندمان خوارد کە هیچکاممان ساواکی نین. گوتی ئەوجار گوتی دەبێ سوێند بخۆن کە هیچکات هاوکاریی ساواک نەکەن.

لە کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، بابم لە زۆر خۆپیشاندانەکانی ئەوکاتی دا بەشدار دەبوو، جارێکیان کە خۆپیشاندانمان دەکرد لە نزیک نەخۆشخانە، بەرامبەر بە ماڵی حاجی ئەحمەد مەعروفزادە، پاسەبانان پێشیان پێ گرتین. بەرپرسی شارەبانی قسەی کرد و گوتی دەبێ بڵاوە بکەن، دەستورمان پێیە کە تەقە بکەین بەڵام ئێمە تەقە ناکەین بەو مەرجەکە بڵاوەی بکەن. ئێمە بەشدارانی خۆپیشاندانەکە لەسەر شەقام دانیشتین. چاکم لە بیرە کە بابم لە پێشی پێشەوە

ڕاوەستابوو و من زۆر ترسام، لە کن خۆم دەمگوت ئەگەر تەقە بکەن یەکەم کەس بابم دەهەنگێون. ئەو هیچ خۆی شلوێ نەکرد و بە خۆشییەوە تەقە نەکرا و بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانەکە داوایان لە خەڵک کرد کە بڵاوەی بکەن.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئەو ماوە کورتەی کە خەڵک ڕووی ئازادیی بینی، بابم زۆر کەیف خۆش بوو. کاتێک کە شار کەوتەوە دەست دەوڵەت بەشێکی زۆر لە خزمان تێکەڵی شۆڕش بوون. لە ساڵی ١٣٥٩ی (١٩٨٠ی زایینی) بابم نامەیەکی وەک نیشتوو چووک کردبۆوە و چەسپی لێ هاڵاندبوو. ئەو کاتی حەمەدەمینی مەلا عەزیزی بەرپرسی پێشمەرگە بوو و لە مەقەڕی بێوران بوو. بابم گوتی ئەو نامەیەی لە لاسکی گۆرییەکەت هاوێ و بە پێیان بچۆ بۆ بێوران و نامەکە بدە بە حەمەدەمینی مەلا عەزیزی. منیش نامەکەم برد و تەحویلی شەهید حەمەدەمینم دا.

لەگەڵ درێژبوونەوەی شەڕی بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامی دژی گەلی کورد، خزمانی پێشمەرگە دوور و دوورتر دەکەوتنەوە لە سەردەشت. بابم دێ بە دێ و دۆڵ بە دۆڵ دەچوو و چاوی پێیان دەکەوت. جارێکیان کە خزمان لە تەنگی میچی بوون و ڕەمەزان بوو بابم دەچی بۆ لای خوشکەکانم و خزمەکانی دیکەمان، لە وێ دەبینێ کە ئەو خەڵکەی وێ لە دۆخێکی زۆر نالەبار لە شوێنێک دەژین کە تەنانەت هەتاویش لێی نادا و هەندێکیان بەو حاڵەشەوە بەڕۆژوو بوون. بابم دەڵێ هۆبالّتان بە گەردنی من ئێوە ڕۆژووتان لەسەر نییە. ئەو وەزعەی ئێوە تێیدا دەژین بۆ ئەوە نابێ بە ڕۆژوو بن.

بابم کەسێکی ڕاستگۆ، دەستپاک و نەترس بوو. ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی(١٩٨١ی زایینی) خەڵکێکی زۆر خەریکی کاسبی بوون و هەندێک شتی وەک پستە، پەتوو و شتی دیکەیان لە ئێرانەوە بۆ دیوی گەرمێنی دەنارد و لەوێرا سیگار، چا، تەلەفزیۆن و شتی ئەوتۆیان دێنا. بابیشم لە دووکانێک لە دووکانەکانی مام حاجی حەمەدەمینم کاسبی دەکرد. مڵک و ماڵی مامم لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەستی بەسەر دا گیرابوو و دادگای شۆڕش لەوێدا بوو. زۆر جار پاسدار کاڵای خەڵکیان دەگرت و نەیان دەدانەوە. ڕۆژێک کە هاتەوە ماڵ باسی کرد کە پاسدارێک چۆتە لای و گوتوویەتی حازرە ئەو کاڵایەی خەڵکی کە دەگیرێ بە نرخێکی گونجاو بداتەوە بە بابم و بابیشم بیفرۆشێتەوە، بەڵام بابم وەڵامی دابۆوە کە ئەو شتانە ئی خەڵکییە و ئەو کارە حەرامە بۆیە ناتوانم لێت بکرم.

یەکێک لە عادەتەکانی بابم ئەوە بوو کە ئێوارانە و شەوانە گوێی لە ڕادیۆ ڕادەگرت، خوشەویستترین ئێزگا ڕادیۆ دەنگی کوردستان بوو لە لای بابم، بەڵام ئەو گوێی لە رادیۆ ئیسرائیل، لەندەن، دۆیچی ڤێلێ و بەغداش ڕادەگرت.

زۆر جار دەیگوت بریا جەوان بام بۆ ئەوەی کە بمتوانیبا ببمە پێشمەرگە.



سەرچاوە Serchawe

هەر وەک باسم کرد بابم زۆر نەترس بوو و هەمیشە دەیگوت خودا لە ڕۆژی ئەجل دیاریکردووە کەنگێ دەمری. هەر بۆیە لە تەواوی ئەو ماوەیەی کە خەڵک بە هۆی شەڕی حکومەت و پاشان شەڕی ئێران - عێراق ناچار بوون شار چۆل بکەن، بابم بۆ تاقە یەک جاریش شاری جێ نەهێشت. هەر ئەو نەترسییە بووە هۆی مەرگی. کاتێک کە لە ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی(٢٨ی جوونی ١٩٨٧ی زایینی) شاری سەردەشت لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە بە بۆمبی شیمیایی بۆمباران کرا، بابم لە دووکان بوو و زۆربەی بۆمبەکان لە دەروبەری دووکانەکەی کەوتبوونە خوار. بابم بێ ئەوەی خۆی شلوێ بکا تەنیا کاتێک دووکانی داخستبوو کە بۆمبارانەکە تەواو ببوو. کاتێک کە دەیهەوێ بێتەوە ماڵ لە کن دووکانی وەستا ساڵەی نەججارِ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ وەستا ساڵە ڕادەوەستێ و بە ترسنۆکی خەڵک پێدەکەنن. ئەو کاری بابم بووە هۆی گیرۆدە بوونی بە ماددەی شیمیایی و برینەکەی هێندە قورس بوون کە کاتێک کە ڕۆژی دوای بۆمبارانەکە گەیاندمە سابلاغ بە پەلە بەرێیان کردە تەورێز و لەوێش ڕا بۆ ئیسفەهان بەڕێکرا. بابم ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی خورشیدی ئیسفەهان مایەوە و کاتێکیش کە هاتەوە ماڵ ئیتر قەت تەندرووستیی جێگیر نەبوو. سیپەلکەکانی بە بۆمبی شیمیایی زەرەری زۆریان دیتبوو و هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕۆژی دووی بەفرانباری ١٣٨٨ی کۆچیی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٠٩ی زایینی کۆچی دوایی کرد.

**عیسمەتی خوشکم ئاوا باسی بیرەوەرییەکانی لەبارەی چالاکییەکانی بابم دەکا:**

لەو کاتییەوە کە منداڵ بووین بابم هەمیشە کوردایەتی بە گوێدا دەخوێندین. هەمیشە باسی خۆشەویستی نیشتمانی بۆ دەکردین. ئەو دەبێ ئەندامی حیزب بووبێ و لە تەشکیلات دا کاری کردبێ.

لەبیرمە کە ئەو کات کە هاتووچۆی قەلادزێی دەکرد و چا، سابوون و کوتاڵی دێنا، ئەگەرچی کە زۆر وریا بوو کە ئێمە کە ئەوکات منداڵ بووین نەزانین چ دەکا و چ دێنێ، لە ترسی ئەوەی کە نەکا لە کن کەسێک باس بکەین و بابم ئاشکرا بێ. دەزانم کە بڵاوکراوەی حیزبی لەوێڕا دێنا و کاتێک دەگەیشتەوە ماڵ لە کادێندا دەیشاردنەوە.

لەبیرمە کە ئیعلامییە (بڵاوکراوە)ی حیزبی پێدا ناردووم بۆ ماڵی مەلا محەممەد شلماشی، ئەو کاتی ماڵی مەلا محەممەد لە ماڵی ئەحمەدی سۆفی کەریمی دابوو. ماڵی عەوڵای مام ئەحمەدی کە ئەودەم قاچاخ بوون و ماڵیان لە ماڵی حاجی قادر پوری دا بوو. بابم تازە لە قەلادزێڕا هاتبۆوە، ڕۆژێک بانگی شێوان کیتەڵە ماستێک و ئیعلامییە (بڵاوکراوە)ی پێدا ناردم بۆ ماڵی عەوڵای مام ئەحمەد. پێی گوتم ئاوڕ نادەیە و یەکسەر دەچی بۆ ماڵێیان.



سەرچاوە Serchawe

هەندێک جار شتی پێدا دەناردم بۆ ئێرە و ئەوێ بەڵام نازانم شتەکان چ بوون. شتەکانی لەناو چای وشک داویشت. دڵنیام کە ئیعلامییە(بڵاوکراوە) بوون پێیدا دەناردم.

بەداخەوە قەت لێم نەپرسی کە ئاخۆ ئەندام بوو یا نا بەڵام هەمیشە کە قسەی بۆ دەکردین باسی کوردایەتی دەکرد. باسی مامە حاجی برایم و مامە حاجی حەمەدەمینی بۆ دەکردین. باسی سەردەمی کۆماری بۆ دەکردین کە دوو مامم پێشمەرگەی کۆمار بوون.

جارێکیان کە تازە لە قەڵادزێ ڕا هاتبووە، شتەکانی لە کادێنێ دا شارد بوونەوە. منیش کە منداڵ بووم و کونجکۆڵ شتەکانم لە ناو کادا دیتنەوە، دیاربوو ئیعلامییە(بڵاوکراوە) بوون چونکە لوول درابوون، من نەموێرا لێکیان بکەمەوە بۆیە لە شوێنی خۆی دامنانەوە. بابم کە چووبوو پێی زانیبوو کە دەستیان لێدراوە بۆیە شەوێک بە تووڕەییەوە بە دایکمی گوت شتم لە کادێنێ داناوە و چوونە زگیان. دایکم هیچی نەگوت بەڵام دوایە کە بابم لەوێ نەبوو لە من تووڕە بوو و گوتی دەزانم کاری تۆیە. جارێکی دیکە دەست لە هیچ نادەی کە لە کادێنێیە. من ڕاستییەکەم بە دایکم گوت بەڵام نەموێرا لە کن بابم باسی بکەم.

### حاجی ڕابیعای خوشکم بەو جۆرە باسی بیرەوەرییەکانی لەو بارەوە دەکا:

من بۆخۆم ئاگادری چالاکییەکانی بابم بووم. لە زەمانی مەلا ئاوارەدا بڵاوکراوەکانی حیزبی دێنا سەردەشت. وەک دەفتەران بوون، ئەوان بوون، نامە بوون. کە دەچووینە داران، تەلیسێکم پێبوو، دوو سێ کۆلکی بۆ تێ داویشتم پاشان ئەو بڵاوکراوە و نامە و شتانەشی لەوێ داویشت و بەو شێوە دەمانهێنانەوە ناو شار.

سەید تۆفیقێک هەبوو کە کارمەندی پۆستی بوو، بەشێک لە بڵاوکراوەکان ئەو وەری دەگرتن و بۆ لای مەهەبادی دەبردن. من شاهیدم کە کاتێک کە کاک کەریم (حەدداد) قاچاغ ببوو و لە گەرمێنێ بوو هەموو ڕاسپاردەکان بابم ڕایدەپەڕاندن. چونکە من کوڕ نەبووم و کچ بووم و چونکە برای گەورەتر لەخۆم نەبوو, بابم زۆر قسەی لەکن ئێمە نەدەکرد.

ئەو هەموو قسە و ئاکاری کوردانە و نیشتمان پەروەرانە بوو و ئێمەشی وا بار هێنا کە قەت خیانەت بە نەتەوە و نیشتمان نەکەین. ئەوەی ئێستا لە مێشکی ئێمە دا نێژراوە لە پەیوەندی لەگەڵ خۆشەویستی نیشتمان ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی بابمە. بابم دەیگوت ئەمن هەزار کاری دەکەم ناهێڵم ئەو دەستە بەو دەستەی بزانێ. من بۆخۆم شاهیدم کە هەموو جارێ

بڵاوکراوە دەهاتن بە یارمەتی بابم بە کۆڵی خۆم دەمهێنانەوە. هەندێک جار زۆر دوور دەرۆیشتین، نەفەر دەهاتن کە وەک ئێمە پاچ، بیور و تەورداسیان پێبوو، من چونکە منداڵ بووم و ئاقڵم پێ نەدەشکا وامدەزانی ئەوانیش بۆ داران هاتوون. نەمدەزانی کاریان چییە، بەڵام جارێکیان حاڵی بووم کە بۆچی هاتوون و چیان هێناوە، کە چووینەوە ماڵێ لە بابم پرسی و گوتم بابە ئەوە چییە. ئەویش گوتی نابێ لە کن کەس دەنگ بکەی، منیش قەولم پێدا کە لەکن کەس باس نەکەم و قەتیش باسم نەکرد.

دوای ئەوەی کە مەلا ئاوارە شەهید کرا و جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ی دامرکا، بابم هاتووچۆی قەڵادزێی دەکرد و لەوێڕا شتی دێنا. بابم زۆر ماندوو بوو، ئەو ئاڵقەی پەیوەندی نێوان مام حەمەدەمین و کاک کەریم حەدداد بوو.

ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە و رەوانە کراوە.

---

**تێبینی: ئامادە کار:**

١- **کۆچکردوو کاک عەلی حەسەن پوور:** لە گەڵ خاتوو فاتم مەحموودنژاد هاوسەرگیری کردوە بەرهەمی ژیانیان ٦ منداڵە:

**چوار کچ بە ناوەکانی:** خاتوو رابی نیشتەجی شاری سەردەشت، خاتوو عیسمەت، لە قەڵای دێموکرات لەشاری کۆیەی باشووری کوردستان دەژی. و خاتوو نازدار دایکی شەهید کاوە حەکیم زادەیە. و شلێر حەسەن پوور، شلێر خاتوونێکی چالاک لە بواری داکۆکی مافی ژنان و ئەندامێکی بە توانا و هەڵسووری حیزبی دێموکراتی کوردستانە و لە وڵاتی سوئید دەژین،

**دوو کوڕ بە ناوەکانی:** بەرێز کاک کەماڵ نووسەر و وەرگێری لیهاتوو و کەسایەتی دیاری ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، کاک کەماڵ لە لایەن کۆماری ئیسلامی گیراوەو بۆ ماوە سێ ساڵ لە ساڵی ٢٤ - ٨ - ١٣٦٠ تا ٦ - ١١ - ١٣٦٣ی هەتاوی (١٤ - ١١ - ١٩٨١ تا ٢٥ - ١ - ١٩٨٥ی زایینی) لە بەندیخانەی دەریای ورمێ بەند کراوە. ئێستا لە گەڵ هاوسەرەکەی نیشتەجی وڵاتی سوئیدن،



سەرچاوە Serchawe

کاک جەلال حەسەن پوور کەساتێکی خۆش ناوی سەردەشتە و ئێستا نێشتەجی شاری سەردەشت لە رۆژهەلاتی کوردستانە.

**دایە فاتم مەحموودنژاد؛** هەر وەک هاوسەر و منداڵەکانی کورد دۆست بوو لە لایەک پێشیل کردنی مافی نەتەوەکەی بەچاوی خۆی دەبینیێ و لە لایەکیتر لە دووری کچ و کورە شۆرشگێرەکانی بە گریان و فرمێسک هەلوەراندن و ئاواتی بەیەکتر شاد بوونەوەی بە ئاوات دەخوازی، بەڵام بەداخەوە ئەویش نە رزگاری نەتەوەکە بینیێ و نە منداڵەکانی. رووحی شاد و جێگای بەهشتی بەرین بیت.

# چەند پەیڤەیێک لە سەر باوکم وەک یەکەم مامۆستای ژیانم



**شلیر حەسەن پوور**

پێشەکی سپاسی زەحمەت و ماندووبوونی بەرێزتان دەکەم کە ماوەیەکە بەبێهیچ چاوەڕوانی دەستت داوەتە کارێکی پڕ ئەرک واتە کۆبەندکردن و بەئارشیو کردنی بەشی زۆری رووداوە مێژوویەکان بەشێوەی دەرکردنی نامیلکە.

ئەو کارە بەرێزتان جیا لەوە کە خزمەتێکی گەورەیە بە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی و هەروەها لاپەڕە ئێلکترۆنی‌یەکان و دونیای مەجازی هاوکاتیش دەکرێ بۆ دواڕۆژ  وەک بەڵگە و ئارشیو کەڵکیان لێ وەربگیری.

ئەوە کە بەهۆی گەشەی ئینترنێت و بەربڵاوی لاپەرە ئێلکترۆنیکەکان وەک ماڵپەر، ڕۆژنامە و گۆڤار و پەیجە کۆمەڵایەتی‌یەکان، مرۆڤ دەتوانێ بیروبۆچوونی خۆی لە پێشوو زیاتر بە شێوەی نووسین لە چەند چرکە دا بخاتە بەر دیدی کۆمەڵانی خەڵک، شتێکی زۆر باشە بەڵام هەموومان دەبێ بە وردبینی و بەشێوەی سەردەمیانە کەڵک لەو لاپەرە ئیلیێکترۆنیانە وەربگرین و زۆر گرینگە بەدوور بین لە نووسینی بێ بنەما، چونکوو هەر وەک لە سەرەوە دا ئاماژەم پێدا ئەو نووسین و بڵاوکراوانە دواتر وەک بەڵگە دەمێننەوە.

سەبارەت بەداواکاری بەرێزتان، لە سەر نووسینی بیرەوەریەک لەگەڵ بابم دەبێ بڵێم: وەک خۆم بڕوام بە ئەوە نییە لە کەسایەتیەکان فرشتەیەکی خەیاڵی درووست کەین.

بـابی من وەک هەمـوو مرۆڤێـک هێنـدێ خـوو عـادەتی تـایبەت بە خـۆی هەبـوون. بـۆ نمـوونە بـاوەڕی تەواوی بە پرینسیپە ئەخلاقیەکـان هەبـوو و ئەگەر هەرکـام لە ئـێمە سـنوورمان بەزانـدبایە ئیتـر ئەوە دەکەوتیـنە بەر تەوژمـی تـووڕەیی و سەرزەنیشتەکانی.

وەک هەموو بنەماڵەکانی قەدیم بـابی منیش لە بنەمـاڵەیەکی گەورەدا لەدایک ببوو کە پێکهـاتبوو، لە دایک، بـاب و سێ براو خوشکێک کە تێکەلاوی و هاتووچۆی یەکجار گەرمو گوریان لەگەڵ بنەماڵە مام و ئامۆزاکانی هەبـووە لە ئـامێزی پڕ لە خۆشەویستی و وەفاداری ئەوان دا پێگەیشتوە.

لەبەر ئەوەی برا چکۆلەی بنەماڵە بوو، فێر کرابوو کە ڕێـز لە هەموو ئەو کەسـانە بگرێ کە لە خـۆی گەورەتـر بـوون. هەر بۆیەش هەوڵی دەدا ئێمەش ئەو ڕێچکەیە بگرینەبەر و ڕێز لە گەورەکان بگرین.

ئەگەرچی بابم لەبەر کاری کورەخانە کە کارێکی یەکجار تاقەت پروکێن بـوو، کەمتر لە مـاڵێ بـوو، بەڵام بەو حـاڵەش لە ئێمە غافڵ نەبوو و هەمیشە لە فکری پەروەردەی درووستی منداڵەکانی دابوو و بەردەوام ڕێنوێنی دەکردین.

ڕێنوێنەیەکـانی تەنهـا پرنسیپە ئەخلاقـی و کۆمەڵایەتیەکـان نەبـوون بەڵکوو بە هەمـوو شـێوە هەوڵـی دەدا کە ئـێمە فێـری خۆشەویستی لەگەڵ یەکتر و نیشتمان بکا.

دیـارە وەک خـۆی بـۆی بـاس دەکـردین بنەماڵەکەمـان پشتاوپشت قەت سەریان بـۆ زۆردار نەوی نەکـردوە و خۆشـی هەر لە هەڕەتی منداڵیەوە لە ڕێگای برا گەورەکانیەوە، حاجی میرزا برایم حەسەنپوور و حـاجی محەممەدئەمین حەسەنپوور بیـری گەل دۆسـتی و نیشـتمانپەروەری لە هەسـت و دەروونـی دا چەکەرەی کردبـوو، بـۆیەش بـۆی گرینـگ بـوو و بە هەمـوو توانـایی خۆیەوە هەوڵی دەدا ئێمەش بەو ڕێگا نەتەوەیە دا هەنگاو بنێین.

کە شـەوانە لە دەوری یەک کۆدەبـووینەوە پەنـد و مەتەڵـی کـوردی لـێ دادێنـایین و شـێعرەکانی مامۆسـتا هـێمن موکریـانی و خالید حیسامی( هێدی) بۆ دەخوێندینەوە.

زۆر جار شێعرێکی دەخوێندەوەو لەنێوماندا دەیکردە بەکێبڕکێ و دەیکوت ئەگەر لە مەعنای ئەو شێعرە یـا ئەو وشە تێبگەن‌و بۆم شیکەنەوە ئەوە دیاریەک یا ئەوەندە پوڵەتان دەدەمێ. بابە عەلی بەو شێوەیە هانی دەداین و هەوڵی دەدا کە فێری

وشەی رەسەنی کوردیمان بکا.

دیارە ژیانی مرۆڤەکان هەمووی پڕە لە بیرەوەری بێگومان منیش زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆشم لەگەڵ بابم هەن، لە راستیدا هێندە بیرەوەریم زۆرن، بۆم زەحمەتە و نازانم کامیان هەڵبژێرم چونکە هەر هەموو کات و رۆژەکان لە گەڵ بنەماڵە، گۆشەیەک لە ژیانی خۆمن، هەموو ئەو گۆشە و چرکەساتانەم بەدڵ خۆشدەوێن.

لەو شەوانە ڕا کە زۆر منداڵ بووم و بە دەنگی سرتە و هاتووچۆی پێشمەرگەکانی باشوور خەبەرم دەبۆوە، یا ئەو کاتانە کە دەکەوتینە بەر رەهێڵەی تۆپ و مووشەکبارانی شەڕی ئیران و عیراق تا ئەو ساتانە کە لە سەفە دوورو درێژەکانی بەندیخانەی دەریا لە ورمێ بە شەکەتی و ماندوویی و بە گەرمای هاوین و سەرمای زستان ڕادەوەستاین بۆ تاقە دیدارێکی چەند خولەکی کاکم کە بەناحەق بەندکرابوو و یا تا سەفەرە سەوداسەریەکانی کە بۆ دیداری پێشمەرگەکان و برازاو خوارزا و کچەکانی شاخ بە شاخ و گوندبەگوند هەموو پێدەشتەکانی گەرمێن و کوێستانی دەبڕین، گشتی وەک فیلمێک بە بەرچاوم دا دێن و دەڕۆن و بە هەموو تاڵی و ناخۆشیەکانیەوە بۆمن پڕن لە وانەی فێربوون.

لە نێو ئەو هەموو بیرەوەریانەدا، ئاماژە بە بیرەوەریەک دەکەم ئەویش ئەوکاتە بوو کە لە گەڵ بابم بۆ سەردان و دیداری کاکم دەچووینە بەندیخانەی ورمێ.

وەک خۆم تا ئەو رۆژەی دەمرم ئەو رووداوەم لەبیر ناچێ و بۆ من وەک وانەیەکەی لەبیر نەکراو زیندوو دەمێنێتەوە.

لە ناوەندی شار لە سەر رێگای تاکسی راوەستابووین تا بەرەو بەندیخانەی ورمێ بچین، بابم و دایکم هەردووکیان جلوبەرگی کوردیان پۆشیبوو، لەپڕ بینیم ژنێک کە چارشێوێکی ڕەشی بەسەرەوە بوو و تەنیا چاوێکی بەدەرەوەبوو، هاتە پیش بابم و بە تورکی دەستی کرد بەهەرا هەرا کردن. لە دەنگی را دیار بوو کە تورە بوو. بابیشم هەربەوشێوەیە بە دەنگی بڵیند وەڵامی ژنەی دەدایەوە. ئەمن چۆن تورکیم نەدەزانی هەر چاوم لێدەکردن حاڵی نەدەبووم چیان بەیەکتر دەکووت دواتر کە ژنە دوور کەوتەوە ڕووم لە بابم کرد و گوتم: بابە ئەو ژنە دەیکوت چی؟

گوتی: گوێ مەدەیە ڕۆڵە! ئەوە جل و بەرگەکانمان شێت و هاری کردوون، دەبێ بەو لیباسە کوردیانەوە هەر چەقڵی چاویان بین بەڵکوو ئاوا کوێر ببن، شەرتبێ هەر بە جلوبەرگی کوردی بێم و تا ئەمن هەم شاڵوار و دوولینگەی عەجەمان لەبەرنەکەم، و بەراستی ئەو شەرتەی خۆشی بردە سەر.

ئەو کات زۆرم لا سەیر بوو کە بابم ئەو بریارەی دا و پێمابوو دەیتوانی بە لەبەر کردنی شاڵوارێک خۆی لە زمان و بێحورمەتی بەشێک لە تورکە رەگەزپەرەستەکانی شاری ورمێ بپارێزێ و بێهوودە گرفت بۆخۆی دروست نەکا.

بەڵام دواتر زانیم کە مەبەستی بابم لەو پێداگریە چی بوو. لە راستیدا ئەگەر ئەو بوێریو پێداگریەی باب و باپیرانمان نەبا بۆ پاراستنی زمان و کولتووری نەتەوەکەمان دەمێک بوو کورد لە ژێر فشاری نەتەوە رەگەزپەرەستەکان دا تواەبۆوە.

با ئەوش زیادکەم کە کاتێک هاتمە سوئێد زانیم هەوڵەکانی بابم بۆ چی و بە چ مەبەستێک بوو.

ئەو زۆر پێش ئەو رووداوە لە کاتی منداڵی خۆیی دا گوێ بیستی یاساخ کردنی جل و بەرگی کوردی هەم لە زەمانی رەزاشا دا و هەمیش دواتر ببوو، ناو و ناوبانگی شۆڕشی ئەمەرپاشای قەڵەڕەشێ کە دەیگووت کەس نابێ شەپکەی عەجەمان لە سەری بکا بیست بوو و ئەوەش وەک ئەو شۆڕشە دەچوو، ئاخر ئەو گۆشدراوی بیری ئازادی و هزری سەربەخۆیی بوو، بۆیە شانازی بە جلوبەرگ و دەسرەی سەرییەوە دەکرد.

بابم ئەوەندەی پێشمەرگە و شۆڕش و دێموکراتی خۆشدەویست کە هەموو کات بە حەسرەتەوە باسی لە رۆژانێک دەکرد کە بۆ ماوەیەک ئازادی بە چاوی خۆی دیتبوو و ئەو رۆژانەی وەک خۆشترین کاتەکانی ژیانی ئەژمار دەکردن.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی کورد شادمان دەبوو و لەگەڵ هەموو نەهامەتی و تێکشکان و پاشەکشەیەک ئەویش غەمبار دەبوو.

ڕادیۆ دەنگی کوردستان وەک مەرهەمێک بوو کە هەموو کات سارێژی زامەکانی دەروونی پێدەکرد و لەگەڵ هەواڵە خۆشەکان ئەویش دڵخۆش و کەیف ساز دەبوو، کاتێک هەواڵێکی ناخۆشی گوێ لێدەبوو خەم دایدەگرت و دەستەوئەژنۆ دادەما، بەڵام هیچ کات نائومێد و هیوابڕ نەدەبوو.

لەسەریەک بابە عەلی بۆ من و بنەماڵەمان چرای ڕووناکی ماڵەوە و ژیانمان بوو، مرۆڤ تا بۆ خۆی منداڵی نەبێ کەمتر هەست بە دڵسۆزی و خەمخۆرییەکانی دایک و باب دەکا، بابە عەلی کەسێکی لە کەل دەرهاتوو و دونیا دیتوو بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە لە شیمیابارانی شاری سەردەشت دا تووشی زامی گەورە ببوو و چاوێکی بە تەواوی لە دەست دابوو و تووشی کۆخە و هەناسە سواری ببوو، بەڵام قەت لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و لە کارو کاسبی دا نەیهێشت کەمی بێنێ.

بەداخەوە چەند ساڵێک پێش کۆچی دوایی وەزعی جەستەی بابە علی باش نەبوو، ئەو لە کاتی کارکردن تووشی کۆخین و هەناسەسواری دەبوو بەڵام بەو حاڵەشەوە ڕێگای گەرمێنی دەگرتە بەر و سەردانی زاوا و نەوەو برازاکانی کە پێشمەرگە بوون دەکرد و لە حاڵ و ئەحواڵی هەمووانی دەپرسی.

بە گشتی مرۆڤ ڕۆژێک لە دایک دەبێ و ڕۆژێکیش دونیایی فانی بەجێ دێڵێ، زۆر گرینگە کە بزانی چۆن دەژی و کار و کردەوەکانت چەندە کاریگەریان لە سەر بنەماڵەو کۆمەڵگا هەیە، بەخۆشیەوە ژیانی بابە عەلی بۆ ئێمەمانان قوتابخانەیەکی کراوەی نیشتمانی بوو، لە هەڵس و کەوتەکانی، لە قسە و گوتاری دا دەیان وانەی جۆراوجۆری لە مێشک و بیروهزرمان دا تۆمار کردوون و ئەوەش گەورەترین سەرمایەی ژیانمانە و شانازی بە بوونی بابم دەکەم، باوکێک کە لە ڕەنگی ئاو و خاک و گەنم بوو، بۆنی ئاودانی و بۆنی مرۆڤایەتی لێدەهات و دەستی مێهرەبانی بە سەر خاک و گوڵ و گیا و سرووشتیش دا دێنا و بە مانای وشە مرۆڤێکی خۆشەویست بوو.

**بە گشتی بابم بەهارێکی سەوزو نیشتمانێکی ئاوەدان بوو بۆ ئێمە.**

**ڕووحی شاد**

**٢١ی جانێوێری ٢٠١٩**

**ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە و ڕەوانە کراوە.**



سەرچاوە
Serchawe

## چەند دڵۆپ فرمێسک بۆ یارە بە وەفاکەی شەهید مەلا ئاوارە بەرێز کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور




حەمەڕەسووڵ کەریمی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ۳۱ - ٥ - ۲۰۱٦ یەکێک لە سیما خۆشناو و ناسراوەکانی شاری سەردەشت و یەکیک لە کادرە دیار و بەرچاوەکانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێز حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور دوای ماوەیەک نەخۆشی و ناسازی لە نێو کۆڕی ئەندامانی بنەماڵەی لە ئازادی کۆیە لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا چاوەگەش و پڕ لە هیواکانی لە سەریەک دانان و کۆچی دوایی کرد.

کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپور ساڵی ۱۳۲۱ی هەتاوی(۱۹٤۲زایینی) لە باوەشی بنەماڵەیەکی دیارو ناسراوی شاری سەردەشت دا لە دایک بوو، ئەو هەر لە منداڵی‌یەوە ڕێگای قوتابخانەی گرتۆتەبەر و هەموو قۆناخەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و دواتر بۆتە مامۆستا و بەرێوەبەری قوتابخانە و لە ژیانداو ئەوەی لە توانای دابوو وەک مرۆڤێکی دیارو بەرچاو بۆ باشتر کردنی بنەماڵە و کۆمەڵگا و قوتابخانە و قوتابی‌یەکان درێغی نەکردووە. کاک حەمەڕەسووڵ وەک لاوێکی بە هەست و نیشتمانپەروەر لە بنەماڵەیەکی تەواو شۆڕشگێر و تێکۆشەردا چاوی بە دونیا نابەرابەری و ستەم کراوەتەوە و هەر بۆیە لە هەرەتی لاوەتی دا خولیای وەدەست هێنانی ئازادی بۆ گەلەکەی دەبێ.

باب و مامەکانی لە کەسە شۆڕشگێر و دیارەکانی حیزب و سەردەمی کۆمار دەبن و کاک حاجی برایم حەسەنپوور باوکی کاک حەمەرەسووڵ لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف و سوێندخۆری کۆمەڵە و کۆماری کوردستان و پێشمەرگەی کۆمار بووە. نەمر حاجی حەمەدەمین مامی یەکێک لە ئەندامە هەڵسووڕێنەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەشت دەبێ و ناوبراو بە هۆی هەڵسووڕانی بەردەوامی و هەروەها ئاشکرابوونی بەشێک لە ئەندامانی حدک لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لەگەڵ پۆلێک لە تێکۆشەران دەکەوێتە زیندان. شۆڕش و شۆڕشگێری و ئازادیخوازی زۆر زوو دەکەوێتە بیرو فکری کاک حەمەرەسووڵی تازە لاو و ئەو ڕووداوە دەبێتە هەنگاوێکی دیکە بۆ بەرچاو ڕونی زیاتر لە سەر شۆڕش و هەروەها ناسینی دیکتاتۆری حەمەرەزا شای پەهلەوی.




هەموو ئەو کەسانەی کە کاک حەمەرەسووڵیان دەناسی، هەستیان بە دڵپاکی و ڕاستگۆیی و ئەمینداریی ئەو لاوە خوێن گەرمە دەکرد و وەک کەسێکی جێگای باوەر وەک مرۆڤێکی بە هەست و شۆڕشگێر، وەک گەنجێکی لێزان و چاوکراوە سەیریان دەکرد بە گشتی لە ئەزموونی ژیانی مامۆستایەتی و دواتریش ئەزموونی کاری سیاسی کەڵکیان وەردەگرت. کاک حەمەرەسووڵ بە هۆی ئەوە کە بنەماڵەکەیان وەک یەکێک لە بنەماڵە شۆڕشگێرەکانی دژ بە حکوومەتی پەهلەوی و ئاخووندی ناسرا بوو لە هەر دوو حکوومەت دا زۆر لێبڕاوانە و نەترسانە کاری سیاسی کردووە و بە گشتی بۆتە یەکێک لە سیما دیار و ناسراوەکانی شاری سەردەشت.

دوای تەواو کردنی خوێندن وەک مامۆستای قوتابخانە وانەی بە قوتابیان گوتووتەوە و ساڵی ١٣٤٢ موعەلیمی ئاوایی دیوالانی سەردەشت و ساڵی ١٣٤٣ موعەلیمی شلماش و ساڵی ١٣٤٤ موعەلیمی ژاژۆکە و باساوەی سەردەشت بووە و زۆرجار کادرەکانی حیزبی دیوە و لە کۆبوونەوە یەک دوو کەسی‌یەکاندا بەشداری کردووە و زیاتر باری سیاسی خۆی بردۆتە سەر و

لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی دا بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی دا کاتێک ڕژێمی پەهلەوی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک پەنا بۆ تەبعید و دوورخستنەوەی سیما دیارەکانی ناوچەی سەردەشت و دەوروبەری دەکات، کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور یەکێک لە دوورخراوەکان دەبێ و جارێک بۆ دەوروبەری شاری گورگان لە باکووری ئێران و پاش ئەوە بۆ شاری تەفریشی نزیک شاری قوم دوور خرابۆوە، کاک حەمەرەسووڵ لەو ماوەیەشدا هەوڵی دابوو کە جوانترین ڕەوشتی ئینسانی لە خۆی نیشان بدا بۆ ئەوەی سیمای کورد لەو شوێنانە وەک مرۆڤێکی سەردەمیانە و بە مشوور و خەمخۆر نیشان بدات. جێگای ئاماژەیە کە هەر لە کاتی دوورخرانەوەی دا جیا لەم دوو شوێنەی ئاماژەی پێکراوە، دوو ساڵیش بۆ شاری بانە دوورخراوەتەوە. ئەم دوورخستنەوەیەش دەبێتە قوتابخانەی ناسینی شوناسی نەتەوەیی و وەک بۆ خۆی دەیگووت ئەگەرچی زۆرم ئازاری دووری چێشت، بەڵام ئەم دوورخستنەوەیەش قوتابخانەیەک بوو بۆ لێ فێربوون و ڕێزگرتن لە خۆم و لە سرووشت و خەڵکی ناوچەی سەردەشت و کوردستان.

دوای گەڕانەوەی بۆ سەردەشت لە لایەن خەڵکەوە ڕیزی تایبەتی لێ گیراوە و بە هۆی ژیری و وشیارییەوە توانیویەتی خۆی لە دڵی چینی وەرزێر و کاسبکار و فەرهەنگیان و بازاریان دا جێ بکاتەوە و لەگەڵ ئەواندا بۆ بووژانەوەی شۆڕش کاری زۆر نەترسانە بکات. جیالەوانە کاک حەمەرەسووڵ کەسێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ و مرۆڤێکی خاکی و قسەخۆش و مامۆستایەکی شارەزا و بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو بوو.




کاک حەمەرەسووڵ بە هۆی شارەزایی لە سەر کولتور و جوغرافیای ناوچە و بە هۆی خوێندەواری دیارو بەرچاویی و هەروەها خوێندنەوە و نووسینی جۆراوجۆر، پسپۆرییەکی زۆری لە کار لەگەڵ خەڵکی گوندنشین و لادێیەکانی ناوچە و هەروەها



سەرچاوە Serchawe

کاسبکار و بازاریـان و لەوەش گرینگتـر فەرهەنگیـان و ڕووناکبیرانی سـەردەمی خـۆی و قوتابخانەکـان هەبـوو. بە هـۆی هەڵسووڕانی بێ وچانی و بە هۆی ئیمانی پتەوی بە ئـازادی گەلەکەی زۆر زوو خولیـای شـۆڕش و کـاری سیاسی دەبێ و لە ڕێگای کاک کەریم حەدداد و شەهید مەلا ئاوارەوە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی دا دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتـریش دەبێـتە یەکێـک لە کـادرە هەرە دیـار و هەڵسورەکانی حیزبـی دێمـوکرات. بە هـۆی خۆشـناوی و شـارەزایی و بوێرییەوە لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی خەرمانـانی سـاڵی ١٣٥٢ی هەتـاوی لە گەڵ ئەوەدا لە کۆنگرەش دا حزووری نەبووە لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبـی دێموکراتی کوردستان لە نیوخۆی وڵات هەڵدەبژێردرێ و متمـانەی گشـتی بـۆ کـارو ئەرکی سیاسی و حیزبـی لە نێوخـۆی پێـدەدرێ و نـاوبراو بە حەق یەکێک لە دامەزرێنەرانی شانە و کۆمیتەکانی حیزبی لەو ناوچەیە دەبێ و هەروەها یەکێک لەو کادرە هەڵسووڕاوانەی حیـزب دەبێ کە چاونەترسـانە نـامە و راسپاردە و وتەکـانی حیـزب دەگەیێنێـتە تـاران و ناوچەکـانی دیکەی کوردسـتان و دەبێـتە بەرپرسی تەشکیلاتی سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەری و تـا گرتنـی کـۆنگرەی ٤ ی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لە سـاڵی ١٣٥٨ دا بەوپەڕی لێزانی و شارەزاییەوە لە نێو شەوەزەنگ و زەبروزەنگی سـاواک و ژانـدارمی پەهلەوی دا نەترسـانە کـاری سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە دەبا.

لە ڕاپەرینـی پـڕ شـکۆی گەلانـی ئێـران دا لە سەردەشـت ڕۆڵێکـی سـەرەکی هەبـوو، زۆر پـێش ڕاپەریـن، لە ڕێگـای کـاک حەمەرەسوڵەوە، شەهید دوکتور قاسملوو و چەند هاورێیەک دەگەیێنـدرێنە مەهابـاد و شـارەکانی دیکەی کوردستان بـۆ ئەوەی لە ڕاپەرین دا بەشدار بن.

دوای دامەزرانـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و هێـزی مـوعینی و کـۆنگرەی ٤ی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، کـاک حەمەرەسووڵ وەک کادر و بەرپرسی تەشکیلاتی سەردەشت و دواتـریش لە مـاوەی ٣٥ سـاڵی ڕابـردوو دا وەک بەرپرسـی کـۆڕی پەروەردە و فێرکردنی خوێندن، بەرپرسی بنکەی تداروکات و تەقەمەنی گشتی حیزب، ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و بەشی دارایی و هەروەهـا لە ئۆرگـانە جۆراجۆرەکـانی دیکەدا خزمەتـی زۆری بە حیزبـی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد بە گشتی کردووە و لە نێو شۆڕشیش دا بە سەدان قوتـابی فێـری وانەی خوێنـدن و وانەی شۆڕشگێری کردووە. لە ریزەکانی پێشمەرگایەتی دا کەسێکی ساحەب ئیرادە و بە هەڵوێست و شۆڕشگێر بـوو، مرۆڤێکـی دەست و داوێن پاک و خوو ڕەوشتی ئینسانی و ئەخلاقی شۆڕشگێری هەر هەموویان بۆ لـێ فێربـوون دەبـون، جیـالەوە لە هـیچ مەئموریەتێکی حیزبی دریغی نەکردووە و هاوکاتیش هەمیشە هەوڵی بۆ یەکبوون و یەکریزی دەدا و تـا بڵێی جێگـای متمـانەی ڕێبەری حیزب و هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بووە و کەسێکی شەرم بەخۆ و جێی متمانەی گشتی بوو.

بە هۆی ڕاوەستاوی و شۆڕشگێڕبوون و بوێری و چاونەترسی کاک حەمەڕەسوڵ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە حیسابی زۆری لەسەردەکرا و حکومەتیش بۆ ئەوەی کاک حەمەڕەسووڵ بە چۆک دابێنێ. خانوو و سەروەت و سامانی ناوبراوی بە تەواوی دەست بە سەرداگرت. بەڵام کاک حەمەڕەسووڵ کێوی ورە و ئیمان و ئیرادە بوو و هیچ کات گوێی بەوە نەدەدا کە سەروەت و سامان و مڵک و ماڵی بە دەست حکوومەت و جاشەکانەوە بە تاڵان چووە.

لە شۆڕشدا هەم شەهیدی داوە (شەهید حەمەساڵح حەسەنپوور و شەهید کاوە حەکیمزادە) و هەمیش نرخی زۆر و سەرمایەی ژیان و لاوەتی بۆ ئازادی گەلەکەی داوە، هەرچەند پێشمەرگە بووە، بەڵام منداڵەکانی لە خوێندن بێ بەش نەکردووە و هاوکاتیش هەمیشە هاوکاری ئەو کەسانەی کردووە کە ویستوویانە درێژە بە خوێندن بدەن.

لەگەڵ ئەوەدا ڕیزەکانی شۆڕش واتە نەبوونی و کەم و کوڕی بەڵام هەمیشە هەوڵی داوە کە بە باشترین شێوە یارمەتی بە دەوروبەری خۆی بکا و بۆ خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کە لە خزمەتی دا کاری سیاسی و کاری بەڕێوەبەریم لە تەنیشت کردووە و کەسێکی سادق و خۆنەویست و دڵفراوان و خاکی بوو.

بە هۆی ئەوە لەگەڵ بنەماڵەکەیان لە شاری قەڵادزێ ژیاوە، لە ناوچەی پشدەر و بتوێن و بە گشتی خەڵکی شاری کۆیە و ئەو شوێنانەی دیکەی کە بە هۆی شۆڕشەوە لێی ژیاوە ناسیاوی زۆری لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان هەبوە و لە شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارە بوونی خەڵکی قەڵادزێ دوای بوردوومانی ساڵی ١٩٧٤ی زائینی دا لە کەسە دیارەکانی سەردەشت بووە کە یارمەتی بە ئاوارەکانی دەڤەری قەڵادزێ داوە و بە هۆی شارەزایی و مەئموریەتی حیزبی لەگەڵ شۆڕشی باشووری کوردستان تێکەڵ بووە و ماڵەکەی هەمیشە شوێنی حاوانەوە و حەسانەوەی کوردەکانی باشووری کوردستان بووە و بێ شک مێژووی شۆڕشی باشووری کوردستان قەرزداری کاک حەمەڕەسووڵ و بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەیەتی.

کاک حەمەڕەسووڵ خەمخۆری بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و خەڵکی کەم داهات و هەژار بوو، خۆشەویستی شەهیدانی ڕێبەر دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بوو، کەسێک بوو کە بەرگری لە سیاسەتە درووستەکانی حیزب دەکرد و هاوکاتیش کەسێکی قسەورگر بوو، ڕەخنەی دەگرت و ڕەخنەی قەبووڵ دەکرد و بۆ گەورەیی حیزب و بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی حیزبی کەسێکی تا بڵێی بەکار و بە هیممەت بوو، ڕۆڵی کاریگەری لە شوێنی کار و بەرپرسایەتییەکانی دا هەبوو و هەمیشە بە چاوی کراوەوە دەیروانیە کەم و کوڕییەکان و بۆ نەهێشتنی کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا هەوڵی بێوچانی دەدا.

لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە و بەردەوام لە هەڵسوورانی حیزبی دابووە، هاوکات لە نووسین و وەرگێرانیش دوور نەکەوتبۆوە و چەند کتێب و نوسراوەی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کتێبخانەی کوردی پێشکەش بە گەلەکەی کردووە، کە چەند دانەیان بریتین لە: مێژووی سەردەشت، (یادی یاران١) ساتێک لەگەڵ مەلا ئەحمەد شەڵماشی (مەلا ئاوارە) دا، (یادی یاران٢) بەسەر کردنەوەیەکی سەرپێیی لە هەڵبەستەکانی مەلا غەفوور دەبباغی (حافزی مەهابادی)، لە بارەگای سوڵتاندا (مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی حەوتەم) و هەروەها چەند کتێبی ئامادەی چاپن کە بەداخەوە بۆ خۆی چاوی پێ نەکەوتن. جیا لەوە لە بۆنەی جۆراوجۆردا نووسین و تەنانەت هەڵبەست و نووسراوەی کورت و پڕ مانای نووسیون و بەشێک لەوان لە ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕەکان دا چاپ و بڵاو بوونەوە.



زۆر بەداخەوە کاک حەمەڕەسووڵ ماوەی ساڵێک دەبوو تووشی نەخۆشی و ناسازی ببوو، وێڕای ئەوە کە بەردەوام لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دابوو بەڵام مخابن لەوە زیاتر نەژیا کە ئازادی ئەو بەشەی کوردستان بە چاوی خۆی ببینێ و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ جارێکی دیکە لە تەنیشت خۆی کۆبکاتەوە و زامی ئازاری دووری‌یەکان بە دیتنەوەی کوڕو کچ و نەوەو برازا و هەموو خزمانی دیکە سارێژ بکاتەوە. بێشک ماڵئاوایی یەکجاریی کاک حەمەڕەسووڵ کۆستێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی و تێکرای دۆستو ئاشنایانی و هەروەها بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کاک حەمەڕەسووڵ لە نێو ڕیزەکانی حدک دا زیاتر لە ٥٠ ساڵ تەمەنی خۆی بۆ خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان تێپەڕ کرد و لە نێو ئەو حیزبەدا وەک قەڵای خۆڕاگری سەیری دەکرا. بە هیوای ئەوە کە گەلی کورد مرۆڤی تێکۆشەر و ماندوویی‌نەناس و خۆشناوی وەک کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپووری هەر زۆر بن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێری وانەی چاونەترسی و مافپارێزی بکەن.

کۆچی نابەوەختی کاک حەمەڕەسووڵ بۆ من و ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەمانناسی زۆر دژوارە و هەرچی لە سەر ناوبراو بینووسین، ئێستا قەڵەم هەر کەمی دێنێ و تەنیا ئەوەندە دەڵێم بنوو و بە ئاسوودە سەر بنێەوە کە ئێمە هەر قوتابی

جەنابت دەبین و لە دڵمان دا هەموو کات زیندووی و تا هەین وانە و دڵفراوانی و خۆشەویستی تۆی تاجی سەرمان لە بیر ناچێتەوە. بە ئاسودەیی سەر بنێەوە کە ئێمە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانت، ئازادی گەل و نیشتمان هەر بە ڕێگای خەباتی تۆی نموونەی وەفاداری دا دەڕۆین و تا سەر هەنگاوەکانمان بە جێی هەنگاوی بە جێماوی تۆی ئازیزدا هەڵدێنینەوە.

لە ڕێگای ئەم کورتە نوسینەوە سەرەخۆشی لە هاوسەری ژیانی و کوڕ و کچ و نەوەکانی، لە بنەماڵەی بەڕێزی حەسەنپوور لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات و لە نێو قەڵای دێموکرات لە کۆیە و خزم و ئاشنایانی بە گشتی و هەروەها لە هاورێ و هاوسەنگەرانی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەکانی حەسەنپوور، حەکیمزادە و حەددادەکان بە گشتی دەکەم و خۆم بە شەریکی ئەو خەمە گەورەیە دەزانم و سەری ڕێز لە بەرامبەر گەورەیی و نەبەزی و وەفاداری کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور و بنەماڵەکەیان دا دەنوێنم.

ڕووحی شاد.

حەمەرەسووڵ کەریمی


٠١ . ٠٦ . ٢٠١٦

تێبینی: ئامادە کار؛

* هاوڕێ حەمە رەسووڵ حەسەن پوور: تێکۆشەری دێرین و هاوڕێی زیاتر لە پێنج دەیە تێکۆشان و خەباتی نهێنی و ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان شەوی چوارشەممە ١ی جوونی ٢٠١٦ی زایینی بەرانبەر ١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

* حەمە رەسووڵ حەسەن پوور: لە گەڵ خاتوو هۆما فاتحی هاوسەرگیری کردوە و بەرهەمی ژیانیان ٦ منداڵە. کچێک بە ناوی: خاتوو ئەوین،

پێنج کوڕ بە ناوەکانی: بەرێزان شاهۆ و ئازاد لە وڵاتی سوئید دەژین، د.ئومید، لە شاری کوێ باشووری کوردستان نێشتەجییە. ئاگری، ئارمان حەسەن پوور،



* **خاتوو هوما هۆما فاتحی** هاوسەر و هاوژینی کاک حەمەرەسووڵ هەموو تەمەنی خۆی لە هەر دوو سەردەمی رێژیمی پاشایەتی و رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی چ لە شار و چ شاخ یار و یاوەری هاوسەرەکەی بوو، هاوسەرێکی بەتوانا و گەورەترین پێشیوانی رەوانشاد کاک حەمەرەسووڵ بوو و رۆژانی گەلێک سەخت و دژواریان بۆ وەهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد لە دوڵ و چیاکانی کوردستانی بەسەر برد بۆ ساتێکیش گەل و نەتەوەکەیان لە بیر نەکرد. هەربۆیە خاتوو هوما جێگای شانازی و ستایش و رێزلێنانە، سپاس بۆ ئەم هەموو خۆراگر ماندوو بوونەت.

هەر ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت بۆ گەل و نیشتمان.

# پێشکێشە بە نەمر مامۆستا حەمەڕەسوڵی حەسەن پوور

**محەممەدی فەقێ عەلی**

**کوڵی دڵم بۆ مامۆستا و ڕابەرم.**

ئەی مامۆستا و ڕابەرم، کۆی خەرمانەی خەمەکانی پێرێ و دوێنێ هێشتا نەدراوەتە بەر پشوەبای شێنایی دڵ، تۆش بە ماڵاوایت خەرمانەی خەمت گەورەتر و بە ئێشتر و پڕ لە ئازار و ژانتر کرد.

مامۆستام! ڕێچکەی ژیانی بناری شۆڕش و خەباتت، پڕیە لە سەربەرزی، لە وانەی بەرخۆدان و شۆرشگێڕی، لە هەستانەوە و سەرکەوتن و تیشکان و نەسرەوتن، دڵنیابە هەر هەمویانم لە سەر پەڕەی بیر و هزری ژیانم نوسیوەتەوە، بۆیە تۆ هەرگیز لە دووتوێی بیر و مێشک و دڵم ناتوانی دوورکەویەوە.

مامۆستام! وانەکانی، کە تۆ لە ئاوارەو موعێنیەکان و شەریفزادە و وێردی و نەحۆ و دەیان شەهیدی دیکەی سەربەرزی دەورانی بومەلەرزەکەی کوردستان فێریان بووی لە سینگ و دەرونتدا بە ئەمانەتەوە گەیاندتە ئێمەی قوتابی، ئەوەتا دوای دەیان ساڵیش لە سەنگەری بەربەرەکانی و نەسرەوتن و یاخیبوندا، ڕۆژ بە ڕۆژ بە خوێنی تازە و تازەتر دەنوسرێنەوە.

مامۆستام و رابەرم! شانازیەکانی دەورانی هەژاندنی دوورگە بە ناو ئارامەکەی پەهلەوی گوڕبەگۆڕ بونەتە سونبولی ژیانەوە و هەستانەوە، تۆش پریشکێ بووی لەو بورکانەی، ئارامی لە شاویست ووشاپەرست و شادۆستان براند. تۆش بریسکەی هەورەتریشقەی ئەوکاتی وەڵاتی ویشکارۆی ئازادی کوردان بووی و چی دارو دەوەنی سوتاوی دەستی داگیرکەران بوو لە چاوەڕوانیتدا هەربەسەرپێیوە بوون و بە بوونی تۆ و هاوڕێیانتەوە دەژیان

بۆ کوێ مامۆستام؟ بۆ کوێ؟ گەنج و لاوی وڵاتەکەم هێشتا وانەکانی تۆیان هەر هەمو نەبیستوە. تۆ لاپەڕەیەکی نەنوسراوەی بەربەرەکانی و خۆڕاگری هەر سێ شەهیدی هاوخەباتت، (ئاوارە و مەلا کەچە و وەتمان)ی هەرگیز نەمری، دە دانیشە و ئەم لاپەڕەیەمان بۆ بنوسەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**تۆ! داستانەکانی لە سینگدا ڕاگیراوی، دەیان شەهیدی لە خوێن دا خەڵتاوی وەک ڕەسوەمەڕ و هەڤالانی. تۆ رووحی ئازادیخوازی و سونبولی سەدان گیانی پەروازەی وەڵاتی کوردانی، ئەو گیانانەی لە بێخی بیر و باوەڕی تۆدا، بژاری هزو بیری ئازادی و دیمۆکراسیان دەکرد. هێشتا ئەم دەرسانەت نەگوتۆتەوە مامۆستام، هێشتا کاتی نیە، هەروا مەڕۆ! ڕۆیشتنت نەک هەر ئازارێکە بە ناخی جەستەو ڕوح دا ڕۆدەچێ و بێ کۆتای عەزاب دەدا، بەڵکو خەسارێکە و خەرمانەی بیرەوەریەکانی شۆڕشگێڕانی ئەوکات و ئەم کاتەمان ناتەواو دێڵێتەوە، هەروا مەڕۆ و دنیایەک بیرەوەری شیرین و پڕ لە ئازارمان با نەنوسراو و بێ زمان نەمێننەوە.**

**مامۆستام! داربەڕوو سوژدە دەباتە بەردەم ڕێچکەی دەیان ساڵەی خەبات و تێکۆشانت، وەرە مەڕۆ، چەقڵە شینکەی لاڕێیە شوێن پێت ماچ دەکات گەورەم هەروا تێمە پەڕە، ڕیحانە کیویلەش ئەمڕۆ بۆنی ئارەقی ناوچاوانی تۆ دەدات، ئەی ڕابەرم هەڵەداوان جێم مەهێڵە.**

**هەرڕۆیشتی...؟ ڕۆیشتی؟ ڕووحت شاد مامۆستا و ڕابەر، من چیم هەیە بۆتۆی بکەمە دیاری بۆ ئەم سەفەر بێگەڕانەوەت؟ بێجگە لەوەی بەڵێنت پێ بدەم، کە هەرچۆن تۆ مامۆستا و ڕابەرم بووی، تا گەیشتن بە ئامانجەکانی تۆ، منیش هەر ئەو قوتابییەی تۆ بم تا شانازی یەکتر بینەوەمانم لەو دنیایدی پیدەبڕێ، با بتوانم سەربەرزانە و رووسوور لەم دنیاش لە خزمەتتدا ڕاوەستم و شانازی قوتابیبوونی تۆم هەبێ، ئۆغرت خێر. مامۆستام سەفەر بەخێر ئەی ڕابەر.**

**سەبەرز ئەو کەسەیە، کە بەنەمانی یەکەم هەنگاوی بەرەو هەرمانی دەنێ!**

---



سەرچاوە Serchawe

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور



بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە شەوی ڕابردوو چوارشەممە ١ی ژوئەنی ٢٠١٦(١١ی جۆزەردانی ١٣٩٥)، تێکۆشەری دێرین و هاوڕێی زیاتر لە پێنج دەیە تێکۆشان و خەباتی نهێنی و ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور، کۆچی دوایی کرد.

حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور کە خەڵکی شاری سەردەشت بوو، ساڵی ١٣٢١ هەر لەو شارە لە دایک بوو. بنەماڵەی حەسەنپوور لەو بنەماڵە ناسراوانەی شاری سەردەشت بوون کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیی خۆیان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کوردستان سەلماند. حەمەڕەسووڵ لە ژێر کاریگەریی پەروەردەی بنەماڵەکەی و بە تایبەتی حەمەدەمینی مامیدا، هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە فێری خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان و ئازادی بوو. حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور دوای ئەوەی قۆناغەکانی خوێندنی سەرکەوتوانە تەواو کرد، بوو بە مامۆستا و لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشت خەریکی خوێندەوارکردن و پێگەیاندنی منداڵانی نەتەوەکەی بوو. لەو ساڵانەدا بوو کە بە هۆی بەشداریی کۆمەڵێک لە کەسایەتییەکانی خزم و تایفەی خۆی (لە سێ بنەماڵەی بە ناوبانگی سەردەشت حەسەنپوور، حەددادو حەکیمزادە) لە تێکۆشانی سیاسی و حیزبی دا، هۆگریی کەوتە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە دەیەی چلی هەتاوی و لە کاتێکدا ببووە مامۆستایەکی ناسراوی ناوچەی سەردەشت، زۆر جار دیدار و چاوپێکەوتنی لە گەڵ کادرەکان و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبوو. سەرئەنجام ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی دێتە ڕیزی ئەندامانی نهێنیی

حیزبی دیموکراتی کوردستان.

کاک حەمە ڕەسووڵ بە هۆی جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتی‌و، بەرزیی پلەی خوێندن‌و ئاگایی‌و هۆگریی زۆری بە تێکۆشان، زۆر پتر لە ئەندامێکی نهێنی خۆی بۆ کاری سیاسی‌و حیزبی‌و ڕێکخستن تەرخان دەکاو بە کردەوە ڕۆڵی کادرێکی حیزبی دیموکرات لە نێو تەشکیلاتی نهێنیی حیزبدا دەگرێتە ئەستۆ.

ساڵی ١٣٤٧ لە هەلومەرجێکدا کە شۆڕشگێڕانی حیزبی دیموکرات ناوچەی سەردەشتو زۆر ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردبووە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی خۆیان لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی، حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور کەوتە بەر شاڵاوی دوورخستنەوەو لەلایەن ساواکەوە بۆ شارەکانی "گورگان" و "تەفریش" دوور خرایەوە.

هاوڕێ حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور بە هۆی باوەڕی پتەوی بە ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەردەوامبوونی لە سەر تێکۆشان لە چوارچێوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ئەم حیزبەدا، لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە١ی ڕەزبەری ١٣٥٢ هەتاوی (٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣)ی زایینی لە شاری بەغدا لە عێراق پێکهات، بێ ئەوەی بۆ خۆی لە کۆنگرە ئامادە بێ‌و لە کاتێکدا هەر وا لە دوورخراوەیی‌دا ژیانی بە سەر دەبرد، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا. کاتێک ماوەی دوور خراوەیی ئەم مامۆستا خەباتکارە کۆتایی پێ هاتو گەڕایەوە سەردەشت، بە جۆرێکی شایان لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێ کرا. ئەو مامۆستا دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە بە گەڕانەوە بۆ سەردەشت، گوڕو تینێکی تازەی دایەوە بە تێکۆشانی حیزبیی خۆی‌و ڕێکخراوی نهێنیی حیزب لەو ناوچەیە.

ساڵی ١٣٥٧ (١٩٨٧ز) لە گەڵ دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکان بە دژی ڕیژیمی شایەتی، هاوڕێ حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور کە هەم لە نێو فەرهەنگیان‌و هەم لە نێو ئەندامان‌و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، پێگەیەکی بەرینی هەبوو، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕێکخستنی خۆپێشاندان‌و ناڕەزایەتیدەربڕینەکاندا گرتە ئەستۆ.

بە ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک حەمەڕەسووڵ هەموو کاتو توانای خۆی بۆ جێبەجیکردنی ئەرکو بەرپرسایەتیی حیزبی تەرخان کرد. ئەو هەر ئەرکو کارو بەرپرسایەتییەکی پێی سپێردرابا، بە دڵو گیانەوە خۆی بۆ تەرخان دەکرد. ئەو سەرەرای ڕابردووی زۆری حیزبایەتی‌و پلەی بەرزی خوێندەواری و ناسراویی بنەماڵە، لە وەرگرتنی بەرپرسایەتیی حیزبی دا، زۆر موتەوازع بوو و هەر بەرپرسایەتییەک ڕێبەریی حیزب پێی سپاردبا، بە ڕووخۆشی وەری دەگرتو بەو پەڕی جیددیەتەوە جێبەجێی دەکرد. ئەو وەک ئەندامی

کۆمیتەی شارستانو وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ساڵانێک خزمەتی کرد. بە هۆی ئەزموونی زۆری لە مامۆستایەتیو کاری پەروەردەو فێرکردندا چەندین ساڵ وەک ئەندامی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان، تێکۆشانی هەبوو. بە هۆی ئەمانەتداریو دەسپاکی ماوەی پێنج ساڵ بەرپرسایەتیی تەداروکاتی پێشمەرگەی پێ سپێردراو سەرکەوتوانە بەڕێوەی برد. کاک حەمەڕەسووڵ لە کۆمیسیۆنەکانی کۆمەڵایەتی، ماڵیو سیاسی - نیزامییش وەک ئەندام ئەرکو بەرپرسایەتیی بەڕێوە بردوەو بۆ ماوە زیاتر لە دوو ساڵیش بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بوو.

هاوڕێ حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور، شانبەشانی بەڕێوەبردنی دلسۆزانەی ئەرکو بەرپرسایەتیی حیزبی، لە کاری فەرهەنگییش غافڵ نەبوو. هەمیشە کاتی بۆ خوێندنەوەو وەرگێڕانو نووسین تەرخان دەکرد. لە گەڵ ڕاگەیەنەکانی حیزب، هەر هاوکارییەکی لە دەست هاتبایە درێغی نەدەکرد. بە هەوڵی ماندووییەنەناسانەی کۆمەڵێک کتێب بریتی لە نووسینو وەرگێڕانی پێشەکشی کتێبخانەی کوردی کردوون.

ژیان لە سەنگەری فێرکردنو تێکۆشانو خۆ تەرخانکردن بۆ وانەکانی نیشتمانپەروەریو ئازادیخوازی، حەمەرەسووڵ حەسەنپووریان کردبوو بە کەسایەتییەکی خۆشەویست لە ناوچەی سەردەشتو لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا.

حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور، مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی، هێمن، دلسۆز، نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیر بوو. بە کۆچی دوایی ئەو خەباتکارە دێرینە، حیزبی دیموکراتو گەلی کورد، ڕۆڵەیەکی بەوەجو بە نرخی خۆیان لە دەست دا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور، سەرەخۆشیی گەرمی خۆی پێشکەشی هاوسەرە بەڕێزەکەی، کچو کوڕەکانیو بنەماڵەکانی حەسەنپوور، حەکیمزادەو حەدداد و تێکڕای کەسوکارو ئازیزانی ئەو نەمرە لە سەردەشتو دەرەوەی وڵات دەکا. هەر بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامان و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەینو هەمووانیش دڵنیا دەکەین کە ڕەوەشتی بەرزی حەمەڕەسووڵ حەسەنپوورو وەفاداریو دڵسۆزییەکانی لە ئاست حیزبو نەتەوەکەی دەکەین بە سەرمەشقی خۆمانو یادو ناوی بە بەرزی ڕادەگرین.

**بەرزو بەڕێز بێ یادی هاوڕێی خۆشەویست و ئازیزی تازە لە دەستچوومان حەمە رەسووڵ حەسەنپوور.**

حیزبی دیموکراتی کوردستان - دەفتەری سیاسی

١ی ژوئەنی ٢٠١٦ = ١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٥



سەرچاوە Serchawe

## بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی تێکۆشەری کۆچکردوو کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە وڵاتی سوید




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی ژۆئەنی ٢٠١٦ی زایینی و بە ئامادە بوونی سەدان کەس لە هاوڕێ، خزم و کەس و هەڤاڵانی کە لە هەموو شار و ناوچەکانی سویدەوە ڕوویان لە شاری لینشۆپینگ،ی ئەو وڵاتە کردبوو، کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی تێکۆشەر دێرین و ناسراوی ناو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆڕە ماتەمینەکە بە وتەیەک و خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی حدک لە لایەن هاوڕێ نەبەز عەلیدووست بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی حیزب لەوڵاتی سوید دەستی پێکرد. بە دوای ئەو بەڕێز کاک کەریم حەداد، تێکۆشەری ناسراوی بزووتنەوەی کوردایەتی کە چ وەک خزم و چ وەک هاوڕێیەتی حیزبی، تێکەڵاوییەکی نەپساوە و دێرینی لەگەڵ کاک حەمەڕەسووڵ هەبووە، وتەیەکی لەسەر کەسایەتی و ژیان و حیزبایەتی ناوبراو لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژیمی پەهلەوی و پاشان سەردەمی ژیانی خەباتی ئاشکرای کاک حەمەرەسووڵ هێنایە زمان.

بە دوای ئەو بەڕێز تێکۆشەر مامۆستا عەبدوولا حەسەنزادە لە وتەیەکی کورت دا باسی لە کەسایەتی بەرزی کاک حەمەرەسووڵ کرد و ناوبراو بە یەکێک لەو مرۆڤە تێکۆشەرانەی ناوبرد کە لە سەردەمی خەبات و تێکۆشانی نهێنی و ئاشکرای حیزبی دیموکرات دا، جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی هەبوو. بەڕێز حەسەنزادە لە بەشێکی قسەکانی دا وتی: لەوەتەی ئێمە لە شۆڕش و خەبات داین و لە پاش مەرگی ئازیزانمان بابەت و نووسراوە دەنووسین، کەمتر بابەت و نووسراوەم بینیوە کە وەک ئەوەی لەسەر کاک حەمەرەسووڵ نووسراو و لە ڕاگەیاندن دا بڵاو کرایەوە بە پێز و پڕ نێوەرۆک



سەرچاوە
Serchawe

بووبێ. بەڵام شتێکی کە من دەمەوێ پێی زیاد بکەم ئەوەیە کە کاک حەمەرەسوول نموونەی ئینسانێکی مەند و لەسەرخۆ، کەم تەوەقووع و موتەوازع بوو. کەسێک لە نزیکەوە کاک حەمەرەسووڵی نەناسیبایە پێی وابوو ئینسانێکی سادەیە، خوێندەواریش بێ کەم سەوادە، بەڵام ئەو پیاوە ئینسانێکی زۆر فازیل بوو، زۆر ئەدیب بوو، زۆر کەس شارەزای نووسینەکانی، تەرجومەکانی، عیشق بە نیشتەمانەکەی، عیشق بە نەتەوەکەی نین. کاک حەمەرەسووڵ هیچکات چاوەڕوانی دەستخۆشێک، پاداشێک نەبوو لە بەرامبەر کارو وتێکۆشانی دا. ئەو خاوەن رابردوویەکی زۆر پڕ لە شانازی و سەربەرزی بوو. لەو سەردەمانە کە وەک دەڵێن کەڵ بەموو بەندە، کاک حەمەرەسووڵ یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە هیچ کات کۆڵی لە تیکۆشان نەدا و سەرەڕای خەبات و تێکۆشانی لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی دا لە ناوخۆ، بەلام هەموو کاتێش سەردانی هاوڕێیانی حیزبی لە باشووری کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانی. ئەو لە ڕیزی ئەو کەسانە دا بوو کە لە بچووکترین دەرفەت و زۆرترین ئیمکانات بۆ ناساندنی حیزب و سیاسەتەکانی بە خەڵکی کوردستان کەڵکیان وەرگرت و هەر ئەوەش بوو کە ناوبراوی کردبووە خۆشەویستی ناو ریزەکانی حیزب و کۆمەلانی خەلک و سەرئەنجام هەڵبژاردنی وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب لە ناخۆی ولات. خزمەتەکانی بە کۆڕی پەروەرد و فێرکردن و ئۆرگانە جیاوازەکانی دیکە ناو حیزب، جێگەی شانازی و دەستخۆشین و ژیانی ئەو پیاوە تێکۆشەرە بۆ لێ فێربوون دەبێ. کاک حەمەڕەسووڵ بە کۆمەڵێک بنەماڵەی وەک حەدادەکان، حەسەنپوورەکان، عەلیدووستەکان و حەکیمزدەکانەوە پەیوەست بوو و لە ڕاستی دا کەم بنەماڵە هەیە کە وەک ئەوان ئاوا لە دەوری حیزبێکی سیاسی کۆبنەوە. باوکی کاک حەمەڕەسووڵ یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە لە سەر دەمی کۆماری کوردستان دا دەستی دایە تێکۆشان و تەنانەت مامیشی یەکێک لە پێشڕەوانی بیری کوردایەتی بوو لە شاری سەردەشت و دەوروبەری دا.

بەڕێز مامۆستا حەسەنزداە لە کۆتایی وتارەکەیدا وتی: ئێمە لە دیموکرات دا فێربووین کە قوربانی گەورە بدەن، حیزبەکە گەورەیە و قوربانی گەورەش دەدا. بەڕیزیان بەهۆی شەهید بوونی پۆلێک تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە چەندین ڕۆژی ڕابردوو دا لە ناوچەی شنۆ، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کار و هاوڕێیانیان و خەڵکی کوردستان بە گشتی کرد.

دوای وتەکانی بەڕیز حەسەنزادە هاوڕێ حەمەڕەسووڵ کەریمی، ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ولاتی سوید، چەند وتەیەکی سەبارەت ژیان و خەبات و کەسایەتی هاوڕێی کۆچکردوو کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور پێشکەش کرد و پەیامی هاوردەری ئەندام و دۆست و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ولاتی سوید،ی ئاڕاستە و بنەماڵە کەس و کار و هاوڕێیانی ناوبراو کرد.

لە کۆتایی کۆڕە ماتەمینەکە دا کاک شاهۆ حەسەنپوور بە ناوی سەرجەم بنەماڵەکەیانەوە سپاس و پێزانینی پێشکەشی سەرجەم خەڵکی کوردستان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی باوکی کۆچکردووی کرد کە لە خەمی لە دەستچوونی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە دا هاوخەمیان بوون لە کۆڕە و کۆبوونەوەکانی پرسە و سەرەخۆشی دا لە کوردستان و دەرەوەی وڵات دا بەشدارییان کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە نۆرویژ



ڕۆژی یەکشەممە، ١٦ی جۆزەردان کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور کە لە لایەن کۆمیتەی حیزب ڕێک خرابوو، بە بەشداری ئەندامانی، لایەنگرانی و دۆستانی حیزبی دیموکڕات بەڕێوەچوو.
لەو کۆڕەدا پەیامی سەرەخۆشی حیزب لە لایەن بەرێز مەحبوب رەحیمی ئەندامی بەڕێوەبەری کۆمیتەی نۆرویژ خوێندرایەوە، لە پەیامەکەدا وێرای سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکرات، بنەماڵەو دۆستانی کۆچکردوو، بەڵێن نوێ کرایەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی شەهیدان درێژەدەری ڕێگایان بین.

دواتر ژیاننامەی کۆچکردوو کە لەلایەن کاک حەمەرەسووڵ کەریمی هاوڕێی ڕۆژە سەختەکانی بەرێز حەسەنپوورەوە نوسرابوو، لە لایەن بەرێز هاشم ڕۆستەمی پێشکەش بە بەشداربوان کرا و بەرێز سۆران شێرزاد بە شێعرێکی شۆرشگێری هەستی خۆی بۆ لەدەستدانی کۆچکردوو دەربری.

لە کۆتایی کۆڕەکەدا سپاسنامەی بنەماڵەی کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە لایەن ژیلوان حەسەنپوورەوە خوێندرایەوە.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە لە کۆڕەکەدا یادی نەمر مەلا خدر دۆڵەگەرمی ئەندامی رێبەری پێشووی حیزبی دێموکرات کرایەوە کە لە جۆزەردانی ساڵی ٨٧ بە هۆی نەخۆشی لە نۆرویژ کۆچی دوایی کردبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٦

## بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە وڵاتی فینلاند



ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٥ی مانگی ٦ی ٢٠١٦ی زایینی کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور بە بەشداری ئەندامان، لایەنگرانی و دۆستانی حدک لە شاری تورکوی وڵاتی فینلاند بەڕێوەچووو.

پەیامی سەرەخۆشی حیزب لە لایەن بەڕێز کوردنژاد ئیبراهیمی ئەندامی بەڕێوەبەری کۆمیتە ناوچەی تورکو خوێندرایەوە، لە پەیامەکەدا وێرای سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکرات، بنەماڵە و دۆستانی کۆچکردوو، بەڵێن نوێ کرایەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی شەهیدان درێژەدەری ڕێگایان بین.

دواتر لە لایەن بەڕێز عەزیز شێخانی پەخشانێک پێشکەش کرا و لە کۆتایی کۆڕەکەدا سپاسنامەی بنەماڵەی کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە لایەن بەڕێز ئاوات حەسەنپوورەوە خوێندرایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٦

## بەشێک لە: پەیامی سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەی زیندە یاد حەمەرەسوڵ حەسەنپوور کە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کوری گەورەی شاهۆ نێردراون

**ئاسۆ وێردی**: "زۆرن ئەوانەی حەز دەکەین ڕێزیان بگرین. بەڵام کەمن ئەوانەی وەک تۆ ڕێز لێ گرتنیان ئەرکە. روحت شاد تیکۆشەرە سەنگینەکە."

**عەلی یەعقووب**: "زۆر بەداخەوە کاک شاهۆ. هاوبەشی خەمتانین. من باوکی جەنابتانم نەبینیوە، بەڵام هەستم بە گەورەیی و شکۆمەندییەکەی کردووە. ڕۆحی شاد بێ و ئاسوودەییش بۆ ئێوە. هیوادارم دوایین خەمتان بێ.

**ڕێبوار قادرزادە**: "سڵاو لە روحی پاکی کاک حەمە ڕەسوڵ. یاد و یادگارییەکانی هەمیشە زیندوو دەمێنێ لە ناو خزم و دۆست و هاوسەنگەرانی. هاوبەشی خەمتانم، رووحی شاد بێ و ڕێگاو ڕێبازی پڕ ڕێبوار"

**کامیل ئوستا رەحمانی**: "روحی شاد بێ و بەشداری غەمتانم کاک حەمەرەسوڵ غەمخوری راستقینەی هەمووومان بوو روحی شاد بێ."

**سۆران گادانی**: "برای زۆر بەرێز و خۆشەویست شاهۆ گیان

خەبەری کۆچی دوای باوکت خەم و پەژارەیەکی گرانە بەرێزتان لە ئامێز دەگرم و هاودەردی خۆم و بنەماڵەتان پێ دەڵێم گەورەی و رووخۆشی کاک حەمە رەسوڵ لە دەورانی منداڵیدا هەر لە زێهنم دا ماوە. روحی شاد و یاد بەخێر بێ."

**شوعلە قادری**: "هەر چەند کۆچ دوایی باوکی بەڕێزت خەم و پەژارە دەخاتە دڵی هەموو هاوسەنگەران و هەموو ئەوانەی کە لە نزیکەوە کاک حەمەرەسوڵیان ناسیوە، بەڵام بە وەزیفەی دەزانم سەرەخۆشیت پێ بڵێم. شاهۆ گیان لە دڵەوە شەریکی خەمتانم. هیوادارم روحی کۆچ کردوو شاد بێت و بنەماڵەو ئازیزانی سلامەت بن. بەو هیوایە ئامانجی کاک حەمەرەسووڵ کە

رزگاری کوردستان بوو و لەو رێگایەوە نزیک بە هەموو ژیانی تێکۆشا، بێتە دی. خودا سێبوریتان بدا."

**ڕەحمان ئەمینی:** "شاهۆ گیان بۆ ماڵئاوایی کەساییتەکی وەک کاک حەمەرەسووڵ کە ژیانی پڕ لە سەربەرزی و شانازییە دەبێ خۆشی بگێردرێ نەک ناخۆشی. ژیانێکی ئاوا شەرافەتمەندانە و شۆڕشگێڕانە نەسیبی هەموو کەس نابێ. دەبێ هەمووی ئێمە ژیانی پیرۆزی کاک حەمەرەسوڵ کە ئاوا شۆڕشگێرانە ژیا بە خۆشیەوە یادی بکەین و هیوایەتمان ئەوە بێ کە ببێتە نموونە ژیانێکی پیرۆز بۆ داهاتوەکانمان. هیوادارم کە بە بیر کردنەوە لە ژیانی پڕ لە سەربەرزی و شۆڕشگێرانەی ئەو, سوکنایی بە دڵی هەمووتان دا بێت و لە دەست دانی تەحەمول بکەن."

**سەرگوڵ بێتووشی:** "کاک شاهۆ سەرەخۆشی لە خۆت و هەموو ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵەکەتان دەکەم، هیوادارم سەبوور بن و خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانم. هیچ کاتێک ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێتەوە من هەرزەکارو هارو هاج بووم و گرفتێک لە مابەینی من و بابم پێش هاتبوو لە بەر دەرگای خۆتان دوای چاک و خۆشی دەستی لە سەر شانم داناو وتی کچی خۆم ..... زۆر شتی گوت، ئامۆژگارییەکانی دۆخەکەی ئارام کردینەوە.... یادی بۆ هەمیشە بەرزو بەڕێزە."

**ئەحمەد شێربەگی:** "تێگەیشتنم لە کاک حەمە ڕسووڵی باوکت، سیمایەکی ناسراو، مرۆڤێکی بە سەبر وخوارگر و نەجیب، تێکۆشەرێکی بە ئیمان و لە خۆبوردوو، ڕێرەوێکی راستەقینەی ڕێبازی کوردایەتی بوو. مەرگی ئەم پیری ناو سەنگەرە کە خاوەنی دەیان ساڵ ئەزموونی کوردایەتی و خەبات لە پێناوی ئازادیی دابوو لەم ساتو کاتە دا خەســارێکی گەورەیە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە خۆرهەلاتی کوردستان...

لە ناخی دڵمەوە پرسەو سەرەخۆشی پێشکەشی بنەماڵەی شۆڕشگێری حەسەن پوورەکان بەتایبەتی هاوسەرە بە وەفاکەی، رۆڵە تێگەیشتو و پێگەیشتوەکانی، خەڵکی دێمۆکرات پەروەری مەڵبەندی سەردەشتی مەکۆی شێران و هەموو تێکۆشەرانی حێزبی دێمۆکرات دەکەم وخۆم لە خەمیان دا بە شەریک وبەشدار دەزانم. هیوادارم رووحی نەسرەوتووی کاک حەمەرەسوولی حەسەن پوور لە ئارامگەی خاک دا حەسانەوەی هەتاهەتایی بکات و یادەکانی هەمیشە سەوزو بەهاری بێ... ڕوحی شاد..."

**برایم خزری:** "زۆری بۆ بە پەرۆشین بۆ ماڵ ئاوای کردنی نەمر کاک حەمەرەسووڵی حەسەنپور بۆ هەموومان وەک یەکە وایە چون هەمووکەس خۆشی دەویست، سەبوری بۆ هەموتان منداڵە جوانەکانی بەگەشتی دایکی ئازیزتان هەموو کەس و کاری خوا لێ خوش بوو. روحی شاد ڕێگای پرریبواربێ."

**عەلی ئیسحاقی:** "سلاو ریز کاک شاهو گیان بە بو نەی کوچی دوایی باوکی بەریزت سەرخۆشی خوم ئاراستی جنابت و بنەماڵەی بەریزتان دەکەم شەریکی غەمتانم خودا بە بەهشتی شاد بکات. هیوادارم خودا سەبرو سەبوریش بدا بە جەنابت. کاک حەمەرەسول خوشەویستی هەمومان بو شەریکی خەمتانم."

**عەبدوڵا حیجاب:** "زۆر بە داخەوە، هەواڵێکی دڵتەزێن بوو. لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کەس و کار و هاوڕێ و هاوبیران دەکەم و هاوخەمی ئێوە ئازیزانم کاکە شاهۆ گیان. ڕووحی شاد."

**حوسێن حەسەنزادە:** "شاهۆ گیان شەریکی غەمتانم، کاک حەمە رەسووڵ باوکی ئێوە و خۆشەویستی ئێمەش بوو، خودا بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و سەبووریش بە دلی تۆ و باقی ئازیزانتان ببەخشیت. روحی شاد بیت."

**عەزیز شێخانی:** "ئێوارەی رۆژێکی پڕ لە تەوژمی بای ساردی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٥، کە پەیامی بەرزایی و کوێستانەکانی مەڵبەندی حەمە رەسووڵ حەسەنپووری لە هەناسەی خۆیدا سوار کردبوو، سەردانی ماڵی کاک حەمە رەسووڵم کرد. مەودایەک پێکەوە باسمان لە رابردوو و ئەمڕۆ و ژیانی خۆمان، لە باشوور و رۆژئاوا کرد. خەمی زمانی دایکی منداڵە کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی هەبوو، بۆیە زۆر بە جیددی پرسیاری ناوی منداڵەکان و تەنانەت ئاستی فێربوونی زمانی منداڵەکانی دەکرد. لە کاتی قسەکردندا هەڵوێستەیەکی دەکرد، بەڵام هیوادار و هەڵگری خەمێکی گەورە بوو. لە وتەکانیدا باسی لە ئێمەمانان و نەوەی دوارۆژ دەکرد، کە بگەینە رۆژی شادیی و خۆشی. دیدار و دیتنی کۆنە هاوڕێکان لە گەڵ ئەوەی تامی خۆی هەیە، بەڵام جار و بار خەم هێنەرە. لەو دیدارانەدا مرۆڤ بەراوەردی ئەو تێکۆشەرانە دەکات، کە لە ماوەی نیزیک بە ٣٠ ساڵی رابردوودا چەندە خەمی زەمانە و دوورە وڵاتی ئازاری داون. لەو رۆژانەدا بوو، کە لە گەڵ ئەمر چەکۆ رەحیمی یەکترمان دیت و هێندێک وردە قسە و قسەی خۆشمان گۆڕیوە، بەڵام ئەویش لە پڕ ماڵئاوایی کرد. ژیان پڕە لە چیرۆکە رەنگاوڕەنگەکان، کە هەر جارەوە و بە جۆرێک رەنگ دەنوێنن. مرۆڤ لە پانتایی ئەو تۆپەی زەویدا لە رۆژی هاتنەوە هەتا دوا ساتی سەفەری کۆتایی لە جوڵە و تیکۆشاندا نیە، بەڵام وێنەی حەسەنپوورەکان لە سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکاندا بە سەوزی دەمێننەوە. یادیان بەخێر و رەوانیان شاد و هاوسەر، کچ و کوڕ و سەرجەم نیزیکەکانیان تەمەندرێژ بن."

**شەپۆل هاشمی:** "ڕاستە باری خەمتان زۆر قورسە، خۆم بە شەریکی ئەم خەمەت ئەزانم، شاهۆ گیان. سەبووری بۆ خۆتان و بنەماڵەی ئازیزتان ئەخوازم. رووحی باوکی ئازیزتان شاد."

**ئازاد نارستی**: "زۆر بەداخم بۆ کۆچی دوای کاک حەمەرەسوڵی حەسەنپوور ،مرۆڤێک کە هەموو تەمەنی لە پێناو بەختەوەری نەتەوەکەی دا سەرف کرد و هیچ کات بۆ ساتێکیش وازی لە خەبات و تێکۆشان نەهێنا حیزبی دێمۆکرات ئەمجارەش کادرێکی فیداکارو بە وەفای لە دەست دا، وادیارە ئەم ساڵ کۆڕی یاران لە گۆرستانی شەهیدان تا دێت گەرمتر دەبێت، سڵاو لە رۆحی پاک و نیو سەدە تێکۆشانت کاکە گیان هەموو مان بە لەدەست دانت غەمبارین."

**عەلی ئەقدەم**: "بە لە دەست چوونی ئازادیخواز تێکوشەر و ماندو نەناسی گەلەکەمان کاک حەمەڕەسووڵ زامیکی پڕ لە ژان تەمیکی تاریکی خستە وجودمەوە لە قولایی دڵمەوە سەرەخوشی لە بنە ماڵەێ ئازیزیان دەکەم، لە خەمو پەژارەتاندا بەشدارم."

**سیروان حفیدی**: "بەداخ و کەسەرێکی زۆر هەواڵی کۆچی تێکۆشەریکی ماندوو نەناس کادرێکی بەوەجی حیزبەکەمان حیزبی دێموکراتی کوردستان ماموەستای هێژا مەحەممەد رەسووڵی حەسەنپوورمان پێگەیشت، ماموستای هێژا یەکێک بوو لە دڵسۆز و شۆڕگێر و نیشتمان پەروەرەکانی شاری سەردەشت، یەکێک بو کە ڕاستە و خۆ پێوەندی بە سەرکردەی شهیدمان مەلا ئاوارەوە هەبوو لە ساڵەکانی ٤٥ - ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی ببوو بە ئەمیندار و هەڵسوڕ بۆ کارو تێکۆشان، بۆ پێوەندی و تەشکیلاتی لە نێو شارو دەوروبەری سەردەشت حەمە ڕەسووڵ حەسەن پور بە هۆی لێهاتوی و دڵسۆزی و ئەمینداری کە هەیبوو لە هەلومەرجێکی حەساسە دا کاتێک کۆنگۆری سێ کە لە بانەمەڕی ١٩٧٣ بە ٤٩ نەفەر، لە بەغدا دەبەستری دوو نەفەر لە نێوخۆی ولات بەشدار دەبن یکیان حەمە ڕسووڵ حەسەنپوور بوو هەر لەو کۆنگرە دا دەبێتە ئەندامی ڕێبەری حیزب، لەو ماوە دا تا ڕاپەینی دژی شا ڕێنوێنی و بریارەکانی حیزبی بەپێ شەڕائیت جێ بە جی دەکرد لە ڕاپەڕینش دا زۆر حکیمانە ڕێنوێنی بە تەشکیلاتەکانی لەو ناوچیە دا دەکرد کاتێک نیزامی شا لە نێو چوو وە ئەو کادرو ئەندامانەی گەرابونەوە ناوچە، بۆیە کەم جار لە ماڵی شادڕەوان حاجی حەمەدمینی حەسەنپوور مامی، کۆبونەوەیکی گشتی لە لایەن حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور و کاک کەریم حەداد پێکهات بەمەبەستی دابەش کردنی کادرەکان بەسەر ناوچەکانی سەردەشت بۆ خۆ مەترح کردنوو تەبلیغات و تەشکیلات لە ناوچەکە دا ڕێنوێنی حاجی حەمەدمین ماموستا حەمەڕەسووڵ کاریگەریکی زۆری هەبوو بۆ داهاتوی حیزب،

لێرە ڕا ئەو فیداکاری و شێوە بەرپرسیایەتیەکانی ماوەی نیزیک بە چل ساڵ بە جێ دێڵم بۆ تەشکیلات و مێژووی حیزب هیوادارم حەقی خۆیان بدرێتێ، بە داخەوە لە ماوەیکی کەمدا ئەوە ٣ی کادری بە تواناو خاوەن مێژوویکی پڕ لە سەروەری بەجێان هێشتین سەرکەوتنی خەباتەکەیان بەچاو نەدی ماڵاوایان لێکردین چونە ناو کاروانی شەهیدە نەمرەکانمان، بەو بۆنەوە پرسە و هاوخەمی خۆم دەنێرم بۆ کوڕو کچ وبراو خوشکوو هاوسورو گشت بنەماڵە شۆرشگێرەکانی حەسەنپوورەکان وە

حەددادەکان وە حەکیم زادەکان وە هاورێ و هاوسەنگەرانیان بە تایبەتی لە ڕێبەری حیزب، وە خەڵکی قارەمانی سەردشت ڕوحی ئەوان و شەهیدان شاد بێ.

**ئەحمەد ڕەحمانی:** "گەورەم جارێ زوو بوو بۆ ماڵ ئاوایت کرد.

"گیارەنگ لەئاست گەورە مرۆڤێ چۆکی دادا، کڕنۆشی برد،گریا،هەنیسک و ئەسرینی ساردو سڕ هەمدیس بوونەوە بەمیوانی. جارێکی تر فرمێسک بارانی تێکەڵ بەچۆمی کەڵوێ بوونەوە، بەسەردەشتی سەر سەوزا تێپەڕین و بەرە کۆیەو گەرمەسێر بوونەوە. هاتن جارێکی تر سوکنایی بن بۆ دڵی مەزنە مرۆڤێ، مێرخاسێ، شۆڕەسوارێ کەلە ئاوزنگی ئەسپە شێکەی دەدا بەوە کەویە بەفرو رەندۆڵ و پێدەشتەکانی کوێستانێ،بەرەو مەملەکەتی مەلا ئاوارە و هەموو دێمۆکڕاتێ."

**عومەر غولامعەلی:** "سلاو و حورمەت بۆ ڕووحی تێکۆشەری ماندوویی نەناسی حیزب و گەلەکەمان، بابی ئازیزتان کاک حەمەڕەسووڵ. بەم هۆیەوە و لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و بنەماڵەی خەباتکاری شەهید و هەموو هاوخەباتەکانی دەکەم. ئێوە و ئازیز و خۆشەویستانی تەمەن درێژ و سڵامەت بن. خەمی ئێوە خەمی هەموومانە. ڕووحی شاد و ڕێگای ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێت."

**عەبوو ڕاد:** "کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراوی سەردەشت کاک حەمەڕەسووڵ هەموومانی خەمبار کرد. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لەبنەماڵەی بەڕێزیان و گشت کەس وکار و ئازیزانی دەکەم و لەدڵەوە هاو خەمتانم. ڕوحی شاد و یادی نەمر بەرز و پیرۆز بێ."

**جەعفەر مەنگوڕی:** "شاهۆ گیان خۆم بەشەریکی خەمە جەرگ بڕەکەت دەزانم لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشیت لێدەکەم بمبوورە دەبوایە لەلاتان بام لە ئێش و ئازارتان لە نیزیکەوە بەشدار بام بەداخەوە لە ماڵ نیم دیسان شەریکی خەمتم شاهۆ گیان سەرەخۆشی لە تەواوی بنەماڵەکەتان دەکەم."

**مارتیا میراوەیی:** "لە دەست چونی وەها کەسایەتییەک دەردیکی گەلیک گرانە. حەیف کە وا بە جێمان دێڵن. کاکە شاهۆ گیان! هاو خەمتانین. هیوای سەرساغی بۆ ئێوە و ئاسودەیی ڕوح بۆ کاک حەمەڕەسوڵ دەکەین. ڕوحی پەپولە ئاسای شاد بێ."

**ئازاد ڕۆستەمی:** "هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستم کاک شاهۆ! پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لە جەنابت و بنەماڵەی بەڕێزتان ئەکەم و هیوادارم دوایین پەژارە بێ بۆ بنەماڵە و دۆستان و حیزبەکەمان! قەد ڕۆژانی قەلا و حیزب و خۆشەویستیی ئێوە و بنەماڵەی فەهیم و بەڕێزتان لە بیر ناکەین و پەیماندەری ڕێگای پڕ لە سەروەریی کاک حەمە ڕەسووڵ دەبین! ڕۆحی شاد، یادی هەمیشە زیندوو و ڕێگای پیرۆزی پڕ ڕێبوار بێ!"


**فەرەیدوون حەکیمزادە:** "شاهۆ گیان خۆتان خۆش و تەمەندرێژبن، بە هیوای خۆڕاگری لەم پێشهاتە خەمباوەرە!" بژار سەردار شاهۆ گیان، نازانم بڵێم چی، سەرەخۆشی تۆ هی منە. زۆر گریام. بەلام چ بکەم؟ دەسەلات نییە. خوا بیپارێزێ."

**نەجمە حیسامی:** "شاهۆ گیان زۆر زۆر بەداخەوە بۆ هاوڕی تیکۆشەری گەلەکەمان کاک حەمە رەسوول بەراستی لە ماوەیکی زۆر کورت دا سێ هاوڕی دلسۆزی گەلەکەمان بووشایکی زۆریان دروس کرد لەکانی دلمەوە سەرخۆشی لە بنەمالەی کۆچ کردوان کاک حەمە رەسوول کاک سەید رەزا و کاک چەکۆ هەموو کادرو پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەکەم خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانین روحیان شاد و ریگەیان پر ریبوار بیت."

**کۆسار فەتاحی:** "شاهۆ گیان، بەراستی خەبەرێکی تاڵ بوو. کاک حەمە ڕەسوڵ جگە لەوەی باوکی تۆ بوو و بۆمن جێگای حورمەت بوو، خودی خۆیشی کەسێکی میهرەبان و خاکی و خەڵکی بوو. جێگای لە ناو دڵی هەموو ئەو ئەو کەسانەدا بوو کە لە نزیکەوە دەیانناسی. کەسێکی مەتین و لەسەرەخۆ، خاوەن قەڵەمێکی جوان و کوردینووسینێکی بە سەلیقە بوو. من هەرگیز لە یادی ناکەم و خۆم بە شەریکی خەمی تەک تەکی ئەندامانی بنەماڵەکەتان دەزانم. هیوادارم ئەم خەمە بە دڵێکی قایم و قورسەوە تەحەمول بکەن. سەری خۆتان خۆش."

**چنور میهرپەروەر:** ماڵ ئاوا کاک حەمەرەسووڵ حەسەن پوور
بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک محەمەد ڕەسوڵ حەسەن پوور، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی، خزم و کەس وکاری و لە هاوسەنگەرانی دەکەم. شانازی دەکەم بەوەی کە ماوەی چەند ساڵ لە کومیسیۆنی سیاسی لە نزیکەوە هاوکارت بووم. ڕۆحت شاد بێ.

# ساڵێک تێپەڕی



**شاهۆ حەسەن پوور**

ئاخرین جار کە قسەم دەگەڵ کردی، زۆر بە زەحمەت قسەت دەکرد. ئیدی لەش توانای نەمابوو. ئەگەرچی هەتا پێش ئەوەی نەخۆش بکەوی هەروا وا سەرحاڵ بووی، بەڵام دوای نەخۆشکەوتن ئیدی هەمووشتێ خێرا تێدپەڕی. لەوەدەچوو بۆخۆت هەستت کردبێ کۆچی یەکجاری دەکەی. ئەوە رەوتی ژیانە! رۆژێک دێین رۆژێک دەڕۆیین؛ لە بیرمە تازە نەخۆش ببووی گووتم رەفیقێک دێتەوە تیغی ریشتاشینت ماوە بۆت بنێرم؟ لە وەڵام دا گووتت بۆچیمە. ڕاچڵەکیم. لە گەڵ ئەوەی دەمزانی رۆژێک مۆمی تەمەن دەکوژێتەوە، کەچی نەمدەویست گوێم لە حەقیقەتێک دەبێ یان هەتا بەخەیاڵیشمدا بێ.

ساڵێک تێپەڕی بۆ یەک رۆژیش لە هزر و خەیاڵم بزر نەبووی. وێنەکەت لە گۆشەیەک لە سەر ویترینەکەی ژووری دانیشتنە. جاری وایە هەر وا بێ سەر و سڵاو وەژوور دەکەوم. دەبێ بمبووری هەر وا خۆ بە ژووردادەکەم، وەک سەردەمی لاوەتی، لە بیرم دەچێ لێرە کەسێک هەیە کە هاتییە ژوورێ دەبێ رۆژ باشی لێ بکەی. زۆر جار کە بە تەنێم روویەکی شەرمنت تێدەکەم دەمەوێ دەگەڵت بدوویم. وەبیر سەردەمی منداڵیم دەکەومەوە، وەبیر ڕۆژانی هەڵوەدایی. لە بیرتە کە مەقەڕتان لە باسکی ڕێوی بوو دەهاتمە لات؟ بەفر و سەرمای نێوان بنێوخەڵەفم بە نێو ئاواییەکانی سەر ڕێگا دەبڕی بۆ ئەوەی بێم بۆ لات. زۆر جار دەستی منداڵەکانی دیشم دەگرت و دەهاتینە لات. ئەوینۆک دەستە چووکەکانی بەقەد دەستی بووکە شووشەیک دەبوون لە دەستی دەنام وە دوام دەکەوت. بە گریان دەهات دەیزانی دێمە دیدارت. لە ڕێگا لە کۆڵم دەنا،

دەیگووت دێمە لای بابە. خەو لە ژوورە چووکەکەی مەقەڕ ئەوەندە خۆش بوو ئێستاش زۆر جار کە خەوم خۆشە ئەو ژوورەم وەبیر دەکەوێتەوە، ژوورێکی گەرم، بۆنی خواردنی مەقەڕ و ژوورە بە قووڕ سواغدراوەکان. سەرما سەختەکەی ئەو ساڵ و قسە خۆشەکانی مام عەلی عەجەم! ئەو شەوەی ڕنوو بە بەر دەمی خانووەکانی مەقەڕدا هاتبوو و دار گوێزەکەیی ڕاماڵیبوو و دۆڵەکەی پڕ کردبوو لە بەفر. کەچی وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ نە بارت کرد نە خەوت زڕا. لەوێ لە سەرووی ئاوایییەکە هەر مایەوە. دیارە مانەوە هەمیشە بە دەستی ئینسان خۆی نیە زۆر جار بە بێ ویستی خۆمان لەو شوێنەی لێی دەژین و پێمان خۆشە لێێ وەمێنین هەڵدەقەندرێین، وەک دارگوێزەکەی بەرماڵان چۆن ڕنوو وەپێشخۆیدا. ئەو دار گوێزەی سەد ساڵ بوو هەر لەو شوێنە بوو خاوەنەکەی لەبەری چنیبووەوە و لەبەر سێبەرەکەی حسابۆوە، ڕنوو بە ڕەگووریشەوە بردبوویە عەرزی کەسێکی دیکە.

ئێستا لەوێی بۆ هەمیشە، لە گردەکەی نێوان ئازادی و قەڵا. کە منداڵ بووی دایکت هەر لەم دەشتە لە ئاوارەیی بەجێی هێشتی. ئەوەیان بە بیری تۆ نایە. دەڵێن ژنێکی هەتا بڵێی جوان وخانەدان بووە. مامە حاجی حوسێن بەسەرهاتی منداڵیتی بۆ گێرامەوە. کە چوومە لای لە نۆروێژ زۆر گریا. دەیگووت کە لە ئێراق را هاتنەوە بۆخۆی دەستی گرتی و بردیە مەدرەسە. مامە حاجی دەیگووت زۆر زیرەک بووی، دەیگووت دە ساڵ بووی کە لە قەڵادزێ هاتنەوە.

کە هاتمەوە سوئێد سەرخۆشیان بۆ دانای، خەڵکێکی زۆر هات؛ ڕەسمێکی جوانە. پێیان گوتم قسە بکەم. شۆک بووم و هیلاک، تازە لە لای خوشکە تاقانەکە و براکانم و دایکم ڕاهتبوومەوە. زۆر قسەم هەبوو، ئاسان بوو قسەکردن بۆمن لە سەر تۆ، لە گەڵ ئەوەشدا هێزم نەبوو. زۆر پەیامی هاودەردیمان بۆ نێردرابوون. لە نێو پەیامەکانی هاودەردیدا هێندێک شت گوترابوون لە دڵەوە هەستم پێدەکردن. هێندێک قسە هەن لەخۆوە ناکرێن، ئاخر مرۆڤ بێ ئەوەی زۆر بیریان لێبکاتەوە بە ئاسانی دەریاندەبڕێ و دەبینی جێی خۆیان دەگرن وەک خشتی نێو دیوارێک. پێم گووتن لەو پەیامانەی سەبارەت بە کار و کردەوەکانی ژیانت پێمان گەیشتوون شت هەیە من دەگەڵیان ژیاوم، ساڵانێک بە هەستەوە ئەزموونم کردوون. لە نیوان قسەکانمدا گوتم ئەو بازنەیەی کە تۆ بە دەوری خۆتدا کێشابووت زۆر گەورەتر بوو لەوەی کە تەنیا منداڵەکانی خۆت تێیدا جێیان بێتەوە. زۆر کەس لەوانەیە، نە ئەو کات نە ئێستاش، خۆشیان لەم قسانەم نەیەت. لەوانەیە ئەو جۆرە کەسانە بەس حەز بە بێدەنگی ئینسانەکان بکەن. پێم گووتن تۆ بێدەنگ نەبوویت بەڵکوو بۆ هێندێک شت بێدەنگیت هەڵبــــژاردبوو. ئەوانەم هەروا لەخۆرا بە سەر زاردا نەهات. دەمزانی دەڵێم چی، دیارە ئەوە لێکدانەوەی خۆمە، لە گەل ئەوەشدا دەتوانم بیسەلمێنم. پێم گووتن لە ماوەی تەمەنتدا نەچوویە ژێر باری دەسەڵاتی دوو لە زاڵمترین سیستەمەکانی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیای... گووتم ئەتۆ مایەوە، قوورس و قایم و لەم پێناوەدا زۆر نرخت دا... .

دەزانی ماوەیەک لەوەبەر کەبوودوەند ئازادکرا. زۆر خۆشحاڵ بووم. دە ساڵی ڕەبەق لە زیندان بوو. قوورس و قایم لە پشتی هەموو بیروبۆچوونەکانی ڕاوەستا. ژیانێکە دەساڵ دووری لە منداڵ، ئەگەر منداڵەکەت دەساڵ بووبێ ئێستا بیست ساڵە. لەوانەیە هەموو کەس باش ئەوە هەست نەکات. کە لە زیندان هاتە دەر بنەماڵەکەی خۆی و چەند ڕەفیقی دەورووبەری چوبوونە پێشوازی. پارەکە ئەم دەمانە لە دۆخێکی تەندرووستی زۆر خراپدا بەسەری دەبرد. ئەو بە بەشی خۆی کاری بۆ مرۆڤایەتی و هاونیشتیمانییەکانی کرد، مەبەستم ئەوەیە بڵێم پێویست ناکات چی دیکە لەو بارەوە کار بکات. هەر ئەوەندە بەسە ئەزموونەکانی ئەو ساڵانە بێنێتە سەر کاغەز. ئەوە بۆچوونی خۆمە، با خەڵکی دیکە بێنە پێش، یەک و دوو نا بە دەیان، هەتا دەکرێ هێدی و هێمن وەک نمەی باران بەردەوام و لە سەرەخۆ ببارێن. دوای ئازادی کەبوودوەند هەروا بیرم چووبووە لای عەزیز یوسفی. ڕەچەشکێنی خۆراگری پشتی میلەکانی زیندان. ئەوان نەیانتوانی چۆکی پێدابدەن، تەنیا شتێک کە درکاندی و حاشای لی نەکرد سیاسی بوونی بوو. لە بیرتە ئەو جارەی ڕۆمانی سەرزەمینی کەفم دەخوێندە هێندێک شتم بۆ ببوونە پرسیار لە سەر کاک عەزیز. ئاخر ئەتۆ دەتگووت کاک عەزیز. ئەکسەکەشمان لە سەرەتای شۆرش لە یەکێک لە ژوورەکان هەڵواسیبوو. گێراتەوە کە کاک عەزیزتان هەتا سەردەشت هێنا بۆ ئەوەی بە قاچاغی و بۆ چارەسەری پزیشکی لە ڕێگای عێراقەوە بەڕێی دەری بکەن بەڵام لە سەردەشتەوە گەڕابۆوە مەهاباد... .

بە ڕاست پێش ئەوەی ئەم نامەیە کۆتایی پێ بێنم ویستم پێت بڵێم کە یەکێک لە کتێبەکانت کە وەرتگێرابوو پیتچنی کراوە و ماوە بیدەمە دەست چاپخانەیەک. کتێبەکەم خوێندەوە، کتێبێکی باشە و وەرگێرانەکەشی زۆر جوانە. مەخابن کە هەر ئەو ساڵەی وەرتگێڕا بۆت بڵاو نەکرایەوە لەو کاتەوە هەتئێستا هەشت ساڵە. ئەوەش بەڵگەی مێژووی ئەم ڕۆژانەی تێدا دەژین. ئەگەر ئیزنت لە سەر بێ تەنیا لیستی کتێبە کانی مارکزی لێ زیاد دەکەم. نووسراوەکەت لە سەر سەردەشت کە بە ناتەواوی ماوەتەوە حەتمەن چاپ دەکەین. بەڕاستی ناوێکی هەست ورژێنت بۆ سەردێڕی کتێبەکە هەڵبژاردووە: "سەردەشت دەشتێکی پڕ لە نان و تەشتێکی پڕ لە خوێن." ئەوەندە بزانە ئێمە هەموومان باشین و ئەوەی کە هەتا ماوین لە یادەوەرییەکانماندا هەی.

کوڕت شاهۆ

٣١ی مای ٢٠١٧ی زایینی

**باوکم مەحەممەد ڕەسوڵ حەسەنپوور ٣١ی مای ٢٠١٦ی زایینی کاتژمێر دەونیوی شەو ماڵئاوایی لە ژیان کرد**



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید محەممەد حەسەن پوور: ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەیەم




شەهید محەممەدی حەسەن پوور کوڕی کاک حاجی حەمەدەمین دووهەمین شەهیدی بنەماڵە. ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی(١٩٥١ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕ و ناوبەدەرەوە و پێشمەرگەپەروەری شاری سەردەشت چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە باوەشی دایکی دڵسۆزیدا، وێڕای منداڵانی گەڕەک ڕووی کردە خوێندنگە و لەگەڵ دنیای عیلم و زانست ئاشنابوو. وەک قوتابییەکی زیرەک و پیتۆڵ دەرسی خوێند و قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بەسەرکەوتنەوە بڕین و بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا. دواتر لە ئیدارەی پۆست و تەلەگراف و تەلەفووندا وەک کارمەند دامەزرا و، لەو ڕێگایەوە جیا لەوەی کە بە ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕادەگەیشت، لەو سەردەمەدا کە پێوەندی گرتن بە شوێنە دوورەکانەوە دژوار بوو خزمەتێکی بەرچاو بە خەڵکی شارەکە و دەور و بەری بوو.

ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی(١٩٥٩ی زایینی) محەممەد کە هێشتا لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بوو، حاجی حەمەدەمینی باوکی کە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەرانی دێموکڕات لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە چۆڵەپێچەن دران و ڕاپێچی ئەشکەنجەگاکان دران و، بە ماوەی ٣١ مانگ لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی جەللادەکانی ئەو ڕێژیمەدا بوون. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لەو تەمەنە کەمەدا شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر هەستی بێ خەوشی دانا و، قینێکی پیرۆزی لە ناخیدا بەرانبەر ئەو ڕێژیمە دژ بەکوردە جێگر کرد و، دژایەتیی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە شوومەی بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانی.



سەرچاوە
Serchawe

محەممەد بەرەبەرە بە خۆدا هات و باوخۆش بوو. دۆست و دوژمنی خۆی بە تەواوی ناسین و بەدوای ڕێگای ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەدا گەڕا. بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی چل و شەش و چل و حەوتی تێکۆشەرانی دێموکڕات و، هەروەها خوێندنەوەی ئەو نووسراونامانە کە لە لایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتەوە بە باوکی دڵسۆزی دەگەیشتن، هەستی ئازادیخوازی و نیشتمان خۆشەویستیی کاک محەممەدیان ئەوەندەی دیکەش وروژاند و، بەرەو ڕێبازی پڕ لە سەروەریی ئەو حیزبە خاوەن مێژووە ڕێگای بۆ دەست نیشان کرد.

ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی(١٩٧٥ی زایینی) لە ڕێگای کاک حەمەڕەسووڵی حەسەنپوورەوە کە ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە بوو، پێوەندیی تەشکیلاتیی دامەزراند و، وەک ئەندامێکی چالاک و هەڵسووڕ ئەرکی ڕوونکردنەوەی گەلەکەی بە تایبەت لاوەکانی وە ئەستۆ گرت.

وەک ئاڵقەی پێوەندیی نێوان تێکۆشەرانی حیزب کە لە گەرمێن بوون و ئەندامانی نێوخۆ بەردەوام لە هەڵسووڕان و تێکۆشاندا بوو، هەر بۆیە سیخوڕەکانی ساواکی شا، لێی وەگومان کەوتن و بە بیانووی جۆراوجۆر بانگ دەکرا و لێ پرسینەوەی لەگەڵ دەکرا.

کاتێک خۆپیشاندان و ڕێپێوان بە دژی ڕێژیم دەستی پێ کرد، هەلی تێکۆشان بۆ کاک محەممەد باشتر ڕەخسا و توند و تۆڵتر لە پێشوو درێژەی بە تێکۆشان دا. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و دەست پێ کردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕات، بێ ڕاوەستان پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێیانی نوێ کردەوە و، چەکی دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی کردە شان و، ئامادەیی خۆی بۆ وە ئەستۆ گرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک دەربڕی.

کاک محەممەد بە هۆی ئەو ئەزموونانەی لە ڕابردوو پاشەکەوتی کردبوون و ئەو باوەڕە پتەوەی بە ڕێبازەکەی بووی، لە یەکەم هەنگاوەکانییەوە گەیشتە پلەی کادری سیاسی و، ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی(١٩٧٩ی زایینی) بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێرا و، بەرپرسایەتیی بەشی ماڵیی کۆمیتەی شارستان و هێزی شەهید موعینیی وە ئەستۆ گرت.

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی(١٩٨٠ی زایینی) بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی سەرسنووریی لە سوونێ پێ سپێرا و هاوکاریی بەشی ماڵیی کۆمیتەی شارستانیشی لە ئەستۆ بوو. ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی(١٩٨١ی زایینی) بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری قەڵادزێ، سلێمانی، هەولێر و تا کەرکووک بوو.



سەرچاوە Serchawe

کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە هەڵسوورِ و ماندوویی نەناسانە بوو کە بە تەواوی جێی بڕوا و متمانەی بەرپرسانی حیزبەکەی بوو. هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ی زایینی) بەولاوە بۆ ماوەی ساڵێک لە لایەن حیزبەوە نێردرایە دەرەوەی وڵات و لە فەڕانسە مایەوە. دوای گەڕانەوەی، ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی(١٩٨٧ی زایینی) بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی دەرەوەی لە شاری بەغدایە پێ سپێرا و، هەر بەو ئیرادە و ئیمانە بەهێزەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێراوی حیزبەکەی دا.

کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە ئەمین و دەست پاک و نەهێنی پارێزانە بوو کە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٥١ی زایینی) لە سکرتاریای حیزب ئەرکی بۆ دیاری کرا و هاوکاری سکرتێر بوو.

لە کۆنگرە یازدە یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١ی بەفرانباری ١٣٧٦ی هەتاوی (٢٢ی دێسەمبەری ١٩٩٧) لە شاری کەرکوک لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرا و ئەرکی پێوەندییەکانی بەڕێوە برد.

کۆنگرەی دوازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٤ی سەرماوەزی ١٣٧٩ی هەتاوی (٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ی زایینی) لە شاری کۆیە وەک جێگری کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزبی لە شاری بەغدا پێ سپێرا و بەو پەڕی لێهاتوویییەوە لە خزمەت ڕاپەڕاندنی ئەرک و بڕیارەکانی حیزبدا بوو.

ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤ی زایینی) بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزبی لە شاری سلێمانی پێ سپێراو دواتر وەک کادری سکرتاریا لە خزمەت ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزیدا بوو، هەروەها لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزبدا بەشداریی چالاکانەی هەبوو.

لە کۆنگرەی سیزدەیەمی حیزبدا کە لە ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی (٣ی جووڵای ٢٠٠٤ی زایینی) لە شاری کویە پێکهات بۆ جاری دووهەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە.

کاک محەممەد ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ی زایینی) لەگەڵ خاتوو نەسرین حەدداد کە بە بنەماڵەوە حیزبی و پێشمەرگە بوون ژیانی هاوسەریی پێک هێنا، جێی سەرنجە خاتوو نەسرینیش یەکێک لەو کادرە تێکۆشەر و خاوەن بیر و باوەڕانە بوو کە گەیشتە پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و، بە داخەوە ئەویش هەر لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا شەهید

کرا و گیانی بە نیشتمان بەخشی. کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە پێگەیشتووانە بوو کە بە هەموو وجوودیەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و گەلەکەیدا بوو. تەنانەت بە شەهید کرانی کاک حەمەساڵحی براشی کە کادرێکی کارامەی حیزب و ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩ی زایینی) لە مەئموورییەتی حیزبیدا لە ناوچەی شنۆیە لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید کرا، ورە و ئیرادەی دانەبەزی و لە تێکۆشان هەنگاوی پێ شل نەبوو. بەڵام بە داخەوە ئەویش بە ئاوات نەگەیشت و، لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی گیانی بە نیشتمان بەخشی.

**رووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت**

## بۆ تێکۆشەر کاک مەحمەد حەسەن پوور.



**عەلی سوورەچومی**

لە هەر درزێک دەکەوێتە دڵی ئێمە،گولێک سەر هەڵدەدا. ئێمە وەک ڕێواسی نێوان دوو تاشەبەرد" واین نەک هەر لە خاک دەردەچین، بەڵکوو: دڵی شاخ" یش جێگای ئێمەیە.چیرۆکی ژیانی ئێمەو تێکۆشەرەکانی، ئەو ڕۆژە بەرجەستە دەبێ کە نیشتمان ڕزگار بێ و دەرفەتێک هەبێ بۆ هەناسەیەکی ئاسوودەو ئاوڕدانەوە لە رابردووی ئەوان. حەسەن پوور"سێ" بەشی تەمەنی خۆی کردە قووربانی خەونێکی گەورە. کاک مەحمەد لە دوا وێستگەکانی تەمەن دا ترسی ئەوەی هەبووە بە مردنێکی ئاسایی دوای دەیان ساڵ دەربەدەری و هیلاکی چۆک دابدات، ئەو دەیەوێ ئەگەر بە خەونەکانیشی نەگات، لانیکەم بەو مەرگانە بمرێ کە بۆ ئەستاندنی ژیانی ئەوان لە کەمین دان. لێرە با کەمێک بوەستین و بیر لە وەها ئاواتێک بکەینەوە، ئاخر ئەو دەمێک بوو نەخۆشی رایدەگووشی، کەچی بێ وچان بیر لە برینی ڕێگا دەکاتەوە. هەر چەند هیچ نووسینێک ناتوانێ تۆماری ئەو ئازارانە بپێکێ کە حەسەن پوورەکان بۆ ڕزگاری تووشی بوون،بەڵام: ئەگەر فرمێسکەکانی حەسرەت ڕێگا بدەن، هەوڵ دەدەین لەو وێستگانە بدوێین.

کوێر بم کاکە: شار بە شار، شاخ بە شاخ هاتی، پێدەشتەکانت بە هەناسەکانت نەخشاند، بنارت بڕین کاکە. دەستێکت لە ناو دەستی قاسملوو و شەرەفکەندی بوو، کە ئەوان کەوتنە بەر دوا تیری دەستی زاڵم، کۆڵت نەداو بەردەوام بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە شەوت دەخستە سەر ڕۆژ. سکرتار "و پێوەندییەکانی، پێوەندییەکانی بەغدا" و هێنان و بردنی نامەو

راسپاردەکان، ڕێکخستن و پێشوازی کردنەکان هەر لە کادرێکی وەک خۆت لێهاتوو جوان بوون. چەند وردو چەند سەرنج ڕاکێش بوون دەرچوونەکانت. لاندکرۆزری "سکرتاریا لە کانی مێو" و لە بناری قەندیل لە بەرچاوی هیچ تێکۆشەرێکی دیموکرات ون نابێ. تۆ لە کوێستانەوە بارگەی خەمە گەورەکانت هێنا بۆ گەرمێن، چاورێ بوویی ڕۆژێک بێت تیشکی خۆری ڕزگاری لێت بدات و بگەڕێیەوە زێدی خەونە جوانەکانت. کاکە خۆ ئەگەر دەستی قەدەر نەبێ، ئەگەر چارەنووسی تاڵی ئێمە نەبێ، کێ دەتوانێ ئەو ڕاستییە تاڵە قەبووڵ بکات کە تۆ جێت هێشتووین، هەر بەو مەرگە سوور پۆشەی کە ویستی دڵی خۆت بوو... لێرە هەر لە دەروازەی قەڵا"بەرەو سکرتاریا بڕۆی هەموو شتێک بۆنی تۆ دەدا، ئێستاش خەندە شیرینەکانت لە سەر دیوارەکانی قەڵا نیشتوون، قەڵەم و دەفتەرو تەلەفۆنی بەردەستت بە تێک شکاوی چاوەڕێی گەڕانەوەی تۆن.

قسە خۆشەکانی تۆ چۆن بسڕینەوە، ئەی چۆن کەسێک سەردانی سکرتاریا" بکات و بیبینێ تۆ لەوێ نی،دەبێ چەند پڕ ئازار بێ. چەند بە ئەسپایی دەهاتی بۆ بن گوێی هاورێکانت و سرتەو باسی ڕۆژانەت بە گوێدادەدان، هەمووان لە دەرفەت دا دەهاتن بۆ لای تۆ، تا خەندە بخەیە سەر لێوەکانیان.

بە دەر لەو خاکەراییە،چەند بە پرنسیپ و ئووسوڵ بووی چەند ڕەوشت بەرزو کات ناس بووی، من باوەڕم وایە تایبەتمەندییە جوانەکانی دووکتۆر قاسملووت"بە جوانترین شێوە پاراست بوون و زۆر شتی لێ فێر ببووی.

کاکە تۆ لە خۆت نەمردوویی لە ئێمە مردوویی لە حیزبێک کە زۆر پێویستی پێت بوو.

کاکە دەبێ ئەو کاروانە بێ ئێوە بڕوات و ڕێگا نەدات باوەڕی ئێوە بۆ ڕزگاری بمرێ. لێرەش بەولاوە ئێوە بەشێکن لەو برینە قوورسانەی کەوتوونە جەستەی ئێمە، بەشێکن لەو ئازارەی بێ بڕانەوە دەیچێژین.

با دوا وتە بۆ دڵنیایی تۆو هاورێکانت بێ بۆ هاوژینی هەموو دەمەکانت نەسرین خان".کە لە کۆچی سووریش دا جێی نەهێشتی،

باش دەزانین ئێوە ماندوون و پێویستیتان بە خەوێکی درێژە. لێرەوە دڵیابن بەڵێنی شەرەف بە خوێنی سووری ئێوە نووسراوەتەوە،ئاسوودە بخەون جەستەی ئێوە زۆر هیلاکە، هیواکانی ئێوە دەپارێزین شاخ بە شاخ و کێو بە کێو هەڵیان دەگرین، لە سەر پەڕەی دڵ ڕایاندەگرین. خوێنی سووری ئێوە بۆتە چەکەرەی پەیمان و بەڵێن، دوای کۆستی ئێوە ڕێگا نەدراوە نائومێدی ڕوو لە دەڤەری ئێمە بکات. ئەو پەیمانە بە ئێوە قەرزدارین تا ڕۆژی ڕزگاری تا شنەی شەماڵ دەست

پێدەکات،ئەو کات جارێکی دیکە دەچینە ژێر تـابووتی پڕ لە شەرەفتان و لە پرلاشێزەوە بەرەو چواچراو حزووری"پێشەوا دەکەوینە ڕێ.

**ڕووحتان شاد بێت.**

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## چەند بیرم کردوون!



**ئاسۆ خەبات**

**حەسەنپیوور ڕانکە و چۆغەیەکی سووری جوانی هەبوون، هەموو جارێ کە لە بەری دەکردن بە مامۆستا نەسرینم دەگووت: ئەگەر حەسەنپیوور مرد ئەو ڕانکە و چۆغانە بدە بە من، شەهید هاوڕێش دەیگووت ڕاست دەکا،**

**پشتێندەکەشی بۆ من! مامۆستا نەسرینیش بەو بزە شیرینەوە دەیگووت: ڕەبی بە قوربانی بن، ئیشالا قەتی هیچ لێ نایە، بڕۆن سەر زلی نا، ئیشالا قەتی نابینن!.....**

**دنیایەک شۆخی و گاڵتە و گەپی تر.......**

**کە قەلا بۆردوومان کرا گووتیان حەسەنپیوور شەهید بووە، وەک داخێکیان بە دڵیەوە نابم، چزەم لێ هەستا، قوڵپێ گریان لە گرووم و چاوم وەک گۆمێکی مەند داوەستان! شۆخی و قسە خۆشەکانم وەبیر دەهاتنەوە،**

**پێکەنین نا، گریانێ دایگرتبووم گریان!**

**دەمگووت من چۆن زەنگ بۆ نەسەی لێدەم، چ بە ژیلوان و ژیواران بڵێم و چۆنیان لە چاوان ڕامێنم! هەر هات و هەواڵی تاڵ و تاڵتر و تاڵتر هاتن! بۆ ئێوارێ گووتیان مامۆستا نەسرین شەهید بووە، ئای لەو کۆستە گەورەیە! کوڕ و کچێکی تاقانە، هەموو ژیانیان ئەو دایک و باوکە بوون و ئەویش.... نەمدەزانی خەمی ئەوانم بێ کە بە جێیان هێشتین، یان هی ژیوار و**

ژیلوانی کە بە جێماون!


لە سەرەخۆشی مامە قالە ڕیشەدا باوشم لە ژیلواندا، بە ئارامی گووتی:

ڕانکە و چۆغەکانیشم هێناون......... مەگەر بەرد بم نەگریم و نەگریم و نەگریمەوە!

تا پتر لە حەڤدەی خەرمانان دوور دەکەوینەوە، ئازاری ئەو خەسارە و کۆچی ئەو پۆلە شەهیدە بە ژان و بە ژانتر دەبێ...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ئەگەر گوڵ بان



ئەگەر گوڵ بان
رەنگە بەسەر سینگی کچێکی شۆخەوە بان
تا سیس دەبوون، چەند جارێ بۆنی دەکردن،لە دواییدا فرێی دەدان
یان ئەوەتا،بەسەر لاسکە سەوزەکەی خۆتانەوە
بۆ چەند رۆژێ وەک ئەستێرە دادەگیرسان
لە دواییدا،بە سەر گەڵا و رەگەکانتان هەڵدەپرووکان،
بەڵام خۆشەویستان،خۆ ئێوە گوڵ نین ئێوە شەهیدن
نە سیس دەبن نە دەشوەرن
ئێوە وەک خوێن و خۆشەویستی و ئازادی وان
لە ناو دڵی پر ئومێدی هەمووماندان.

## سوپاس و پێزانین.

خەڵکی خەباتگێر و ئەمەگناسی کوردستان،دۆستان،هاورێیان،خزم و کەسوکاری ئازیز.پێویستە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست بکەین کە لە هەڵگرتنی ئەو خەم و کارەساتە دڵتەزێنەدا هاوخەممان بوون و بە شێوەی جۆراوجۆر و بە بەشداری لە کۆری پرسە و ماتەم لە دەرەوی وڵات و هەروەها و بە تایبەتی لە ناوخۆی وڵات و یا بە

تەلەفۆن کردن و پەیام ناردن هاودەردیتان لەگەڵ کردین.زۆر زەحمەتە بتوانین بەو چەند دێر و وشەیە سوپاسی خۆمان پێشکەش بە ئێوە بکەین،هیواداریین لێمانی قەبووڵ بکەن و لە هەمان کات دا داوای لێبوردن دەکەین کە بە هۆی زیادبوونی پەیامەکان نەمانتوانی جوابی یەک بە یەکی ئێوەی بەرێز بە شێوەی پێویست بدەینەوە.ساخی و سەلامەتی ئێوە ئاواتمانە و هیواداریین ئێمە بتوانین لە شادی ئێوە دا بەشدار بین.جارێکی دیکە سوپاس بۆ گەلی هەمیشە زیندووی کورد و هەموو ئێوەی نیشتمان پەروەر.

**لە لایەن بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپوور**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**



سەرچاوە Serchawe

## سپاس و پێزانین، ژیلوان و ژیوار حەسەنپوور



### وەکوو شەتاو بەو دەشتەدا هەر دێمەوە

**هاوڕێیان، ئاشنایان و خزمانی خۆشەویست**

**هێندێک خەم هەیە مەگەر هاوەردی لە ژانەکەی کەم بکاتەوە.**

شەهید بوونی دایک و بابمان و بە واتایەکی کە دوو پشتیوان و هاوڕێی ژیانمان، کۆستێکی زۆر زۆر گەورەیە. دڵنیاین هەتوانی ئەم برینە ئاسان نییە، بەڵام لەم رووداوە تاڵەدا ئەوە ئێوە بوون کە بە فرمێسکەکانتان، وشەکانتان، هەست و دڵی پڕ موحیببەتتان قورسایی ئەم خەمەتان هێندێک لێ کەم کردینەوە.

شەهیدان محەمەد حسنپور و نەسرین حەداد وەک دوو مامۆستای ژیان و تێکۆشان فێری زۆر شتیان کردین، بەڵام فێری ئەوەیان نەکردین لە نەبوونی ئەواندا چۆن بین. بۆیە ئەگەر بوونی گەرمی ئێوە، پێوەندییەکانتان و نامەکانتان نەبوایە، کە تەنانەت نەمانتوانیوە وەڵامی زۆریکیشیان بدەینەوە، رەنگبێ زۆر ئەستەم بووبا بەرگەی ئەو برینە قووڵە بگرین.

لێرەدا مەبەستمانە سوپاسی یەک بە یەکتان بکەین کە لە دوور و نزیکەوە لەگەڵمان بوون و لەگەڵمان شانتان وەبەر قورسایی ئەم کۆستە گەورەیەدا و لە باوەشی پڕ خۆشەویستیتان دا لاواندتانینەوە. هیوادارین ئێوە بە خۆشیەکانتان بەسەر

بکەینەوە و هیچ کات لە خەمدا نەتانبینین.

روحی شەهیدان شاد و رێگا و رێبازی پڕسەروەرییان گەشاوەتر بێت

ئەوپەڕی رێزمان قەبوڵ بفەرمون

ژیلوان و ژیوار حسن‌پور

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## کورتەیەک لە ژیانی شەهید حەمە ساڵە حەسەن پوور




**١٣٣٥ی هەتاوی (١٩٥٦زایینی = ١٣٦٨ی هەتاوی(١٩٨٩ی زایینی)**

**ئاوات حەسەن پوور**

حەمە ساڵە حەسەنپوور لە ٢٩ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی (١٩ی دێسەمبەری ١٩٥٦ی زایینی) لە بنەماڵەیێکی مام ناوەندی لە شارە خنجیلانە و سەرسەوزەکەی سەردەشتی جوان و رازاوە لە دایک بووە، بە شیری دایکی دڵپاکی کورد فرچکی گرت و لە هەوای بێ گەرد و لێرەوار و روبارە دڵگرەکانی ناوچەی سەردەشت دا گەورە بوو، سێ ساڵە بوو کە بابی بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دیموکرات لەگەڵ سەدان ئەندامی تێکۆشەری حیزبی دیموکرات لە سەرانسەری کوردستان دا گیرا و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە چاڵە رەشەکانی رژێمی پاشایەتی دا ژیانی شۆرشگێرانە و حیزبیانەی تێکەڵ لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجە تێپەر کرد، کەوا بوو حەمە ساڵە هەر منداڵ بوو کە لە موحەبەت و ئۆخە و گیانی بابی بێبەش بوو و جێی دا بە فرمێسکی چاوانی دایکی و بە خەم و خەفەت خواردنی ئەندامانی بنەماڵە و بە ئاهو نزولەی خزم و کەسانی. ژیانی سیاسی بنەماڵەکەیان کاری کردبووە سەر هەستی ناسکی منداڵانەی حەمە ساڵە، بۆیە فێری شێعری شۆرشگێری ببوو و لەبەری کردبوون و بە زمانی ساکاری منداڵانەی لە شەقام و کۆڵان دەیگوتنەوە و زۆر جاریش لە لایەن ژاندارمەکانەوە کە بە تەواوی حکومەتێکی پر لە ترس و وەحشەتیان لە شاری سەردەشت دا بە هۆی حەساسبوونی ئەم شارە و هەڵکەوتنی


لەسەر سنووری کوردستانی باشور پێک هێنابوو دەدرایە بە زللە و راونان. حەمە ساڵە قوتابخانەی سەرەتایی لە سەردەشت تەواو کرد لە قۆناغی ناوەندی دابوو کە روداوەکانی کوردستانی باشور و ئاوارە بوونی خۆشک و برا کوردەکانی ئەودیومان لە جەرەیانی شۆرشی ساڵی ١٩٧٥ی زائینی دا قەوما، بەشێکی زۆر پەریوەی شاری سەردەشت ببوون ئەوە خۆی بۆ حەمەساڵە جێی پرسیار بوون کە ئەوانە بۆ ئاوارە بوون، چییان دەوێ، چەند پرسیارێک کە دائیمە مێشکی بە خۆیەوە خەریک کردبوو بەڵام وەڵامەکەی روون بوو هەر ئەو روونییە هەستی ناسک و دەرونی پاکی حەمە ساڵەی خستە جۆش و لە بیانوویێک بۆ کێشە فرۆشتن بە ژاندارمەکان دەگەرا و هەر لەبەر ئەوەش چەند جارێک لە لایەن ژاندارمەکانەوە گیرا و پاش هەرەشە و ئازار و ئەزیەت بەریان دەدا، بەڵام دەرونی پر لە جۆش و کوڵی حەمەساڵە دامرکانی نەبوو بە ناچار بۆ ئەوەی بتوانێ ساڵی ئاخیری دەبیرستان بە دور لە کێشە و مۆرەی قوڵەچۆماخەکانی رژێم تەواو بکا چوو بۆ شاری بۆکان و لەوێ دیپلۆمی وەرگرت. بە هۆی عەلاقە و ئۆگرییەک کە بە وەرزش هەیبوو بە تایبەتی ئەوە کە لە چەند لقی وەرزش لە ئۆستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا دا پلەی یەکەم و دووهەمی هێنابۆوە حەزی دەکرد لە لقی وەرزش دا درێژە بە خوێندن بدا بۆیە لە دانشسرای ورمێ درێژەی بە خوێندن دا و توانی فۆق دیپلۆم تەربیەت بەدەنی وەربگرێ. حەمە ساڵە لە خۆپیشاندانەکانی شاری سەردەشت نەقشی بەرچاوی هەبوو و لە هەموو گردبونەوە و خۆپیشاندانانەدا کە دژی رژێمی پاشایەتی دەکرا بەشداری دەکرد. پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بە هۆی ئەوەی زۆربەی خزم و کەسەکانی پەیوەندیان بە حیزبەوە بوو و بابیشی بە هۆی ئەندامەتی لە حیزبی دیموکرات دا تووشی چەرمەسەری و زیندان هاتبوو هەر لە منداڵییەوە ناوی حیزبی دیموکرات بۆ ئەو ناوێکی ئاشنا بوو. حەمە ساڵە حیزبی دیموکراتی بە رزگاری دەری گەلی کورد و لابەری ستەم و زۆرداری دەزانی بۆیە پەیوەندی بە حیزبی دیموکرات گرت و وەک لایەنگر چالاکانە کەوتە یارمەتیکردن و هاوکاری کردن لەگەڵ کومیتەی حیزبی دیموکرات لە سەردشت و وێرای پێشمەرگەکانی هێزی موعینی ئەو کات لە ناوچەکانی مەهاباد و میاندواو و سەقز لە دژی هێرشی هێزەکانی رژێم راوەستا. پاش ئاگربەسی کورت و سەپاندنی دوبارەی شەر بەسەر خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی حەمەساڵە لە سەردەشت مایەوە و بەتاوانی دژی شۆرش بوون رێگایان نەدا ببێتە مامۆستای قوتابخانە و وێرای ئەوەش دائیم بەدواوەی بوون و ئازاریان دەدا و دەیان هەویست ئیمان و باوەری لەبەرامبەر گەل و شۆرشەکەی کز بکەن بەڵام حەمە ساڵە بە پێی باوەر و ئیمان بە خەباتی رەوای گەلەکەی نەدەچووە ژێر تەئسیری ئاخوندەکان و شۆرشگێرانە بە گژ قوڵەچۆماخەکانی رژێم دا دەچۆوە بۆیە بۆ ئەوەی برواو ئیمانی پێ بەردەن بۆ ماوەی سێ مانگ لە زینندانیان کرد بەڵام حەمەساڵە کە هەر لە منداڵیەوە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا گەورە ببوو ژیان و ئێشەکانی گەلەکەی بە هەموو وجودیەوە هەست پێ کردبوو کوا دەکەوێتە ژێر تەئسیری دوژمنانی گەلە بەشخوراوەکەی بە ناچار ئازادیان کرد بەڵام زۆری پێ نەچوو پاسدارە دژی گەلیەکان هیرشیان کردە سەر بنەماڵەکەی و ماڵ و حاڵ و ژیانیان لێ تیکدان و بە زۆری سەرەنێزە و لێدان و کوتان و بە تاڵان بردنی ماڵیان و زەوت کردنی خانوو و ماڵ و حاڵیان لە شاری سەردەشت وەدەریان نان و ئاوارەی هەندەرانیان کردن. بە دوای ئەم کارەساتەدا حەمەساڵە چووە تەورێز و ساڵێک بە

شۆفیری ژیانی تیپەر کرد. دیتنی ژیانی خەڵک و ستەم و درندەیی پاسدارە دژی گەلیەکان لەم شارە هێندەی دیکە هەستی حەمە ساڵەی خەوشدار کرد و قینی شۆرشگیرانە و ئیمان بە درێژەدانی خەباتی تێدا بەهێز کرد بۆیە پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتەوە گرت و لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بۆ درێژەدانی ئەرکی شۆرشگێرانەی گەرایەوە نێو ریزی پێشمەرگەکان و لە بەشی تەقەمەنی دا دەستی بەکار کرد، پاشان چووە بەشی بێسیم و بۆ ماوەی سێ ساڵ لەو بەشەدا بە دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسایەتیکردن درێژەی بە خزمەتی پیرۆزی دا و بۆ ماوەی شەش مانگیش وەک بێسیمچی ناوەندی ئاژوان لە ناوچەکانی سنە و مەریوان کاری کرد. پاشان لە دەبیرخانەی حیزب و ئینجا لە پەیوەندیەکانی دەرەوەدا دەست بە کاربوو، دوا کار و ئەرکی حیزبی کار لە کومیتەی شارستانی شنۆ وەک کادری تەشکیلاتی بوو. حەمە ساڵەی حەسەنپوور کورێکی تێکۆشەر، پێشمەرگەیکی بە بیر و باوەر بوو، کاتێک مەئموریەتێکی حیزبی پێ ئەسپێردرابا بێ خەم و چاوگرژ کردن بەو پەری دڵسۆزی و عەلاقەوە بەرێوەی دەبرد، لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی لەسەرەخۆ لە ئاست دۆستانی دا بە ئینعیتاف بوو و لەو ماوەیەدا کە لە پەیوەندیەکانی دەرەوە دابوو کاری هەموو هاورێانی جێ بە جێ دەکرد نای نەبوو، هەموویان لە بەر چاوی ئەو یەکسان بوون، ئەودەم خۆشحاڵ بوو کە کارێکی هاورێکی جێ بە جێ کردبایە ئەو دەم هەستی بە رەزایەتی دەروون دەکرد کە کەسێک لێی رازی بوایە، کورێکی بەدەستەوە و هەڵسور و ماندویی نەناس و خۆرێکخەر بوو، حەزی بە سەمیمیەت و دۆستایەتی دەکرد، کەسێک کە جارێک دیتبای بە هۆی سەروروخۆشی، رێکخەری، دڵ وەدەرونپاکی لەگەڵی دەبوو بە دۆست. حەمە ساڵە کورێکی خاکی و خەڵکی و بە ئێحساس بوو و لە بەرامبەر زۆرشت دا نارەحەت دەبوو بەڵام لەگەڵ بۆی شی دەکرایەوە و باسی لەگەڵ دەکرا هەموو شتێکی لە دڵ دەهاتە دەر، هەر بۆیە ئەوانەی حەمەساڵەیان دەناسی خۆشیان دەویست و رێزیان بۆ دادەنا.

بەهاری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی حەمەساڵە نەقڵی کومیتەی شارستانی شنۆ کرا و لە تیمێکی تەشکیلاتی دا سازمان درا، هەر ئەو بەهارە بۆ ئەنجامی کاری تەشکیلاتی لەگەڵ دوو کەس لە هاورێیانی بە ناوەکانی موراد عەزیزی بەرپرسی تیم و سمایل مەحەممەدی یاریدەدەری کادری تەشکیلاتی بەرەو ناوچەی نەڵۆس وەرێ دەکەون. پێنج رۆژ لە شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو و هاورێیانی لە ویەن دا تیپەریبوو، حەمە ساڵە و هاورێیانی فرمێسکیان رشت، خەم دایگرتبوون، لە گۆشەییکی بەدوور لەچاوی نەیاران لە دەوری یەک کۆببوونەوە و یەکتریان دڵداری دەدایەوە و تۆوی هیواو ئومێدیان لە دڵ دا دەچەقاندەوە، بەڵێنیان بەیەکتر دەدا تاخەمی کۆچی دوایی رێبەری مەزنیان بکەنە باوەر، بکەنە وزە و توانا، بکەنە تین و گور لە نێو زەحمەتکێشان دا و سەرئەنجام بیکانە ئیمان بۆ درێژەدانی رێگای پیرۆزییان، هەر بەو خەمە گەورەیەش پاش ئەنجامدانی کاری رۆژانەیان بۆ حەسانەوە و بەراورد کردنی کارەکەیان و بەرنامەی کاری رۆژانی داهاتوو لایان دا بۆ شوێنێک بە ناوی دۆڵە زەویان لە نێوان گوندەکانی بێمزورتێ و خورشت لە ناوچەی نەڵۆس. ئێوارە بوو حەمە ساڵە و مراد و سمایل لە دەوری یەک کۆ ببونەوە، وێرای دڵی پر لە خەم بەرنامەی سبەینێیان دادەرشت، کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارە

بوو لە پڕ لە هەموو لایێکەوە بارانەی گوولله و لافاوی موشەکی ئارپیجی بەسەر سێ ڕۆڵەی تێکۆشەر دا باری، دەنگی چەکەکان لە نێو دۆڵ و دەرەکان دەنگی دایەوە. هەیهات کار لە کار ترازابوو و جاسوسان و خۆفرۆشان کاری خۆیان کردبوو تەرمی لە خوێن دا شەلاڵی سێ شۆڕشگێری دیموکرات کەوتنە سەر یەک و خوێنی ئاڵییان تێکەڵ بە یەک بوون و بوونە گوڵاڵە سورەی دۆڵی بە دیمەن و جوان بە خوێن نەخشآوی دۆڵەزەویان و بۆ هەتا هەتایە ناویان لە نێو مێژوو و دڵی زەحمەتکێشانی ناوچەی شنۆی دڵسۆزدا تۆمار کرا و تاجی سەربەرزییان نایە سەر و ڕورەشی و ریسواییان توشی جاسوسە خۆفرۆشەکان کرد.

**پێشمەرگەی شەهید حەمە ساڵە حەسەن پوور لە ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی(١٧ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی) لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بووە.**





# بنەماڵەی سەربەرزی حەکیم زادە

## کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی مام حەسەن حەکیم زادە، ئەندامێکی لە مێژینە و بە ئەمەگی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت دا




**نووسینی: حەمە ڕەسووڵ حەسەن پوور**

**لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا کەم نین ئەوانەی تەمەنی خۆیان لە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی ئەم حیزبە تێپەڕ کردووە.**

یەکێک لەم مرۆڤە سەربەرزانە مام حەسەن حەکیم زادەیە، مام حەسەن کوڕی ساڵحی وەستا مینەیە و لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١ی زایینی) دا لە شارە جوان و خنجیلانەی سەردەشت لە تەنیشت سەرچاوە جوانەکەی ئەم شارە دا لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری کورد چاوی بە دونیای پڕ لە نابەرابەری هەڵهێناوە.

بنەماڵەی مام حەسەن هەر لە کۆنەوە ئۆگری ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوون و لە ڕاپەڕینەکانی کوردی دا بەشداری



سەرچاوە Serchawe

چالاکانەیان کردووە، و هەرگیزاو هەرگیز سەریان بۆ نەیاران و دوژمنانی گەلی کورد و داگیرکەرانی کوردستانە ئازیزە بێ نازەکەمان شۆڕ نەکردووە.

لەگەڵ چەکەرەی بیری نوێی ئازادیخوازی، گەرچی مام حەسەن نەخوێندەوار بووە بە هەڵەداوان چۆتە ڕیزی تێکۆشەرانەوە و خۆی لە ڕیزی تێکۆشەرانی کۆمەڵەی "ژ - کاف" ناو نووس کردووە و سوێندە بە ناوبانگەکەی کۆمەڵەی خواردووە و تا ئاخرین کاتەکانی تەمەنی بەم سوێندە وەفادار ماوەتەوە.

مام حەسەن هەر وەک ئاماژەی پێکرا لەگەڵ ئەوەی نەخوێندوار بووە، هەر کە گۆڤاری "نیشتمان" زمان حاڵ و بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - کاف، بڵاو دەبۆوە، دەیهێناو دەستاودەست دەی بردە گوند و دێهاتەکانی ناوچەی گەورکان و لە حوجرەی فەقێ یان دەیدا بە مەلا و فەقێ کانی و لە واقیع سا بۆ خۆی یەکێک لەو کەسە هەڵسوور و چالاکانە بوو کە ئەم گۆڤارە تاقانەیەی دەگەیاندە دەستی خەڵکی تامەزرۆی کوردایەتی.

## زۆرجاران مام حەسەن دەیگێڕاوە:

کاتێک گەیشتینە سابڵاغێ تاریک داهاتبوو، یەک ڕاست چووینە ماڵی بەڕێز پێشەوا، عەرزمان کرد: ئێمە دەستەیەکین و لە شاری سەردەشتەوە هاتووین بۆ ئەوەی شانازی پێشمەگایەتیمان پێ ببەخشرێ، پێمان خۆشە زوو کارەکەمان جێبەجێ بێ و بگەڕێنەوە. پێشەوای مەزن لە دیوێک دا مێوانداری لێکردین و فەرمووی: بەخێر، وادیارە ڕێگەی زۆرتان بەم سارد و سەرمایە بەڕیوە، هەر بۆیە پێویستە ئەمشەو پشووی خۆتان بدەن بۆ سبەی بەیانی تەرتیبی کارەکەتان دەدرێ.

سبەینی بەیانی بۆ هەشت و نێو و نۆ ئێمە هەموومان هەریەک تفەنگی برنۆمان لە دەستی موبارەکی پێشەوا وەرگرت و گەڕاینەوە بەڵام، ئەم وتەیەی پێشەوام لە بیر بوو کە فەرمووی: سوورە عەجەلەی نەکەی!

مام حەسەن پێشمەرگەیەکی بە جەرگ و کۆڵنەدەر بوو، هەر جێیەک پێویستی بە چالاکی پێشمەرگەنە هەبایە، مام حەسەن بەبێ سێ و دوو لێکردن لەوێ بوو.

لەیەکێک لە شەڕەکان دا لە جاتراوێ نزیک گوندی دارساوێن لە ناوچەی ڕەبەت مام حەسەن گوللەی وە باسکی دەکەوێ بەڵام بەم حاڵەش هەدا ناداو بە کرێگیراوان دەڕەتێنێ و هەتا هەورازەی لای بانە ڕاویان دەنێ. کە لەم شەڕە دا چڵکاو

خۆریک و چەند لە خۆفرۆشان چەندەکیان لەسەر عەرز دەکەوێ.

مام حەسەن حەکیم زادە بە برینداری دەبەنە نەخۆشخانەی حیزب لە ساری مەهاباد، لەوێ پێشەوا دەچێتە عەیادەتی و ماچی دەکا و پێی دەڵێ: سوورە نەمگوت زۆر عەجەلەی مەکە!

کاتێک کۆمارە ساو و جوانە مەرگەکەی کوردستان بە دەسیسەی کۆنەپەرستی و فیتی نەیاران نسکۆی هێنا مام حەسەن ئارا و قارای لێبرا و بێ ئەوەی خۆی تەسلیم بە هیچ بنکەیەکی ڕێژیمی دژی گەلی پاشایەتی بکا لە ناوچەی گەورکان بە نهێنی دەمێنێتەوە و خەڵکی دێموکڕات پەروەری ئەم ناوچەیە داڵدەی دەدەن. هەتا پاش ماوەیەک لە گوندی "گەنمان" نێشتەجێ دەبێ و لەوێ بنەماڵەکەی دەحەوێنێتەوە و خەریکی کاسبی دەبێ.

مام حەسەن کە کاری حەکیمی و برین پێچی لە باب و باپیری یەوە بۆ بەجێ دەمێنێ هەردەم بە هانای خەڵکی برینداری بێ دەرەتانەوە دەچوو و لەگەڵ ئەوەشدا قەت پەیوەندی لەگەڵ حیزبی نەپچراندووە و هەمیشە جێ بڕواو متمانەی مەسئوڵان و ئەو کادرانەی حیزبی بوو کە لە ناوچەی سەردەشت دا لە کارو چالاکی دا بوون.

لە جووڵانەوە چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی(١٩٦٧ – ١٩٦٨ی زایینی) مام حەسەن ئەندامی چالاکی شانەیەکی نهێنی نێو شاری سەردەشت بوو و زۆر جاران بە نهێنی پێشمەرگە بریندارەکانی دەحەواندوە و تیماری دەکردن. شەهید عەبدوڵلا موعینی کە لە گەڵ شەهید مینەشەم لە شەڕێکدا بە سەختی بریندار مام حەسەن حەکیم زادە لە مووچەیەکی نزیک سەردەشت بە ناو "قاغە" کە مووچەی خۆیانە چەند ڕۆژان تیماری دەکا تا هێندێک وەسەرخۆی دەکەوێتەوە لە پاشان بەڕێی دەکاتەوە بۆ لای برادەران.

مام حەسەن لەسەر بیری ئازادیخوازی و کوردایەتیی زۆر جاران دەکەوێتە بەر پەلاماری بەکرێگیراوانی ڕێژیمی پاشایەتی و ماڵەکەی دەگەڕێن.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی(١٩٧٨ی زایینی) گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی ملهوڕی پاشایەتی دا، مام حەسەن یەکێک لەو کەسە هەڵسوورانە بوو کە بە ڕێنوێنی حیزبی دێموکڕات لە سازمان دانی خۆپیشاندانەکان بە تایبەتی، هێنانی خەڵکی گوندەکان بۆ نێو ڕیزی خۆنیشاندەران دروشمەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بڵێنەوە. لە پاش گۆڕ کرانی ڕێژیمی حەمەڕەزای شای پەهلەوی و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی نهێنی حیزب مام حەسەن بە خۆی و بە کوڕەکانی یەوە چالاکانە لە



سەرچاوە Serchawe

تێکۆشانی حیزبدا بەشدار بوو. کاتێکیش هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سەردەشت پێکهات مام حەسەن بەخۆی و بە کوڕەکانی یەوە چەکی پێشمەرگەیەتیان لە شان کرد.

مام حەسەن حەکیم زادە لەم ساڵانەی دوایی دا بە هۆی پەککەوتەتی زیاتر لە دوو ساڵان دەگەڵ مەرگ دا دەستەویەخەی یەکتر بوون و کوڕەکانیشی بێجگە لە مستەفای حەکیم زادە لە ڕیزی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبدا نەمان و چوون بۆ هەندەران.

ئەوە بوو مام حەسەن حەکیم زادە ڕۆژی یەک شەممۆ شەشەمی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٧ی مانگی مای ٢٠٠٢ی زایینی دڵە پڕ هەست و سۆزەکەی کە دارماڵبوو لە بیری کوردایەتی و ئازادیخوازی و نیشتمان پەروەری، لە لێدان کەوت و بۆ هەتا هەتایە خواحافیزی لە دۆست و هاڤاڵانی کرد و درێژەدانی ڕێگاکەی، وەدیهینانی ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبەکەی بە ئێمە سپارد.

---

**تێبینی: ئامادەکار؛**

* **مام حەسەن حەکیم زادە: لە گەڵ خاتوو مەریم هاوسەرگیری کردوە و بەرهەمی ژیانیان ٧ منداڵە.**
**سێ کچ بە ناوەکانی**: خاتووی خەجیج کۆچکردووە، خاتوو مەنیج لە شاری ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژی. و خاتوو خورشید لە شاری ڕانیە باشووری کوردستان نیشتەجێیە.
**و پێنج کوڕ بە ناوەکانی**: بەرێزان کاک محەممەد، مستەفا، غەفوور، کەریم، و ڕەحیم. ئێستا تەنیا بەرێز مستەفا حەکیم زادە و هاوسەرەکەی ئەندامی ئاشکرای حیزبن و لە قەڵای دیموکڕات لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان نیشتەجێن. کاک محەممەد باوکی شەهید کاوە حەکیم زادەیە، غەفوور و کەریم و ڕەحیم حەکیم زادە لە گەڵ ماڵ و منداڵەکانیان نیشتەجی وڵاتی سوئیدن.

* **دایە مریم**; لەسەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی شان بەشانی هاوسەر و کوڕەکانی هەموو چەشنە فیداکاری و یارمەتیکی دەرحەق بە بنەماڵەکەی کرد و سەختی و دەربەدری زۆری لە پێناو ئاواتەکانی بنەماڵە و گەلەکەی چێشت، ئەویش وەک هاوسەرە پێشمەرگەکەی کۆماری کوردستان ئاواتەکانی بردە ژێر گل، ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرێن

بێت.

* بنەماڵەی حەکیم زادەکان کەمیان نەهێناوە بە کۆ بەشداریان لە خەباتی ڕزگاریخوازانە گەلی کورد بەڕێبەراتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کردووە و شەهیدیشیان داوە. هەر بۆیە دەبێ ڕێز لە خەبات و زەحمەتەکانیان لە هەموو بوارەکان دا بگیرێ، دەستیان خۆش بێت و هەر تەندروست و سەرکەوتوو و تەمەن درێژ بن.



# کوریەیەک لە ژیاننامەی شەهید کاوەی حەکیم زادە




شەهید کاوەی حەکیم زادە کوڕی کاک محەممەد حەکیم زادە. ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی(١٩٧٧ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی خەباتگێر و پێشمەرگە پەروەری شاری سەردەشت چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕ کردنی قۆناغی ساواییەوە بەرخوێندینان ناو، تاکۆتایی پۆلی ٣ی ناوەندی توانیی بەردەوام بێ. دواتر بەهۆی ئەوە کە بنەماڵەکەی بە گشتی لە مەیدانی دیفاعی چەکدارانەی گەلەکەمان دا بە دژی سیاسەتی هەڵاواردن و دژ بە کوردی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە خەبات دا بوون و، هەر لەو پێوەندی یە دا پەڕیوەی باشووری کوردستان بوون هەستی نەتەوە پەرستی و بەرگریی لەگەڵ و نیشتمانەکەی لە ناخی دا جێگیر بوو.

ئەو هەستە پاکە ڕۆژ بە ڕۆژ ناخی کاوەی زیاتروە و وروژاندو، سەرەنجام بە بەرە و کۆڕی هاوسەنگەرانی پاڵی پێوەنا. چەکی شەرەفی کردە شان و، تێکۆشانی بەکردەوە و تەواو وەختی دەست پێ کرد. شان بە شانی هاوسەنگەرانی شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامیەکانی و، ئەوەی پێی سپێراو لە دەستی هات خۆی لێ نەبوارد و ئەنجامی دا.

کاوە پاش ماوەیەک بەهۆی گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەی ژیانی بنەماڵەکەی چەکی دانا و ژیانی ئاسایی دەست پێ کردوە. بەڵام بیرو هۆشی هەر لەلای هاوسەنگەرانی و خەباتی نەتەوایەتیی گەلەکەی بوو. وەک ئەندامێکی چالاک و هەڵسوور درێژەی بە راپەراندنی ئەرکە تەشکیلاتیەکانی داو، بۆ ئەنجام دانی هەر ئەرک و مەئمووریەتێکی لە لایەن بەرپرسانی حیزبەکەیەوە بۆی دیاری کرابایە ئامادە و دەست لەسەر سنگ بوو.



سەرچاوە
Serchawe

کاوە لەگەڵ ئەوەی ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبەکەی بوو، دەنگێکی بە ئاهەنگی هەبوو. زۆرجاران لەگەڵ کۆڕی هونەری بە سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕانە ڕێ و ڕەسمەکانی حیزبی دەڕازاندەوە.

بەڵام بەداخەوە ئەویش کەم ژیاو، ڕۆژی ١٠ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١ی ئاگۆستی ١٩٩٥ی زایینی لە شارۆچکەی رانیە بەدەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیم تیرۆر کرا. یادی بەڕێز و ڕووحی شاد بێ.

# کورتەیەک لە ژیاننامەی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدوڵلا حەکیم زادە




فەرەیدون حەکیم زادە

خوالێخۆشبوو عەبدوڵلا حەکیم زادە کوڕی حوسێن کوڕی محەممەدئەمین کوڕی حەسەن لەر کوڕی مستەفا کوڕی خدر کوڕی حەسەن کوڕی مۆئمن بوو.

بە پێی سجیل ساڵی ٨ی جۆزەردانی ١٣١٥ی هەتاوی (٢٨ی مای ١٩٣٦) زایینی لە شاری سەردەشت لە گەڕەکی سەرچاوێ لە دایک بووە. میرزا حوسێن و پورە گوڵێ تەنیا ئەو کوڕەیان بۆ ماوەتەوە و تاقانە بووە. عەبدوڵلا هەر لە منداڵییەوە وەبەر خوێندن نراوە تا میرزا حوسێن توانیویەتی قورئان و گولستان و بوستانی پێ وتووە دەنا چۆتە قووتابخانە کە وەک رەسمی خوالێخۆشبوو مەلا عەبدوڵلا قاسمیانی دەرسی دەوتەوە. ماوەیەکیش لای خوالێخۆشبوو مەلا سەعید خلوسی دەرسی خوێندووە تا قووتابخانەی مەنوچێهری چەند کەسی وەک قووتابی وەرگرت و بە هۆی میرزا سەعید خلوسی و چەند کەسێکی خوێندەوار لە قشڵێ (پادگانی ئێستا) لە سەردەشت کاری ئەو قووتابخانەیە بەڕێوە چوو. خوالێخۆشبوو عەبدوڵلا حەکیم زادە لە ریزەی یەکەم قووتابیانی دەبیرەستانی پەهلەوی دەبێ کە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی(١٩٥٤ی زایینی) بە هیممەتی خوالێخۆشبوو مەلا عەبدوڵلا قاسمیانی و بە هاوڕێیتی ئاغایان فەتاح لاوەیی و ئاغای مستەفا زەبیحی و محەممەد تاهێر ئیبراهیمیان و ئیسماعیل پوراذر(شایگان) دامەزرا. دوایی توانی بچێتە دانشسرا و ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی(١٩٥٨ی زایینی) وەک مامۆستای سەرەتایی لە گوندەکانی دەوروبەری شاری سەردەشت وانە بڵێتەوە.

لە گوندەکانی بێژوێ و سیسێر و نستان و پاشانیش قووتابخانەی کوڕوش و منوچێهری وانەی وتۆتەوە یا ڕەئیسی قووتابخانە بوو.

ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی(١٩٦٣ی زایینی) بە تاوانی هاوکاری کردن لەگەڵ باڵی حیزبی دێمۆکرات و شەخسی شەهید مەلا ئاوارە و شەهید کاوە مارەغانی و پڕوپاگەندەی دژی نیزامی شاهەنشاهی و ئاغا زاڵمەکانی ئەو دەمی گوندەکان دەکەوێتە زیندان و لەژێر ئەشکەنجەی بێ ڕەحمانەی ساواک لاقی لە ڕانەوە کون دەبێ و تا ئاخیر عومری ئەو نیشانەی ساواکی هەر پێوە بوو.

کە ئازاد دەبێ بۆ ماوەی دو ساڵان چاوەڕوانی کرد تا بە کەم کردنەوەی دو گروە هاتەوە سەر ئیشەکەی و لەژێر چاوەدێری توندی پیاوانی ساواک.

ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی(١٩٧٥ی زایینی) کوڕێکی فەقیر و بێ ئەنوا دێنێتەوە ماڵی خۆی و بۆ ماوەی ٢٣ ساڵان بە خێوی دەکا. تا دیپلۆم وەردەگرێ و زۆر خزمەتی تری پێدەکا.

شۆڕشی ساڵانی ١٣٥٧ی هەتاوی(١٩٧٨ی زایینی) هەلێکی بۆ ڕەخساند تا چالاکتر بێ لە بۆنە سیاسیەکان و بەردەوام لە ڕێپێوانەکانی دژی ڕژیمی شا بەشدار بوو. تا ئەوەیکە مێژوو بۆی دوپات دەبێتەوە و لە کۆڕێک کە چلکاوخۆرێکی ڕژیمی پێشوو سینگ دێنێتە پێشێ و باسی ئینقلاب و شۆڕشگێڕایەتی دەکا. میرزا عەبدوڵلا دەنگی نارەزایەتی خۆی هەڵدێنێ و باسی جنایەتەکانی ئەو کەسە لە تافی زەمانی شا دەکا.

ئەو هەڵوێستەش وەک پێشوو لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی(١٩٨٠ی زایینی) بە پێی نامەی ژمارە ١٢- م ؛ ١ - ٦ - ١٣٥٩ی هەتاوی (٢٣ - ٨ - ١٩٨٠ز) ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی شاری سەردەشت پێشی پێدەگیرێ کە بچێتە قووتابخانە و بەو چەشنە بۆ جاری دووهەم لە ئیشەکەی دوور دەکەوێتەوە.

و سەرجەم دوای وەدوکەوتنێکی زۆر لە ١٩ - ١١ - ١٣٦٧ی هەتاوی(٧ - ٢ - ١٩٨٩ی زایینی) بە زۆری خانەنشین دەکرێ و دو گروهیشی لێ کەم دەبێتەوە.

خوالێخۆشبوو عەبدوڵلا حەکیم زادە کە لەناو خەڵکی ناوچە بە میرزا عەبدوڵلا مەشهور بوو. پیاوێکی سادە و خاکی و



سەرچاوە
Serchawe

خەڵک ویست بوو. خەڵکی سەردەشت و دەوروبەر بەردەوام بیرەوەری خۆشیان لێ هەبوو. لە ژیانی خۆی دا زوڵمی لە کەس نەکرد ئیلا لە خۆی نەبێ. هەر بۆیە لە کاتی فەوتی واتە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی (١٠ی ئەپریلی ٢٠١٧ی زایینی) لەناو ئاپۆرەی خەڵکی سەردەشت بەرەو گۆڕستانی شار بەڕێ کرا. یاد و بیرەوەری هەردەم پیرۆز بێ.

فەرەیدون حەکیم زادە. ٨ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی

**ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە و رەوانە کراوە.**

---

**تێبینی: ئامادەکار:**

* **مامۆستا عەبدوڵڵا حەکیم زادە: لە گەڵ خاتوو ئامین فەتاح پەناه لە تایفەی کولاو سپیان** هاوسەرگیری کردوە و بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریە ٧ کوڕ بوون کە بەداخەوە پێنج یان کۆچی دوایان کردوە، و **دوانیان بە ناوەکانی**: بەڕێز فەریدوون نووسەری بەتوانای بواری مێژوویە و حوسێن حەکیم زادە لە ژیاندا ماوەن و ئێستا نێشتەجی شاری سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستانن.

* **مامۆستا عەبدوڵڵا حەکیم زادە** خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی شار و دی رۆژی دووشەمە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی (١٠ی ئەپریلی ٢٠١٧ی زایینی) لەناو ئاپۆرەی خەڵکی سەردەشت بەرەو گۆڕستانی شار بەڕێ کرا. یاد و بیرەوەری هەردەم پیرۆز بێ.

---

**زۆربەی کاتان کە پێکەوە دادەنیشتین باسی رووداوی سەردەشتی قەدیمی بۆ دەگێڕامەوە.**



**فەرەیدون حەکیم زادە**

**خوالێخۆشبوو عەبدوڵلا حەکیم زادە لە ساڵانی دەیەی سی لەگەڵ حکومەتی پەهلەوی و زاڵمان کۆک نەبوو. زۆر دژایەتی لەگەڵ دەکردن و مەیلی زۆرتر بۆ لای خەباتی شاخ هەبوو. بۆ وێنە دەیگێڕاوە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١ی زایینی) تەمام گرت بە یەکجاری بچمە دەرێ و خەباتی خۆم دژی حکومەتی پەهلەوی ئاشکرا بکەم.**

**شەهید مەلا ئاوارە پێی دەڵێ کە تۆ لەناو گوند مامۆستا بی کاریگەریت زۆرترە تا ئەوەیکە چەک هەڵگری. ئەو وتەیەی شەهید مەلا ئەحمەد شڵماشی(مەلا ئاوارە) شوێنێکی تەواو لەسەری دادەنێ و دەگەڕێتەوە گوندی بێژوێ و خەریکی وانە گووتنەوە و پرۆپاگەندەی سیاسی لەناو خەڵکی ئەو دەڤەرە دەبێ.**

**زۆربەی کاتان کە پێکەوە دادەنیشتین باسی رووداوی سەردەشتی قەدیمی بۆ دەگێڕامەوە. حاکمی شار پیاوێکی زاڵم و دەست رۆیشتوو بووە. رۆژێک کەسێکی ئەو حاکمە دەچێتە نێورەزی ماڵی بابی باپیرم واتە مام مستەفا. و هاواری دەکاتێ سەگباب کەمێکم ترێ کشمیشی جوان بۆ بێنە. مام مستەفا دەڵێ قوربان جا بۆ جنێوان دەدەی ئەوە من خەریکی دۆشاو ساز کردنم لاقم لە کۆرەگەی دۆشاوی دایە, لێکەوە چەندت پێخۆشە بشۆوە و بخۆ. بەڵام کابرای دەست رۆیشتوو و پیاوی حاکم دیسان دەست دەکا بە جنێو دان و دەڵێ هەر دەبێ بۆ خۆت بۆم بێنی. مام مستەفا دەڵێ بەچاوان ئەوە دەست و لاقان دەشۆم و ترێت بۆ دێنم. مام مستەفا ترێی لێدەکاتەوە و دەیشواتەوە و بۆی دەبا. دەیداتە دەست کابرا. کابرا دەست درێژ دەکا کە**

ترێکە وەرگرێ. مام مستەفا دەستی رادەکێشێ و هەردوک گوێیانی دەبڕێ. کابرا بە گوێ بڕاوی هەڵدێتەوە سەردەشت و مام مستەفاش هەر بەو وەزعەوە دەچێتەوە ماڵێ و کەرێک بار دەکاو ئامانی خێزانی هەڵدەگرێ و دەڕوا بۆ باشووری کوردستان و ماوەیەکی زۆر لە عێراق دەمێنێتەوە. دارو دەستەی نۆکری حاکم دێن و تەواوی داری نیوەڕەزی کە لە باسکدو دەبێ دەبڕن. دوای ماوەیەک بە دزی دەچێتەوە سەردەشت و چاوی بە کەسێکی جوولەکە بەناوی مالم دەکەوێ. دەڵێ مالم لێمقەوماوە دەبێ پوڵێکم بۆ جێ بە جێ بکەی. مالم دەچێتە نێو جوولەکەکان و دەڵێ خاڵ مستەفامان لێی قەوماوە. کاتی خۆی 70 ماڵێ جوولەکە لە سەردەشت دەژیان. ئەودەم چوارسەت قڕانی لەناو جوولەکەکان بۆ کۆ دەکەنەوە. لە پشدەرێ منداڵێکیان بوو کە ناوی دەنێن حەسەن کە دوایی بە حەسەن لەر مەشهور بووە. مام مستەفا بابم دەیگێڕاوە زۆر کاری دەکردن کە نیشان لە ئازایەتی و بەر حەق بوونی بوو. سەردەشتی چووکی ئەودەم بۆ خەبەری ئاوا زۆر بچووکتر بوو. شەوێکی مام مستەفا دەگەڕێتەوە سەردەشت و دەچێتە ماڵی کابرای گوێ بڕاو. ئەو شەوە خەڵکێکی زۆر میوانی ئەو کابرایە دەبن و کفتەیان لێنابوو. مام مستەفا لە سەربانی را گوێی لێدەبێ کە یەک دەڵێ مستەفای بگرم دەیسوتێنم.یەک دەڵێ بیگرم نێفۆکی دەبڕم و هەرکەس خۆی هەڵدەکێشێ. مام مستەفا بە ئەسپایی دەچێتە وچخانەو تێر تێر کفتان دەخوا و پاشان لەسەربانی را باگردێن خلۆر دەکاتەوە و کابرای خۆ هەڵکێش هەردوک لاقی دەشکێن. دوابەدوای ئەو رووداوە شەوێک چارشێوێک بە خۆ دادەداو دەچێتە ماڵی حاکمی سەردەشت. پێشی پێدەگرن بۆ کوێ؟ دەڵێ ژنی حاکم لە دوی ناردووم. کە دەچێتە ژورێ چارشێو لادەدا و ژن و حاکم لەترسان دڵیان دەبورێتەوە. تفنگی دەر دێنێ.حاکم دەڵێ مستەفا ئەمن کردم ئەتۆ نەیکەی!!!! دەڵێ قوربان من کارم بە تۆ نییە.ئەمما ئەوانەی باسی من دەکەن. دوێنێ شەو بانگیان کردم کفتەیان دامێ و ئاوایان کوت و ئاواشیان کرد. ئەوە چارشێوی ژنی ئەوانە داویانمە. و وتویانە حاکم بکوژە.

حاکم دەڵێ جا ئەتۆ لێیگەڕێ. دەنێرێ لە دوی پیاوانی ماقوڵ و پێیان دەڵێ ئێوە عەیب ناکەن رۆژ تا شەو بەدگویی مستەفای حەمەدەمینی دەکەن ئێستاش کفتانی دەدەنێ و چارشێوی دەدەنێ کە بێتە سەر من کە بمکوژێ!!!!

دەڵێن نەخێر وا نییە. حاکم دەڵێ دا مستەفا وەرە دەرێ. مستەفا بە تفنگەکەو دێتە دەرێ. و خەڵکە هەموو دەڕۆن. حاکم دەڵێ پیاوت دەگەڵ دەنێرم. دەڵێ نا کەسم ناوێ و مام مستەفا دەچێتەوە سەر رەزی خۆی و کەس ناتوانێ هیچی پێ بڵێ.

**زۆر شتی تریش بابم دەیگێڕانەوە کە زۆربەم تۆمار کردوون.**

سەرجەم دەتوانم خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا حەکیم زادە ئاوا بناسێنم. لە پێوەندی لەگەڵ خەڵک تەمەن و دەوڵەمەندی و فەقیری بۆ مەوزوع نەبوو لەگەڵ هەموو چینێک دەهاتەوە. لە چوونە دەر و سەیران نەیدەتوانی دانیشێ و هی دیکە کار بکەن. مجلیس خۆش و خۆش مەشرەب بوو. لە کاتی مودیر مدرەسەیی دا پێموانییە کەس دڵی لێ هێشابێ. سادە و ساکار

بوو. بەڵام لایەنێکی نەرێنی هەبوو کە لە کاتی خۆی دا مەغرور بوو. لە بڕیارەکانی سونەتی بیری دەکردەوە و چاوی لە خۆی نەبوو بە یەکەم قسەی هاوڕێیکی بڕیاری خۆی دەگۆڕی و هەر ئەوەش وای لێکردبوو کە کاتی خۆی زۆر بە فیڕۆ بدا. ئەو کاتانەی بۆ خەڵکی ناوچەی سەردەشت و دەوروبەر دەیتوانی ببێتە مایەی خێر و بەرەکەت و خەڵک جیا لە مامۆستایەکی دڵسۆز لە وجودی بۆ لە سازدانی بواری رۆشنبیری کەڵکی باشتر وەرگرن. یادی بە خێر.

کاتی خۆی دەیگێڕاوە کە میرزا حوسێنی حەکیم بابی بابم زۆر هۆگری پزشکی و حکیمی بووە. کە سجیل هاتووە و شۆرەت پەیدا بووە. تایفەی خۆی شۆرەتی جیا بۆ داناون. ئەودەم بیر کردۆتەوە کە ئەگەر کەسێکی خراپ لە تایفەدا هەڵکەوت با نەبێتە ماڵ بەسەر ئەوانی تر دا. شۆرەتی حەداد.حەسەن پور. حەکیم زادە. عەلیدوست. حەسەن نژاد. هەمویان لەیەک بەرەن کە لە درێژایی زەمەن دا لکیان لێ بۆتەوە.

ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە و رەوانە کراوە.

## کۆچی دوایی مامۆستای دێرینی قوتابخانەکانی شاری سەردەشت میرزا عەبدوڵڵا حەکیمزادە



بە پێی هەواڵی گەیشتوو ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۱۰ - ٤ - ۲۰۱۷ یەکێک لە مامۆستا سەرکەوتووەکانی شاری سەردەشت بەڕێز کاک میرزا عەبدوڵلا حەکیمزادە بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

کاک عەبدوڵلا حەکیم زادە مەشهور بە میرزا عەبدوڵلا لە دایک بووی ساڵی ۱۳۱۵ی هەتاوی لە شاری سەردەشتە. پیشەی مامۆستایی وانەبێژی قووتابخانەکانی گوند و دوایی شاری سەردەشتی هەڵبژاردووە. عەبدوڵلا کەسایەتی‌یەکی دیار و خۆشناوی شاری سەردەشت بوو و مرۆڤێکی ڕووناکبیر و مامۆستایەکی بەڕێزی قوتابخانەکانی شاری سەردەشت بوو. لە پێگەیاندن و فێرکردن دا کەسێکی شارەزا و لێزان بوو، هەگبەی پڕ لە وشەی ڕەنگین و پڕ لە خۆشەویستی بوو، کەسێکی شارەزا بە سەر مێژووی گەلەکەی دا بوو، لە ئاست سرووشت و جوانی و ژینگە دا خۆی بە بەرپرسیار دەزانی و هەمیشە کەسێکی پاک و بێگەرد و سادە و ساکار دەر دەکەوت، بە هۆی خاکەڕایی و تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆمەڵگا و دانیشتووانی دەڤەری سەردەشت ببوو بە خۆشەویست و جێگای متمانەی هەموو لایەک و خۆ ئەگەر کەسێک و یا کەسانێک لە نزیکەوە نەی ناسیبا ، بێشک نەیان دەزانی کە کاک میرزا عەبدوڵلا خوێندنی باڵای تەواو کردووە و سەردەمانێک یەکێک لە مامۆستایانی نموونەی قوتابخانەکانی شاری سەردەشت بووە.

میرزا عەبدوڵلا یەکێک بووە لە هاوکارانی تێکۆشەرانی ساڵی ۱۳٤۷ی هەتاوی و بە هۆی یارمەتی‌دان بە شەهید مەلا ئەحمەد هەمەوەندی، شەهید مەلا ئاوارە، بۆ ماوەیەک دەکەوێتە زیندان و، بۆ ماوەی دوو ساڵیش کاری مامۆستای لێ دەستێیننەوە.

مێرزا عەبدوڵڵا کە لەساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی تا ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە قوتابخانەکانی ناوچەی سەردەشت خزمەتی کردو، لە ساڵی ٦٧ی هەتاوی خانەنشین کرا.


کاک عەبدوڵڵای نەمر مرۆڤێکی دەم بە خەندە و هاوکاتیش بێ ئیدیعا بوو، ژیانی لێوڕێژ لە وەفاداری بە نیشتمان و گەلەکەی بوو، یاری هەمیشەیی نەمر کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور بوو، لە زۆر بواردا بە یەکەوە لە قوتابخانەکانی شاری سەردەشت دا بۆ پێگەیاندنی لاوان هاوکاری یەکتریان کردووە و بە هۆی خزمایەتی و نزیک بوونیانەوە کارەکانیان زۆر لێک نزیک بوون و لە کارەکانی خۆیان دا سەرکەوتوو بوون و بە سەدان کەس لە کوڕ و کچان و لاوانی شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت لە سەر دەستی کاک عەبدوڵڵا حەکیمزادە و نەمر کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور قۆناخەکانی خوێندنیان تێپەر کرد، هەر بۆیە مێژووی فەرهەنگی شاری سەردەشت بە ڕێزەوە کاری فەرهەنگی ئەو بەڕێزانە لە مێژووی خۆیدا تۆمار دەکا.

**بەداخەوە کاک عەبدوڵڵا بە هۆی نەخۆشی بە جێی هێشتین و بە کۆست و کۆچەکەی هەموو لایەکی خەمبار و خەفەتبار کرد و بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی حەکیمزادە، حەسەنپوور و حەدداد دەکەین.**

**ڕووحی شاد.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١١ی ئەپریلی ٢٠١٧**

## کۆچی دوایی مامۆستایەکی نیشتمانپەروەر لە شاری سەردەشت




عەبدوڵلا حەکیمزادە، ناسراو بە مێرزا عەبدوڵلا مامۆستایەکی نیشتماندۆست و بەهەڵوێست، دوای تەمەنێک سەرفەرازانە، رۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی(١٠ - ٤ - ٢٠١٧ز) ماڵاوایی لە ژیان کرد.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لەشاری سەردەشت مێرزا عەبدوڵلا حەکیمزادە، مامۆستایەکی دەروەست بە گەل و نەتەوەکەی و، هەڵکەوتوو لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و خەباتکار بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو یەکێک بووە لە هاوکارانی تێکۆشەرانی ساڵی ٤٧ی هەتاوی و بە هۆی یارمەتیدان بە شەهید مەلا ئەحمەد هەمەوەندی و، شەهید مەلا ئاوارە، بۆ ماوەیەک دەکەوێتە زیندان و، بۆ ماوەی دووساڵیش کاری مامۆستای لێ دەستێننەوە.

مێرزا عەبدوڵلا کە لەساڵی ١٣٣٦هەتاوی تا ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە قوتابخانەکانی ناوچەی سەردەشت خزمەتی کردو، لە ساڵی٦٧ی هەتاوی خانەنشین کرا.

ناوبراو وەکوو تێکۆشەر و مامۆستایەک، خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بوو، هەر بۆیە لە ناو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەی سەردەشت بە خاک سپێردرا.

راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پرسە و سەرەخۆشی کردن لە سەرجەم خەڵکی ناوچەی سەردەشت، بەتایبەتی بنەماڵەی بەڕێزی حەکیمزادەکان، خۆی لە خەمیان بەشدار و، شەریک دەزانێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٧




لەراستەوە: بەڕێزان: کاک حەسەن حەکیم زادە. مامۆستا عەبدوڵڵا حەکیم زادە و حاجی حەمەدەمین حەسەن پوور



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵئاوایی ناوەختە هاوڕێ مستەفا حەکیمزادە (حەکیم)

**پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر و وەفادار و دڵسۆزی حیزب ماڵئاوایی لە ژیان کرد.**




**پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٥ی مای ٢٠٢١ی زایینی، بە داخ و کەسەریکی زۆرەوە پێشمەرگەیەکی فیداکار و خەباتکارێکی جێگای متمانە و باوەڕپێکراوی حیزب هاوڕێ مستەفا حەکیمزادە پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشییەکی سەخت ماڵئاوایی لە کۆڕی هاوسەنگەران و تێکۆشەرانی دێموکرات کرد.**

**هاوڕێ مستەفا حەکیمزادە لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٤٤ی زایینی لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر لە دایک بووە، لە کۆماری کوردستانەوە تا جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ و شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو بنەماڵە شۆڕشگێڕە بەشداری خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بوون و لە پێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دا خەباتیان کردوە، هاوڕێ مستەفا حەکیمزادە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە ڕەسمی بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تا بە ئەمڕۆ بێوچان و ماندوو بوون لە خزمەت حیزب و ئامانجە پیرۆزەکانیدا بووە، لە**


حیزبدا لە سەنگەری پێشمەرگایەتی ڕا دەستی پێکردوە و زۆر ئەرک و بەرپرسایەتی وەک جێگر پەل، سەرپەل، جێگر لک و سەرلک لە هێزی پارێزگاری و کادری پلە ٤ی حیزبی لەسەر شان بوو، لە بەر پرسایەتیە گرینگەکانی بەشی زۆری ژیانی پێشمەرگایەتی هاوڕێ حەکیم زادە لە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی تا کاتی ماڵئاوایی پارێزگاریی لە سکرتێرەکان و بەرپرسانی پایەبەرزی حیزب کردووە، لە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ خەبات و تێکۆشان، هەموو بەرپرسانی حیزب، بە تایبەتی هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی شاهیدی دلسۆزی، فیداکاری، ئەمانەت و دەستپاکیی ئەم ڕۆڵەیەی حیزبی دێموکرات بوون، ئەو سەرەڕای کاری پێشمەرگایەتی و پارێزگاری لە زۆر بواری دیکەدا بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە زەحمەتی بۆ حیزبی دێموکرات کێشاوە، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە دڵسۆزترین و ئەمەگدارترین پێشمەرگەکانی لە دەستدا، بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە گەورە و نیشتمانپەروەری حەکیم زادە و بە تایبەتی عیسمەتخانی خێزانی و کچە ڕووسوورەکانی و خوشک و براکانی و تەواوی خەڵکی تێکۆشەری شاری سەردەشت دەکەین، هیواداریین ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی و ئەو ڕێگا سەختە کە بەشی هەرە زۆری تەمەنی لەو پێناوە دا بەخت کرد، بەردەوام و سەر کەوتوو بێ.

بەو بۆنەوە ڕادەگەیەنین کە بەهۆی ئەو پەتایەی بەرۆکی کوردستان و هەموو جیهانی گرتوە نە لە کوردستان و نە لە دەرەوە سەرەخۆشی دانانرێ و داوا لە هەموان دەکەین لە ڕێگای تەلەفۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاودەردی دەگەڵ حیزب و بنەماڵە کۆستکەوتوەکەی بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیسیۆنی پێشمەرگە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## لە بێدەسەڵاتیم



عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لەم ڕێگەیەوە لەدەستدانی هاواڵی خۆشەویستی منداڵیم، هاوڕێی لەمێژینەی حیزبیم و هاوسەنگەری ئەمین و فیداکاری دەورانی پێشمەرگایەتیم و پارێزەی سەری هەموو ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٨ بەملاوە بەتایبەتی یاری وەفادار و غەمخۆرم لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا کاک مستەفای حەکیمزادە (ناسراو بە «حەکیم») ڕادەگەیەنم.

غەمی ئەو کۆستە گەورەیە وای تاساندووم نە زمانم توانای دەربڕینی هەستی دەروونمی هەیە و نە قەڵەمم توانای نووسینی ئەوەی شایانی گیانی نەمری ئەو قارەمانەیە. بۆیە بەداوای لێبووردن لە ڕووحی «حەکیم» و هەموو هاوڕێیانی و تەواوی ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی لەم کاتە ناسکەدا جارێ تەنیا ئەو سوپاسنامەیەی بەبۆنەی جێژنی ٧٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتەوە پێشکێشم کردبوو بڵاو بکەمەوە:

**برا و هاوڕێی لەمێژینەم کاک مستەفای حەکیمزادە (حەکیم)**
**دەگەڵ ڕێز و سڵاوی برایانە**

هەرچەند هەردووکی ئێمە بەشی خۆمان عومر کردوە، بەڵام دۆستایەتی و تێکەڵاوی بنەماڵەکانمان زۆر لە تەمەنی خۆمان

درێژترە و تەنانەت لە کاری حیزبایەتییشدا چارەنووسمان بە یەکەوە بەستراوە. بابی تۆ و دوو برا گەورەکەی من پێکەوە ئەو شانازییەیان هەبووە کە لە دەورانە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا ببنە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییش ئێوە بە بنەماڵە تێکەڵی حیزبی دێموکرات بوون و بەتایبەتی بۆخۆت بە حوکمی پاکی و دڵسۆزیت ڕێت کەوتە بەرزترین ئەڵقەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بوویە یەکێک لە پارێزەرانی گیانی ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە.

خۆشحاڵم کە ئەمنیش ئەو شانازییەم پێ براوە کە چارەکە سەدەیەکە سەری خۆم بە تۆ سپاردوە و لەو ماوەیەدا هەموو ژیان و ئاسوودەیی خۆت لە پێناوی خزمەتی حیزب و پارێزگاری لە ژیانی مندا وەلا ناوە. دڵسۆزی و دروستکاریی تۆ وای کردوە کە هەموو شارەزایان بە نموونەی تێکۆشەرێکی سادق و شێلگیرت بناسن و ئارەزوو بکەن کە حیزبی دێموکڕات نموونەی تۆی زۆر تێدا هەڵکەون.

**دەگەڵ پیرۆزباییم لەو شانازییانەت، سوپاسی هەموو دڵسۆزییەکانت دەکەم و بەئاواتم کە هەر ساغ و سڵامەت و سەرکەوتوو بی.**

**برا و دڵسۆزت عەبدوڵڵای حەسەنزادە**

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ حەکیمی دەردان




**حەمەرەسووڵ کەریمی**

**حەکیمی دەردان، حەکیمی پێشەنگ، حەکیمی سەنگەر!**

نازانم لە کوێڕا دەست پێ بکەم، چۆنت لەسەر بدوێم، چیت لەسەر بنووسم کە شایانی ئەو هەمووە مێهرەبانی، خەمخۆری، دڵسۆزی، پاکی، سەداقەت و شۆڕشگێڕیی تۆی گلێنەی چاوم بێ.

نووسین لەسەر تۆ هەم ئاسانە و هەمیش گەلێک سەخت و دژوارە. ئاسانە لەبەر ئەوەی هەموومان دەتوانین باسی چەم و ڕووبار بکەین، چونکی تۆ لەگەڵ چەم و ڕووبار بووی، سانایە لەبەر ئەوەی ئەگەر باسی جوانیی سرووشت بکەین، تۆ جوانی ژینگە و هەموو وەرزەکان بووی، ئاسانە لەبەر ئەوەی ئەگەر باسی خاک و سەنگەر و نیشتمان و پێشمەرگە بکەین، تۆ بۆخۆت سەنگەری لەگیراننەهاتوو بووی، بۆنی خاک و نیشتمان و دێموکڕاتت لێ دەهات.

دژوار و سەختە لەبەر ئەوەی، تۆ قەڵای هەمووان بووی، تۆ پێشەنگ و پشتیوانی گشتمان بووی، تۆ پارێزەری مەزنە پیاوی شۆڕشگێڕی کورد و شەهیدانی ڕێبەرمان بووی، تۆ پارێزەری قەڵای دێموکرات و هاوڕێ و هاوسەنگەرانت بووی، بۆیە دەترسم نەمتوانیبێ وشەی پڕ بە باڵا و شایانی تۆ بدۆزمەوە.

گەورەم!

ئێستا هەموومان چاومان لە دەرگای قەڵایە گورج و گوڵ و زیت و وریا، بێیە نێو قەڵا و ئاگات لە هەمووان و لە یادگاری شەهیدەکان بێ.

دە لالۆ، کاکی کاکان، حەکیمی هەمووان، دڵمان مەشکێنە، عیسمەتی پاکی و یادگارەکانت (شەوبۆ، سکاڵا، شنە، سارێژ و سۆما)، حەکیمەکان خورشیدی تابان و گشتمان چاوەڕێی هەستانەوە و گەڕانەوەی تۆی تاجی سەرمان بووین. لە وڵاتی ساردی سکاندیناوی و لە ئورووپای لانکی ئازادی و لە سەردەشتی زێدی لەدایکبوونت، لە شار و بازێری گەرمێن و کوێستان هەموومان چاوەڕوانی هاتنەوەت بووین. چاوەڕوان بووین وەک جاران سایە و سێبەرت هەروا لەسەر سەرمان بێ. کوا کاتی ئەو کۆچەت بوو، ئاخر گوتت بە یەکەوە دەگەڕێینەوە قەڵا و بە یەکەوە جارێکی دیکە بەدەستی خۆمان مەزاری شەهیدان ئاوپرژێن دەکەین.

بە دەنگی نزم لە نەخۆشخانە پێت گوتم بەجێتان ناهێڵم، لەوە دڵنیام تۆی هەردەم بوێر پێشەنگ هەروا ئاڵا بەدەست و چەک لەشان پێشەنگی ئەو کاروانەی و تا سەر و بۆ هەمیشەش لەنێو دڵماندا بە زیندوویی دەمێنیتەوە.

حەکیمی دەردان!

یاد و ناوت دەبێتە ئیلهامی تێکۆشانی گشتمان، ڕەوشتی بەرز و کەسایەتیت دەبێتە وانە بۆ لاوانی دڵ پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری و، سەنگەرت هەروەک جاران ئاوەدان دەبێ و تفەنگ و ڕەختی شانت لە قەدی کیژ و کوڕانی گەلدا دەبێتە پێناسەی خۆت و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

کۆچت گەلێک بەژانە و پێنووسی دەستم لە ئاست گەورەییت دا بە تەواوی داماوە و وشەکانم بۆ ناکرێن بە ڕەستەیەک کە وەک ملوانکەیەک جوانی و هەیبەت و بویریت نیشان بدات. تۆ حەکیمی هەمووان بووی ، تۆ ئی خۆت نەبێ ئی هەمووان بووی ، خەمی خۆت نەبێ ، خەمی هەموو کەست لەبەر بوو و کەسی بێکەسان بووی، هەر بۆیە هەموومان بە دەم ڕێگای هەیبەت سوڵتانەوە وەک قەتارێک لە دەم ڕێگای هاتوچۆت ڕاوەستاوین تا بەئەمەگەوە لە دەریای خزمەتەکانت لە بەرزی و لە نەجابەتت بڕوانین.



سەرچاوە Serchawe

فەرماندەم!

ڕێگا و ڕێبازت، بیر و ئەندیشەت، سەنگەر و قەڵات بە ئێمە سپارد و دڵنیا بە کە ئێمەش وەک تۆی پارێزەر و پێشمەرگە، خەممان تەنیا خەمی نیشتمان و ڕزگاریی گەلەکەمان بێ و ڕێگا و ڕێبازت درێژە بدەین.

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە و بە بۆنەی کۆچی دوای حەکیمی هەرمان لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە باجە عیسمەتی مێهرەبان و کچەکانی و خوشک و براکانی و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و هاورێیانی بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان و گشت لایەک لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم و هاوخەمی گشت لایەکم.

ڕوحت شاد گەورە پیاوی نێو شۆڕش و کوردایەتی


یاد و ناوت لە دڵاندا هەردەم زیندوو بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# تارمایی لەسەر پردی "بیر حەکیم"ی پاریس



ئاسۆ حەسەن زادە

جەلال مەلەکشا وتەنی، ئەگەر بنووسم، بۆ دڵ (و ویژدان)ی خۆم دەنووسم. واش حەز ناکەم بلاڤۆکی مەجازیم لەبەر چاوی دۆستان بە جارێک ببێ بە خەمنامە. چاوەڕوانیی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهەق ئەوەیە پەنجەرەی ڕووناک و ڕەنگی بەسەر ژیانیاندا بکاتەوە؛ پەنجەرەی وا کە بە کرانەوەی دڵیان خۆش بێ، هیوایان بێتەوە بەر، ئاسۆیەکی دیکە بەدی بکەن،... بەتایبەتی ئەم سەردەمە!

بەڵام بە خۆم دەڵێم ئەگەر لە ژیاندا هاوڕێی یەکترین، دەبێ لە کۆتایی ژیان و لەپاش مەرگیش هاوڕێ بمێنین. هەموو میداڵێک لەو دنیایە دوو دیوی هەیە، دیوێکی ڕوون و دیوێکی تاریک، دیوێکی خۆش و دیوێکی ناخۆش. مرۆڤ هەتا هاوڕێی زۆرتر بن و هەتا زیاتر لە هاوڕێیەتیان ڕەزایەت و خۆشی ببینێ، - ئەگەر بۆخۆی پێش وان نەڕۆیشت - دەبێ چاکتر خۆی بۆ چاشتنی داغی لە دەستدانیان حازر بکا.

هێندێک مەرگیش هەن بەهۆی ژیانەکەی کۆتایی هاتووە، تەڵەبی مەعنا و گوزارش دەکەن. باوەڕ ناکەم ڕێژەی مردن لەو کۆمەڵگایەدا کە بۆخۆم لێی هەڵقولام و گیرۆدەی بووم، لە نێونجی کۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان زیاتر بێ. ڕەنگە کەمتریش بێ. ئێمەی ڕۆژهەڵاتییش (بەتایبەتی ئەوانەی نێو شۆڕش) لە کەس زیاتر لە مەرگێک کە تازە دەستی خۆی وەشاندووە، لە خۆمان ڕا نابینین یاغی بین یان قبووڵی نەکەین. بەڵام ئەگەر مەرگەکانی لای ئێمە ئەوەندە دەنگدانەوە و هاوپێوەندی

بەدووی خۆیاندا دێنن، لەبەر ئەوەیە کە کۆچکردووەکانی ئێمە بە هەوای نەمری بە ڕێگای ژیاندا ڕۆیشتوون، پاش تەمەنێک ژیانسەختی و فیداکاری لە پێناو ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەیاندا و بێ ئەوەی وڵاتی خۆیان ببیننەوە و بە ئاوات و ئامانجەکانیان بگەن، بە ناکامی لە "غەریبی" کۆچی دوایی دەکەن، ئەگەر مەزڵوومانە شەهید نەکرێن. ڕێگایەک کە ئەوان لێیان داوە و تاسەر بڕیویانە، ڕێگای کاروانێکە کە هێشتا دەبێ زۆر بڕوا و لە زۆر قۆرت و هەورازی تر تێپەڕێ. تویشووی هەرە قووەتبەخشی ئەو کاروانەش یاد و بیرەوەریی کۆچکردووەکانیەتی، چونکە لەسەر نەوەستان و بەردەوامی سوورتری دەکا.

**

دایکی مستەفای حەکیم زادە و ئامۆژنی من خوشک بوون. بەڵام ئەو خزمایەتییە ڕۆڵێکی وەهای لە هاوڕێیەتیی ئێمە و ئەودا نەبوو، زۆربەی کات هەر لەبیریشمان نەبوو. ڕابردووی دۆستایەتیی خانەوادەکانمان هێندەی مێژووی نوێی ئەو سەرزەمینەی لێی دەژیاین کۆن بوو. بابی خۆم منداڵێکی پێنج شەشساڵان بووە کە بابی کاک حەکیم کە لە جەبهەی دیفاع لە کۆماری کوردستاندا بریندار ببوو، لە ماڵی باپیرم دەرمان کراوە. ئەوەی ئێمەی ئەوەندە پێکەوە گرێ دابوو، کاروانەکە و قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی بوو. لەو کاروانەدا، کاری کاک حەکیم لەگەڵ سارەبان و سەرقافڵەکانی کاروانەکە بوو. کارەکەی گرینگ و هەستیار بوو. بەڵام هەمیشە دەستی وردترەکانی نێو ئەو کاروانە بۆ کاری وردتریش دەگەیشتە کاک حەکیم.

وەبیرم نایە یەکەم بیرەوەریم لەگەڵ کاک حەکیم کەنگێ بووە. بەڵام هەمیشە بە دیتنی وی دوایین بیرەوەریی خۆمم لەگەڵ دوکتور قاسملوو وەبیر دەهاتەوە. ڕۆژێکی مەیلەوگەرمی مانگی جۆزەردانی ١٣٦٨ کە ئەودەم مێرمنداڵێکی دوازدە ساڵە بووم، لە سکرتاریای حیزبی دێموکڕات لە "بۆڵێ"ی قەندیل لەلای کاکم بووم کە مونشیی دوکتور قاسملوو بوو. دواتر کاک حەکیم لەپێش بنکەی پێشمەرگەکانی پارێزەری دوکتور قاسملوو کە کەوتبووە پشت ماڵەکەی وی، سەری بۆ چاک کردم. کاتێک تەواو بووم، بەو ڕێچکەی تەلانەدا کە دەهاتەوە پێش ماڵەکەی دوکتور قاسملوو داگەڕامە خوار. دوکتور قاسملوو کە لەبەر ئازاری جومگە و بۆ وەرگرتنی وزەی خۆر، دوانیوەڕووان لە سەربانی ماڵەکەی خۆی لە گۆشەیەک کە بە حەسیر گیرابوو ڕادەکشا، لەو وەختەدا دەهات بچێتەوە ژوور کە لە بەرهەیوانی ماڵەکەی ڕووبەڕوو تێک گیراین. لەگەڵ ئەوە کە بە ڕوونی و بە قووڵی لێی ڕوانیم، هیچی نەگوت. دەتگوت ئەو چاوانەی کراوەن، بەڵام هیچ نابینن. ئەمنیش ئەوەندە حەپەسابووم کە تەنانەت سڵاویشم نەکرد. هەر ئەوەندەم زانی لەبەرچاوم ون بوو. دواتر زۆر خۆم پێ دڵشکاو بوو کە چۆنە دوکتور قاسملوو کە قەت نەبوو بمبینێ و قسەیەکم لەگەڵ نەکا، ئێستا نامناسێتەوە؟! قاسملوو مانگ و نیوێک دواتر لە موعەممایەکدا کە هەر شیاوی بەسەرهاتەکانی تەریقەتی حەسەن سەباحە، شەهید بوو...

**

کاتێک چارەنووس و دەرفەت ئەمنیان لە تەمەنێکی کەمدا هەڵداشتە فەڕانسە، سەردەمێک بوو کە وەک ئێستا نە کورد لە



سەرچاوە Serchawe

هەموو جێیەک هەبوو، نە ئامێرەکانی پێوەندییش وەک ئێستا زۆر و زەبەند بوون. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو جیهانە نوێیەم زۆر بۆ سەرنجڕاکێش بوو، دڵم هەر لەلای کوردستان و ئازیزان بوو و هەتا چەند ساڵان نۆستالژیا بەری نەدەدام. هەربۆیە کەمترین نیشانە کە کوردستان و هاوڕێیانی وەبیرهێنابامەوە، سەری دڵی مۆر دەکردم و کاتێک تووشی دەبوومەوە، وەکوو گڵۆپی کارەبا یەکجێ لە زەینمدا هەڵدەبوو. یەک لەو شتانە، وێستگەی "بیر حەکیم"ی مێترۆی پاریس بوو. وێستگەیەکی دیکەش هەبوو بە ناوی "سەن لازار". خاتوو کەژاڵ عەبدولی کە پاش گەیشتنم بۆ پاریس زۆری ئاگا لێم بوو و ڕێنوێنیی دەکردم، دەیگوت بە "سەن لازار" هەمیشە "لالەزار"م وەبیر دێتەوە. دەمگوت ئەمنیش بە "بیر حەکیم" کاک حەکیم!

**

کاری یەکەمی کاک حەکیم لە حیزبی دێموکراتدا پاراستنی سەری ڕێبەرانی ئەو حیزبە بوو. لە دوکتور قاسملووڕا بگرە هەتا عەبدوڵڵای حەسەن زادە کە لە نزیک بە سێ دەهەی ڕابردوودا شەو و ڕۆژ لەگەڵی بوو و بۆ وی هەم هاوڕێ بوو، هەم کوڕ بوو، تەنانەت هێندێک جار بابیش! لە بەرگی ئیسکۆرتیدا، حەکیمزادە زۆر بەهەیبەت بوو. دەمگوت بە شێوە لە شێوەی "سەباح میرزا" دەکەی و وەک ویش بەسامی، بەڵام ئەو خوێنمژە تۆ خوێنبەخش!

لە کارەکەیدا بەتایبەت بۆ چوستی و نەزم و وشیاری و نهێنی پارێزی، وەک سەعات دەقیق و وەک شاخ قایم بوو. بەهاری ١٣٩٨ کاتێک کاک کارۆ ڕەسووڵی داوای لێ کردم وانەیەک لەسەر ئێتیکێتی ئەمنیەتی بۆ پەلی پارێزەرەکان بڵێمەوە، لە سەرەتای قسەکانمدا گوتم ئەگەر لەم کارەدا هەموو شتێک وەک مستەفای حەکیمزادە بکەن، پێویستتان بەو دەرسە نابێ.

لەپشت ئەو سام و هەیبەت و ڕێکوپێکییە بەڵام مرۆڤێکی دڵپاک و بەئیمان و خاکەڕا هەبوو کە بە شێوازی ژیان و هەستان و دانیشتنی زۆرتر وەک زاهیدێک دەچوو، بەتایبەتی کاتی خزمەت کە هەرگیز نەماندەزانی چ دەخوا و کەنگێ دەخەوێ..

لەگەڵ ئەوە کە بەهۆی تەمەن و کەسایەتی و رابردووی خۆی، ڕێز و ئۆتۆریتەی شیاوی کەسێکی پایەبەرزی بۆخۆی دروست کردبوو و ئەمنیش هەمیشە بە "فەرماندە" بانگم دەکرد، کەچی دڵگەورەیی و دڵسۆزیی بێسنوور و بێچاوەڕوانیی وی بۆ ڕێبازەکەی لەسەرەوەی ئەو شتانە بوو. هاوینی ٢٠١٧، کە هەم بابم و هەم سکرتێری ئەودەمی حیزب بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەرەوەی وڵات بوون و ئەمنیش ئەودەم جێگری سکرتێر بووم، سەرەڕای تکا و ڕەجای زۆرم لە کاک حەکیم کە پێویستە ماوەیەک بحەسێتەوە و ئەمن شیاوی ئەوە نیم ئەو لەگەڵم بێ، بە قسەی نەکردم.

حەکیمزادە مرۆڤێکی ئارام و لەسەرەخۆ بوو. باوەڕ ناکەم لە ژیانیدا دەنگی لە هیچ هاوڕێیەکی بەرز کردبێتەوە. ئەگەر لە شتێکت ناڕازی با یان ڕاڕایی و لاوازیی تێدا بەدی کردبای، هیچی نەدەگوت، تەنیا بە نیگا تێی دەگەیاندی کە نابێ وابی.

هەر ئەوەندەش بەس بوو بەڕوویدا شێلگیر و ڕووخۆش دەرکەوی هەتا دەمودەست دنیای لێ ڕوون بێتەوە و لە قاقا بێدەلیلەکانی، بەزیادەوە بەشت بدا.

وێستگەی "بیر حەکیم"ی مێترۆی پاریس، کەوتبووە ژێر پردێک بە هەمان ناو لەسەر ڕووباری سێن. هەر کاتێک بەپێیان لە دەوروبەری پاریسی شازدە بخولێییەوە، ناچاری یان پێت خۆشە بەسەر پردی "بیر حەکیم"دا بڕۆی. لەسەر ئەو پردەش هەموو جارێ تارمایی کاک حەکیمم دەدی و شێوەی ویم دەهاتەوە بەرچاو. وێکچوونی "بیر حەکیم" و "کاک حەکیم" تەنیا لە ناوەکانیاندا نەبوو، بەڵکوو هەردووکیان هێمای یەک شت بوون، ئەویش خۆڕاگری لە خەباتی تاراوگە لەپێناو ئازادیی نیشتماندا. ناوی ئەو پردە لە موقاوەمەتی شازدە ڕۆژەی ئازادیخوازانی فەڕانسە لەنێو چەقی سەحرای لیبییەوە هاتووە کە ساڵی ١٩٤٢ لە بەرامبەر هێرشی فاشیست و نازییەکاندا و لە شوێنێک بەناوی "بیرحەکیم" بەڕێوە چووە کە کۆنە سەرچاوەیەکی وێڵکراوی لێ بووە. لەسەر لەوحێک کە بۆ ڕێزگرتن لەو جەنگاوەرانە لەسەر پردی بیرحەکیمی پاریس دانراوە نووسراوە، ئەو شەڕە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە فەڕانسە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا هیچ کاتێک لە بەرەنگاری و خۆڕاگری نەوەستاوە. کاک حەکیم وەک بیر حەکیم کانیاو بوو، وەک بیرحەکیم کانیاوێکی بێناز بوو، وەک بیرحەکیم هێمای نەوەستان و خۆڕاگری لە ساڵەکانی تاراوگە و سەحرانشینیدا بوو.

کاتێکیش کاک حەکیم سەردانی پاریسی کرد، باری سەنگینی هەموو ئەو حەسرەت و خولیایانە بە کۆڵەوە، یەکەم کاری سەردانی مەزاری ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات لە گۆڕستانی پێرلاشێز بوو.

**

مامۆستا ئاشق ئیسماعیلیی شاعیر کوڕێکی بەهەست و بەبەهرەی هەیە بە ناوی ئارام. ئارام لە سوئێد بۆ نووسینی سکریپتی سینەما دەیخوێند. چەند ساڵ لەمەوبەر نۆڤڵێکی بڵاو بۆوە. نۆڤڵەکە بەسەرهاتی پێشمەرگەیەک دەگێڕێتەوە کە بەتەنیا لەنێو گوندێکدا گەمارۆ دەدرێ و بە ئازایەتی و قارەمانەتیی خۆی دەرباز دەرەوەی گوند دەبێ. لە کاتێکدا دنیا تاریک بووە و مەترسیی ئەوە کە مرۆڤکوژەکان بتوانن بیدۆزنەوە دەرەوێتەوە، پێشمەرگەکە لە بێشەڵانێکدا خۆی مات دەکا. کەچی ڕاست لەو کاتە ناسک و لەو شوێنە نالەبارەدا، ڕەشمارێکیش دە لاقی پێشمەرگەکە دەهاڵێ و بە چزووی خۆی گیانی لێ دەستێنێ.

مستەفای حەکیمزادە پاش دەربازبوون لەو هەموو شەڕ و بەرەنگاری و مەترسییە کە ئاخرینیان موشەکبارانی قەڵای دێموکرات بوو، ئەوجار سروشت لە ڕێگای پەتای کرۆناوە بەربینگی پێ گرت. نەخۆشیی گورچیلە وای کرد کە بەداخەوە هەر لە ئەوەڵەوە زۆر هیلاک بێ. کاتێک لە نەخۆشخانەی کۆیە چوومە سەردانی، لاقم ماچ کرد و خاترجەمم کرد کە ئێمە

هەمووومان باشین و چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆین. بەردەوام لە هاواڵەکەی و لە حیزبی دەپرسی. دەیانگوت بەردەوام پرسیاریش دەکا ڕەمەزان کەنگێیە؟ ڕوحیات و ڕوانین و قسەکانی، ئیمان و وەفاداری بە کاروانەکە و سارەبانەکانی لێ دەباری. ئەو ڕۆژەم وەبیر هاتەوە کە لەگەڵ خوشکە خەجیج مەعزووری و خاتوو رۆئیا حەکاکیان لە ستۆکهۆڵم سیمیناری ساڵوەگەڕی تێرۆری میکۆنۆسیان بۆ دانابووین. کاتێک بانگیان کرد هەتا خەڵاتی بکەن، لە بەرامبەر وێنەی ڕێبەرانی شەهیددا هەر ئەوەندە بوو نوێژی نەکرد.

دوای ئەوە و بەپێی پێوەندییە تەلەفۆنییەکانمان لەگەڵ ئەو دۆست و خزمانەی لە نەخۆشخانە ئاگایان لێ بوو، ئومێد و خۆشیی ئێمە لەگەڵ ئۆکسیژنی کاک حەکیم لە هەڵکشان و داکشاندا بوو. بەڵام وردە وردە ئاسمان بەرەو سامالی چوو: ئەو هەواڵانەی کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی پێی دەدام دڵخۆشکەر بوون، بەچەشنێک کە ڕۆژی گەڕانەوەی کاک حەکیم بۆنێو ئێمە دیاری کرابوو و ئەمن بیرم دەکردەوە کە چۆن بتوانین جێژنێکی بۆ بگرین.

کەچی بەداخەوە لەپڕ دەرکەوت هەوری ڕەش زۆر دوور نەکەوتبۆوە. لەگەڵ دوو هاوڕێی مێدیاکار کە پرۆژەی موستەنەدێک لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتیان بەدەستەوەیە دانیشتبووین گفتگۆمان دەکرد. دەیانویست ریوایەتی کاراکتێرەکانی نێو ئەو خەباتە بکەنە هەوێنی فیلمەکە و پرسیاری نموونەی ئەو کاراکتێرانەیان لە من دەکرد. لە فکری کاک حەکیم وەک یەکێک لەو کاراکتێرانەدا بووم کە لەناکاو پەیامێک زرمەی لە تەلەفۆنەکەم و ڕمبەی لە هەناوی خۆم هێنا. نەمتوانی بیخوێنمەوە، یەکسەر تەلەفۆنم بۆ کاک حەمەڕەسوڵ کرد. بە گریانەوە پێی گوتم چ ڕووی داوە... لەو وەختەدا ئەو قارەمانە دەتگوت منداڵێکی دڵشکاوە جامێکی کریستاڵی لە دەست بەربۆتەوە و جامەکە ورد و خاش بووە...

**

بەیانی زوو بوو. چاوەڕوانی گەیشتنەوەی نەعشی کاک حەکیم بووین. هاواڵەکەی بە تەنیا قەدەمی لێ دەدا. بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا هەستم کرد کە ئەو لە شتێکدا تەنیا ماوەتەوە. کاتی بەخاکسپاردنی "حەکیم" لە گۆڕستانی شەهیدانی دێموکڕات، قسەکانی خاتوو عیسمەتی هاوسەری ئەوەندە جوان و هیوابەخش بوون و دواتر هاوخەمیی هاوڕێیان و خەڵکی کوردستان ئەوەندە بەربڵاو بوو کە زانیم بە هەڵە چووم: نە هاواڵەکەی کاک حەکیم و نە هاوڕێکانی دیکەیان هەرگیز لەو ڕێگایەدا بە تەنیا نامێننەوە.

**

تیئۆلۆگی بریتانیایی، هێنری سکات هۆلاند، لەسەر مەرگ پاراگرفێکی هەیە کە ئەوەندە سوکنایی بەخشە زۆر کەس پێیان وایە شێعرە:

"مردن هیچ نیە. ئەمن تەنیا لە ژوورێکەوە چوومە ژوورەکەی تەنیشتی. (...) ئێمە بۆ یەکتر چی بووین، بۆ هەمیشە هەر ئەوە دەمێنین. هەر بەو جۆرە ناوم بێنن کە هەمیشە ناوتان هێناوم. هەر بەو جۆرە لەگەڵم بدوێن کە هەمیشە لەگەڵم دواون. تۆنی دەنگتان مەگۆڕن. ڕەسمی مەبن. خۆتان دڵبەخەم پێشان مەدەن. بەردەوام بن لە پێکەنین بەو شتە بچووکانەی وە پێکەنینی دەخستین. بژین. بزەتان لەسەر لێو بێ. بیر لە من بکەنەوە. دووعام بۆ بکەن. با ناوی من لە ماڵێ هەمیشە بگوترێ، هەروەک پێشتر دەگوترا، بەبێ حەسرەت، بەبێ خەفەت. ژیان هەمان مانای هەیە کە هەمیشە هەیبووە. ژیان هەر ئەوە دەبێ کە هەمیشە بووە. بەندی نێوانمان نەپساوە. بۆ دەبێ لە بیر و خەیاڵتان بچمە دەر؟ تەنیا لەبەر ئەوەی لەبەرچاوتان نەماوم؟ چاوەڕوانم. ئەمن دوور نیم. تەنیا لە لایەکەی دیکەی ڕێگاکەم. دەبینن؟ هیچ نەبووە، هەموو شتێک باشە".

**بۆ هەرگیز لەبیر نەکردن و هەمیشە لەبیرمانی کاک حەکیم...**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠٢١**



سەرچاوە
Serchawe

# "حەکیم زادە" و "حەسەن زادە"



قادر وریا

وێناکردنی ئامادە بوونی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە خۆش و ناخۆشەکانی کوردستان، بێ حزووری پێشمەرگەیەکی وریا، بە هەیبەت و سەنگین، ئەستەمە؛ پێشمەرگەیەک کە ئەگەر چی لە سەر و برۆی سپی بوویدا، لە مامۆستا نەدەمایەوە، بەڵام هەڵکشانی تەمەن نەببووە لەمپەر هەتا وەک ساڵانی زووتر، هەموو کات ئامادە و بە دەستەوە بێ، گورج و تەڕدەست بێ، چاوێکی بکا بە چەند چاو، بۆ ئەوەی گیان و سەری کەسی پێ سپێردراوی، بە لێوەشاوەییەوە بپارێزێ.

لە سەرەتای نەوەدەکانی زایینییەوە، کاک مستەفای حەکیم زادەم وەک پێشمەرگەی پارێزەری مامۆستا حەسەن زادە دیتووە. پێشتر لە سەردەمی سکرتێریی د.قاسملوودا، حەکیم زادە یەک لە پێشمەرگەکانی پارێزەری ئەو ڕێبەرە بوو. دوای شەهید بوونی د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، سەری خۆی هەر بەو دەستە پێشمەرگەیە سپارد کە لە پاراستن و خزمەتی دلسۆزانەی سکرتێری گشتیی حیزبدا، ئیمتیحانی خۆیان دابوو. دواتر کە د.شەرەفکەندییش لە دەرەوەی وڵات، دوورلە هەتەری چاو و بڕشتی چەکی پێشمەرگەکانی پارێزەری تیرۆر کرا، "حەکیم" بۆنی ئەو ڕێبەرانەی بە حەسەن زادەوە کرد و، خۆی بۆ پارێزگاری لە گیانی ئەو، تەرخان کرد. حەکیم زادە - کە بۆ خۆی پێی خۆش بوو لە جیاتی مستەفا هەر بە "حەکیم" ناوی بەرن -، هەر پاراستنی گیانی ڕێبەرانی حیزبەکەی بە ئەرکی خۆی نەدەزانی، زۆر کاریتریشی بۆ ئەوان بە تایبەتی و، حیزبەکەی و هاوسەنگەرانی بە گشتی لە دەست دەهات کە دریغی لە ئەنجامدانیان نەدەکرد. هەر کات سکرتاریای حیزب، میواندار و خانەخوێی میوانانی بیانی، یا ڕێبەران و دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب و

ڕێکخراوە سیاسییەکان بوایە، حەکیم بەو پەڕی قالب سووکییەوە دەفریای پێرسۆنێلی سکرتاریا دەکەوت و، ئەزموون و لێزانیی خۆی لە ئامادەکردنی نان و خواردندا دەخستە خزمەتیان. تەنانەت مەمانانیش لە ئۆرگانەکانی دیکەی حیزب کە بۆنەیەکی تایبەت بە ئۆرگانی خۆمان- بۆ وێنە جێژنی دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"مان بە دەستەوە با، لە "حەکیم"مان ڕادەدیت داوای هاوکاریی لێ بکەین. ئەویش بە ڕووی خۆشەوە بە دەنگمانەوە دەهات و دڵی نەدەشکاندین.

٣ ساڵ لەمەوبەر، ویستم جارێک لە جاران - و تا بۆ خۆی لە ژیان دایە -، بە نووسینێک، ڕێز لەو زەحمەت و خزمەتانەی بگرم کە نزیکەی ٤٠ ساڵ بوو، لە دەرەوەی ئەرکی حیزبی و ئۆرگانیی خۆی، خۆبەخشانە و لەو کاتانەدا کە دەبوایە بحەسێتەوە، پێشکەش بە هاوڕێ و هاوسەنگەران و منداڵەکانیانی دەکرد."حەکیم زادە" دەیان ساڵ بوو ببووە "سەڵمانیی شۆڕش" و خۆبەخشانە سەری ورد و درشتی، - زۆربەی ئەو ماوەیەش بە ئیمکاناتی خۆی - چاک دەکرد. ناهەقم نەبوو بە سەرنجدان بەو زەحمەتە و، جێی متمانەبوونی بۆ سەرانی حیزبی دیموکرات، سەردێڕی نووسینەکەم کردبوو بەم ڕستەیە:" حەکیم، ئەو کەسەی هەموان سەری خۆی پێ دەسپێرن...".

"حەکیم زادە"، پێشمەرگایەتی لە پێناوی نەتەوە و نیشتماندا و، خۆشەوستیی حیزبی دیموکرات تا دوا هەناسەی، لە باوکیەوە بە میرات بۆ مابۆوە."مام حەسەن"ی بابی لەو پێشمەرگانەی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو کە هەر ئەو کات لە بەرەی شەڕلە ناوچەی سەردەشتدا، بریندار ببوو. لە پاش ڕووخانی کۆمار، بە ڕێگا و ڕێبازی دیموکرات لە قۆناغە تاریکەکانیش دا هەر وەفادار مایەوە. کاتێکیش حیزبی دیموکرات لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی دەستی بە تێکۆشانی ئاشکرا کردەوە، بووە بە پێشمەرگە. کوڕەکانی مام حەسەن و لە پێشەوەی هەموان، کاک مستەفای حەکیم زادەش، لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا قۆڵیان لە خزمەت هەڵمالی. مستەفا حەکیم زادە لە ساڵی ١٣٥٨(١٩٧٩)ەوە هەتا کاتی دوامالاوایی لە نەتەوە و هاوسەنگەرانی، بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمانەتپاریزی و ماندوویی نەناسی، ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی بەڕێوە برد. ئەویش وەک نەریتی بنەماڵەکەیان، منداڵەکانی لە سەر ڕێچکەی خزمەت بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان ڕاهێنا. لەم ڕێگایەش دا خاتوونی ڕووسوور"عیسمەت حەسەنپوور"، هاوسەر، هاوڕێ و هاوپشتێکی بەووەج و سەربەرزی بوو.

زیاتر لە مانگێک بوو، حەکیم زادە، لە گەڵ ئێش و ئازار و شوێنەوارەکانی نەخۆشیی کرۆنا لە ململانێدا بوو. بەر لەوەی لە بەر خراپیی تەندروستییەکەی بۆ کۆیە و دواتر بۆ سلێمانی رابگوێزرێ، لای هاوڕێیەک کە لە ماڵی خۆی چووبووە سەردانی، بەداخبوونی خۆی لەوە دەربڕیبوو کە بە قەرزداری دەمرێ و ئەم نەخۆشییە ناهێڵێ قەرزەکانی بداتەوە. کاتێک ئەو هاوڕێیەمان دڵی دەداتەوە و، دەڵێ هەتا حیزب هەبێ نابێ نیگەرانی قەرزان بی؛ "حەکیم" دەڵێ:



سەرچاوە Serchawe

مەبەستم قەرزی پووڵ و ماڵی دنیایە نیە، قەرزداری ئەوەم کە نەخۆشی ناهێڵێ زیاتر خزمەت بە حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەم بکەم.

ئەمڕۆ ئێوارەی ڕۆژی پێنجی مانگی پێنجی(مای) ٢٠٢١، کاک مستەفا حەکیم زادە (ناسراو بە حەکیم) لە تەمەنی ٧٧ساڵی دا، لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی، بە داخەوە کۆتایی بە ژیانی هات و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدان و نەمرانی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد. نەخۆشیی ئەمجارەی حەکیم ماوەیەک بوو بنەماڵە و کەسوکار و هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە دەمانناسی، خستبووە نیگەرانی و، ئارەزوومان دەکرد بە ساغی بیبینینەوە. بەڵام بە داخەوە، مردن ئەوی لێ ئەستاندین. ئەگەر چی نە مەرگ و نە تێپەڕینی زەمان، ناتوانن خۆشەویستی و یادی ئازیزی ئەو لە دڵ و مێشک و بیرەوەریمان بسڕنەوە.

بەم بۆنەیەوە لە عیسمەت خانم، هاوسەری بەڕێزی، لە کچەکان و لە خوشک و براکانی کاک حەکیم، سەرەخۆشی دەکەم. هەر وەها سەرەخۆشی دەکەم لە لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و بنەماڵەکەی، کە "حەکیم" ڕێز و جێگە و شوێنێکی تایبەتی لە دڵی ئەواندا هەبوو. لە راستییشدا "حەکیم" هەر خۆشەویستی بنەماڵە و خزم و تایفەکەی نەبوو، خۆشەویستی هەموومان بوو. سەرەخۆشی لە هەموومان دەبێ بکرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe




لەنێو پێشمەرگەدا ببووە نموونەی ڕاستی و پاکی
لە ڕێی ئامانجی خەڵکی خۆی لە مردن قەت نەبوو باکی
بەدڵ دەمویست ئەمن بمرم «حەکیم» بگری لەسەر خاکم
قەدەر وا بوو «حەکیم» بڕوا، ئەمن بگریم لەسەر خاکی

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

پێنج ڕۆژە ڕۆڵەی تێکۆشەری دێموکڕات، هاوڕێی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و قاڵبووی نێوجەرگەی سەدان کارەسات کاک مستەفای حەکیمزادە «حەکیم» بە دنیایەک ئاواتی بەدی نەهاتووەوە کۆڕی یارانی بەرەو جیهانی نەمری بەجێ هێشتوە و دنیایەک شانازی بۆخۆی و بنەماڵە سەربەرزەکەی تۆمار کردوە و دەریایەک داخ و کەسەری بە ئۆگران و نیزیکانی چێشتوە. وەک هاوسەنگەری بەئەمەگی، حەمەڕەسووڵ کەریمی لەسەر گڵکۆکەی گوتی «حەکیم» هی هەمووان بوو هی خۆی نەبێ و بۆ هەمووان بوو بۆخۆی نەبێ. بۆیە بەهەق هەموو بۆی غەمناک بوون و بە ڕێگای جۆراوجۆردا بەداخبوونی خۆیان بۆ لەدەستدانی ئەو سەرمایە بەنرخە دەربڕی.

مەرگی «حەکیم» خەسارێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی خۆرهەڵات و داخێکی گران لەسەر دڵی هەزاران هاوڕێ و هەڤاڵ و هاوسەنگەر و هاوشار و هاونیشتمانی بوو، داخێک کە بە جوانترین وشەکان و بەسۆزترین وتەکان لە سەدان و هەزاران نووسینی نەمر و دەربڕینی هەستبزوێندا نیشان درا و کەوتە سەر دەفتەری

یادگاری.

لەونێوەدا بەحوکمی تێکەڵاویی بنەماڵەیی، بەهۆی هەڤاڵێنیی سەردەمی پاکی منداڵی، بەخاتری پتر لە چل ساڵ هاوڕێیەتی لە جەرگەی خەباتێکی سەخت و پڕهەورازونشێودا و لەهەمووان پتر لەبەر پتر لە چارەکە سەدەیەک ژیان بۆ یەک و لەپەنای یەک هەم خەسارەکەی بۆ من لە هەمووان بەژانتر بوو، هەم پەژارەکەی لەسەر دڵ گرانتر بوو. ئەمەش شتێک نەبوو هەر ئەم دووە بۆخۆمان بیزانین. هەموو ئازیزان لەو ڕاستییە ئاگادار بوون و دەیانزانی کە «ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا». بەهەق حەکیم ببووە بەشێک لە من و ناسنامەی من. لە هەرکوێ حەکیمیان دیتبایە چاوەڕێی دیتنی من بوون و ئەمن لە هەرکوێ دیار بایەم چاویان بۆ حەکیم دەگێڕا.

هەربۆیە بەشێکی زۆری ئەو هاودەردییانەی بۆ مەرگی ئەو گەورەخەباتگێڕە دەربڕان ڕوویان دەمن بوو، بەجۆرێک کە بوونە مایەی سێبووری و هەرلەوکاتەدا شانازیم. هەر پاش ئەو کۆستە، ڕاگەیاندنێکی کرچوکاڵم لەسەر کۆچی دوایی ئەو ئازیزە لە پەیجی خۆم بڵاو کردەوە کە تا نووسینی ئەم دێڕانە دەیان هەزار جار سەردانی کراوە و سەدان کۆمێنتی بۆ هاتووە. سەرباری ئەوانە هەر نەبێ هەزار کەس لە سەروەران و خێرخوازانم لە ڕێگای تەلەفون و کورتەپەیامەوە بەسەریان کردوومەوە و دڵخۆشییان داومەوە. ئەگەر بە خاڵی لاوازیشم لەسەر بنووسن بەڕاشکاوی دەڵێم ئەو شەپۆلە هاودەردییە نەبایە پشتم لەژێر باری ئەو غەمەدا دەچەمی.

زۆر ناخۆش و تەنانەت خەجاڵەتبارییە کە ناکرێ بەوردی و ڕاستەوخۆ یەکبەیەکی ئەو گەورەیی و هاوخەمییانە وەڵام بدەمەوە و پاداشێکی چووکی ئەو سەروەرییانە ئەدا بکەمەوە. بۆیە بە ناچاری و بە داوای لێبووردنەوە لێرەدا سوپاس و پێزانینیان پێشکێش دەکەم و لە خوای گەورە دەخوازم لە جیاتی من پاداشیان بداتەوە و لە دەردوبەڵا دووریان بخاتەوە.

ڕووحی «حەکیمی دەردان» شاد، ڕێگاکەی پڕ ڕێبوار و ئازیزانی سلامەت بن و سێبووری بۆ هەمووان.

عبدالله حسنزادە

٢٠ - ٢ - ١٤٠٠ (١٠ - ٥ - ٢٠٢١)

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

**تێبینی: ئامادە کار:**

**٭ هاوڕێ مستەفا حەکیم زادە(حەکیم): پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین زیاتر لە چوار دەیە تێکۆشان و خەبات و بەرخۆدان. بەداخەوە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١ی زایینی = ١٥ی بانەمەری ١٤٠٠ی هەتاوی. بەهۆیی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد**

**٭ مستەفا حەکیم زادە(حەکیم): لە گەڵ خاتوو عیسمەت حەسەن پوور هاوسەرگیری کردوە و بەرهەمی ژیانیان ٥ کچێک بە ناوی: خاتوو؛ شەوبۆ، سکاڵا، شنە، سارێژ و سۆما.**

**خاتوو عیسمەت حەسەن پوور هاوژینی نەمر هاوڕێ مستەفا حەکیم زادە هەموو تەمەنی ژیانی شان بەشان و لە خۆشی ناخۆشی یار و یارمەتیدەری هاوژینەکەی بوو، و هەرچی لە توانا و لەدەستی هات باری گرانی خەبات بەرخۆدانی سەرشانی هاوژینەکەی کەم کردەوە. جیگای شانازی و سپاس و پێزانیننە، هیوادارین هەر ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت.**

**ئەم بنەماڵەیەش هەموویان چالاکانە لە بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب دا بەرپرسانە ئەرکی نیشتمانی و حیزبی خۆیان بە جۆانی و رووسوورانە بەجێ گەیاند و ئەوەی لە دەستیان هات بۆ حیزب و گەلەکەیان دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کردیان و کەم تەرخەمیان نەکرد هەربۆیە جێی شانازی و سپاس و پێزانینن. هیوای سەلامەتی، تەمەن درێژی و سەرکەوتوو بۆ خاتوو عیسمەت و کچەکان دەخوازم.**

---





سەرچاوە Serchawe




بەڵێنم دا وچان نەدەم
لە پێناو ئەم نیشتمانە
یان ژینێکی بە سەربەستی
یان مەرگێکی سەربەرزانە

**سوپاس و پێزانین**

**بەرێزان و خۆشەویستانی حەکیم!**

ئەمرۆ یەک حەوتــوویە گەورەی بنەماڵەمــان، تــاجی ســەرمان، پێشــمەرگەی خۆشەویست و خۆنەویست زینــدەیاد، مستەفا حەکیم‌زادە (حەکیم) بە جەستە لە نێومـان دا نەمـاوە و لە گـردی پیـرۆز و مەزاری شـەهیدان لە تەنیشت سـەدان هـاورێی شەهیدی مەنزڵی گرت و بە کۆچی نابەوەختی هەمووومانی خەمبار و پەشێو کرد.

کەم و دەگمەنن ئەوانەی وەک حەکیم زیاتر لە دوو لە سەر سێی تەمەنیان بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان تەرخان کرد بێ و تەمەنێکی پڕ لە سەروەری لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەنیشت شۆڕەسوارانی ڕێگای ئـازادی تێپەر کرد بێ و لە هەمانکاتدا بە سەخاوەتەوە سەری گەورە پیاوان و ڕێبەرانی شەهید و زیندووی بە ئەمانەتەوە پاراست بێ و بە

کردەوە ببێتە پێشەنگی کاراونی خەباتی سوور خەلاتانی گەل و تا کاتی ماڵئاوایی یەکجاری وەک مۆمێک ڕووناکی بە دەوروبەری خۆی ببەخشێ.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی حەکیم، ئێمە وەک بنەماڵە و کەس و کاری نەمر مستەفا حەکیمزادە تووشی خەم و پەژارە و تەنانەت شۆک بووین، لە یەکەم چرکە ساتی بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە دڵتەزێنەدا، خۆشەویستانی حەکیم بەدەربڕینی بە هەست و سۆز، بە نووسینی جۆراوجۆر، لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینترنێت، تەلەفوون، نامەی ئەلێکترۆنی و بە شێوەی حزووری شانتان وەبەر قورسایی ئەم خەمە گەورەیە دا و دەریای دڵسۆزی و هاوخەمی و قەدرزانیتان سنووری خۆشەویستی و مێهرەبانی بەزاند و هاوسۆزی و هاوخەمیتان بوو بە مەرهەمی برینی قوڵی دڵمان.

بێشک ئەگەر ئەو هاوخەمییە بەرینەی ئێوە ئازیزان نەبوایە، زۆر زەحمەت و دژوار بوو، بتوانین پشت لە ژێر ئەو کۆستە گەورەیە دا ڕاست بکەینەوە، هەر بۆیە وەک بنەماڵەی نەمر مستەفا حەکیمزادە (حەکیم) و حەسەنپوور لە ناخی دڵمانەوە سوپاسی یەکەیەکەی ئێوە بەرێزان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو ئەو کەس و لایەنە سیاسی و ئەدەبی و هەروەها گشت خزم و کەس و کار و هاورێ و هاورێباز و هاوسەنگەرانی دەکەین و سەری ڕێز و خۆشەویستی لە بەرامبەر گەورەیی و مێهرەبانی گشت لایەکتان دادەنوێنین و ئاواتەخوازین کە ئێوە تەمەن درێژ و ساخ و سەلامەت بن و شانازی بە بوونی ئێوە ئازیزان و بە سەروەرییەکانی نەمر (حەکیم)وە دەکەین.

**ڕووحی حەکیمی هەردەم زیندوو شاد و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.**

**لەگەڵ ڕێز و حورمەت**


**بنەماڵەی حەکیمزادە و حەسەنپور و خزمان بە گشتی**

**١٢ی مای ٢٠٢١**



سەرچاوە Serchawe

## دایک و باوکێک کە باڵیان بۆ کچەکانیان خولقاند...



**سکالا حەکیم زادە**

زمانم ناتوانێ هەستەکانم دەرببڕێ و وشەکانیش لە ئاست گەورەیی و لەخۆبردوویتان کەم دێنن و ڕێکخستنیان لە پەنا یەکتر و هۆنینەوەیان دژوارتر دەبێت. ئەگەر بمهەوێت باس لە پێگەی سیاسیتان بکەم دەڵێم سەرەڕایی ئەوەی بابم سەوادی خویندن و نووسینی نیە و دایکم تەنیا پێنج کلاسی خویندن و نووسینی سەرەتایی ناو شۆڕشی هەیە بەڵام بە قەت هەموو ئەو کەسانەی خویندنیان تەواو کردووە و کاری سیاسی دەکەن تێگەیشتوو و پێگەیشتوون.

دایکم هەمووکات باسی لەوە دەکرد کە لەسەردەمی ئەودا خویندن بۆ کچان عەیب بووە، لە بڵینگۆیی مزگەوتەکانەوە باس لەوە دەکرا کە هەر کچێک بچێتە قوتابخانە ئەوە فێری دەرسی شەیتان دەبێت هەر بۆیە باپیرم دەبێتە بەربەست لەبەر دەم دایکم و خوشکەکانی کە بچن بۆ قوتابخانە. بە دەنگێکی پڕ لە خەم و تامەزرۆ بۆ خویندن دەیگووت هەبوون کچانێک کە دەچوون بۆ قوتابخانە و قسەی مەلای مەزگەوت کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لەسەر بنەماڵەکانیان کە من بە دڵ ئیرەیم پێیان دەبرد و خۆزگەم دەخواست منیش وەکوو ئەوان چووبایەم بۆ قوتابخانە.

مستەفایی بابم بە پۆڵا ناوبانگی دەرکردووە هۆکاری ئەو ناوبانگەش ئەوە بوو کە لاساری کردووە لە فێربوونی خویندن و نووسین دا و ملی بۆ فێربوون ڕانەکێشاوە. هەرچەند ماموستاکەیی هەوڵی لەگەڵ داوە تەنانەت بە زەبری لێدانیش نەیتوانیوە بابم بێنیتە ژێر بار بۆ فێربوون بۆیە زۆرجار بابم تووشی توندوتیژی بووە لەلایەن ماموستاکەییەوە بەڵام بۆ

تاکە جارێکیش نەیکوتووە وەیی هەر بۆیە پێیان کوتووە پۆڵا.

دایکم و بابم کەسێکی بە بیروباوەڕ بە ڕێبازەکەیان و دلسۆزو غەمخۆری حیزبەکەیانن، ئەوان تاڵی ژینیان لە خەباتی گەل و لە پیناو نیشتماندا سپی کرد، ئەوان گەوهەری خەبات بوون و هەن و دەبن. ئەوان لەناو شۆڕشدا و لە باوەشی بنەماڵەییەکی نیشتمانپەروەردا فێری دەرسی شۆڕشگێڕی و ئەلف و بێی سیاسی بوون، عیسمەت و حەکیم ئێمەیان فێری ئەلف و بێی ئازادی ویەکسانیی و نیشتماندۆستی کردووە ئەوان بۆ ئێمە قوتابخانەییەکن بۆ لێ فێربوون.

لەکاتێکدا لەناو کۆمەڵگایی پیاوسالاریی کوردەواریدا لەدایکبوونی کچ بۆ دایک و باب بە شەرم دادەنرێت و زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە لە کاتی لە دایکبوونی کچەکەیان دایکەکە دەکەویتە بەر پلار و توانجی ماڵی مێرد و هاوژینەکەی و کۆمەڵگا چونکە مێینەیەکی هێناوەتە دونیا بەڵام لە بنەماڵەی ئێمەدا ئەو نەریتە دواکەوتوویيە تەواو پێچەوانە ببووەو بە هاتنە دونیایی هەر یەک لە ئێمە شادی و بزە کەوتە سەر لێوی دایک، باب، مام، داپیرەو باپیرە هتد. لەگەڵ چاوکردنەوەی هەر یەک لە ئێمە هەموو بنەماڵە دەستیان دایە دەست یەک کە خۆشترین ناوەکان لەسەر نەوەکانیان دابنێن و ئەو شادی و خۆشیە لەگەڵ عیسمەت و حەکیم بەش بکەن و یارمەتیدەر بن لە پێگەیاندن و گەورەکردنی نەوەکانیان.

بابی ئێمە لە کۆمەڵگاییەکدا گەورە ببوو و دەژیا کە زۆر کار و شت عەیبە و بڤە بوو بۆ کچ، بەڵام ئەو نەهێشت ئەو عەیب و بڤانە ببنە بەربەست لەبەردەم ئیمەی کچیدا هەر لەسەرەتاوە سەلماندیی ئەگەر کۆمەڵگا ئێوەی تەریک خستۆتەوە و سەرەتاییترین مافەکانتانی لای زەوت کردون ئەوە من وەکوو هاوڕێیەکم بۆ عیسمەت و ئێوە.

بابی دڵسۆز و دایکی میهرەبانم لەناو کۆمەڵگا و بنەماڵەکانی حیزبدا خۆشەویستن و ڕێزی تایبەتیان هەبووە و هەیە، هەبوون وهەن کەسانێک کە لە ماڵی ئێمە بوون و ماڵی ئێمەیان بە ماڵی باب و خوشک و برایی خویان داناوە هەر بۆیە هەمووکات دەرگایی ماڵی بابم ئاوەڵە بوو بەڕوویی پێشمەرگە وبنەماڵەی پێشمەرگەکان کە لەناوخۆ ڕا دەهاتن بۆ سەردانی کوڕکانیان. بابم و دایکم دڵێکی ساف و گەورەیان هەیە ئەوان هەمووکات بە بزەوە و ڕویخۆشەوە پێشوازییان لە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان دەکرد هەر ئەو ڕوخۆشیە وایکردبوو کە زۆربەی زۆری کاتەکان ماڵی ئێمە پڕ بوو لە میوان.

دایکم و بابم هەمووکات بە ڕیزەوە چاویان لە گەورە و بچووکی ناو بنەماڵە و تایفە کردووە و ڕێزیان لە هەموو کەس گرتووە. لەناو بنەماڵەی ئێمەدا خۆشەویستی و ڕێز لە یەکتر گرتن قسەی یەکەم دەکات، ئەوان یەکتریان خۆشویست و ڕیزیان لە یەکتر گرت تا ئێمە دەرس لەوان وەرگرین و یەکترمان خۆش بوویت ڕیز لە یەکتر بگرین. دایکم و بابم لە ژێر

یەک دارو پەردوودا ژیـان و بە باشـترین شێوە بـۆ ئێمە بـوون بە قوتـابخـانەییەکی پـڕ لە زانیـاری دەرسـی لە خۆبردوویی و دڵسۆزیی بۆ نیشتمان و وەفاداریی بە خوینی شەهیدان گرینگترین وانەکانی ژیانی ئێمە بوون.

بە حوکمی ئەوەی بابم لە دەفتەر بوو وپارێزگاریی لە ڕێبەرانی حیزب دەکرد جاری وابوو کە بە مانگ نەدەهاتەوە مـاڵێ کە دەهاتیشەوە تەنیا چەند ڕۆژێک لە ماڵ دەبوو و دوایی دەگەڕاوە دەفتەر بۆیە دەتوانم بڵێم دایکم بـۆئێمە دایکێکی دڵسۆز و لە هەمانکاتدا بابیش بوو ئەو قەت نەهێشت کە ئێمە هەست بە کەموکوڕی و دووربـوونی بـابم بکەیـن. زۆرتـری کاتەکـان کە دادەنیشــتین باســی دەورانــی لاوییەتــی خۆیــان چیرۆکــی بەر ئاگردانمــان بــوو، ئەوان بە بــاس لە ڕابــردوو و خۆشــی و ناخۆشیەکانی ئەو کاتی ژیانیان هەوڵیان دەدا کە بە ئێمە بڵێن دەبێت ئێوەش وەکوو ئێمە چۆک بە ناخۆشیەکاندا بێنن و بـاوەش بـۆ خۆشیەکان بکەنەوە. بیـرەوەریە خـۆش و ناخۆشـەکانی ژیـان زۆرن کە هەتـا هەتـایە لە مێشک دا بە زینـدوویی دەمێننـەوە بەشێکیان دەبـنە ئەزموونێـک بـۆ بەرداوامبـوونی ژیـان و هێندێکیشـان بـۆ زاڵبـوون بەسـەر کەندوکۆسپەکاندا دەبـنە وانەییەک کە تەنیا لە زانکۆکانی دایک و بابێکی دڵسۆز دەتوانی فێریان ببی.

لە کۆتـاییـدا دەتـوانم هەر ئەوەنـدە بڵێم کە تەواویـی ژیانمـان قەرزداری ئێوەین و ئاواتمـان ئەوەیە کە تەمەنتـان ئەوەنـدە درێژ بێت کە ئازادیی نیشتمان بە چاویی خۆتان ببینن. ئێوە لەو دەگمەن دایـک و باوکـانەن کە هەمووکـات هەوڵتانداوە بـۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی ئێمە. ئێوە بەرەنگاری نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگا بـوونەوە و بـاڵی فڕینتـان بـۆ ئێمە خولقاند بە ئێمەتـان گوت لە شەقەیی باڵ بدەن و بەرەو بەرزایی بفڕن، هەستی باوەڕ بە خۆبوون و لەسەر پێ ڕاوەستانتان فێر کردین. ئێوە بوون کە بە کردەوە سەلماندتان کچ بوون شەرم نیە بەڵکوودەبێت سەرمان بەرز کەیـن و پشت بە ئێوە ببەسـتن، ئێوە بـوون فێرتـان کـردین ئـازاد و سەربەست ژیـان مـافی سەرەتـایی ئێمەیە و دەبێت هەوڵـی بـۆ بـدەین و بەرەوڕوویـی کەنـد و کۆسپەکانی ژیان ببینەوە.

**بوونی دایکم و بابم بۆ ئێمە ورەی داهاتوو و هێزی هیوایە، ئەوان دوایی چەندین ساڵ خەباتی بێ پسانەوە دڵیان گەرمە و شانازیی دەکەن بە خەباتی ڕابردوو و ئێستایان.**

**خۆشم دەوێن....**

٧ی مارچی ٢٠١٩

تێبینی؛ ئەم بـابەتە پێش ماڵئاوایی "حەکیم" نووسراوە.

# بنەماڵەی سەربەرزی عەلی دوست

## کورتەیەک لە ژیانی بنەماڵەی تێکۆشەر عەلی دوست




### کاکی من سڵاو

**هیوام خۆشیتە کورتە نامەکەتم بە دست گەیشت خۆشحاڵ بووم گەشامەوە.، ئەوەی کە بریارت داوە نامیلکەیەک لە سەر بنەماڵەکانی حەسەنپوور، حەکیم زادە، حەدداد و عەلیدووست بنووسی جێگایی پێزانینە، هەر لە ئێستاوە دەست خۆشی و ماندوو نەبوونیت عەرز دەکەم.**

خۆزکە بە دەروەستانی مێژوو لە دەوەری سەردەشتی لانکی شێران، مەکۆی بووژانەوەی جووڵانەوەی کوردایەتی و شۆرش، ئاورێکی جیدیان لە نووسینەوەی کورتە مێژوویەکی ئەو مەڵبەندە دڵبەندە دەدایەوە و ئەوەی کە خۆی پێ گورجووگۆڵ و کونجکۆڵە (کنجکاو)، لە کات و دەرفەتێکی گونجاو دا کالەی ئاسنیان دەبەر دەکرد و ملی رێگایان دەگرتە بەر و قۆڵیان لێهەڵدەماڵی، جا بزانم نووسینەوەی مێژووی سەردەشت و سەردەشتیەکان لە پانتای جۆغرافیای ئەم کەونەش دا خۆی بۆ دەگرتن یان کورد گوتەنی کار هەتا دەستت نەداوەتێ شێرە کە لێیراسای دەبێتە رێوی.

دەزانم لەگڕاچوونی کارێکی وا لە بەر نەبوونی کەرێستەی پێویست و ئیمکانی حزووری مەیدانی و لێکۆلینەوە بەسانی نییە.

ئەوەی راست بێ ئەمنیش بەش بەحالی خۆم لە دەرەوەی ولات دەستم وە شتێکی وا راناگا ببێتە بناخە و هەوێنی شتێکی زانستی و بینێرمە بەر قاپی جەنابت، گزیرم کرچ و کاڵە دیایەکی شوانانەیە، راست و ریس کردنی لە ئەستۆی خۆت، هیوادارم رووی مەجلیسانی هەبێ.

٣ بنەماڵە لەو بنەماڵانەی لە سەرەوە ناویان هاتوە لە تۆرەمەی گەورە پیاوێکی راونراوی بە زۆر زێد بەجێ هێشتووی دەوەری ئیلامین، کە پاش ساڵانیک دەربەدەری سەرەتا لە تەورێزو پاشان لە سەردەشت دەگیرسێتەوە، بنەماڵەی چوارەم کە بەرێز حەدادەکان بن بە هۆی ژن و ژن خوازی لێک گریدراوی دەگەڵ بنەماڵکانی تر پێک دێنن (دایکی خوالێخۆشبوان رێزدار کاک کەریم حەدداد، کاک حاجی حوسێن، جوانە مەرگ کاک محەممەد حەداد و خاتوو فاتمە و بەرێزانی لە قەیدی حەتات دا کاک حەسەن، کاک لەتیف و خاتوو نوقلێ کچی مام ئۆمەرەی نەوەی ئەو گەورە پیاگە ئیلامی‌یەن کە قەدەر دوایی چەرمەسەریەکی زۆر لە سەردەشتی دەگیرسێنێتەوە.

لە سەر بردەی ئەو گەورە پیاوە کە لە ناو سەردەشتیان دا بە وەستا مۆمنی زێرینگەر (مائموون) ناوبانگی دەرکرد بوو تایفەکەشی لە سەرەتاوە بە تایفەی مۆمنە جووی و پاشانیش بە تایفەی حەسەن لەری ناسراون، جیا لەو گێرانەوەی ئەوەی سنگ بە سینگ لە باب و باپیران بیستراوە شتێک لە بەر دەست دانیە.

من لە بابی خۆمم بیستوە کە وەستا مۆمن لە زێدی خۆی راودەنرێ و پاش ماوەیەک لە تەورێز سەر وەدەر دێنێ، پاش ساڵانێک کاڵەی غەریبی لە سەردەشت دەکاتەوە و دەبێتە باش وەستا (سەر وەستا)ی زێرنگەران لە سەردەشت.

**وەستای باش وەستا سەر وەستا منم ئەگەر نامناسی وەستا مۆمنم**

ئەو شێعرەم لە هاورێی کوچکردوو نەمر حاجی حوسین حەدداد بیستوە، دیارە قەسیدەیەکی دوور و درێژە وەستا مومن دەگەڵ ژنە شاعیرێکی گەریدە (فی‌البداه) هۆنیویەتەوە.

چوادرم جیلی پاش وەستا مومنی جوو (ئەوسا ئیتر بوونە موسلمان و دینیان گۆریوە) پاشماوەی کەڵە پیاویکن بە ناوی حەسەن لەر کە ئەویش ٧ کوری لە پاش بە جێ دەمێنێ.

١- محەممەدئەمین ٢- مستەفا ٣- سولیمان ٤- عەلی ٥- عومەر(ئۆمەر) ٦- خدر ٧- ئیبراهیم.

کاتێک رووسەکان(عەرووس) دێن سەردەشتێ ئاوەر تێبەردەدەن دوو کوڕی حەسەن لەڕی بە ناوەکانی مستەفا و سلیمان لە گەڵ چەند کەسی دیکەی شاری سەردەشتێ لە لایەن رووسەکانەوە دەگرن و لە خانی ئەحمەدی ئاللاخانی (باپیری شەهید مەولانی سوارەی) کایان لە بەر لووتی دا دەسووتێنن و خەفەیان دەکەن.

**سولیمان و مستەفا:** (وەک باسیان لیوەکرا رووس کوشتیانن)

**ئیبراهیم:** زوو مردوە کەسی لە پاش بە جێ نەماوە)

**محەممەد ئەمین:** ٣ کور و ٢ کچی لەپاش بەجێ ماون (میرزا حوسێن حەکیمزادە، مام حەسەن، مام سالح و فاتم و خانزاد) (ماڵێ مام حەمەدەمینی)

**ئۆمەر:** ٤ کور وکچێکی لە پاش بەجێ دەمێنن (حەمەدەمین، سەعید، عەلی، برایم و ئامین کە مێرد بە (وەستا مینەی حەدداد کە خەڵکی شوێی بانەن)دەکات. (ماڵێ مامئۆمەری)

**خدر:** ٢ کور و ٣ کچی لە پاش بە جێ دەمێنن عەلی، محمود، زێرین، زێنەب و پیرۆز (ماڵێ مام خدری)

**عەلی:** دوو کوری دەبن بە نێوەکانی رەشید و ئەحمەد لە لە نێو خەڵکی دا بە رەشیدی عەلی و ئەحمەد سەردەشتی ناوبانگ دەر دەکەن. (ماڵێ مام عەلی)

ساڵەکانی دوایی حکوومەتی پەهلەوی یەکەم، رەزاشای دەستور دەدات هەموو ئێرانیێک دەبێ ئیسمی فامیلی هەبێ و ادارەی احسایە (ثبت احوال) دادەمەزرێ و خەڵک هیندێک بەزۆر وهیندێک بە خوایش سجیل (شنامنامە) دەردێنن و سایکس پیکۆی عشیرە و تایفە و بنە ماڵان دەست پێدەکای. لە سەردەشتە خنجیلانەکەی من و جەنابت ئاغای حەسەنی لەتیفی دەبێتە مەئمووری سەرژمێری و سادر کردنی سجیل و پێدانی ناوی فامیلی بە خەڵکی بێنەوای ئەو مەڵبەندە و ئەوش خواهەڵناگرێ بە زەوق و ئیشتیای خۆی دەبرێ و دەیدروێ. (هیندێک ناوی فامیلی بۆ خەڵکی داناون کە تەنانەت پیاو لە بیستنیشیان شەرم دەیگرێ جا چ بکات بەوەی خۆی بەو نێوی فامیلیە پێ بناسە بکات).

ئەو جەنابی لەتیفیە بۆ پاشماوەکانی ٤ کوری حەسەن لەڕی (کە بە تایفەی مومنە جووی یان حەسەن لەڕی ناسرابوون ئەو نێوی فامیلیانە دادەنێ.




سەرچاوە
Serchawe

کورەکانی مام حمەدەمینی لە بەر ئەوەی میرزا حوسێن دەستی لە تەبت سوونەتی داهەبوە و تەنیا حەکیمی ناوچە بوە حەکیم زادە بۆ کورەکانی مام ئۆمەری حەسەن پوور بۆ کورەکانی مام خدری حەسەنژاد و سەرئەنجام بۆ کورەکانی مام عەلی شۆرەتی عەلیدوست هەڵدەبژێرێ.

ئەوە سەرەتای سایکسپیکۆی تایفەی گەورەی مۆمنە جوویە لە شاری سەردەشت دوابەدوایی ئەوەش شارستانیەت و مۆدێرنیزم و دەسەڵاتی مادی بنەماڵەکان هێندەی تر لێک دوور دەکاتەوە بە چەشنێک ئێستا بەشێکی زۆری نەوە و نەتیجەی ئەو گەورەپیاوانە یان یەکتر ناناسن یان لێکتر نابانێن.

### ئێستا با بێینە سەر باسی ئەحمەد سەردەشتی کە دەبێتە باپیری من.




ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی (١٩٤٠ی زایینی) ئەحمەد سەردەشتی و دوو پورزای بەناوکانی مەحەی قالە قوربانی مەحەی خەلیفە ئەستێیە و کویخا برایمی بێوران لە سەر کرینی تفەنگ و مابەبقی تفاقی شەڕێ لە سەربازێک بە ناوی موبالی لە لایەن پادگانی سەردەشتێ وە دەگیرێن.

کویخا برایم هەر زوو بەر دەبێ و ئەوانی تر دەکەونە ژێر ئەشکنجە و دەنگۆی هاتنی حوکمی ئیعدامیان شار دەتەنێتەوە و کچی خەلیفە ئەستێیە کە ئەودەم بە شۆخ و شەنگی بەنێو بانگ بوە بۆ رزگار کردنی گیانی تاقە برایەکەی مێرد بە سەرهەنگ عەلی ئەزغەرخان فەرماندەی پادگانی سەردەشتێ کە پاشان بە سەرهەنگ پزشکیان دەناسرێ دەکات و بەم جۆرە



سەرچاوە Serchawe

پێش بە ئیعدامی براکەی دەگرێ. (لە کتێبی باشرفها لە نووسینی ح.راصح) دا باسی ئەو ئیعدامە هاتوە.

ئەحمەد سەردەشتی لە کاتی ئیعدام کردنی دا خاوەنی کورێک و کچێکی بە ناوەکانی عەلی و فاتم بوە خێزانیشی کورد گوتونی بۆ منداڵی سیهەم لە سەر مانگ و رۆژی خۆی حامیلە دەبێ.

چەند رۆژ پاش بە خاکسپاردنی خیزانی کورێکی دەبێ کە بە ناوی ئەحمەدی لێدەنێن و هەتا ئێستاش سەردەشتێ بە ئەحمەد میرە ناسراوە.

## بابم کە ئەودەم ١١ ساڵان دەبێ، پوورم ٩ ساڵە

نازێ خێزانی ئەحمەد سەردەشتی ٤٠ رۆژ دوایی ئیعدامی مێردەکەی ماڵئاوایی لە ژیان دەکات و ٣ منداڵی سەڵکەوپێچە بە داهاتوێکی نادیار دەسپێرێ،

بەهۆی نێزیکی و هاورێیەتی لە رادە بەدەری برایم ئاغای بەریاجی و ئەحمەد سەردەشتی سەرپەرەستی بابم بە برایم ئاغی بەریاجی دەسپێردرێ و مام رەشید سەرافەتی پورم و ماڵێ میزاحوسینی سەرپەرەستی ئەحمەد میرەی وە ئەستۆ دەگرن.

ساڵانی مێر منداڵی بابم هاوکات دەبن دەگەڵ شەری جیهانی و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

ئیعدامی باپیرم و شەهید بوونی حەسەن خانی بەریاجی کوری برایم ئاغای بەریاجی لە وارشی قازیاوێ شوێنەوارێکی قوڵی فکری لە سەر بابم دادەنێن فارس گوتەنی پدر کشتی و تخم کین کاشتی پدر کشته را کی بود آشتی.

سالەکانی پێش ٤٦ و ١٣٤٧ هەتاوی(١٩٦٧ - ١٩٦٨ی زایینی) ساڵانی ئاشنایی و تێکەڵاوی بابم دەگەل بەشێکی بەرچاو لە هەڵسوراوانی جووڵانەوە دەبێ شەهید محەممەدی رەسوومەری کە لە شەری سەرشیوی بە دەستی بەکرێگیراوانی جاش و ژاندارم شەهید بوو نێزیک ترین رەفیق و دۆستی بابم بوو.

بابم لەو سەردەمە را ئەندامی شانەی دەچۆمی حیزب بوە و راپەرێنەری بەشێک لە ئەرکەکانی نەمر ماموستا ئاوارە، بە چەشنێک کە کاتێک من لە دایک دەبم بابم بۆ راپەراندنی راسپاردەی ماموستا ئاوارە لە گەرمێنێ دەبێ و پاش مەلاقات لە



سەرچاوە Serchawe

مووچەیەک بە ناوی چەکۆ ماموستا ئاوارە مزگێنی لە دایک بوونی من بە بابم دەدەات هە بۆخۆشی ناوی نەبەز لە سەر من دادە نێ.

بابم هەتا لە ژیان دابوو هاندەری ئێمە بوو بۆ کوردایەتی و بە شاهیدی مێژوو ماڵمان هەمووکات دادەی شۆرشگێرانی دێموکرات بوە. بابم باوەری قەلبی وابوو هەر کەس چوار منداڵی هەبن دەبێ یەکیان بە قوربانی کوردستان بکات.

**بە داخەوە بابم لە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٨٦ی زایینی دا کوچی دوایی کرد و ئاواتی کوردستانی ئازادی بردە بن گڵ.**

مامم ئەحمەد میرە پیاویکی سادەو میهربان و خاکیەو ژیانی ئاسایی خۆی هەیە، زاوای ماڵ رەحیمە قووچەی سەردەشتێتە (گوڵێ خوشکی حاجی سەعیدو ئەحمەدی کەبابچی) ژنە و کورێک و ٣ کچی هەن و نە پیاوی حکومتان بوە ونە تێکەڵاوی شۆرش.

**پوریشم (فاتم)خێزانی حاجی عبەی گودەرزی یە لە ژیان دا ماوە و مندالیشی هەن**

تێبینی: ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە و رەوانە کراوە.

---

**تێبینی: ئامادەکار:**

**کۆچکردوو عەلی عەلی دوست لە گەڵ خاتوونیک بە ناوی مریەم کچی برایم جولای خەڵکی قازانی کە ئەو وەخت** دانیشتووی کوندی بیشاسپ بوون ژیانی هاوبەش پیک دینن، بەرهەمی ئەو ژیانە ١٢ منداڵ بوون:

* **پێنج کچ: بەناوەکانی**: خاتوو مەلەک، ئامین و روژان هەر سێکیان دەگەڵ هاوسەرەکانیان لە شاری سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژیت. خاتوو ریزان، لەگەڵ هاوسەرەکەی نیشتەجی وڵاتی سوئیدە.

* **خاتوو نازی کچی** دیکەی تێکۆشەرە کاک عەلی یە و نێشتەجێ وڵاتی نۆروێژە و خۆی و منداڵەکانی چالاکن لە



سەرچاوە Serchawe

بوارەکانی مافی ژنان و حیزبەکەیان.

**چوار کوڕ بە ناوکانی:** هاوڕێ نەبەز عەلی دوست بە هۆی چالاکی سیاسی و نیشتمانپەروەریەوە لە ساڵی ١٣٦٠ تا ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨١ تا ١٩٨٣ی زایینی) لە چاڵەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی بەند کراوە و پاشان بەهۆی بێ تاوانی ئازاد کراوە. بۆ ئەوەی دووبارە بەند نەکریتەوە شاری بەجی هێشتووە هاتووتە نێو ریزەکانی پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستان، و ئێستاش کادری بە توانا و لێهاتوو و چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. هاوڕێ نەبەز سێ جار هاوسەرگیری کردوە لە هاسەری یەکەم خاوەنی دوو منداڵە و ئێستاش لەگەڵ خێزانی سێهەمی لە وڵاتی سوئید نیشتەجین.

* **کاک ریبوار (عوسمان)** یەکی تر لە کوڕەکانی کاک عەلی یە؛ بەتاوانی کوردپەروەی و داکۆکی لە مافەرەوکانی گەلەکەی حوکمی ئێعدامی بەسەر دا سەپا. ناوبراو پاش ٨ ساڵ تەمەنی لاوەتی خۆی لە چالەرەشەکانی پەت و سێدارە کۆماری ئیسلامی ئیران بەسەر بردوو. ناوبراو توانی ژیرانە لە بەندیخانە را بکا بۆ وڵاتی تورکیە و دواتر لە وڵاتی سوئید وەک پەنابەر گیراسایەوە.

**کاک دلیر** ئێستا ئەندامی چالاک و هەڵسور و جێگری کۆمیتەی حیزبە لە شاری یوتۆبوری وڵاتی سوئید دەگەڵ کچەکەی دەژی.



**کاک ئاسۆ (زولفقار)** لە گەڵ خیزانی نێشتەجی شاری سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستانن.

**هەروەها کاک عەلی دوو کور و کچیکش مردوون. رووحیان شاد بێت.**

به داخەوە کاک عەلی عەلی دوست ئەویندارى ئازادی و سەربەخۆی کوردستان، لە رۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٨٦ی زایینی دا لە شاری سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان کوچی دوایی کرد و ئاواتی کوردستانی ئازادی بردە بن گڵ. رووحی شاد و ریگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت



سەرچاوە Serchawe

پورم فاتمی حاجی عەبەی گودرزی – بابم عەلی ئەحمەد سەردەشتی




کۆکردنەوە ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧١٨ی کوردی - مارچی ٢٠١٩ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی

# چەند وتە و سپاس و پێزانین

لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی رزگاریخوازانە گەلی کورد گەلێک کەس و بنەماڵە هەڵکەوتوون کە بە کۆ و تاک بۆ پاراستنی خاک و نیشتمان و وەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی نەتەوەکەیان تێکەڵ بە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد بوون و دژی زۆڵم و زۆری بەرەنگاری داگیرکەران بوونەتەوە و بە هۆیەوە رۆڵەکانی ئەم گەلە تووشی بەند کردن و ئازار و ئەشکنجە و دورخرانە کراون. بەڵام تێکۆشەران و ئەویندارانی گەل و نیشتمان نەتەنیا بە چۆک دانەهاتوون بەڵکوو بە پێچەوانەوە زیاتر لە جار بۆ بەرگری لە گەلە بەشخوراوەکەیان درێژەیان بە خەبات و بەرخۆدان داوە و لەپێناوە دا تووشی دەربەدری ئازار و شەهید و برینداریش بوونەتەوە.

هەر بۆیە ناکری لەم پێوەندیە باسی چوار بنەماڵەی حەدداد، حەسەن پوور، حەکیم زادە و عەلی دوست خەڵکی سەردەشت رۆژهەڵاتی نەکەم کە بە کۆ و بنەماڵەکانیان هەر چێ لە دەست و توانایان دابوو دژی دوو رێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی کردیان و سەر بەرزانە و رووسوورانە ئەرکی نیشتمانی خۆیان بەجێ گەیاندوە.

منیش بۆ سپاس و پیزانین بۆ خەبات و بەرخۆدانی شیلگیرانە و بەردوامی ئەم چوار بنەماڵەیە دەستم دایە کۆکردنەوەی ئەم نووسراوەنەی کە لەسەر ئەم بنەماڵانە نووسراوە. تەنانەت داوام لە کەس و کاری ئەم ئازیزانە کرد هەر چێ لە دەستیان دێ بۆ دەوڵەمەندتر کردنی نامیلکەکە یارمەتیم بدە کە بەخۆشیەوە بەوەڵام دانەوەی ئەرێنی بەشیکیان بابەت و ژیاننامە بۆ رەوانە کردم، بە نۆرەی خۆم دەستخۆشیان لێدەکەم و سەرکەوتنیان لە هەموو بوارەکانی ژیان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

رەحمان نەقشی

---



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، ژیننامە و بەسەرهات و بیرەوەریەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

